# گزینگ ٣١

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، بەهاری ٢٠٠١ (١٣٨٠)


- هەڵبژاردن یان هەڵوەژاردن
- تراجیدیای کوردان (فەسڵێک لە بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا)
- ژنی کورد لە بیر و شێعر و ئارمانی «هێمن»دا
- ئازاد کردنی مێژوو
- نەخشی ڕۆشنبیر
- نەورۆزی کـــــــورد!
- بۆچی هێمن؟!
- چەند ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ.ک
- ئاوێنەی شکاو(بەشی دووهەم وکۆتایی)
- هەزار خۆزگە بە کفندزی هەوەڵێ
- کۆمەڵگای مام شاسوار و نەنکە پەریزاد
- عەلی کیمیایی
- بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی عێراق و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تیایاندا
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

**مامۆستا هێمن:**

# نەورۆز

## بۆ یادی پازدەساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن

لە بارەی نەورۆزی پیرۆز زۆر شت گوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز، یا دەنووسن ئەو ڕۆژەی کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بە دەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بە نەورۆز.

تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی سڵاوی خوای لێ بێ لەو ڕۆژەدا لە دایک بووە. هیچکام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەتکردنەوە نابن. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایکبوونی حەزرەتی عەلی ئەو سەردارە بە ناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆوەی دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆزدا بۆچوونێکی لادێیانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوونەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.

من پێموایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە.

جا ئیجازە بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم. بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێ یە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغبۆتەوە چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکە بۆ لایەک ڕۆیشتن.

ئەم گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون. نە زۆر شارەزای نووسینەکانی «هیرۆدۆت»، «تەبەری»، «گزنفۆن» «فیردەوسی»، «مینۆرسکی» و «زێرنۆف» و ئەوانەم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟!...

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێ گەڕێ کەیفی لە شوانەتی یە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ دامداری و دامپەروەری دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بە داخەوە زۆر کەم بووە و، دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ ئەو ڕۆژە بەران دەمەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی ڕۆزباش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە میهرجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن میهرجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەرئاوێتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن «بێڵن دانا» پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێم وا نییە پێویستی بە ڕوون کردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان.

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکم بە سەر مەڕ ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو.

بەڵێ ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توندوتۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ، خەوی بۆ بکەن و شەوانە مەڕ بڕەتێن بۆ خۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانەدا بووە شێعرم بەتەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.

**سەرچاوە:** چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز، هێمن، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپی یەکەم ١٩٩٧.

# گزینگ ـ ژماره ۳۱

**بەهاری ۲۰۰۱ (۱۳۸۰)**

## نێوەرۆک

هەڵبژاردن یان هەڵوەژاردن: .............................. س. ج. هێرش ٤

تراجیدیای کوردان (فەسڵێک لە بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا)، ........ وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی ٥

ژنی کورد لە بیر و شێعر و ئارمانی «هێمن»دا: ................ مەرزە ۱۳

ئازاد کردنی مێژوو: ......................... مەهاباد قەرەداغی ۱٦

ئەخشی ڕۆشنبیر: ................ ئیدوارد سەعید Edward W. Said ۲۰

ئەورۆزی کورد!: .............. د. حوسێن محەمەد عەزیز ۲۸

بۆچی هێمن؟!: .......................... عوسمان دەشتی ۳۲

چەند ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ.ک: ............... جووتیار ۳٦

ئاوێنەی شکاو (بەشی دووهەم وکۆتایی):............. ناصر حسامی ٤۰

تیرۆرکردنی مێژووزانی کورد.............................................. ٤٧

شیعر: (دوو شیعری: یۆران پالم، باربرۆ لیندگرێن، حەمەسەعید حەسەن هاوار، ڕەحمان سۆفی)............................................ ٤۸ ٤۹

ژارگەی ماران: ..... مامۆستا هەژار، شارگەی یاران: ............ هێرش ٥۰

چیرۆکی: جوبرائیلی پێخاوس، ............... حەمە فەریق حەسەن ٥۲

کورتە چیرۆک: سێیەمین شەوی مالین،............ کوردان کەریم مەحمود، ٥٥

تەنزی کۆمەڵایەتی: باڵەخانەکەی ماڵی مامەمان، ......... ئاسۆ بیارەیی ٦۰

پەخشان و شیعر: ................................ سیان ٦۰

هەزار خۆزگە بە کفندزی هەوەڵێ: .................... عومەر عەسری ٦۱

کۆمەڵگای مام شاسوار و نەنکە پەریزاد: .............. ناصر حسامی ٦٤

عەلی کیمیایی.................................................... ۷۰

بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی عێراق و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تیایاندا ................................... ۷۱

چاپەمەنی ........................................... ۷٤

**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناێردرێنەوە.**

ISSN 1104 - 3473 چاپ، کتێبی هەرزان: بەهاری ۲۰۰۱

# هەڵبژاردن یان هەڵوەژاردن؟

س. ح هێرش

ئایا لە ١٨ ی جۆزەردان (١٣٨٠)، ڕۆژی هەڵبژاردنی هەشتەمین دەورەی سەرۆک کۆماریی، بازی هات و چارەنووس لە سەر کێ دەنیشێ و ج کەسێک سەر لە سندوقان دێنێتەدەر؟ ئەوە، نە پرسیارەکەی زۆر گرینگە و، نە وەڵامەکەشی سەرنجڕاکێشەر. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئایا ڕۆژی ١٨ جۆزەردان بەڕاستی ڕۆژی هەڵبژاردن دەبێ، یان هەڵوەژاردن؟ هەڵوەژاردن بەو مانایە کە خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و خۆخڕکردنەوەیەکی پێشبینی نەکراو، دیسان وەک دەورەی پێششوو، ڕیز و سەفی خۆیان لە بەرەی ڕاست و باڵی پاوانخوازیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی جیابکەنەوە و هەڵبژاردن سەرەڕای ئەوە شەپۆلی دەنگدان بێ لە پێناو ئازادی و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ، ڕێفراندۆمێکیش بێ بە «ناگوتن» بە سەرجەمی سیاسەتە داسەپێنراوەکانی کۆماری ئیسلامی.

هەروەک دەزانین، لە ناو جەغزی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا دوو باڵ یان بەرەی سەرەکی لە بەرانبەر یەکدا خەریکی ڕقەبەری و کێبەرکێی سیاسین و ، وەڵامی ئەوەیکە ڕەوتی ئەو ململانێیە بەرەو ج ئاست و بەستێنێک هەنگاو دەنێ، کەمێک دژوارە، بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە نە باڵی پاوانخواز یان بەرەی ڕاست(ئینحیسارتەڵەب) ی ئەو دەسەڵاتدارێتییە دەتوانێ وەک سالانی پێشوو، بە خەیاڵی ڕاحەت و ئاسوودە درێژە بە دەسەڵاتخوازی و پەلهاوێژیی خۆی بدا و، نە خەڵکیش دەتوانن لەو ویست و خوازە ڕەوایانەی خۆیان کە لە ناو بەرەی دووی جۆزەردان یان باڵی ڕێفۆرمیست (ئیسلاح تەڵەب)دا شکڵی گرتووە، پاشگەز ببنەوە. ئەگەر بە چاوێکی سەرسەرییانە سەیری ڕووداوەکانی ئەو چەند مانگەی پێش بگر و هەڵلای دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی هەشتەمین دەورەی سەرۆک کۆماریی بکەین و بە وردی نەچینە ناو ناخی ڕووداوەکانەوە، تەواوی ئەو بگر و هەڵلا و کێبەرکێیە، بە ڕواڵەت وەک سناریۆیەکی لە پێش ئامادەکراو دێتە بەرچاو کە سەرجەمی دەسەڵاتخوازانی کۆماری ئیسلامی بۆ نەجاتی ڕێژیم و دەربازبوون لە بوحرانی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری و سیاسی وەڕێیانخستووە. هەربۆیەشە بەشێکی بەرچاو لە چاودێرانی سیاسی بەتایبەت چاودێرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن و حیزب و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان، پێیانوایە کە خەڵکی ئێران نابێ لە سناریۆیەکی ئاوادا بەشداری بکەن. دیارە دەوەدا شک نییە کە هەر ڕێژیمێک بۆ مانەوە و درێژەدانی دەسەڵاتخوازیی لە هەلومەرجی سیاسی و تەنات هەر جۆرە فرت و فێڵ و تەڵەکەیەک ئەوپەڕی کەڵک وەردەگرێ و، بە مەیلی خۆی واز ناهێنێ. بەڵام گومانیش لەوەدا نییە خەڵکیش کە لە جەرگەی ڕووداوەکاندا دەژین ئەوانیش بۆیان هەیە چالاکانە لە چارەنووسی دوارۆژی خۆیاندا بە پێی مەشروعیەتی قانوونی، بەشداربن.

ئەوە ڕاستە کە کر و ساختاری سیاسی ــ ئیسلامیی ئێستەی ئێران وەک سێسووچێک دێتەبەرچاو کە لە سەرووی سەرە هەرە تەنگ و وێکهاتووەکەی دەسەڵاتدارانی پاوانخواز و ئینحیسارتەڵەب قەراریان گرتووە کە بیر و بۆچوونەکانیان لە نیزامی «ویلایەتی فەقیە»دا چڕبووەتەوە و، بە هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کە لە ئیرادە و ویستی خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ پایبەندنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕەپانی ئەو سێسووچە لە لای خوارەوە ــ هەرچەند زۆر بە سەختی و ئەستەمیش بێ، ئاواڵەتر دەبێتەوە و فشاری خەڵک بۆ سەرووی سێسووچەکە زۆرتر و زیاتر دەبێ و ئاخرسەر وای لێدێ کە خودی هێزە قەرارگرتووەکانی سەرووی ئەو سێسووچە درزیان تێبکەوێ و لێک بترازێن. گەلێک هۆ و بنۆس و فاکتۆری ئەو درزتێکەوتن و لێکترازانە، هەرچەند بە شێوەی تاکتکییش بێ، هەم لە بەرەی پاوانخوازدا دەبیندرێ و هەم لە بەرەی دووی جۆزەرداندا. جا بۆیە ڕۆژی ١٨ی جۆزەردان وەک ڕووداوێکی گرینگی سیاسی بۆ خۆنواندنی خەڵک، سەرەڕای ئەوە کە گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوەی هێزە بەشدارەکانی دیاردەی هەڵبژاردن دەبێ، هەرئاواش دەتوانێ سەنگەری هەڵوەژاردن و خۆخڕکردنەوەی سیاسییش بێ، ج بۆ خەڵک و، ج بۆ بەرەی ڕاست و ج بۆ بەرەی ڕێفۆرمیست. ئێمە ئەگەر چاوێک بە فرت و فێڵەکانی بەرەی ڕاستی ناو کۆماری ئیسلامیی پێش دیاریکردن و نێودێرکردنی کاندیدەکاندا بخشێنین دەبینین کە ئەوانیش لە بەر ئەو فشارەی کە لە لای خوارەوەڕا هەستی پێدەکرێ، دەیانویست بە جلوبەرگی ڕازاوەی ڕێفۆرمیستی بێنە ناو مەیدانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەیانتوانی کەسێکی پاک و خۆشنێو و خاوەن نفوز لە بەرانبەر سەرۆک کۆمارە لێوبەزە و پۆشتەکەی گۆڕین دەستنیشان بکەن و ئاخرسەر، دەستەوداوێنی ئایەتوڵڵاخامنەیی ڕێبەری «ویلایەتی فەقیە»بوون کە جەنابی خاتەمی ــ «ئەگەرچی نە وێی هەڵدەکەن و نە پێی هەڵدەکەن» سەرلەنوێ بۆ دەورەی هەشت نێودێر بکرێتەوە و، بە گوێرەی ئەو پەندە کە زەرەر لە نیوەشڕا بگەڕێتەوە هەرباشە، چارەنووسی سیاسی چوارساڵی دیکەشی پێ بسپێردرێتەوە و بە کورتی: نە سیخ

بسووتێ و نە کەباب!

ئێستاکێ، ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە، بۆ دیسانیش خاتەمی؟ هەڵبەت لەوبارەدا بیروبۆچوون زۆرە و حەوجێ بە دووپاتکردنەوە ناکا کە لە ناو ئەو دە کاندیدەی کە لەلایەن شۆرای مەسڵەحەتی نیزامەوە پاڵێوراون، دیسانیش خاتەمی وەک ڕەنگدەرەوەی ویست و ئامانجی تێکڕایی خەڵک، ئەگەر ئەوجار بە چاوی فرمێسکاوییش بێ زۆر شتی بۆ گوتن پێماوە کە ئەوانی دیکە، بەشێکیان یان لێی بێ بەرین و یان، بەشێکیشیان وەک ئاخوند «عەلی فەلاحیان» و «عەلی شەمخانی» و... هەر لە زووەوە پەتەی ئیفلاسیان خراوەتە سەر ئاو و، دەستنیشانکردنی ئەو نۆ کەسەش وەک ڕەقیبی خاتەمی، زیاتر لە بەر ئەوە بووە کە ئەگەر خاتەمی هەڵبژێردرێتەوە دەنگەکانی ئەوەندە زۆر نەبن کە لە باری دەسەڵات و «وەجاهەتی میللی و ئیسلامی»یەوە هەموو ڕیسەکانی بەرەی ڕاست لە دەورەی داهاتوودا بکاتەوە بە خوری.

ئەوەی ڕاستی بێ، خاتەمی سەرەڕای ئاماڵ وەجهەپێدانەوەیەکی نێونەتەوەیی بە کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی هیچکام لەو شوعارە سەرەکییانەی کە لە دەورەی پێشوودا وەک: کۆمەڵگەی مەدەنی، قانوونی بوون و ڕێفۆرمیسم» مەترەحی کردن و نەیانتوانی بە کردەوە لە گۆڕەپانی کێبەرکێی سیاسیدا بە شێوەیەکی بەرچاوجێگیر بن و، تەنانەت لەوبارەوە لەلایەن باڵی ڕاستەوە دەست و باڵی ببەسترێ و پاشەکشەشی پێ بکەن، بەڵام ئینسان هەق بڵێ کە کەسایەتی وی لە شکڵ پێدانی زیاتری ئەو شوعارانە لە ناو خەڵکدا شایانی سەرنج بووە. جا ئەوەیکە ١٨ی جۆزەردان، کە زیاتر لە دە ڕۆژی نەماوە، چ شتێکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێش و کێ سەر لە سندوقەکانی ئەوجارەی هەڵبژاردن دێنێتە دەر بە داهاتووی دەسپێرین.

بەڵام... ئەو قسانەی کە لێرەدا سەبارەت بە هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی و بەتایبەت پێوەندی بە کوردستانەوە دەبێ بێنە گوتن، بۆ ئەوەی ناواقیعی و لاپرەسەنی نەبن لەگەڵ گەلێک کەسایەتی و چاودێری سیاسیی کورد لە ناوەوەی وڵات پرس و ڕا کرا و لەوبارەوە زۆر بیر و بۆچوونی جیاواز هاتە ئاراوە کە لە ناو ئەوانەدا کورتەی بیر و بۆچوونی بەڕێز «ئەنوەری ئیران زادە» (وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری ــ دانیشتووی تاران) شایانی سەرنجە کە بە ئەمانەت دەیهێنینەوە:

١- دەزانین کە ئاغای خاتەمی بدیهێنەری جووڵانەوەی ڕێفۆرمیستی لە ئێراندا نییە، بەڵکە ئەو نمود و ڕەنگدەرەوەی ئیرادە و ویستی تەواوی خەڵک لە پێناو وەدیهاتنی ئارەزووە ئیسلاح تەڵەبانەکەیان بووە و هەر ئەو ویست و ئیرادەیەش باعیس بوو کە ئاغای خاتەمی دوورەپەرێز و ناشناس لەپڕ ڕێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەی پێ بسپێردرێ و هەر بەو عینوانەش لە ناو خاس و عامدا ناوبانگ دەربکا.

٢- خەڵک پێیانوایە کە خاتەمی لە چوارساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەڵێنییەکانی خۆی بەجێ بگەیێنێ، بەڵام ئەو باوەڕەشیان هەیە کە ئەو ئاغایە دز و فاسید نییە. مورتەجیع و ویشکەڕۆ و دژی ئازادییەکانی فەردی و کۆمەڵایەتی و، پاوانخواز و سەرەڕۆ و بیڕەحم نییە و، لە چوارساڵی ڕابردوودا ئەوە باڵی ڕاست بووە کە بووەتە هۆی کۆسپ و لەمپەری وەعدەکانی وی و هەر ئەوانیش لەوبارەوە بەرپەرس و تاوانبار بە حیساب دێن.

٣- باڵی ڕاستی دژ بە خاتەمی (ڕێبەری ڕێفۆرمخوازەکان)، بە مەبەستی کەمکردنەوەی وەجهە و شکاندنی وی، گەلێک فرت و فێڵی سیاسییان بە کارهێناوە، بەڵام زۆربەی خەڵک باوەڕیان وایە کە ئەو کارانە نەتەنیا وەجهەی ئاغای خاتەمی زیاد کردووە بەڵکە لە زۆر لایەنانەوە بێ ئیعتیباریی باڵی ڕاستی پێکهێناوە.

٤- تا ماوەیەک پێش ئێستا بیر و بۆچوون وابوو کە ئاغای خاتەمی بە هێنانەوەی دەنگێکی زۆرکەم دووبارە بە سەرۆک کۆماریی هەڵدەبژێردرێتەوە، بەڵام لەو چەند ڕۆژەی دواییدا واوێدەچێ کە لەنەکاو خۆشەویستیی وی تەنانەت لە جۆزەردانی ١٣٧٦(دەورەی حەوت)یش زۆرتر بووە و ئەو ئەگەرە هەیە کە دەنگەکانی لە مەرزی ٢٠ میلیۆنیش تێپەڕ بکا.

٤- سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان دەبێ بڵێین کە هیچکام لە کاندیدەکان بە شێوەیەکی ڕوون سەبارەت بە کوردستان قسەیان نەکردووە، تەنیا ئاغای خاتەمی لە نوتق و قسەکانی خۆیدا ئیشارەی بە ڕێزگرتن لە مافی هەموو قەومەکان کردووە و، واوێدەچێ کە هیچکام لە کاندیدەکان پێیان خۆش نییە لەوبارەوە باس و گفتۆگۆیەکیان هەبێ! بەڵام نابێ ئەوەی لە بەرچاو نەگرین کە بڵاوکراوەکانی سەر بە دووی جۆزەردان(دووی خورداد) کە بەڕاست لایەنگرانی ئاغای خاتەمی بە حیساب دێن، پەیتاپەیتا وتاری زۆر سەرنجڕاکێش سەبارەت بە کورد و کوردستان و مەسەلەکانیان چاپ و بڵاودەکەنەوە کە وادێتەبەرچاو ڕوانگەیەکی باش لەوبارەوە بەدیبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ گۆڕانکارییەکانی ناوەکی و ناوچەیی و نێونەتەوەییش لەبەرچاو نەگیرێ، بەتایبەت بارودۆخی کوردەکانی تورکیا کە بە قەبوڵکردنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئوروپا، زۆر باشتر دەبێ و ئەوە دەتوانێ تەئسیری باش لە سەر وڵاتانی دراوسێ کە کوردیان تێدا دەژین دابنێ و، ببێتە هۆی گۆڕانی بیر و بۆچوونیان لە سەر مەسەلەی کورد.

تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم جگە لە ئاغای خاتەمی هیچکام لە کاندیدەکان لە کوردستاندا، خاوەنی وەجهە و مەقبوڵیەت نیە و، هەربۆیەش واوێناچێ کە بیر و بۆچوونی خەڵکی کورد سەبارەت بە ئاغای خاتەمی بگۆڕدرێ و پێموایە کە ئەو، دیسانیش دەتوانێ زۆربەی دەنگ لە کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

ئەوەش بڵێم کە تاماوەیەک لەوە پێش، ڕەغبەت و هەیەجانێکی زۆر هەست پێنەدەکرا، بەڵام لەو چەند ڕۆژەی دواییدا لەپڕ بارودۆخ گۆڕدرا و هەلومەرجێکی وەک جۆزەردانی ١٣٧٦ هاتووەتە ئاراوە. دیارە دەنگۆی ئەوەش هەیە کە خوێندکارانی دانیشگاکان بە شێوەیەکی یەکدەست لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واوێدەچێ کە هەڵبژاردنێکی بەگوڕ و تین لە پێشدا بێ.

مانگی مای ٢٠٠١

# تراجیدیای کوردان

**(فەسڵێک لە بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا)**

بەشی یەکەم

وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی

«هێنری کیسنجر» وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا زیاد لە ساڵێک پێش ئێستا بیرەوەرییەکانی خۆی لە سێ بەرگی چڕدا بڵاوکردۆتەوە. بەرگی سێهەمی کتێبەکە، ناوی Years of Renewal (ساڵانی نوێکردنەوە)ی لێ نراوە.

فەسڵی ١٩ (لاپەڕەی ٥٧٦ تا ٥٩٦)ی ئەم بەرگەی تەرخانی «تراجیدیای کوردان» کراوە و تێیدا کیسنجر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٥دا بە کورتی خستۆتە بەرباس.

دەوری کیسینجر و بەگشتی حکوومەتی ئەمریکا لە هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کورد و ئەو کارەساتەی دوای پەیمانی جەزائیر بە سەر کورد و شۆڕشەکەی هات گەلێک جار قسەی لە سەر کراوە و بەڵگەی زۆریشی لە سەر بڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا کیسنجر چەشنە داکۆکییەک لە خۆی دەکات و تاوانی هەرەسی ٧٥ دەداتە پاڵ مێژوو و جوغرافیای کورد، قارەمانیەتی بارزانی کە «انعطاف»ی سیاسی نەبوو، شای ئێران کە کوردی کردە قوربانی بەرژەوندییەکانی وڵاتەکەی و هەروەها کۆنگرێسی ئەمریکی کە لە کوردستان و هیندوچینی ئەو ساڵانە خەمی هاوپەیمانەکانی خۆی نەدەخوارد و داکۆکی لێ نەکردن.

من هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی کیسنجر بۆ خوێنەر دادەنێم و تەنیا دەڵێم دەرسێک کە واهەیە لە قسەکانی کیسنجر وەربگیرێت ئەوەیە: وڵاتانی جیهان ـ تەنانەت دۆستەکانی کوردیش تا ڕادەیەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو هاوڕێی کوردن. پشت بەستنی هەمیشەیی و عەشیرەیی بە هیچ دۆستێک لە بەرژەوەندی کورددا نییە مەگەر تاکتیکی و کاتی بێت. ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵک لە «کارتی کورد» وەردەگرن و ئەگەر کورد ڕوانگەیەکی جیاواز لەوەی هەبێت و کەڵک لە کارتی ئەوان وەرنەگرێت، هەڵەی گەورەی کردووە. کیسنجر بە ڕاشکاوی دەڵێ دام و دەزگای فۆرد، نیکسن، بووش یا کلینتن هیچکام نەیانویستووە کورد سەربەخۆیی هەبێت و لەو وڵاتانەی تێیدا دەژی جیاببێتەوە (بڕوانە دەقی وتارەکە). شایانی باسە کە کیسنجر لەم وتارەدا ناوی «کوردستان» ناهێنێ و تەنیا بە «ناوچەی کوردنشین» ناودێری دەکات. بەشی سەبارەت بە کورد لە بیرەوەرییەکانی کیسنجر لە دوو بەشدا بڵاودەبێتەوە. ئەوە بەشی یەکەمیەتی و بەشی دووهەم دانراوە بۆ ژمارەی دواتر.

**«وەرگێڕ»**

**بنەماکانی «بەرنامە»**

لە بەهاری ١٩٧٥دا، خوداکان پێکەنینیان نەهێنایە سەر لێوی دۆستانی ئەمریکا. ڕاست لەو کاتەدا کە کۆنگرە[ی ئەمریکی] لێگەڕا گەلانی هیندوچین بکەونە ژێر کەڵەوەی کۆمۆنیسمەوە، شای ئێرانیش کوردی عێراقی لە بەرانبەر ڕژێمی ڕادیکاڵی بەغدادا، بێ دیفاع هێشتەوە ــ ئەو ڕژێمەی کە تەنانەت ئەودەم، بە ڕەسمیش نەبوایە، هەر لەلایەن سەددام حوسێنەوە کۆنترۆڵ دەکرا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٢ەوە یارمەتی کوردانی دەدا، گەرچی لە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی وا لە هیندوچین دەماندا، تێکەڵاویمان لەگەڵ ئەمیان هیچی وانەبوو. بەڵا لە کاتێکدا کە ــ لایکەم لە ماوەی ساڵی ١٩٧٥دا، هاوپەیمانەکانمان هەموو هۆیەکیان بۆ چاوەڕوانی ئێمە هەبوو کە لە ڕێگەی پەرەپێدانی یارمەتییەوە نەهێڵن هیندوچین لە دەست بچێت، پارێزگاری کردنی کوردان پێویستی بە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەو چیا سەرکێشانە دەکرد کە کەوتبوونە نزیک سنووری سۆڤیەتەوە.

لە کاتێکدا کە هیندوچین لە گرێژنە دەچوو، پەیوەندی ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژئاوا بەرەو لاوازی دەڕۆیشت و وتووێژی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بێ ئەنجامیدا وەستابوو، دەبوایە [لەوێ] بەرپرسایەتییەکی ئاشکرا بۆ ئەنجامێکی گەلێک گرینگی چاوەڕواننەکراو بگیرێتە ئەستۆ.

هەرچۆنێک بێت، دەبوایە لە ماوەی چەند مانگێکدا چارەنووسی کورد ببێتە شانۆیەکی تر لە خۆبەزاندن و تێیدا خۆپەرستی حەفتاکان تاوانی گەشبینی لەڕا،،مبەدەری سەرەتای شەستەکان بداتەوە. کۆمیتەکانی کۆنگرێس هێرشیان کردە سەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی «نیکسن» بۆ ئەو دەورەی وا دەیویست لەمەڕ یارمەتیدانی کوردان لە پێناوی گەیشتنیان بە خۆدموختاریدا بیبینێ. هەوەها هێرشیان کردە سەر بەڕێوەبەرایەتی «فۆرد» بۆ ئەوەی بەرگری لە شای ئێران نەکردبوو ئەم هەوڵە هاوبەشە بوەستێنێ. ئەوەش مەسەلەیەک بوو، کە هەندێ لەوانەی وا زیاترین بەرپرسایەتییان لە تەسلیمی هیندوچیندا هەبوو، ویجدانی خۆیان پێ تیمار دەکرد.

تراجیدیای کورد زیاتر بە هۆی مێژوو و جوغرافیاوە سەری هەڵدا، بەڵام دابەشبوونی نەتەوەیی ئێمەش پرۆسەکەی خێراتر کرد. گەلی کورد کە ئێستا ژمارەیان دەگاتە ٢٥ ملیۆن، بوونەتە قوربانی هەندێ ڕووداو، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا. کورد

لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، خۆی بە دابەشکراوی لە نێوان ئێران، عێراق، سووریا، تورکیا و سۆڤیەتی پێشوودا بینییەوە، بەڵێنی وڵاتێکی سەربەخۆیان پێدرا. بەڵام کاتێ نەتەوە ئەورووپییەکان دوای شەڕ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییان دیاری کرد، ئیتر داواکاریی ئەمان لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خرایە پشت گوێ.

لەو کاتەوە تا ئێستا، تاوانی خەباتی نەتەوایەتی کوردان کەوتۆتە بەر دژایەتی نواندنی هاودەنگ لە لایەن وڵاتانی خانەخوێیانەوە کە گونجاوترین پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکاندا هەیە. هەندێکیان وەک تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکان و هەندێکیان وەک عێراق، مەیلیان بە دوژمنایەتی هەیە؛ ئێران لە چەندین دەرفەتی جیاوازدا، هەردووکیان بووە و سووریاش خۆی بە هاولایەن دانانێت. نەتەوەکانی تر — وەک ئیسرائیل و ئوردەنیش — بە هۆی هەلومەرجی جیۆپۆلیتیک یاخود بە ئامانجی لاوازکردنی دوژمنیان — بەگشتی عێراق، جاروبارە دەکەونە نێوانەوە (بڕوانە نەقشەکە).

تێکەڵاوی ئەمریکا لە دوو ڕوانگەی ئیدیۆلۆجیک و ستراتیجیکەوە بوو «نەریتی ویلسنی» بەرەو مەسیری پشتگیری کردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتیمان دەبات، بەڵام لە عەینی کاتدادەبێتە هۆی وەدیهاتنی موشکیلەی دایمی سیاسەتی ئەمریکا کە ئەویش بریتی یە لە دۆزینەوەی ڕادەیەک بۆ ئیجباری ئەخلاقیی ئەمریکا لە ناوچەیەکی گەلێک دور و دەست پێنەگەیشتوو وەک شوێنی شاخاویی کورد کە کەوتۆتە نێوان وڵاتانێکەوە هەر هەموویان شوێن لە سەر بەرژەوەندیی نەتەوایەتی ئەمریکا دادەنێن. چون دەکرێ خاڵێکی بە ڕێ و جێ بۆ وەستان لە نێوان پشتگیری کردنی هەمەلایەنەی ئاواتی کوردان لەلایەک و بەجێهێشتنیان لە ناوچەیەکەدا بدۆزرێتەوەکە نوێنگەی پەیوەندییەکی ستراتیجیکە لە هیلالی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خەلیجی فارسی پڕ لە نەتەوەدا؟

فاکتەری ئاڵۆز ئەوە بوو کە یارمەتی ئەمریکا تەنیا دەکرا لە ڕێگەی وڵاتانێکەوە ئاراستە بکرێت کە هاوپەیمانی ئەمریکا بن — وەک ئێرانی سەردەمی فۆرد یا تورکیای سەردەمی کلینتن بەڵام ئەو وڵاتانە تەنیا تا ڕادەیەکی دیاریکراو هاوبەشیی ڕوانگەی ئەمریکایان لە سیاسەتێکدا دەکرد کە دژ بەوە دەوەستا ناوچە کوردنشینەکان بکەونە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیست و سوورەکانەوە.

نە ئێرانی حەفتاکان و نە تورکیای نەوەدەکان کەمترین بەرژەوەندییان لەوەدا نەدەبینی کە ناسیۆنالیسمی کورد بگاتە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە هەڵچوون کە کوردی خۆشیان بگرێتەوە، وەک چۆن ئامادە نەدەبوون کەمایەسییە [کورد]ەکەی خۆیان بگەیێننە ڕادەی دەوڵەتێکی کوردی. لە عەینی کاتدا، هەر دوو وڵاتەکە وەک ناوکی سیاسەتی گشتیی ئەمریکا سەیر دەکران. بە ناچار، «دوو سیاسەتیی» بوو بە دیاردەیەکی کاراکتیزەکراو و هەموو هەوڵێکی ئەمریکای لە ناوچە کوردییەکەی عێراقدا گرتەبەر.

دەوڵەتانی دراوسێ وەک تورکیا و ئێران یارمەتی کوردانیان بۆیە دەدا، کە زەختی عێراق لە سەر خۆیان چەواشە بکەن بەڵام هیچ لایەکیان لە هیچ بارودۆخێکدا ئامادە نەبوون باوەش بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بکەنەوە. بە هەمان شێوە، هیچکام لە دامودەزگاکانی نیکسن، فۆرد، بووش یا کلینتن هەرگیز پشتگیریی سەربەخۆبوونی کوردی عێراق و لەویش کەمتر، هی کوردی وڵاتانی دراوسێی عێراقیان نەکردووە. ئەوەی دەخوازرا، تەنیا بریتی بوو لەوەی خودموختاریی کورد لەگەڵ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا لێک گرێ بدرێن لە ترسی ئەوەی کە پارچەپارچەبوونی عێراق دەبوە هۆی سەرهەڵدانی دەیان ساڵ ئاژاوە و دراوسێکانی عێراق لە سەر پارچەکانی ئەو وڵاتە بەردەبوونە گیانی یەکتر — بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئێران لە ژێر حوکمی ئایەتوڵڵا خومەینی دا، وەرچەرخایە سەر دەوڵەتێکی دژکاری «فاندەمنتالیست» ئیتر یەکپارچەیی خاکی عێراق وەک تای تەرازوو بۆ پارسەنگی بەرزەفڕیی ئێرانییەکان سەیردەکرا.

تەئسیراتی ئەم دیاردە ئاڵۆزانە لە سەر یەکتر، دەشبوایە دڵساردی و تەنانەت تراجیدیا بۆ کورد بخوڵقێنن، ئەوە ڕاست ئەو شتە بوو کە لە مانگی مارچی ١٩٧٥دا قەوما، کاتێ ئێران و عێراق گەیشتنە پێکهاتنێک و بە گوێرەی ئەو، بەرژەوەندیی نەتەوایەتی ئەو دوو وڵاتە، خودموختاریی کوردی خستەڕێر پێ.

مەسەلەکە، لە ساڵی ١٩٩٦یشدا کاتێ دوو پات بووەوە کە ئەو خودموختارییەی کورد وا دوای شەڕی ساڵی ١٩٩١ی خەلیج لە ژێر سێبەری ئەمریکادا هاتبوە دی، لەلایەن سەددام حوسێنەوە ڕادەی بە تەواوەتی نزم بووەوە بەوەی تاقمێکی کورد بۆ تێکشکاندنی دژکارەکوردەکەی خۆی وا لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا، لایەنی ئەو(واتە سەددام)ی گرت.

بەڕێوەبەرایەتی فۆرد زەمینەیەکی باشتر لە کلینتنی هەبوو بۆ ئەوەی بەرپرسیایەتی خۆی پەرەپێبدات، بەڵام هەردوو دەرەتانەکە بەرتەنگ بوون و ڕوون نەبوونی بەرژەوەندییەکانی ئێمەی لە خاکی دوورەدەستی کورداندا دەخستەبەرچاو.

بەپێچەوانەی ئەوەی وا باوە و دەگوترێ، بەڕێوەبەرایەتی نیکسن و فۆرد هەرگیز پشتیوانیی دەرەوەیان بۆ ئاواتی خودموختاری کورد دروست نەکرد، بەڵام ئەوان یەکەم بوون لەوەدا کە یارمەتی ڕاستەوخۆ ئاراستەی کوردان بکەن. خۆی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئێمە پشتگیریی کەمایەسییەکی نەتەوەییمان دژ بە دەوڵەتی قانوونییان دەکرد و لە بەرنەوەی وڵاتانی دیکەش بەتایبەت ئێران و ئیسرائیل تێکەڵاوی مەسەلەکە بوون، عەمەلیاتەکە دەبوایە لە نوقتەیەکی خۆڵەمێشی ڕەنگی نێوان هێزی ئاشکرا و سیاسەتدا، بە «نهێنی» بمێنێتەوە.

بنەڕەتی تێکەڵاویی ڕاستەوخۆی ئێمە لەگەڵ کوردان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی نیکسن لە شا، لە تاران لە مانگی مایسی ١٩٧٢ دوای ئەوەی بۆ وتووێژ لەگەڵ بریژنێف لە مۆسکۆ دەگەڕاینەوە، هەفتەیەک میوانداریی «کرێملین» بۆ ڕێزگرتن لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی نێوان دوو وڵات، نەیتوانی بایەخی سەرەکی ستراتیجی نیکسن دابەزێنێ. نیکسن لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی نێوان

دوو ولاتدا، هەرگیز خواستی خۆی لەمەڕ دەرەتانی زیاتری مانۆڕکردن لە کێ بەرکێی سیاسەتی جیهانی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت لە بیرنەبردەوە.

یەک لەو کێ بەرکێیانە، لە عێراق و لە ئاستی دەرگای شای ئێراندا هاتە کایەوە. مەسەلە، داهاتووی لایەنگرتنی ولاتێک بوو کە زەخیرەی نەوتی دوای عەرەبستانی سعوودی، لە جیهاندا دووهەمە و لەم ڕووەوە دەرەتانی هەڕەشەکردن بۆ تێکدانی هاوسەنگی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەتایبەت خەلیجی بۆ هەیە. لە ساڵی ١٩٦٨دا، حیزبی بەعس کە لە ناوخۆی ولاتدا بەرپرسیایەتی بەرنامەیەکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی گرتبوەئەستۆ و بڕیاری دژایەتی کردنی عەسکەریی لەگەڵ ڕۆژئاوای دابوو، لە بەغدا هاتەوە سەر حوکم. جێگەی سەرسووڕمان نەبوو کە عێراقی ژێر حوکمی سەددام حوسێن بەرەو ئەوە دەچوو کە لە یەکیەتی سۆڤیەتی نزیک ببێتەوە، ئەویش ڕاست لەو کاتەدا کە ١٥ هەزار عەسکەری سۆڤیەتی لە میسر بوون و مەترسی ئەوە لە بن گوێدا بوو کە دوورنەبێ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر نفووزی ستراتیجیکی سۆڤیەتەوە. جا سیاسەتی کەمکردنەوەی ئالۆزی لە هەر بارودۆخێکدا بوایە، کەمکردنەوەی نفووزی سۆڤیەت یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی ستراتیجی ئێمە بوو. لە ڕاستیدا ئێمە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئالۆزیمان وا سەیر دەکرد کە ببێتە کەرەسەی لەناوبردنی مەترسی لە سەر ئەو ستراتیجییە.

ولاتانێک کە زیاتر خۆیان لە ژێر مەترسی ئەم لایەنگیرییەی عێراقدا دەدیت بریتی بوون لە ئوردەن و ئێران کە هەردووکیان سنووری دوور و درێژیان لە گەڵیدا هەبوو، هەروەها ئیسرائیلیش کە بەردەوام نیگەرانی ڕژێمێکی نوێی ڕادیکاڵی عەرەب بوو وا چەکی سۆڤیەتی پارێزگاریی لێ بکات. هەر سێ ئەم ولاتانە دۆستی ولاتە یەکگرتووەکان بوون، هەرسێش درێژەیان بە یارمەتیدانی نهێنی کوردان دەدا و هەوڵی کوردانیان بۆ خودموختاری لە ناوچە ئەستەم و شاخاوییەکانی باکووری عێراق وەک کارتێک گرتبوە دەست کە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەرەتان و توانای ڕژێمی بەعسی عێراق لە سنووری خۆیان دووربخەنەوە.

ئێمە، گەرچی لە ڕاستیدا بەشداریی ئەو هەوڵە نهێنییانەمان نەدەکرد، بەلام دەزگا جاسووسییەکانمان بە هۆی هاوکارەکانیانەوە لە هەرکام لەو ولاتانەدا کە تێکەلاوی مەسەلەکە بوون، ئاگادار دەکرانەوە. هەروەها دیارە هەریەک لەو ولاتانەش یارمەتی ئابووری و عەسکەریان لە ولاتە یەکگرتووەکان وەردەگرت.

بۆ ماوەیەکی کورت، وا دەردەکەوت کە دەڵێی عێراق و کوردان جیاوازییەکانی نێوان خۆیان چارەدەکەن. لە ١١ی مارچی ١٩٧٠دا، بەغدا و ڕێبەری کوردان مستەفا بارزانی گەیشتنە پێکهاتنێک. حکوومەتی بەعس ڕەزامەند بوو بەوەی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی چەند ڕەگەزیی کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێک بێت، یارمەتیدەری سەرەک کۆمار کورد بێت، کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی و نوێنەرانی کورد بەشداریی لە پەرلەمانی نوێی عێراقدا بکەن.

وەک چۆن بە عادەت هەرکاتێ دەسەلات لە نێوان دوو تاقمی ڕەگەزیی دژ بە یەکدا دابین بکرێت مەسەلەی ئەوتۆ دێتەگۆڕێ، لە مانگەکانی دواتردا ئەم پەیمانە بە هۆی کێشەی واتاکردنەوەی «خودموختاری» یەوە هاتە لاوازبوون. خودموختاری بۆ بارزانی ئاماژەیەک بوو بۆ سەربەخۆیی بە کردەوە لە کاتێکدا سەددام حوسەین پێکهاتنەکەی وەک هەنگاوێکی تاکتیکی لە پێناو بەدیهێنانی ئاواتەکانی بەعس بۆ دەوڵەتێکی یەکپارچە سەیر دەکرد.

تا پایزی ١٩٧١، پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا گەیشتە قۆناغی پچڕان. کورد تاوانی مەسەلەکەی خستە ئەستۆی سەددام حوسێن کە هەوڵی کوشتنی بارزانی داوە و ئەوەش نیشاندەری گومانیان بوو لە وەی کە عێراق بەرەو حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی بە بەشداریی کردنی حیزبی شیوعی دەنازوێ. ئەوەش کوردی خستە قوژبنەوە و شەڕی چریکییان دەست پێکردەوە کە ئیسرائیل و ئێران پشتگیرییان دەکردن. لە مانگی نوامبری ١٩٧١ و جارێکیش لە مارچی ١٩٧٢دا، شای ئێران داوای لە نیکسن کرد لە مەسەلەی یارمەتیدانی بارزانیدا هاوکاریی بکات. لە ٢٨ی مارچدا مەلیک حوسێنی ئوردەن ئەرکی مەسلەتکاری بەڕێوەبرد و داواکاریی ڕاستەوخۆی بارزانی ئاراستەی نیکسن کرد. ئیسرائیل گەرچی هەرگیز ڕاستەوخۆ یارمەتی دارایی لێ نەخواستین، بەلام نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە مەسیرێک کە عێراق گرتبوویەبەر، هەروەها بەرژەوەندییەکانی خۆی لە مەسەلەی خودموختاری ناوچەکوردییەکان بە ئێمە ڕاگەیاند.

ئێمە داواکاریی ڕاستەوخۆمان دایە دواوە لەبەر ئەوەی نەماندەویست ببێتە هۆی دابارینی زیاتری چەکی سۆڤیەتی و لە زیاددانی نفووزەکەی. «جۆزێف فەیرلەند» باڵوێزی ئەمریکی لە ئێران چاوەترسێی ئەوەی کردین کە ئەگەر عەمەلیاتێکی نهێنی کوردی [لە لایەن ئەمریکاوە] فەڕێوەببرێت، مەترسی ئاشکرابوونی لێ دەکرێت، خۆ ئەگەریش بوەستێنرێ ئەوا ڕێگە بە «تەفسیرێکی هەڵەی جێگەی داخ» دەدات.

سەفەری سەرەک وەزیری سۆڤیەتی ئەلێکسی کاسیگین بۆ بەغدا لە مانگی ئەپریلی ١٩٧٢دا، بوە هۆی ئەوەی ئێمە بە «سیاسەتی دەستکێشانەوە»ی خۆماندا بچینەوە. لە ڕۆژی ٩ی ئاپریل، ناوبراو پەیمانێکی دۆستانەی لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد، کە تەنانەت بە بێ دست تێوەردانی ئەمریکا بە قازانجی کوردیش، ئامادەیی بۆ ناردنی ڕادەیەکی بەرچاوی چەکی سۆڤیەتی [بۆ عێراق] دەگرتەبەر. لەوەە بەدواوە، عێراق خۆی دەخستە کێشەیەکی جیۆپۆلیتیکەوە و بە ڕێگای ئەوەوە دەبوو کە ببێتە هاوپەیمانی سەرەکی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا. هێزی سوپایی عێراق کە بە چەکی زێدە تەیارکرابوون، هێرشیان بۆ سەر کورد پەرەپێدا و لەو ڕادەیە دەرچوو کە بکرێ هاوسەنگییەکەی بەهۆی یارمەتی نهێنی ئێران و ئیسرائیلەوە ڕابگیرێ. پێکدادانی هێزەکانی عێراق و ئێران لە سەر سنوورە کشتییەکانیش بە شوێنیدا هات.

ئەوە، ئەو بارودۆخەبوو کە تێیدا نیکسن لە ڕۆژانی ٢٠ و ٣١ی

مـــــــــايســی ١٩٧٢دا چوه چاوپێکەوتنی شا لە تاران، ئێمە بــە هــۆی هــەردوو لایــەنــی ئیحساسی و فیزیکی جەرەسی ســـــەرکــــەوتنی نیکسن لە وتووێژەکـــــانی مـــۆسکۆدا حەپەسابووین کــە ســەرەڕای بۆمــبــاردمــان و ئابلۆقــەی ڤیەتنامی باکووریی هاوپەیمانی سۆڤیەت لە ماوەی دوو حەوتوو پێش بەرنامــــــەی داڕژاوی چاوپێکەوتنەکـــەی نیکسن و شەش مانگ پێش مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار [ی ئەمریکا]دا، هاتبوە دەست.

مـیـوانداریەتی هـەمـەلایـەنەی ئێرانییەکان نارەحەتی کاروان و هـەروەهـا تـاقـــــــمـی ڕۆژنامـــەنووســـانی هاوڕێی دەرخست. یەک لە پێشهاتەکانی ئەو نارەحەتییە، سەرلێشێوانی نیکسن بوو لە کاتی نانی شێوی بەخێرهاتنی شادا، کە بەوپەڕی ڕازاوەییــەوە ئامــادەکــرابوو. شەوقی چرای [فیلم هەڵگرانی] تەلەڤیزیۆن لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ئامــادەکــراوی ســەرەک کۆماردا شەوقی زۆریان هەبوو، بە تایبەت کە نیکسن پێی خۆش نەبوو لە ســەر تەلەڤــیزیۆن بە عـەینەکی چاویەوە ببـینرێ. لە بەر ئەم هۆیە، بڕیاری دا وتارێک لە بەر ئاراســتــە بکات و ئەم کـــارەی بە تواناوە گـــەیانده ئەنجام، تەنیا ئەوە نەبێ کە وا دەردەکەوت ڕادەی کورت و درێژیی وتارەکەی نەگرتبێتە بەرچاو. چەند جارێک بە دەوری بابەتەکەدا هات ئینجا گەیشتە خاڵێکی گرینگ: ڕاستەوخۆ چاوی بڕیە شا و ئەو بۆچوونەی پرێزیدێنت «ئایزینهاوێر»ی وەبیر شای شاهان هێنایەوە کە گوتبووی «هەمــوو ئەو ســەناتۆرانەی دەیانناسم ژنی باڵاتر لە خۆیان هێناوە». بەم ورەیەوە نیکسن ســەرکــەوتووانە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی با بیخۆینەوە بە سلامەتی ئەعلاحەزرەت و عولیاحەزرەتی پەنادەستی! چەپڵەی لایەنی ئێرانییەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

هەرچۆنێک بێت، کاتێ نیکسن و شا دەستیان بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێونەتەوەیی کرد، ئیتر هیچ سەرلێشێوانێک نەما، نیکسن کە لەگەڵ لایەنەکەی تردا لە کریملین خواردنەوەی زۆریان بە سلامەتی یەکتر خواردبووەوە و بەوە گەشابووەوە، نیشانی دا کە سەرەک کۆماری ئەمریکایە و کەمتر وا هەیە بە هۆی پەیوەندی شەخسی لەگەڵ ڕێبەری زلهێزی کۆمۆنیستەوە ڕێگە چەواشە بکات. لە وتاری کاتی کرانەوەی وتووێژەکاندا، جارێکی تر ڕوونی کردەوە کە دەیەوێ شان بە شانی دۆستانی ئەمریکا بوەستێ و بەرگری لە کردەوەی توندوتیژی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات.



گەرچی ئێمە دەمانویست پێشی هەڵچوونی تەنگوچەڵەمە ناوچەییەکان بگرین و ئیجازە نەدەین ببنە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی، لە عەینی کاتدا نەماندەهێشت هاوسەنگیی هێزی جیهانی یاخود هاوسەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی گۆڕان بێن. لە ڕاستیشدا ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی ئەوەمان بوو هاوسەنگییەکە بە قازانجی خۆمان بپارێزین بەوەی کە نیشانی بدەین نە ڕادیکالیسمی عەرەبی و نە چەکی سۆڤیەتی هیچکامیان عەرەب ناگەیێننە ئامانجەکانی. من چوومە ناو قسەکانەوە و گوتم ئێمە «هەڵبژاردەیەک» لە سیاسەتی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی قەبوڵ ناکەین کە بۆ من واتای ئەوە بوو «هەندێ مەسەلە لەگەڵ هەندێ دوژمندا چارەبکەین بۆ ئەوەی هەندێ دوژمنی تر بخەینە قوژبنەوە، ئەم مەسەلەیەمان بە گوێی سۆڤیەتییەکانیشدا دا».

ساڵێک دواتر، لە مانگی جولای ١٩٧٢یشدا، کاتێ شا بۆ وەلامی سەردانەکە هاتەوە واشەنگتۆن، جەوهەری تەرح و بەرنامەی داڕژاوی خۆمانم بەم شێوەیە پێ ڕاگەیاند:

"ئێمە دەمانەوێ نفوزی سۆڤیەت لە هەر کوێیەک سەرهەڵبدات، کڕی بکەین و لە هەر توندوتیژی نواندنێکدا کە ئەوان هاندەری بن بێ هیوایان بکەین. ئێمە دەمانەوێ لە دەفتەری سیاسی [سۆڤیەتی]دا تێگەیشتنێک بهێنینەدی کە چالاکی نواندنی مەسرەفداریان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێ ئەنجام دەبێت."

هەر بۆیەش بوو کە شا، نیکسنی وەک کەسێک هاتە پێش چاو کە کوێگرێکی باشە و باسی ئەوەی بۆ کرد کە «سۆڤیەتییەکان وا خەریکی پێکهێنانی هاوکارییەکن لە نێوان کورد و بەعسی و شیوعییەکاندا و مەسەلەی کورد لە جیاتی ئەوەی ببێتە دڕکێک و بە کەلەکەیاندا بچێت، واهەیە ببێتە یاریدەدەری کۆمۆنیستەکان».

وەک ئاکامی وتووێژ لەگەڵ شا، نیکسن دوو بڕیاری دەرکرد: بۆ بەربەرەکانی کردنی موعامەلەی چەکی کاسیگین ــ سەددام، پەسندی فرۆشتنی ئەو تەیارە پێشکەوتووانەی کرد کە شا داوای کڕینیانی کردبوو بەڵام بەهۆی چەلەحانێی بۆرۆکراتیکی نێو وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە وەستێنرابوو. ئەوان لەوە دەدوان کە ئایا تەیارەی F-15ی هێزی هەوایی پێ بفرۆشن یا F-14ی هێزی دەریایی. نیکسن مەسەلەکەی بەم شێوەیە چارەسەرکرد کە ئیجازەی فرۆشتنی هەردوو تەیارەکانی دا و گوتی دوابڕیار لەمەڕ هەڵبژاردنی ئەوەی کامیان بکڕێت بدرێتە شا (ئەوە، بنەمای ئەو درۆیە بوو کە گوایە نیکسن فەرمانی بە وەزارەتی بەرگری (واتە پێنتاگۆن) داوە شا هەرچییەکی بوێ بیدەنێ، لە کاتێکدا فەرمانەکە تەنیا ئەوەی تێدابوو ئیجازەی پێ بدرێت لە نێوان تەیارەی F-14 و F-15دا یەکیان هەڵبژێرێ).

لە عەینی کاتدا نیکسن گەیشتە ئەو ئەنجامەش کە ڕاپەڕینی ئەودەمی کوردان دژ بە حکوومەتی بەغدا، بە بێ پشتگیریکردنی ئەمریکا تێکدەشکێ. بۆ پاراستنی ورەی هاوپەیمانانی وەک ئێران و ئوردەن پێویست بوو ئەمریکا بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداریی مەسەلەکە بکات. ئەم بەشداریکردنە هەم بۆ ئەو دوو وڵاتە و ئامانجەکانیان و هەم بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا، گەلێک جیددی بوو. نیازمان ئەوەبوو مەسرەفی عێراق بۆ ڕاگرتنی ڕژێمەکەی زیادبکەین، وزەی کورد لە وتووێژی سەندنی دەسەلاتدا بەرینە سەرەوە و لەو ڕێگایەوە بەغدا مەجبور بکەین سیاسەتێک بەڕێوەبەرێت کە ڕێزی زیاتر لە ئاسایشی دراوسێکانی عێراق و هەروەها خودموختاریی کەمایەسی کورد بگرێت.

وا دەردەکەوت کە بەشداریکردنی ئەمریکا کلیلی مەسەلەکە بێت، لەبەر ئەوەی کە بەشداریکردنەکە دەبوە هۆی پەیوەندیدانی هەندێ ئامانجی ئاڵۆزی ئەو وڵاتانەی وا یارمەتی داراییان [بە کورد] دەدا و هەر ئەو وڵاتانە لە عەینی کاتدا گرینگایەتی زۆریان بە پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئەمریکا دەدا. هەروەها دەبوە هۆی ئەوەی کە بەرگریی لەوە بکەین ئەو وڵاتانە پشتی کورد بەربدەن ــ داوەرییەک کە، وەک دواتر دەبینن، دەرکەوت زۆر گەشبینانە بووبێت.

## گێرە و کێشەی ناوخۆ

لەو کاتەوە کە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکانی کۆمیتەی Church&Pike لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆن و فیلم و چاپەمەنییەوە، مەسەلەکەی کردە بابەتێکی دڵخوازی خەڵک، وێنەی دەزگا جاسووسییەکانی ئەمریکا وەک دەزگای دواکەوتووی سەردەمی شەڕی سارد کێشراوەتەوە کە لە بەرانبەر کۆنتڕۆڵی سیاسیدا وەلامدەر نین و زیاتر دەیانەوێ دارایی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام بخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بەرنامە و پڕۆژەی شێتانەی خۆیان بەڕێوەبەرن. ئەگەر «سیا»یەکی ئەوتۆ هەر هەبووبێت، ئەوا لە سەردەمی فۆرد و نیکسن دا شاراوە بووە. فەرمانی هەموو عەمەلیاتێکی مەزنی سەردەم ــ وەک شیلی، کوردان و ئەنگۆلا، لە لایەن کاخی سپییەوە دەرچوو و بە شێوەی نهێنی بەڕێوەبران لەبەر ئەو هۆ سەرەکییەی کە هیچ بۆنەیەکی سیاسی ئاشکرا و بە ڕێ و جێیان بۆ نەبوو.

ڕاپەڕینی کوردان لە خاکی ژێردەسەڵاتی حکوومەتێکی بە ڕەسمی ناسراودا هاتە کایەوە کە هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو و لە ماوەیەک پێشترەوە چەند دەوڵەتێک یارمەتی نهێنییان پێدەدا کە هەموویان هاوپەیمانی وڵاتەیەکگرتووەکان بوون و ئێمە لەباری داراییەوە پشتگیریمان دەکردن. مەترسی هەڵچوون لە ئارادا بوو، بەڵام یەک لەو شتانەی وا ئیجازەی بە سەددام دەدا بتوانێ حوکمی خۆی پێ قایمتر بکات ئەوەبوو ناوچە کوردنشینییەکەی عێراق بکاتە پێگەیەک بۆ گێرەشێوێنی لە ناوچە کوردنشینییەکانی وڵاتانی دراوسێی خۆیدا. لەو سەردەمەدا، ئەم گێرە شێوێنییە، کە بە هۆی هێزی چەکداری زۆر زوو پەرەسەندووی عێراقەوە پشتگیری دەکرا، دەیتوانی ببێتە چەکێک دژ بە دەوڵەتانی خەلیج و ئێران تەنانەت تورکیاش.

لە پێداچوونەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوودا، لایەنی چاک و خراپی بڕیارمان لەمەڕ پشتگیری کردنی ڕاپەڕینی کوردان زیاتر هاوسەنگ دەنوێنن. وا هەیە پێویست بووبێت ئەنگیزەی بەهێزی هاوپەیمانانی دژ بە عێراقمان تاوتوێ بکردایە و ئەنجامی خۆکشانەوەی یەکێ لە

لایەنەکانمان بگرتایەتە بەرچاو و لە ژوور هەموو ئەوانەشەوە ئەوەمان بزانیایە کە کوردان وا هەیە لە هاوپەیمانییەکەدا گێرەشێوێنی بکەن و ئەستەم بتوانن لە ستراتیجی گشتیدا بگونجێن. دان پێدانانی ڕێبەرەکانیان هەرچی بوایە، ئاسۆی ئامانجی سەرەکییان سەربەخۆبوون یان بەلای کەمەوە خودموختارییەکی تەواو بوو و بەردەوام دژ بەو هەنگاوانە دەوەستان کە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان لە پەیوەندیی چەمکی هاوسەنگیی جیۆپۆلیتیکی هێزەکانی دەرەوەییدا بەربەست تر بکەن. ئێمە تێگەیشتین کە گەلێک خۆشترە بابەت لە سەر قارەمانان بخوێنینەوە تا ئەوەی هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکەی، هەر ئەو توانایەی کە دەبێتە ئیلهامدەری ئازایەتییان، شنە و «انعطاف»یشیان لەناو دەبات.

تەنانەت لەوەش زیاتر، سوودی تێگەیشتنی ڕووداوەکان خستبوونیە «بارودۆخی هۆبسن»[واتە مەجبوریی]ەوە کە لە چارەکە سەدەیەکی ڕابوردووشدا نەگۆڕاوە لە بەر ئەوەی ئەگەر هیچیان هەر نەکردایە، بۆی هەبوو یەککگرتوویيە مەوجودەکەی دژی عێراق لە بەر یەک بترازایە، کوردان بکەونە بەر دەستی بەزەیی سەددام حوسێن و ورەی [حکوومەتەکانی] خەلیج لەناوبچێت، لە کاتێکدا بەڕێوەبردنی ئەرک و کاریش وا هەبوو تووشی هەمان موشکیلەی پڕ ئازارمان بکات ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجامی ئەوەی سۆڤیەتەکان ناردنی چەکیان لە ڕادەی ئەودەم زێتر بکردایە. لە هەڵبژاردنی نێوان مەترسییەکی دڵنیا و مەترسییەکی گوماناویدا، خۆ لە مەترسی هاویشتنی ئەوەی وا دوورتری دەنواند سەرنج ڕاکێشەرتر بوو. هەر ئەوەش، بوو بە دوابڕیاری ئێمە لە ساڵی ١٩٧٢دا.

ڕۆژی ١ی مانگی هەشتی ١٩٧٢، نیکسن بە ئیمزاکردنی فەرمانێک حوکمی بەڕێوەچوونی «بەرنامەی نهێنی» (Covert Program)ی دەرکرد*

وڵاتە یەککگرتووەکان لە ساڵی دارایی ١٩٧٣دا، مانگانە ٢٥٠ هەزار دۆلاری بۆ پشتگیری ڕاستەوخۆی کوردان تەرخان کرد و دوو ملیۆن دۆلاریش بۆ تەقەمەنی کە سەرجەم دەبوە دەوروبەری ساڵانە پێنج میلیۆن دۆلار. شای ئێران مەبلەغێکی زیاتری تەرخان کردبوو. یارمەتی کوردان لە لایەن ئێمە و ئیسرائیل و بریتانیا و ئێرانەوە دەگەیشتە نزیکەی مانگانە یەک ملیۆن دۆلار. ئەم مەبلەغە بە پێی ستانداردەکانی سەردەمی شەڕی سارد، ڕادەیەکی زۆر نەبوو.

لە کاتێکدا ئێمە بیرمان لە بەشداریی کردنی عاقڵانەی ئەمریکا دەکردەوە، هێزەکانی سۆڤیەت و ڕاوێژکارەکانیان لە مانگی جولای ١٩٧٢دا لە میسر دەرکران. ئەم مەسەلەیە گرینگایەتی عێراقی بۆ سیاسەتی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زیاتر کرد و بوو بە هاندەرێک بۆ مۆسکۆ کە پەیوەندەکانی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا پتەوتر بکات. لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆگۆستدا میخائیل سۆسلۆڤ ئەندامی دەفتەری سیاسی، زەختی خستە سەر بارزانی بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئەو حکوومەتە هاوبەشەوە کە سەددام حوسێن پێشنیاری دەکرد. بە گوێرەی قسەی بارزانی، سۆسلۆڤ پێی ڕاگەیاندبوو کە یەکیەتی سۆڤیەت دوای دەرکران لە میسر، گرینگایەتییەکی تەنانەت زیاتر لە جاران بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەدات و یارمەتی خۆی بۆ حکوومەت زێدە دەکات. کێ بەر کێ بە ئاشکرا سەری هەڵدابوو، لە بەشی عاید بە ئێمە، شا و مەلیک حوسێن لە ٣١ی جولای هەتا ٢ی ئۆگوستی ١٩٧٢، لە کاخی شا لە لێواری دەریای قەزوێن چاویان بە یەکتر کەوت و بەخێرهاتنی یارمەتییەکانی ئەمریکایان کرد. هەروەها لەلایەن ئەوانەوە پێشنیار کرا کە هەندێ یاسای گشتی بۆ کاری هاوبەشی هەموولایەک دابنرێ و زیاتر لە سەر بەهێزکردنی دەرەتانی دیفاعی کوردان پێیان داگرت بۆ ئەوەی کوردان بتوانن ڕادەیەکی زیاتری خودموختاری وەدەست بهێنن.

بە درێژایی ساڵی ١٩٧٣، شەڕ لە توندیی دا و بە هەمان نیسبەت، ڕادەی داواکاریی دارایی کوردان چوە سەرێ. من لە ٢٩ی مانگی مارچی ١٩٧٣دا پشتگیری داواکارییەکی «سیا»م بۆ یارمەتی زیاتر کرد کە «جیم چلێزینگر» لە ماوەی کورتی بەرپرسایەتی خۆی لە «سیا»دا ئیمزای کردبوو و نیکسنیش دەست بە جێ پەسندی کرد.

من لە یادداشتێکدا باسی ئەوەم کرد کە: عێراق مشتەری سەرەکی سۆڤیەت لە ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستە و حکوومەتی بەعسی عێراق بە ڕێبەرایەتی سەددام حوسێن درێژە بە یارمەتیدانی دارایی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان هەتا پاکستانیش دەدات، هەروەها عێراق هێزێکی ئەسڵی یە لە «بەرەی ڕەفز» و دەیەوێ بەر بە دەستپێشخەری لە مەسەلەی ئاشتی عەرەب ــ ئیسرائیلیش بگرێت. لە بەر هەموو ئەم هۆیانە، من پێشنیارم کرد یارمەتی داراییمان لە ڕادەی ساڵانە ٥ میلیۆن تێپەڕبکات. شا، ڕادەیەکی گەلێک مەزنتری لە یارمەتییە داراییەکانی خۆی زیادکرد کە لە ڕادەی ٣٠ میلیۆن دۆلار نزیک دەبووەوە، سەرباقی ئەوەش درێژەی دەدا بە یارمەتیدانی لۆجستیک و تۆپخانە، کە تۆپبارانی دوورمەودا لە نێو خاکی ئێرانەوەشی دەگرتەبەر. هاوکات، من مەترسی ئەوەشم خستە بەرچاوی نیکسن کە وای لێ بێت کوردان لە ڕادەی بەرگری تێپەڕ بکەن:

"وا هەیە بکرێ خۆ لەو هەستە[ی کوردان] دووربخەینەوە کە ڕادەی ئیلتیزاممان بۆ ماوەی درێژخایەن ڕوو لە زیادبوون دەبێت، ئەوەش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی بارزانییەوە کە ئێمە ئەم زێدە یارمەتییە داراییە تەنیا بۆ ئەمساڵ و لە سەر ئەساسی مانگانە ئاراستە دەکەین بەلام لە هەموو حاڵەتێکیشدا جەختمان لە سەر ئەوەیە هەمان ڕوانگەی شامان لەمەڕ دابینکردنی حاڵەتی بەرگری کوردان هەبێت.»

لە ماوەی سالی یەکەمدا وا دەردەکەوت کە هەوڵی نهێنی [ئێمە لەمەڕ کوردان گەیشتینە ئامانج. لە ٥ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٧٢دا، من ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەری «سیا» «ریچارد هێلمز»م گەیاندە نیکسن، هێلمز کە دواتر بوو بە باڵوێزی [ئەمریکا لە] ئێران، ئاگاداری کردینەوە کە کوردان دوو بەش لە سێ بەشی سوپای بەعسیان بە خۆوە خەریک کردووە.

«وزەعی ڕژێمی بەعسی باش نییە.. بارزانی کە شوێنی پتەو و قایمی گرتووە، درێژە دەدات بە وەی دوو بەش لە سێ بەشی سوپای عێراقی بە خۆیەوە خەریک بکات و ئیجازە نادات بەعسییەکان ببنە خاوەنی پێگەیەکی دڵنیا و لەوێوە کاری وێرانکاری و کوشت و بڕ لە ئێراندا

بەڕێوەبەرن".

شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ساڵی ١٩٧٣دا دەستی پێکرد، تاقمێک تەنگ و چەڵمەی نوێی بۆ ئێمە هێنایە کایەوە. ئەوە بوە هۆی بیرکردنەوەمان لەوەی ئایا پێویست بێت کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرین و بە ئامانجی ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام هانی هێرشی کورد بۆ سەر ناوچەکانی بەردەستی عێراق بدەین. ئێمە پێشنیاری ئەفسەرێکی ئاسایشی ئیسرائیلمان لەم بارەیەوە دایە دواوە ــ ئەم بڕیارە، لە ساڵەکانی دواتردا بوەهۆی مشت و مڕی زۆر.

ئەو ڕەخنەیەی لێمان دەگیرا، نموونەی کلاسیکی قارەمانیەتی ساڵانی زوو بوو. کاتێ کە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل ڕووی دا، تەمەنی «بەرنامەی نهێنی» هەندێک لە یەک ساڵ زیاتر بوو. کوردان داوای ژمارەیەکی کەم لە چەکی قورسیان دەکرد. ئەو تۆپخانەیەی کە ئێرانییەکانی لە سەر بوو هەرگیز ریسکی ئەوەی پێ نەدەکرا کە لە سنوورەکانی ئێران دووربکەوێتەوە. کوردان توانای ئەوەیان هەبوو داکۆکی لە وڵاتە شاخاوییەکەی خۆیان بکەن و تانک و تەیارەکانی عێراق بۆیان ئەستەم بوو لەو شوێنانە بکەونە عەمەلیات کردن، بەڵام هێزی چەکداری سووکی کورد لە ناوچە دەشتاییەکانی ئەولاتری خاکی خۆیاندا دژ بە سوپای گەورەی عێراقی کە بە چەکی قورسی پێشکەوتووی سۆڤیەتی چەکدارکرابوون و سەدان تانکیان لەگەڵدا بوو، هیچ بەختێکیان نەدەبوو. هێرش بردنیان بۆ ئەو پەڕی پێگەکانی خۆیان، لە ناوچوونی هەموو هێزە عەسکەرییەکەی کوردی زامن دەکرد.

مەسەلەکە بەتایبەت بۆیە وای لێهاتبوو کە بە پێچەوانەی نەریتی پێشوو، عێراقییەکان هێزێکی بەرچاویان تەرخانی یارمەتیدانی لایەنی عەرەب لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکردبوو. وەک «هێلمز» ساڵێک پێشتر ئاگاداری کردبووینەوە، ئێستاش کوردان بە بەردەوامی دوو بەش لە سێ بەشی سوپای عێراق بە خۆیانەوە خەریک دەکەن. جا سەمەرە نەبوو دوای ئەوەی نێوانی عێراق لەگەڵ سوریا تێکچوو، تەنیا «بریگاد»ێکی سوپای عێراق بە حیسابی جوغرافیایی نێررایە شەڕی ئیسرائیل. «شەڕ»یش وشەیەکە لە ڕووی «تواضع» و ئەدەبەوە دەگوترێ، دەنا بریگادە عێراقییەکە بە خێراییەکی ئەوتۆ نەنێرران کە بتوانن بگەنە بەرەی شەڕ، وا دیار بوو دە ڕۆژی پێچووبێ بۆ ئەوەی بگەنە دەورو بەری ناوچەی پێکدادانەکە و تەنانەت دوای ئەویش بە تەواوەتی لە بەرەی شەڕ دوور ڕاگیرابوون. تاقە زیانێکیش کە لە شەڕدا لێیان کەوت لە ڕووداوی تەقەکردنێکدا بوو، کە لەگەڵ «بریگاد»ێکی سعوودی هاتبوەپێشێ ــ ئەوانیش بە هەمان شێوە، دە ڕۆژی پێچووبوو بۆ ئەوەی بگەنە ناوچەیەک کە کوێیان لە تەقەی شەڕ بێت. ئەم دوو شەڕکەرە ناشەڕانییە لە دوا ڕۆژی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێک ئاڵان. هەردوو یەکەی عەرەب کە ئاگایان لە بوونی ئەوی تر نەبوو، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبەڕووی هێزەکانی ئیسرائیل بوونەوە و دەستیان بە تەقەکرد.

بیرۆکەی ئەوەی شەڕی چریکی بەڕێوە ببرێت، درەنگ هاتە گۆڕێ، ئەویش لە کاتێکدا کە شەپۆلی شەڕ لە بەرەی میسر ــ ئیسرائیلدا گەڕابوە دواوە. لە ١٥ی ئۆکتۆبر واتە نۆهەمین ڕۆژی شەڕ، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە ئیسرائیل لە سەحرای سینا هێزێکی میسری بە توندی گەڕاندبوە دواوە، ئێمە پەیامێکی خێرای بارزانیمان پێگەیشت کە تێیدا ڕای ئێمەی خواستبوو بۆ ئەوەی ئایا نەسیحەتی ئەفسەرێکی ئاسایشی ئیسرائیلی وەربگرێ کە پێشنیاری پێکردبوو هێرش بکاتە سەر دەشتاییەکانی خاکی عێراق یان نا. ئەوە ڕاست لەو چەشنە پێشنیارانە بوو وا ئەو ئەفسەرە ئاسایشییانە دەیکەن کە دەیانەوێ ئیعتیباری خۆیان لە وڵاتەکەیاندا بەرنەسەرەوە. ئێمە هەرگیز داخوازییەکی ئەوتۆمان لە تەلئەڤیڤەوە پێنەگەیشت.

پەیامەکە، بە شێوەی ئاسایی لە ڕێگەی «سیا»وە گەیشت و «ویلیەم کۆلبی» ــ بەڕێوەبەری نوێی «سیا» کاتی بە فیڕۆ نەدابوو و دەست بەجێ دژ بە هەر چەشنە پەرەپێدانێکی شەڕ وەستابوو. کاتێ ئێمە ڕاوێژمان لەگەڵ شادا کرد کە زیاترین کەرەسە و ڕاوێژکاری ئاراستەی کورد دەکرد، ئەویش ڕوانگەیَ «کۆلبی» پەسند کرد و گوتی کورد بۆ ئەوە چەکدار نەکراوە عەمەلیاتی هێرشکارانە بەڕێوەببات ئەویش لە دەشتاییەکاندا. پێشنیاری ئیسرائیل وا هەبوو «کارتی کورد» بە تەواوەتی لە ناوببات.

منیش پەسندی مەسەلەکەم کرد. هەروەها بیرم لەوە دەکردەوە کە عاقڵانە نەبێت کورد زۆر بە زەقی بە سەلاحی تاکتیکیی ئیسرائیلەوە ببەسترێت و لەو ڕێگەیەوە ڕق و کینەی وڵاتانی عەرەب بخەینە گیانی کورد کە هەر ئەودەمیش ئابلۆقە درابوو. هەربۆیەش، لە سەر پەسندی نیکسن من ئەم پەیامەم لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبردا، بۆ بارزانی نارد:

"ئێمە لامان وا نییە ــ دووپاتی دەکەمەوە، لامان وا نییە لە بەرژەوەندیی ئێوە دابێت ئەو هێرشە عەسکەرییەی ئیسرائیلییەکان پێیان پێشنیار کردوون بەڕێوەبەرن."

هەر بڕیارێکی جیا لەوە، دەبوە هۆی لە ناوچوونی کوردان بەبێ ئەوەی یارمەتی ئیسرائیل بدات. بارزانی پەیامی منی هەر ئەو ڕۆژە پێگەیشت کە جەنەڕاڵ «ئەریەن شارۆن» بە هێزە چەکدارەکەیەوە کاناڵی سوێزی تێپەڕ کرد. شەش ڕۆژ دواتر ئاگر بەس باڵی بە سەر شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشا.

درێژەی هەیە

* چاوپێکەوتنی ڕەسمیی ٤٠ ئەندامی کۆمیتە لە ئارادا نەبوو. لەبەر هۆی ئاسایشی، فەرمانەکە بە دەست برا بۆ ڕۆسەکان: یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، یاریدەدەری وەزیری بەرگری و هەر دوو سەرۆکی ستادی سوپا و جگە لەوانە، بۆ بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی «سیا». هەرکام لەو کەسانە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو ناحەزیی خۆیان لە پەیوەندیی بەرنامەکەدا دەربڕن بەڵام هیچیان ئەو کارەیان نەکرد. کۆمیتەی Pike دەیویست لەو مەسەلەیەی کە دانیشتنی ڕەسمی لە ئارادا نەبووە سوودی زۆر وەربگرێت گەرچی [دانیشتنەکە] ئەنجامێکی جیاوازی نەدەبوو.

# ژنی کورد له بیر و شیعر و ئارمانی «هێمن» دا

بۆ یادی پازدەساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن



نووسینی: **مەرزە**

هێمن هەر لە سەرەتای قەڵەم بە دەستگرتنیەوە، ئەو قەڵەمەی کە بوو بە زمانی حاڵی گەلە بەشخوراو و لێقەوماوەکەی، هەتا دوایین هەناسە و دانانی قەڵەمەکەی، وەک دڵسۆزێکی بە ئەمەگ هەرگیز و لە هیچ کاتێکدا بارودۆخی ژنی کوردی لە بەر چاو نەخستووە. هێمن بە درێژایی ژیانی هەروەک پسپۆڕێکی شارەزا و لێهاتوو، بە زمانێکی شیرین و رەوان نەتەنیا قامک لە سەر تەواوی سروشت، جوانی، پاکی و وەفاداریی زەحمەتکێشانی ژنی کورد دادەنێ، بەڵکوو هەروەها دڵسۆزانە گیروگرفت و باری نالەباری ژیانیشیان لە بەر چاو ون ناکا. هێمن بە تێگەیشتوویی و رووناکبیرییەکی تەواو، بێ ترس لە کۆنەپەرست و تەسک بیران، رێگەی چارەی ئەو کەم وکووڕیانەش نیشاندەدا. هێمنی سەودا سەری ئازادی، کە ژیانی ژن و مێردایەتی خۆی، بوو بە قوربانی دابونەریتی دواکەوتوو، بەمجۆرە باسی ژنهێنانی خۆی دەکا و دەڵێ:

"دایکم لە مێژبوو دەیویست ژنم بۆ بێنێ و تا نەمردووە من بە زاوایی ببینێ، بەڵام من ملم رانەدەکێشا و نە دەچوومە ژێر بار و خۆم بە خۆێندەوار دەزانی و پێم وابوو هەق نییە دایک و بابم ژنم بۆ بێنن".

نەگەیشتنی هێمن بە "پەری خەیاڵ"، بوو بە گرێمانەی دڵی و هەرگیز نەکرایەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو زووڵمەی دایکی لێیدەکا، نەک هەر ئەو کردەوەیەی وەک کاری مرۆڤێکی خراپەخواز مەحکووم ناکا، تەنانەت وێڕای شانازی بە کەسایەتی و تێبینی ئەو، سەبارەت بەو هەڵبژاردنەو ئاواتی دایکی لەمڕ بووکەکەی داهاتوویدا دەڵێ:

"دایکم ژنێکی دنیادیدە و بە ئەزموون و کارامە و زۆر بەدەسەڵات بوو... ئەو دەیویست بووکێکی ئاکارباش و رەفتار چاک و وریا و بە مشوور و ماڵداری کەری هەبێ".

هێمن پاش ژنهێنانیش بەم چەشنە باسی هەستی خۆی بەرامبەر بە خێزانی دەکا:

"رۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٢٥ بووکیان بۆ دابەزاندم. دیارە ئەو پەری ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگ و جوان و چەلەنگە نەبوو کە خەیاڵی شاعیرانەی من بە شوێنی دا دەگەڕا و هێستاش تووشی نەبووە. بەڵام زۆر زوو توانی خۆی لە دڵی من دا جێ بکاتەوە و وا لە خۆی بکا کە لە قوولایی دڵمەوە خۆشم بوێ و ببێ بەیاری هەمیشە و خەم رەوێنی رۆژانی تاڵ و تفتی ژیانم. بیست و سێ ساڵ پێکەوە ژیاین و لە پەنا ئەودا هەستم بە سانەوە دەکرد...".

هێمن بەگێڕانەوەی باسی ژنهینانی خۆی وکرداری دایک و خێزانی، هێز و دەسەڵاتی مەعنەوی ژنمان بە چاک و خراب لە ناو ماڵدا دێنێتە بەرچاو. وادیارە بەداخەوە هێمن هەرگیز پرسیاری لە خێزانەکەی نەکردوە و ئیمەش نازانین ئاخۆ رای ئەو سەبارەت بەم وەسڵەتە، یانی ئەوەیکە مێردی بە کوڕێکی نە ناسراو کردووە هەرچەندیش کوڕە پوری خۆشی بووە، چ بۆچوونێکی هەبووە. زۆر دوور نییە ئەویش خۆی شاسوارێکی هەبووبێ.

بەڵام هێمن ئەوەی بە سەر خۆی هاتووە نایەوێ بەسەر کەسێکی دیکە بێ، هەر بۆیەش کاتێک باسی کچ فرۆشتنی کابرای برسی بە پوتێک ئارد بە پیرەپیاوێک دەکا، زەبوونی و بێدەسەڵاتی ژن و حیساب کردنی ئەو وەک کەرەسە بۆ رۆژی تەنگانان نیشاندەدا. ئەو رووداوە بە جۆرێک هەستی ئینساندۆستی وی دەبزێوێ کە دەڵێ:

"ئاگرم لە جەرگ بەر بوو، مچوورکێکم لە بەری پێ وەهات و لە تۆقی سەرم دەرچوو، بەری چاوم تاریک بوو.."

دوای پێشگرتن بەو وەسڵەتە نامەردانەیە، دەڵێ:

"چەند دڵخۆش بووم کە بە هەموومان نەمان هێشت لە گوندە خونچیلانەکەماندا ئینسان بە ئارد سەودابکرێ..".

هێمنی لاو و تازە گەیشتووی ناو جەرگەی خەبات، پێی وابوو ئەگەر ئەویندار و مەستی چاوجوانان بێ لە رادەی خۆشەویستی و ئەوینی ئەو سەبارەت بە نیشتمان کەم دەبێتەوە، هەر بۆیە دەڵێ:

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نێم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

بەڵام زۆر زوو دێتە سەر ئەو رایە کە خۆشەویستی هیچ لایەک بەرگری لە خۆشەویستی لایەکەی دیکە ناکا و، دڵی مرۆڤ ئەوەندە گەورەیە کە جێگەی هەموو چەشنە خۆشەویستییەک دەبێتەوە و، دەگاتە ئەو بڕوایە کە پێش نەجاتی نیشتمان نەجاتی چاو کەژاڵان پێویستە. ئەم ئالوگۆڕە فیکرییە و ئیمان بەو بۆچوونە کە رزگاریی

نیشتمان، بەبێ رزگارکردنی کچ و بێ هاوکاریی کچ هەرگیز سەرناگرێ، دەبێتە مایەی تەڕ بوونی شێعرەکانی و ئیشک بوونی نییە. ئەم بیرە نوێیە لە شێعری "وتووێژی کچ وکوڕ"ڕا دەستپێدەکا و تەواوبوونی نییە:

لە گەڵ تۆ بۆ نەجاتی نیشتمانت
دەدەن (هێمن) هەوڵ خۆشک و برای تۆ

* * *

درۆزن بۆی بزر بوو، هاتە مەیدان
کچی ئازا، کوری لێزان و هەقگۆ

* * *

دەستی دا دەستی برای و هاتە ناو کوری خەبات
کیژی ئەشمیل و لەبارو شۆخ و گۆی بەگواری کورد

* * *

دەبڕێ جەرگی دووژمنی زۆڵ
بەسەر نێزە نەک بە مزۆڵ

هێمن بە چاوی سووک نارواننێتە ژن و بە کەمی دانانێ. لە تەواوی ئەم پارچە شێعرانەدا، نەک هەر هیچ جیاوازییەک لە نێوان کچ و کوڕ دانانێ، بەڵکوو بە بێ ئەوەی قین و بوغز و دووبەرەکی باوێتە نێوان ژن و پیاو و یەکیان بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ بکا، ئەم دووییە بە تەواوکەری یەکتر دادەنێ. بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵی دواکەوتووی کورد و رزگاریی کوردستان، بوونی ئەم دووانە لەپەنای یەکتردا، زامنی بە ئامانج گەیشتن دادەنێ. تەنانەت لە "یادگاری شیرن"دا، کۆت و زنجیر کردنی ژن بەلەمپەری رێگەی ئازادی دەزانێ و هۆی ئەوەش بە نەفامی پیاو دادەنێ:

دەرکی داخستوە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە
دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە

ئەو سیمایەی، هێمن لە شێعری "بەهاری لادێ"، "کیژی لادێ"لە ژیانی سەخت و پڕ لە زەحمەت و کوێرەوەری ژنی لادێییمان پێشاندەدا رای مینورسکی کوردناسی گەورە، کە هەشتاو سێ ساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە ژیانی ژنی کورد و بارودۆخی ئەو لە ناو ماڵ دا گوتوێتی، وەبیردەهێنێتەوە. مینورسکی دەڵێ:

"بێشک تەواوی کارە دژوار و قورسەکانی بنەماڵە، ژن بەرێوەی دەبا. ئەوانن بار لەسەر پشتی ئەسب دادەنێن و دادەگرن، لەسەر کانی و چۆمەکان ئاو دێنن، بۆ دۆشینی مەڕ و مالات بەرەو کێو وەسەردەکەون. گەوەن و دەستەچیلکە و دار، بۆ سووتەمەنی کۆ دەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەو کارە سەختانە، منداڵە شیرەخۆرەکانیان بە پشتیان دەبەستن و لە خۆیان ناکەنەوە. ئەوان بە قەبوڵی ئەو زەحمەتانە هێزی بەرگرییەکی زۆر وەدەست دێنن. بەلام لوتف و سەرەنج راکێشەری ژنانەی خۆیان زۆر زوو لە دەست دەدەن و دەشکێنەوە. ژنان تێکەڵاوی کۆمەڵی پیاوان دەبن و لە وتووێژی گشتیدا هەمیشە قسەی خۆیان دەکەن."[1]

بە کوێرەی رای هێمن نەخش و هەوڵ و تێکۆشانی ژنی لادێیی، رۆڵی سەرەکی لە بەرێوەچوونی ژیانی شار و لادێی هەیە، ئەرکەکانی سەرشانیان یەک و دوو نییە، لە ئاوهێنانی سەر کانی را بگرە هەتا پێمەرە لێدان، دەستارکردن، بژارکردن، مەڕدۆشین و ....هەر بنەی نایە. هێمن بڕوای بە نەخشی ژن لە کۆمەڵدا هەیە و شارەزایە کە هەر چەند ژن لە باری ئابوورییەوە لە سەر پێی خۆی راوەستێ بە هەمان نیسبەتیش بارودۆخەکەی لە باری کۆمەلایەتییەوە باشتر دەبێ. هەر بۆیە کچی لادێ لە زۆر بارانەوە لە کچی شار ئازادترن. ژن لە لادێ بە وەخت و بێوەخت لە ماڵ دەچێتەدەر . بە نیوەشەو دەچێتە مەڕدۆشین و مەزرا بە مەزرا وەدوای مالاتی ونبوو دەکەوێ بێ ئەوەی کۆمەڵ قسەیەکی ناجایزی پێ بڵێ. کچی لادێ سەرەڕای ئەوە شانبەشانی باب و برا هەروەک پیاوێکی ئازا خەمی نان پەیداکردنی لەسەر شانە، لە هەمان کاتیشدا هەروەک ژنێکی تەواو، لە خۆ پاک و خاوێن ڕاگرتن، خۆ جوان کردن و خۆ رازاندنەوەش بەجێ نامێنێ و لە "گل و مێخەک"، "رێحانە و خرخاڵ" و "بازنە و ژێر چەنە" خافڵ نامێنێتەوە و هەروەها یەکێک لە دیاردە گرینگەکانی ژیانی واتا دڵداری و چوونە ژوان لە بیرناکا، بێ ئەوەیکە سەربرین و لووت برینی بە دوادا بێ.

گەر دەتەوێ کوردستان پڕ بە چاوی خۆت ببینی و بۆنی کوێستانی کوردستان هەڵمژی، گەر دەتەوی کەسایەتی کچی کورد بۆ جوانیی، توند و تۆڵی، پاکی و ئازادی و ئازایەتی لە روانگەی هێمنەوە بناسی، ئەوسا چاوێک بە شێعری "بەهاری کوردستان"دا بخشێنە. لەم شێعرەدا لاوی کوردی هەروەک سروشتی ئەم وەڵاتە پاک و جوان و رازاوەیە، بە ئەوین و ئەویندارى کە غەریزەیەکی سروشتی یە، سەت هێندەی دی جوانیی بە بەهاری و ژینەوەی وەلات دەدا.

هێمن، گیانی بۆ ئەم کچە کوردە دەردەچێ کە بێ فڕ و فێڵە و سادە پۆشە و وەدوای زانست دەکەوێ. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەڵوێستەکانی هێمن سەباوت بە ژن لە دابو نەریتی رەسەن و شڵوێ نەکراوی کوردەواری هەڵدەقوڵن کە دەڵێ:

ئەو پەچە و رووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئەو شەر و شالاتە دیاری دووژمنی دڵ چڵکنە

ئێمە گەر ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان بدەینەوە، ئەم راستییە دەبینین کە ژنی کورد بە دابی رەسەنی کوردەواری سەرپۆشی بە سەرەوە نەبووە.

نووسەری فارس "بنفشە حجازی" لە کتێبی "زن بە ظن تاریخ"، ل، لاپەرەی ٧١ دا دەنووسێ:

"ژنانی ماد هیچ چەشنە سەرپۆشێکیان بە سەرەوە نەبووە. چارشێو بە سەر دادان و رووبەند گرتن لە سەرەتاوە دیاری ژیانی ئەشرافی و تایبەتی ژنانی دەوڵەمەند و بێ ئیش و کۆشک و قەلانشین بووە. هاتنی ئایینی ئیسلام و کەوتنی ژن لە ناو ژیانی شارستانی و هەروەها کەمبوونەوەی دەوری ئابووری ئەو لە کۆمەڵدا، ژنی تووشی ئەم خۆشاردنەوەیەکرد."

بابزانین «سون» گەڕیدەی گەورە و دۆستی نزیکی مینورسکی سەبارەت بە خوو و ئاکاری ژنی کورد دەڵێ چی:

"زۆر کات کە من میوانی ماڵی کوردان بووم، ژنی ماڵەکە قسەی

دەکەڵ دەکردم و لە پەنام دادەنیشت، خواردەمەنی سەر سفرەکەی بە رووبەکی خۆشەوە دەگەڵ بەش دەکردم، بێ ئەوەی وەک ژنانی تورک و ئیرانی بە رەواڵەت شەرم و حەیای درۆزنانە لە خۆی نیشاندا. کاتێکیش مێردەکەی دەهاتەوە ماڵێ ژنەکە بۆ نیشاندانی ڕێز و ئیحترام و سەرەنجدان بە میوان لە میوانە کە جودا نەدەبۆوە هەتا ئەو کاتەی مێردەکەی ئەسپی خۆی نەدەبردە تەویلە و نەدەهاتەوە نێو چادرەکە، میوانی بە جێ نەدە هێشت..

.. ئەوەی روونە لە نێوکوردان دا بە هیچ چەشنێک قسە لە دانانی سنوور و بەندکێشانی ژن لە ئارادا نییە. ژنی کورد رووخۆش و سەروزمان خۆش و داوێن پاکە. خۆ فرۆشتن لە ناو ژنانی کورد پێشینەی نییە، هەروەها کردەوەی پەست و ناشیرنی رەواج لە رۆژ هەلاتدا لای ئەوان نییە"[2]

هێمنی رێئالیست، بە گوێرەی بارودۆخی سەردەم وێرای ڕێزگرتن لە کاری ژنان داوایان لێدەکا بە جێگەی تەشی ڕستن و دەسکەنەکردن وە دوای عیلم و زانست کەون تا لە ژنانی بێگانە وەدوا نەکەون. هێمن هەروەها هەست بە کەم بوونی پیاوی زانا لە کۆمەڵەکەماندا دەکا و پەروەردەکردنیان لە ژن داوادەکا و دەڵێ:

دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێ بگە (ناگاتە دەریایە زنە)

لە پارچەشێعرەکانی "کچی مەهاباد"، "ماچی شیرین"، "هێلانەی بە تاڵ"، "پەری شێعر"، "ناسۆری تەشەنا"، "شەنگە بێری"، "ئامێزی ژن" و "فریشتەی پرپوە" دا، وەک رۆمانتیکێک نە وەک هەوەسبازێک، بە هەستێکی ناسک و دڵتەڕ نەک ژنبازانە، بە سەر و زولف، قەد و بالا و سینگ و مەمی ژن هەڵدەڵێ. بەلام دیسان شانازی بە رەواڵەتی ژن ناکا بەڵکوو بەئازایەتی و رووناکبیری، وەفاداری و خوێندەواریی ئەو دەکا. هێمن بێ ئەوەی درۆ لە گەڵ خۆی، یان لە گەڵ خەڵک بکا، دەیەوەی ناسۆری دەروون و زامی کۆنی بە مەی و باوەشی ژن سارێژ کا. ئەویش نەک بە دیلی، چونکە لە دیلخانە ئەم مەڵحەمە دەست ناکەوێ. ئاخۆ هیچ کوردێک تەنانەت هیچ مرۆڤێک هەبێ خۆی لە شێعرەکانی هێمن دا نەبینێتەوە. یان بڵێی ژنێک هەبێ، بە خوێندنەوەی شێعری هێمن شانازی بە ژن بوونی خۆی نەکا، یان هەست بە راستەقینەی تاڵی ژیانی خۆی نەکردبێ و لانی کەم شێعرەکانی هێمن وای لێنەکردبێ کە هەست بەوە بکا. ئاخۆ هەر نەبێ بۆ جارێکیش بوویێ هۆنراوەیەکی هێمن، ئەو ژنەی وەبیر ژیانی نالەباری خۆی و کۆمەڵەکەی نەخستبێتەوە؟! هێمن لە هەر کاتدا و بە هەر چەشنێک کە باسی ژنی کردووە، چ لە هەڵبەستی تایبەتی بۆ تاکە کەس وەک "بۆ خانمی لازار" و چ لە هەڵبەستی کۆمەڵایەتی دژ بە زۆردار و کونەپەرەستان و شێخ و مەلا وەک "سووری دەوران" بێ باکانەو بێ لە پەتەترازان مەبەستی خۆی دەربڕیوە. هەر چەند هێمن خۆی ئاغاوەت وکورە دەرەبەگ بووە، بە گوتنی شێعری "ژوانی ئاغا" بێباکانە داوێن پیسی و دەستدرێژی ناموسی دەرەبەگان سەبارەت بە رەعیەت و هەژاران لە هەلادەدا. ئەگەر هێمن شێعری "ژوانی ئاغا"یا لەم چەشنە شێعرەی نەگوتبا و فەسادی دەورووبەری خۆی و کۆمەڵگەکەی نیشان نەدابا و لەبەر بەرژەوەندی خزم و کەس چاوی لە حاست ئەو جینایەتانە قووچاندبا، لە بارەگای خەڵکدا ئەوەی بە گوناحێکی گەورە بۆ دەنووسرا. ئەگەر هێمن داوای "لێبووردن" دەکا، لەبەر ئەوە نەبووە کە پەتەی "هەباس ئاغا" و کەسانی وەک وی وەسەر ئاو خستووە یان لەشفرۆشی ژنێکی دەستەنگ و برسی و رووت وقووت ئاشکرا کردووە، بەڵکوو ئەوە بە هۆی بە کارهینانی وشەی زەق و سووک و زمانێکی نائەدیبانە لەو هۆنراوەدایە کە داوای لێبووردن دەکا.

هێمن کۆمەڵناسانە زامی کۆمەڵ هەر بەدەست خۆیان سارێژ دەکا. بە رای هێمن کاتێک ژن حاڵی باش بێ کۆمەڵیش نەخۆش نییە. ئەم تێگەیشتن و قەناعەتەی کە هێمن سەبارەت بە ژن هەیەتی، بە داخەوە ئیستاش زۆر لە پیاوان و بگرە ژنان خۆیان بەم قوناغە لە تێگەیشتوویی نەگەیون. بە رای هێمن کۆمەڵێکی ساغ و سەلیم بە چۆنیەتی هاوبەشیی ژن لە دامەزراندنی بنەماڵە و کۆمەڵ بەستراوەتەوە. هەروەک خۆی لە شێعری "یادگاری شیرین"دا دەڵێ:

با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی روونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە

هێمن بۆ ژن دەمرێ و بە ژن زیندوو دەبێتەوە. دنیای خەیاڵ و راستەقینەی لە گرێوی یەکتردان. ناوەڕۆکی "شەوگاری تەنیایی"، "شەوی شاعیر"، "سازی نا ساز"، "ماچی شیرین"، "خۆزگە"، "دیلی دیل" و "ناڵەی جوودایی" و.. چیرۆکی ئەو راز و نیازەیە.

هێمنی نامراد و ئاوارە، تەنیا ژنی بۆ دامرکانی هەوەس و تاسە ناوێ. ماڵەکەی بێ ژن وێرانەیە و خۆی بێ خەم رەوێنەیە. ئەو ژنی وەک هەمدەم و پشت و پەنا و کەس وکار دادەنێ. هێمنی دڵشکاوی ماندوو و نەحەساوە خۆزگە بەکەسانێک دەخوازێ کە بە سەربەستی لە سەر خاک و زێدی خۆیانن و لە ماڵێ ژن بە دیاریان دادەنیشن و نازیان دەکێشن. هێمن دەردی نەبوونی ژن لە ماڵدا بە کۆسپێکی وەها گەوە دەزانێ کە دەڵێی دوژمن ماڵی لێ داگیرکردووە.

هێمن، لە نیشتمان را بە ژن و لە ژنیشەوە بە نیشتمان دەگا و کوردەواری دەبێتە "رۆڵە" و "خێزان" و "باوان"ەکەی..

عاشقە گەشەبینەکەمان بۆ دیتنەوەی "پەریزادی مەهابادی"، بۆ زیندوو کردنەوەی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردان و ئەوەی شیاوی وەرگرتن و راگرتنی ئەو "باخی بە پەرژین"ە بن، ئەمانەی پێویستە:

بۆ خەباتی هاوبەشی یەکسانی توند و تیژی گەل
لاوی کارامەی بە جەرگ و کیژی سەنگینم دەوێ

هەڵنەبڕانی کیژ و کوڕ و هاوسەنگیی ئەوان لە رەوتەکانی جۆر بە جۆری کۆمەڵایەتیدا بەردی بناخەی فەلسەفەی شێعر و هەڵبەست و ژیانی «هێمن»ن و تەنانەت ئەو فەلسەفەیەی لە وەسییەتنامەکەشیدا فەرامۆش ناکا:

کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن رەشبەڵەک
من کە شین گێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ

□□□

(١و٢) کوردستان و کورد، نووسینی **واسیلی نیکیتین**، وەرگێرانی، محەممەدی قازی

مەهاباد قەرەداغی

# ئازاد کردنی مێژوو

**(بەدبەختن ئەوانەی وشە ئادۆزنەوە بۆ گوزارەکردن لەوەی ڕوودەدا)**

تورمان ئارنۆڵد

تەمەنی هیچ کێشەیەک هێندەی تەمەنی کێشەی ژن درێژ نییە و، باری هیچ کێشەیەکیش هێندەی باری کێشەی ژن ئاڵۆز نییە. قورسترین و ئاڵۆزترین پرسیار، ڕەنگە ئەو پرسیارە سووک و سادەیە بێت کە لە ژنێکی لێکۆڵەر دەکرێت: کێشەی ژن چییە؟ یان کێشەکانی ژن کامانەن؟ خۆ ئەگەر ئەم پرسیارە کە بەو شێوە سووک و سادەییە دەردەبڕدرێ لە ژنێکی کورد بکرێ، هێندەی تر بەرسڤەکان ئاڵۆز دەبنەوە و مرۆڤ نازانێ لەکوێوە دەست پێبکات و لە کوێ کۆتایی پێبێنێ.

کێشەی ژن لە هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا بە ڕادەی جیاواز و شێوەی جیاواز خۆی نواندووە . لە هیچ کۆمەڵگەیەکی دنیادا ژن هاوپایەی پیاو نییە و، بە شێوەیەکی گشتی پلەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی و کولتووری پیاو بڵیندترە لەهی ژن. لەوەتی ئەو پلە و ئاستە نابەرامبەرەش لەئارادایە، خەبات بۆ یەکسانی و بەرامبەریتی کراوە و دەکرێ، هەنگاوی گەورە و بچووکیش بەرەو ئەو یەکسانییە لە هەموو کۆمەڵگە و کولتوورە جیاوازەکاندا نراوە، بەڵام هێشتا هیچ کۆمەڵگەیەک پێی نەگەیشتووە.

لە بەشێکی دنیادا پێشکەوتن بە خێرایی موشەک تێدەپەڕێ و داهێنانی زانستی لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و ئەلەکترۆن تادێ تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنن و پرۆسەی گەردوونگەرایی مرۆڤ سەرسام و شبرزە دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی کە هەلی پێشبڕکێ و خۆگونجاندن و خۆگەیاندنیان بەو هەنگاوە خێرایانەی پێشکەوتن بۆ هەڵناکەوێ، کە ژنان لەو گروپە مرۆڤە کەم دەرفەت و بوارنەدراوەن. لە بەشێکی تری دنیاشدا هێشتا قۆناغی کۆیلەیەتی و دەرەبەگێتیماڵئاوایی نەکردووە و ئاستی هوشیاری لە پلەکانی خوارەوەی سفر جێ دەگرێ. گومانی تێدا نییە لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا ژن کۆیلەترینە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە جیاوازی مەودای کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی نێوان پیاو و ژن لە کۆمەڵگەکانی دنیادا جیاوازە. دەڵێن کەس وەک ژن خۆی ناتوانێ گوزارە لەو کێشەیە بکات، ئەمە ڕاستە. پیاوێک بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارە لە کێشەی ژن بکات دەبێ خۆی لە جێگەی ژن دابنێت و وێنای خۆی بکات کە ژنێکە. لەگەڵ ئەوەشدا وێناکردن هەرگیز نابێتە ڕیالیتە و، وێناکردنی ریالیتە ڕێژەیی یە نەک ڕەها. بە ڕای من ڕەنگە گوزارەکردن لەو مەودایە کەسێک باشتر بتوانێ کە ژیانی هەردوو ڕەگەزەکەی تاقیکردبێتەوە. ژنیش بووبێ و پیاویش بووبێ. بێگومان نموونەی وا لە دنیادا هەن و توانیویانە ئەو دوو وێنە جیاوازەمان بخەنە بەر چاو.

جێمس مۆریس، ئەو پیاوەی گەیشتە لوتکەی ئیڤەرست، زۆربەی ژیانی گەورەیی خۆی وەک پیاوێک بەسەر برد، بەڵام هەمیشە هەستی دەکرد ژنێکە و لە کڵێشەی پیاوێکی نامۆدایە. بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەک ڕەگەزی خۆی گۆڕی و بوو بە ژن. لە کتێبی یاداشتەکانیدا کە لە ساڵی ١٩٧٤ بڵاوی کردەوە باس لەو جیهانە جیاوازە و ئەو مەودایە دەکات کە ژن و پیاوی تیادا دەژی. مۆریس دەڵێ:

"دەڵێن ئەو مەودا کۆمەڵایەتییەی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە ڕوو لە کەمبوونە. بەڵام من دەتوانم تەنها ئەوە ڕابگەیەنم کە من دوای ئەوەی نیوەی ئەم سەدەی بیستەمە وەکووو پیاو و وەکووو ژنیش ژیام، ناتوانم بڵێم ڕوویەک لە ڕووەکانی ژیان، چرکەیەک لە چرکەکانی ڕۆژ، دیدارێ، ڕووداوێ، کاردانەوەیەک، هیچ شتێک نییە لە نێوان پیاو و ژندا جیاواز نەبێ. هەر ئەو ژێی دەنگەی کە پیاو بۆ دواندنم بەکاری دەهێنێ، هەر ئەو جێگایەی کە بۆ لەشی من دادەنرێ، خودی ئەو ئەتمۆسفێرەی یان ئەو هەستیارییەی کە لە کاتی هاتنمدا بۆ ناو ژوورێ یان چێشتخانەیەک، ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئێستا من لە پایەیەکی تەواو جیاوازم. یان کە ئەوانی تر کاردانەوەکانی خۆیان گۆڕی، منیش بەهەمان شێوە وام کرد. تا زیاتر وەکووو ژن ڕەفتارم لەگەڵ کرا، زیاتر بووم بە ژن. من لەگەڵ ئێرەو ئەوێ خۆمم گونجاند. ئەگەر بوترێ من بە تەواوی بێتوانا بوومەوە، کاتێ دەمویست ئۆتۆمبیلەکە بەرەو دواوە لێخوڕم، یان دەمی توندی شووشەیەک بکەمەوە، بە شێوەیەکی زۆر سەیر بێتوانا بوومەوە لەوەی کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەم. کە جانتایەک قورس بوایە بەحاڵ دەمتوانی بەرزی

بکەمەوە.
خۆشحالم کە ئەم تێبینییە دەردەبڕم، بۆ نموونە کە بۆ ژەمی نیوەڕۆیەک لای یەکێ لە هاوڕێ پیاوەکانم داوەت دەکرێم، کە سالانێکی زۆری پێش ئێستا نەبوو خزمەتکارەکە دەبوایە بە هەمان شێوەی هاوڕێکەم رەفتاری لەگەڵ کردبام. جاران دەبوایە زۆر بە رێز و جیدییەوە پێشوازی کردبام. ئێستا بە یاریکردنەوە دەستەسڕەکەم بۆ بادەدا، وەک ئەوەی بیەوێ نازم بکێشێ. جاران داخوازییەکانمی زۆر بە جیدییەوە وەردەگرت، ئێستا چاوەڕێیە من چەوتییەک بلێم(کە منیش ئەوە دەکەم).[1]

بێگومان شاخەوانێکی وەکوو مۆریس، کە توانیبێتی بگاتە لووتکەی ئیڤەریست، خاوەنی هێز و توانایەکی بێ وێنەی جەستەیی و دەروونییشە. چی وا لەم مرۆڤە دەکات تەنها بە گۆڕینی ناوەکەی لە پیاوەوە بۆ ژن ئەو هیز و توانایە لەدەست بدات و وەک خۆی دەڵێ بە حاڵ جانتایەکی قورسی پێ بەرزبکرێتەوە، یان دەمی توندی بوتڵێکی پێ نەکرێتەوە؟ ئایا هێزێکی ئەفسووناوی لە پشت ناونیشانی پیاوەوەیە کە وای لێ بکات بوێر و بەهێز بێ؟ ئایا ئەمە سیحرە؟ بیگومان نا!

ئەو رەفتارانەی کە لەگەڵ ژندا دەکرێن، ئەو چاوەڕوانییانەی کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری لە ژن هەیەتی، ئەو یاسایانەی کە جیاکارانە دارێژراون، ئەو رێسایانەی جەخت لەسەر پایەبەرزیی پیاو و پایەنزمیی ژن دەکەن، ئەو دابونەریتانەی کە رەوایەتی دەدەنە نادادگەری و نادادپەروەری کۆمەلایەتی، ئەو ستەمە سیستەماتیکییانەی کە رۆژانە رژێمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئایینی لەسەر ژن پیادەی دەکەن، ئەو شەڕە دەروونییەی کە لە ئەنجامی هەموو هەڵسوکەوتێکی جیاکارانە و ستەمکارانە لەگەڵ ژندا دەکرێن، ئەمانەن ئەو هێزە جەستەیی و دەروونییە لە ژن وەردەگرنەوە کە هەیەتی و پێویستە هەیبێ. ئەو توانای دەربڕین و بڕیاردان و دانوستاندنە لە ژن وەردەگرنەوە کە سیفەتی مرۆڤێکی ئاسایی یە. بەرامبەر بەمەش، ئەو پایەبەرزبینین و نرخاندنە پۆزەتیڤەی کۆمەڵگە بۆ پیاو، ئەو رەفتارە پڕ رێزەی کە لەگەڵیاندا دەکرێت، ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوەندییان دادەڕێژرێت، ئەو ناوەندانەی کە بڕیار بۆ پاراستنی دەسەلات و پایەیان دەردەکات، ئەو رژێمە سیاسییەی کە دەستکەوتە ئابووری و پایە ئابوورییەکەیان رادەگرێت، ئەو رێسا ئایینییانەی کە لە پێناوی سالارێتی ئەواندا هاتووەتە ئاراوە، ئەو دابونەریتانەی کە جەخت لەسەر پایەی ئەوان و دەسەلاتی ئەوان دەکات، ئەو هێزە زیاد لە پێویستەی داوە بە پیاو، کە پێویست بوو تەنها بۆ ئەو نەبێ و لەگەڵ ژندا بەشی بکات.
زلهێزیی پیاو و، کەمهێزیی ژن لە هەموو رووەکانی ژیاندا، لە هەموو بوارەکاندا، لە هەموو کات و ساتێکدا وێنەی کێشەیەکی گەورە پیشان دەدات. ئەمەیە کە ناومان ناوە کێشەی ژن.
هەوڵی بەردەوام و سیستماتیکی رژێمە جیاجاکانی کۆمەڵگە، رژێمی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئایینی بۆ شارژکردنی پیاو بە (هێز) و بەتاڵکردنەوەی ژن لە(هێز)، لاسەنگییەکی ترسناکی دروست کردووە. ئەم لاسەنگییەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە گشتی ترسناکترەو، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا هەرە ترسناک و جێی نیگەرانییە.
بۆ هاوسەنگ کردنەوەی ئەم هاوکێشەیە، بۆ رەواکردنەوەی ئەو نارەواییە، مەرج نییە پیاو بەتاڵبکرێتەوە لە هێز، بەلام مەرجە ژن شارژبکرێت بە (هێز). وەک چۆن بەهەموو تواناکارییەک و بە میکانیزمی جیاواز، هەموو سیستەمەکان رۆڵیان گێڕاوە لە کەمهێزکردنەوەی ژن، بەهەمان شێوە دەبێ رۆڵیان هەبێ لە بەخشینەوەی هێز بە ژن. ئەمەیە کە ئێمەی ژن دەبێ خەباتی بۆ بکەین و سازشی لەسەر نەکەین. هەوڵی ئێمە دەبێ بۆ گۆڕینی هەموو رووە ناشیرین و نارەواکانی ژیان بێت، دەستی ئێمە دەبێ بگاتە ناو هەموو ئەو سیستەمانەی کە دەستیان لە دروستبوونی کێشەکەماندا هەیە.
ئەوەی لە پشتمانەوەیە، مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە کێشەیە و بەردەوامیشی هەیە، رابردووی ژن هێندەی هۆش بڕکا، ستەم و شکستی و دواکەوتنە، بەلام ئەمە مانای وا نییە لەناو ئەو رابردووەدا دیل بین. وەکوو بونگەرەکان دەڵێن ئێستا و دواڕۆژ گرینگییەکی گەورەتریان هەیە بۆ ژیانمان لە رابردوو. ئێستا چارەنووسسازە(بڕیاردەرە)، چونکە ئێستا خودی ساتی هەڵبژاردنەکەیە، وەک «کێرکیگارد» گوزارەی لێ دەکات، نابێ خۆمان لە رووداوەکانی رابردوودا لەچاڵ نێین، یاخود بفڕین بۆ بەهەشتی دواڕۆژ. لە جێگەی ئەوە دەبێ ئامادەی ئێستا بین و ئاگاداری ئێستا بین. (ئێستا لێرەیە!)[2]، کە وا بڵێین دەتوانین خۆمان هەڵبژاردن بخولقێنین. دواڕۆژ گرینگە بەو مانایەی کە هەڵبژاردنەکانمان هەمیشە ئامارژەن بۆ کاتی داهاتوو.
ئێستا بۆ ئێمەی ژن گرینگە، چونکە ئێستا دەتوانین نەخشەیەک بۆ ئازادبوونی مێژوومان بکێشین. مەبەستم لە ئازادبوونی مێژوو، نوسینەوەیەتی بە دەستی خۆمان و رەنگاندنێتی بە رەنگی خۆمان و جوانکردنێتی بە توانا و هێز و هۆش و بیری خۆمان. مێژووی داهاتوومان تەنها بەوە جوان دەبێتەوە کە ئێمەی ژن پڕ بین لە ئامادەیی و بەرپرسیارێتی و رووبەڕووبوونەوە و یاخیبوون.
"مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی" سارتەر وادەڵێ.[3] بەلام ئازادیش لەخۆڕا دروست نابێ، ئازادی بەرهەمی رەنجی مرۆڤە لە پێناوی گەیشتن بە خودی ئازادی. دۆزینەوەی مانا بۆ ژیان رەنگە گرینگترین سیفەتی مرۆڤێکی ئازاد بێت. (ڤیکتۆر فرەنکڵ)ی دەروونناس پێی وایە "گرنگترین سیفەتی مرۆڤ ئەوە نییە کە بەدوای ئارەزوودا دەگەڕێ، بەڵکە گەڕانێتی بەدوای مانا".[4]
مێژووی ژن، مێژوویەکی کۆلۆنیکراوە، هەر وەکوو جەستە و بیر و مێشک و دەروونی. ژن دەتوانێ، بە ئازادکردنی دەروون و جەستەی خۆی و بە ئازادکردنی مێژووی خۆی ئەو مانایە بدۆزێتەوە کە ژیان لێی دەخوازێ. مانای ژیانیش لەناو ئەو ئەرکانەدا دەدۆزرێتەوە کە بە

ئەنجامدانیان ستاتووی مرۆڤی پێ بڵیند دەبێتەوە. ئەو ئەرکانەی کە خۆمان هەڵیاندەبژێرین و بەرپرسیارێتییان هەڵدەگرین، نەک ئەوانەی دەدرێن بەسەرماندا و بە ناچاری ئەنجامیان دەدەین. توانای بڕیاردان بۆیە گرینگترینە بۆ ژن، چونکە ئەو توانایەیە وای لێ دەکا خۆی ئەرکەکانی خۆی هەڵبژێرێ، بەو شێوەیە ئەنجامی بدا کە خۆی دەیەوێ، بەرهەمی ئەرکەکانیشی بۆ خۆی بێ و لە پێناوی بەرزکردنەوەی ستاتووی خۆی بێ. بەو شێوەیە مانای بوونی خۆی دەدۆزێتەوە.

(مرۆڤ) ئەو ناوەیە کە لەبوونەوەری نێرو مێ نراوە. کەواتە ژنیش مەحکوومە بە ئازادی، بەڵام ئەو ئازادییەش لەخۆڕا دروست نابێ. ئەگەر هەموو ژنێک ئەو راستییە زانستییە بزانێ کە " لە رووی فیزیکی و عەقڵییەوە ژنان لە پیاوان بەهێزترن"[٥] وەک فیزیۆلۆژی ئەمریکی دکتۆر ئیلیوت دەریبڕیوە، گومان لەوە ناکەن کە ئەوەی سروشت بە ژنی بەخشیوە نەک کەموکوڕی تیا نییە، بەڵکوو خاڵی بەهێزە بۆ ژن. ئەو هێزەی کە سروشت بە ژنی بەخشیوە، نارەوایی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی لێیان سەندۆتەوە.

بێگومان بۆ کەسانی خوێندەوار زانراوە، ژن و پیاو چۆن دروست دەبێ، دوو دانە لەو چلوشەش کرۆمۆسۆمانەی کە مرۆڤیان لێ دروست دەبێ بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئەو مرۆڤە نێر بێ یان مێ. ئەو کرۆمۆسۆمانەی کە لە زانستی بیۆلۆژیدا ناونران X و Y.

کرۆمۆسۆمی Y بڕیاری نێر بوون دەدات، مێ لە جیاتی ئەو کرۆمۆسۆمی (Y) یە (X) یێکی تری هەیە. واتە XX دەبێتە ژن و XY دەبێتە پیاو. هەر هێلکەیەکی ژن بیست و سێ کرۆمۆسۆمی هەیە، یەکێ لەوانە کرۆمۆسۆمی ئێکسە. هەر سپێرمێکی پیاویش بیست و سێ کرۆمۆسۆمی تیایە. پیاو لە هەر رەهابوونێکی زایەندیدا یان ئەو سپێرمانە دەردەدات کە کرۆمۆسۆمی ئێکسیان تیایە، یان ئەو سپێرمانەی کە کرۆمۆسۆمی وایان لەگەڵدایە. کاتێ کرۆمۆسۆمXی پیاو، کرۆمۆسۆمیXی ژن دەپیتێنێ، زارۆکی کچ پەیدا دەبێت، ئەگەر کرۆمۆسۆمیYی پیاو کرۆمۆسۆمی X ی ژنی پیتاند، زارۆکی کوڕ پەیدا دەبێت.

هەبوونی ئەو کرۆمۆسۆمی Yیە، لە رووی زانستی بیۆلۆژی و ئەنەتۆمییەوە، هیچ زیادەیەک نییە بۆ نێر، نەبوونیشی هیچ کەموکوڕییەک نییە بۆ مێ. لە بەرامبەر ئەمەش هەبوونی کرۆمۆسۆمی دووەمی ئێکسی مێ ، زیادەیەکە بۆ مێ و نەبوونیشی لە نێردا کەموکوڕییەکە. چونکە کرۆمۆسۆمی ئێکسی دووەمی ژن "تەنها کرۆمۆسۆمێکی زایەندی(سێکس)ی نییە، بەڵکە ئەو جینانەشەی تێدایە کە دەبنە بەرگریی زۆر نەخۆشی و پەتای گران! ژنان بەهۆی هەبوونی جووتێ کرۆمۆسۆمی ئێکس دووهێندەی پیاو جینەکانی بەرگرییان لە لەشدایە."[٦] ئەو بەرگرییە زیادەیەی کە لە لەشی ژندا هەیە، لێکۆڵینەوەی زانستی دەریخستووە هۆکاری ئەوەیە کە خەتەری زۆر لەو نەخۆشییانەی کە دەبنە هۆی مردن لەسەر پیاوان زیاتر بێ وەک لە ژن.

ئەوەی بەچاو دەبینرێ و لە هەموو کولتوور و کۆمەڵگەکاندا باوە و سەپاوە، ئەو تێڕوانینە چەواشەیەیە کە سروشت ستەمی لە ژن کردووە و بەهۆی ئەو سیفەتە زایەندی و هۆرمۆنە مێینانەی کە ژن هەیەتی و خودی سیفەتی منداڵبوون ژنی چەوساندۆتەوە. بەڵام لە زانستدا پێچەوانەی ئەمە سەلمێندراوە. سروشتی لەشی ژن بەهۆی کرۆمۆسۆمی مێی ئێکسەوە بەهێزترە و بەرگری لەش و دەروونی ژن زیاترە. ئەوەی کە ستەمی لە ژن کردووە سروشت نییە، بەڵکە ئەو سیستەمانەیە کە پێشتریش باسم کرد، کە چۆن بە میکانیزمی هەمەجۆر ژن بەتاڵ دەکاتەوە لە (هێز) و پیاو شارژ دەکا بە (هێز).

بەهۆی ئەو بەندوباوە چەواشەیەی کە لە هەموو کولتوورەکانی مرۆڤایەتیدا بە گشتی دەربارەی سروشتی مرۆڤی پیاو و مرۆڤی ژن سەپاوە، ئەو ئەنجامەی لێ کەوتۆتەوە کە پیاوان زیادەڕۆیی بکەن لە سەپاندنی دەسەڵات و پیشاندانی هێز و دەربڕینی بیر و سووربوونی زۆر لەسەر بۆچوونی خۆیان، ژنانیش زیادەڕۆیی بکەن لە دەسەڵاتنەویستی و پیشاندانی بێهێزیی و دەرنەبڕینی بیر و دڵنیانەبوون لە بۆچوونی خۆیان. ئەم زیادەڕۆییە بۆ هەردوو رەگەزی مرۆڤ کێشەی گەورەی بەدواوە بووە . مێژووی پیاوانی پڕ کردووە لە شەڕی جیهانی و ناوچەیی و هەرێمی، لە نادادپەروەری، لە خۆویستی و سادییبوون لە پێناوی دەسەڵاتدا. مێژووی ژنانیشی پڕ کردووە لە ستەمدیدەیی و چەوساندنەوە و نابەرامبەریی، لە خودئازاردان. پیاوانی کردووە بە کۆلۆنیالیزم و ژنانیش بە کۆلۆنی. مێژووی پیاوی کردووە بە ناوەند و مێژووی ژنی کردووە بە پەراوێز.

پیاوناسیی بۆ ژنانێ کە خەبات بۆ ئازادکردنی مێژووی ژن دەکەن، رێگەیەکی ئایدیالە. خودی ئەو کێشەیەی کە مێژوویەکی دوورودرێژە لە ئارادایە، ئەوەی ناوی لێ نراوە کێشەی ژن، ئەگەرچی بە تەنها هی ژن نییە، بەڵکە کێشەی هەموو مرۆڤە. خودی ئەو کێشەیە و ئەو مەودایانەی کە لەسەرەوەشدا باسم کردن، وای کردووە کە تا ئەمڕۆ نە پیاو وەک پێویست ژن بناسێ و، نە ژنیش وەک پێویست پیاو بناسێت.

"زانیاری چەکی نهێنی دیپلۆماتە. کە مرۆ زانیاری تەواوی سەبارەت بە دەسەڵاتەکەی بەرامبەری بەدەستهێنا و زانی کاردانەوەی چۆن دەبێ و بۆچی، ئەوسا دەزانێ چۆن خۆی بۆ ئامادە بکات و بەو ئامانجە بگات کە دەیەوێ."[٧] ئەمە بۆچوونێکی سیاسی یە، بەڵام کێشەی ژنیش، وەکوو کێشەیەکی مرۆڤانەی جیهانی، هاوکات کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و دەروونی یە. کێشەی ژن کێشەیەکی گشتگر و گەردوونی یە.

دابەشکردنی رۆڵ بە پێی پیاوێتی و ژنێتی، دابەشکردنی ئەرک وەکوو ئەرکی پیاوانە و ئەرکی ژنانە، ئەو کاتە نارەوایی دەخولقێنێ کە رۆڵی یەکێکیان بە بەرز و رۆڵی ئەویتریان بە نزم بنرخێنرێ. دایکایەتی رۆڵێکی ژنانەیە، بەڵام ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە رۆڵی دایکایەتی داویەتی بە ژن، پەروەردە و بەخێوکردن وەک ئەرکێکی پڕ بایەخ نەنرخێندراوە وەک پێویست بوو بنرخێندرێ. بەهۆی ئەو رۆڵە مرۆڤانەی دایکەوە ستاتووی ژن بڵند نەبووەتەوە، بەڵکە هەر یەک لە

سیستەمەکانی کە ناوم بردن خودی ئەو ڕۆڵەیان بۆ ژن کردووە بە سـتونگەی دوورەپەرێزکـردن و بەپەراوێزکـردنی ژن لە ئەرکـە بەهادارەکان و بوارە بەهرەبەخشەکانی ژیان. ئەو بوارە پایە و بەهرە و دەسەڵاتبەخشانەی کە بە درێژای مێژوو لە پیاو تاپۆ کراون و وەکوو ڕۆڵی پیاوانە ناوبراون و کراون بە نەریتێکی سەپاو لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیادا. ڕۆڵە سیاسییە بڕیاردەرەکانی هەموو دنیا، ڕۆڵە ئابوورییە بڕیاردەرەکانی هەموو جیهان، ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە بڕیاردەرەکانی هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، ڕۆڵە ئایینییە بڕیاردەرەکانی هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان، ڕۆڵە زانستییەکان و هتد، هەموویان تا ئەمڕۆش بە زۆری بۆ پیاو قۆرخ کراون و هی پیاون. ژن لەم دوو سەدەیەی دواییدا هەنگاوی گەورەی ناوە و دەستکەوتی باشی هەبوو بۆ بینینی ئەو ڕۆڵانە، بەڵام ڕێژەکەی هێشتاش هەر زۆر کەمە. لە ڕاستیدا ڕۆڵەکان نە پیاوانەن و نە ژنانە، ڕۆڵەکان نیوترالن(بێلایەنن). ئەرکی گەورەی ژنان بە گشتی و، ژنانی فێمینیست بە تایبەتی هەوڵدانە بۆ نیوترالیزەکردنی ڕۆڵەکان.

ڕۆڵەکان چۆن بێلایەن دەکرێنەوە؟ ژن بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چی بکات؟ ڕەنگە پرسیاری تریش بێنە ئاراوە. بە بۆچوونی من زانست و زانیاری ڕێگەی هەرە نزیکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. گومانی تێدا نییە کە ڕۆڵەبڕیاردەرو گرینگەکانی هەموو بوارەکانی ژیان بەدەست ئەو کەسانەوەیە کە زانیاریی و پایەی زانستییان لەو بوارەدا لە کەسانی تر زیاترە. ئەو ڕۆڵە لاوەکییانەی کە هەتا ئێستا بە ژنانە ناوزەدکراون، ژنیان دوورەپەرێز کردووە و، ئەنجامەکەشی واکەوتۆتەوە کە ژنان بەو رادەیەی کە بۆ مرۆڤێکی خاوەنپایە پێویستە خوازیاری زانست و زانین و دەسەڵات نەبن. ویستی گەیشتن بە پلە بەرزەکانی سیاسەت، بە پلە بەرزەکانی زانست، بە پلەی بەرزی ئابووری و تەنانەت پلەی بەرزی ئایینیش، زانیاری و زانست و فێربوونی گەرەکە هەر یەکەو لەبواری خۆیدا. گەر ژن بیەوێ ئەرک و ڕۆڵەکان بێلایەن کاتەوە، دەبێ خوازیاری بینینی ئەو ڕۆلانە بێ کە ستاتووی پێ بڵنددەکاتەوە و تا ئێستا بە ڕۆڵی ئەو نەزانراوە، بۆ ئەم مەبەستەش خۆی بە زانست و زانیاری چەکدارکات.

لە وڵاتێکی گەشەسەندووی وەکوو سوێد، لە هەموو دانیشگاکاندا، بە هەموو بەشەکانییەوە ژمارەی قوتابیانی کچ بە ڕێژەیەکی بەرچاویی لە ژمارەی قوتابیانی کوڕ زیاترە، بەڵام لە هەموویاندا ژمارەی مامۆستای پیاو لە هی ژن زیاترە، بە تایبەتی ئەو مامۆستایانەی کە پلەکانی دکتۆرا و پرۆفیسۆریان هەیە، بۆ نمونە زانکۆی گۆتنبەرگ(یۆتەبۆری) ئەمساڵ(ساڵی ٢٠٠١)، ١٦٠٧١ قوتابی کچ و ٨٧١٧ قوتابی کوڕی تیا دەخوێنن. واتە نزیکەی دووهێندەی کوڕ، کچان دەگەنە پلەی خوێندنی زانکۆ، بەڵام ٣٨٪ی مامۆستا خاوەن دکتۆراکان ژنن و ٧١٪ی پیاون، ٢٩٤ پرۆفیسۆری پیاو و، ٤٦پرۆفیسۆری ژن لەو دانیشگایەدا وانەدەڵێنەوە. بە هەمان شێوە زانکۆی ستۆکهۆلم،١٣٩٤١ خوێندکاری کچ و ٨٧٨٣ خوێندکاری کوڕی تێدا دەخوێنن. ژمارەی مامۆستا ژنەکان ٣٢٨ و پیاوەکان ٦٧١، لەوانەی پلەی دکتۆرایان هەیە، ٦٨٪ی ژن و ٧٨٪ی پیاون، ٢٩٤ پرۆفیسۆری پیاو و ٤٤ پرۆفیسۆری ژن وانەدەڵێنەوە.[8] بێگومان لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی تریشدا نزیکە لەو دوو نموونەی کە باسم کردوون.

وەک لەو دوو نموونەیەدا بینیمان، وەکوو ژمارە ژنان زۆرتر لە زانکۆ دەخوێنن، بەڵام وەکوو جۆر و هەوڵدان بۆ پلەبەرزێتی لە زانستدا پیاوان زیاتر پێی گەیشتوون. بەڵگەنەویستە کە ستاتووی ژن بە گەیشتن بە پلەبەرزەکانی زانست بەرزدەبێتەوە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. ویستی گەیشتن و پێشبڕکێ و سووربوون ڕۆڵەکان بێلایەن دەکاتەوە و ئەو پایەی کە مێژوویەکی دووردرێژ لە ژن سەندرابووەوە، بەو ویست و سووربوون و پێشبڕکێیە وەریدەگرێتەوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو دنیادا ڕۆڵیان بینیوە لە چەسپاندنی ئەو نرخاندنانەی کە بۆ ژنبینی و ڕۆڵبینی لە کۆمەڵگەکاندا باوبووە. ڕووی دەمی ماسمیدیا لە هەموو جیهاندا لە جەستەی ژن و لە عەقڵی پیاوە. پەیامەکانی ماسمیدیاش لە هەموو جیهاندا ڕۆڵی نێگەتیڤیان بینیوە و کاریگەری خراپیان هەبووە بۆ ژنبینی لای پیاو و خۆبینی لای ژن. بە کاریگەری ماسمیدیا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەک (شت) بینینی ژنی زاڵ کردووە و، کەمخۆبینینی ژنی بۆ خۆی چەسپاندووە. لە دەزگاکانی ماسمیدیاشدا هەمیشە ڕۆڵی بڕیاردەرانە تیایاندا پیاو بینیویەتی و، وەکوو دەزگایەکی پاراستنی سالارێتی خۆی بەکاری بردووە. ماسمیدیا یەکێکە لە خەتەرترین دەزگا کاریگەرەکان و، ڕۆڵی لە گۆڕینی دیاردەکانی کۆمەڵگە و تێڕوانینە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان، ڕەنگە گەورەترین بێ. ژنان لەو دەزگایانەدا تا ئەمڕۆش ڕۆڵی کاریگەر و بڕیاردەریان نەبینیوە تا بتوانن ئاراستەی پەیامەکەی بگۆڕن و تێڕوانینەکان ئاسایی بکەنەوە. بۆیە گرینگە ژن لەو ئاستە زانستییە شایستانەدا بێ کە بتوانێ لەو دەزگا خەتەر و کاریگەرەدا ببێتە بڕیاردەر و ئاراستە و پەیامی ماسمیدیا بگۆڕێ. وەک چۆن پێویستە لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی و ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتیشدا ئامادە و کاریگەر بێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1) Giddins Antony *Socioligi - Student litteratur*, Lund-1998. S.118.

2) Schultz Larsson Ole *psykologiska perspektiv- Studentlitteraturur*, Lund-1997. S.73.

3) Schultz Larsson, 1997. .S.73.

4) Schultz Larsson, 1997. S.73.

5) Brothers Joyce *Vad varje kvinna bör veta om mön*, Översättning: Rinna Larsson- Forum-1983. S.32.

6) Brothers Joyce,1983, S.31.

7) Brothers Joyce,1983. S. 20.

8) Student handbok, 2001-2002. Högskoleverket.

# نەخشی ڕۆشنبیر



**ئیدوارد سەعید** Edward W. Said

مامۆستای زانکۆی ئەدەبیاتی دانیشگای کۆلۆمبیا ــ نیۆیۆرک (ئەمریکا)

ئایا ڕۆشنبیران گروپێکی بێ ئەژمار لە خەڵکن یان دەستەیەکی تابلێیی چکۆلە، بەلام تایبەت بەخۆ، لە وان پێکدێن؟ لە ناخی وەلام بەو پرسیارەدا، دوو تاریفی بەناوبانگی سەدەی بیستەم، بە ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە تەک یەکتر، بەدی دەکرێ. ئانتۆنیۆ گرامشی (Antonio Gramsci)ی مارکسیست، کردەوەگەر، ڕۆژنامەوان و یەکێک لە فەیلەسوفە بەنرخە سیاسییەکانی ئیتالیایی، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٦ و ١٩٣٧ لە زیندانی موسۆلینی دا ڕایدەبوارد، لە ***یادداشتەکانی زیندان*** (Prison Notebooks)ی خۆیدا دەنووسێ: «کەوابوو دەتوانین بڵێین کە هەموو ئینسانەکان ڕۆشنبیرن، بەلام هەمووی ئەوان نەخشی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا بەڕێوەنابەن». شێوەی ژیانی خودی گرامشی دەرخەری ئەو نەخشەیە کە ئەو بۆ ڕۆشنبیری لەبەرچاوگرتووە. ئەو بە عینوانی زمانشناسێکی گونجێبەری لێهاتوو، هەم ڕێکخەری بزووتنەوەی چینی کارگەری ئیتالیا و هەم، لە کاری ڕۆژنامەوانیی خۆیدا، ئاگاترین ئاکامدەری لێکۆڵەرەوانی کۆمەلایەتی بە حیساب دەهات کە مەبەستیان نەتەنیا وەڕێخستنی جوولانەوەی کۆمەلایەتی، بەڵکە بەدیهێنانی ڕێکخراوێکی فەرهەنگیی گونجاو لەگەڵ ویشدا بوو.

گرامشی نیازی تێگەیاندنی ئەو مەبەستەی هەیە کە ڕاپەڕێنەرانی نەخشی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا دەتوانن بە دوو گروپ دابەش بکرێن: گروپی یەکەم، ڕۆشنبیرانی سوننەتی (Traditional Intellectuals) وەکوو، مامۆستایان، کەشیشەکان، بەڕێوەبەران و کارگێڕان کە کارەکانیان لە نەسلێک بۆ نەسلێکی دیکە درێژەی دەبێ و؛ گروپی دووهەم، ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیک (Organic Intellectuals)، کە بە لای گرامشی یەوە، لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ چین یان ڕێکخراوەگەلێک دان کە ڕۆشنبیران بۆ سازدانی ویستەکان، بەدەستهێنانی دەسەلات و سباتی هەراوتر دەگرنەخۆ. بۆ وێنە گرامشی سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیک دەڵێ، خاوەنکاری سەرمایەدار، لە پاڵ خۆیدا، تێکنیسیەنی سەنعەتی، پسپۆڕی ئابووریی سیاسی، ڕێکخەری فەرهەنگ و نیزامی قانوونیی نوێ و شتی لەوچەشنە بەدیدێنێ». لە نەزەر گرامشی یەوە، کارناسی تەبلیغات یان پێوەندە گشتییەکانی ئەوڕۆیی کە بە تەگبیری تێکنیکیی خۆی دەیهەوێ موشتەری زیاتر بۆ یەکێک لە بەرهەمەکانی شۆردن یا شیرکەتی فڕۆکەوانی ڕابکێشێ، ڕۆشنبیری ئۆرگانیک لە قەڵەم دەدرێ. ئەو کەسێکە کە لە کۆمەڵگەی دێمۆکراتیک، بۆ ڕاکێشانی موشترییە بەکردەوەکڕەکان و شکڵدان بە بیروبۆچوونی کەڵکوەرگر یان دەنگدەر هەوڵدەدا. گرامشی پێیوابوو کە ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیک چالاکانە لە کۆمەڵگەدا دەست بە یەخەن، بەو مانایە کە هەمیشە لە پێناوی گۆڕینی ئەندێشەگەل و گەشە و پەرەسەندنی بازاڕەکان تێدەکۆشن، بەپێچەوانەی مامۆستایان و کەشیشەکان کە وادێتەبەرچاو کەم تازۆر لە شوێنێک نیشتەجێن و بە درێژایی دوازدەمانگی ساڵ کارێکی دووپاتەوەبوو ئەنجام دەدەن، ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیک هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشان دان.

لە لایەکی تر، تاریفی بەناوبانگ، هی جولین بێندا(Julien Benda) یە کە ڕۆشنبیران وەک دەستەیەکی چکۆلە لە فەیلەسوف ــ شاکان (Fhilosopher-kings) دادەنێ کە بە ئیستیعداد و شازێتییە ڕەوشتییەکانی بەرزتر، وەک ویژدانی بەشەری دێنە ئەژمار. ئەوە دروستە کە باسی بێندا ***خیانەتی ڕۆشنبیران***، بۆ بەرەی داهاتووی وی نەک بە عینوانی لێکۆڵینەوەیەکی سیستیماتیک لە

ژیانی ڕۆشنبیریی، بەڵکە زیاتر بە عینوانی ڕەخنەیەکی توند لە ئاست ڕۆشنبیرانێک قەبڵاوە کە کاری خۆیان ڕەها کردووە و ئیدی بە بنەما ڕەوشتییەکانی خۆیان وەک ڕابردوو پێبەند نین؛ بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو بە نێو و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کەسانێک ئاماژە دەکا کە لە نەزەر ویدا ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەن. ئەو هەرئەوجۆرەی کە نێوی نموونەگەلێک وەک ئیسپینوزا، ڤۆڵتێر و، ئەرنێست ڕێنان لەم دەورانەی دواییدا ڕیزدەکا، بە نێوگەلی سوقرات و مەسیح یش گەلێک جار ئیشارەدەکا. ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە چینێکی زانا پێکدێن و بە ڕاستی بوونەوەرێکی دەگمەنن، لەبەر ئەوەیکە هەڵگری پێوانەگەلێکی هەمیشەیی حەقیقەت و عەداڵەت بە حیساب دێن کە بەتایبەت بەو جیهانە تێکەڵاو نین. لەو ڕووەوە، وەسفی مەزهەبیی بێندا، ڕوحانیگەل، دەربڕی زێدەزانینێکە کە ئەو بۆ پلە و نەخشی ڕۆشنبیران لە ئاست عەوام(Laity) لەبەرچاوی دەگرێ. مەبەست لە عەوام ئینسانگەلێکی ئاساین کە دە فکری بەدەستهێنانی بەژەوەندی مادیی، بەرەوژووبردنی بارودۆخی شەخسی و، بەگوێرەی ئیمکان، بەرقەرارکردنی پێوەندیی نزیک لەگەڵ دەسەڵاتگەلی دنیایی دان. بە بۆچوونی وی، ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە «کەسانێکن کە چالاکییەکانیان لە ڕاستیدا مەبەستگەلێکی کارخوازێتی ناگرێتەخۆ، کەسانێک کە لەزەت لە تاقیکردنەوەی کاری هونەری، زانستی، یان تێڕوانینی مێتافیزیکی و، بەکورتی لە وەچننگخستنی زێدەخوازییەکانی نامادییدا دەبیننەوە و، بە واتایەک دەڵێن: قەلەمڕەوی من قەلەمڕەوی ئەو جیهانە نییە».

بە هەرحاڵ، لە نموونەکانی بێندا بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە ئەو نەزەرییەی هەڵاتن لە ئەرک، ئەم جیهانیبوون، لە بورجی عاجدا مان، دوورەپەرێزی، ڕۆچوون لە مەسەلەگەلی ئاڵۆز و پێچەڵپێچ و، هەروەاش دەبیرەوەچوون لە قەلەمڕەوی کارە ڕەمزی و سەرسوڕهێنەرەکان ڕەتدەکاتەوە و ددانیان پێداناهێنێ. ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە زەمانێک خۆیان دەدۆزنەوە، کە بە هروژاندن و هاندانی هەستی توند و تیژی مێتافیزیکی و ئوسوڵی بێ غەرەزانەی عەداڵەت و هەقخوازیی لە پێناو ئینکاری فەساد، دیفاع لە بەشخوراو و ستەملێکراوان و، بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناشەرعی و ستەمکار هەوڵبدەن. بە گوتەی وی: «حەوجێ بە بیرهێناوەیە کە چلۆن فێنلۆن و ماسیۆن بەشێک لە شەڕەکانی لویی چاردەهەمیان ڕەتکردەوە؟ چلۆن ڤۆڵتێر وێرانکاریی کۆنت نشینی پالاتینێت(Palatinate)ی شەرمەزار کرد؟ چلۆن ڕێنان زەبروزەنگی ناپلیۆنی ڕەتکردەوە؟ چلۆن باکل ناتابوشتییەکانی ئینگلستانی لە ئاست ڕێڕشی فەرانسە بردە ژێر پرسیار؟ وە چلۆن لە زەمانی خۆماندا، نیچە بێڕەحمییەکانی ئاڵمانی سەبارەت بە فەرانسە خستە ژێر بێی ڕەخنە؟». «لە نەزەر بێندا، کەندوکۆسپی ئەوڕۆیی کۆمەڵگە ئەوەیە کە ڕۆشنبیران کارایی ئەخلاقیی خۆیان لە جێی شتێک داناوە کە ئەو، لە تەعبیرێکی پێشگوتنانەدا، ئەوی بە «ڕێکخستنی هەیەجانی تێکڕایی» وەک فیرقەگەرێتی، ئیحساساتی جەماوەریی، دژایەتییەکانی ناسیۆنالیستی و، بەرژەوەندییەکانی چینایەتی ناودەبا. ئەگەرچی بێندا، ئەو قسانەی لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی، یانی ساڵەها پێش دەورەی ڕاگەیێنەرە گشتییەکان دەنووسی، بەڵام ئەو مەبەستەی سەرنج دابوو کە بە خزمەتگرتنی ڕۆشنبیران تا چ ڕادەیەک بۆ حکوومەتەکان گرینگە؛ بەڵام نەک بۆ ڕێبەری کردن، بەڵکە بۆ پتەوکردن و بەردەوامبوونی سیاسەتی دەوڵەت، ڕشاندنەوەی تەبلیعات دژی دوژمنانی ڕەسمی، خۆشهێنانە بەرچاوی بابەتگەلی ناشایست و، لە ڕادەیەکی بەربڵاوتر، تەواوی نیزامگەلی قسەوێژیی ئۆرۆێلی(Orwellian Newspeak)، کە دەتوانێ لە ژێر ناوی «بەرژەوەندی»ی ڕێکخراوەیی و یان «شانازیی میللی» لە سەر حەقیقەت ئەوەیکە لە حاڵی ڕووداندایە سەرپۆش دابنێ.

هێزی لاواندنەوەی بێندا، لە دژی خیانەتی ڕۆشنبیران، نە لە باریکبینی باس و نە لە شارێتیگەری نامومکینی وی، [بەڵکە]کاتێک نەزەری ئاشتی نەخوازانەکەی سەبارەت بە ڕاسپاردەیی ڕۆشنبیرانە دەخاتەبەرچاو، بەدیدەکرێ. بە پێی تاریفی بێندا، ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە دەبێ ئەو مانایەی بسەلمێنن کە لەوانەیە لە کاتی مەترسیدا، بسووتێن، دوور بخرێنەوە، یان لە خاچ بدرێن. ئەوان نمودی کەسایەتییەکی درەوشاوەن کە شەقڵی سەرکێشییان لە تەوێڵی دراوە و، لە نیگەرانی سەبارەت بە بێحاسڵی کاری خۆیان دوورکەوتوونەتەوە. کەوابوو، بەو تایبەتمەندییانە، ژمارە و گەشەی ڕۆژانەی ئەوان ناتوانێ زۆر بێ. ئەوان دەبێ کەسانێکی زۆر ورد، خاوەنی کەسایەتییەکی پتەو و، لە هەمووی گرینگتر، کەسانێک بن کە تەقریبەن هەمیشە لەگەڵ وەزعی مەوجود بەرەنگار و لەحاڵی خەبات دابن؛ بە گوێرەی هەموو ئەو دەستاوێژانە، ڕۆشنبیرانی بێندا بەناچار گروپێکی چکۆڵە و زۆر بەرچاو لە پیاوگەلێکن ــ ئەو هەرگیز لە ژنان نادوێ ــ کە دەنگی بەرز و لەعنەت و نفرینە پڕ لە تووڕەییەکەیان لە بەرزایی بۆ لای بەشەریەت دەهاوێژرێ. بێندا هەرگیز بە ئێمە ناڵێ کە چۆن ئەو پیاوگەلە حەقیقەتیان دۆزیوەتەوە، یا ئەوەیکە ڕەنگە وریایی کوێرکوێرانەی ئەوان سەبارەت بە ئوسوڵی هەتاهەتایی، وەک وریایی دۆنکیشوت، کەمێک زیاتر لە خەیاڵپەروەرییەکانی شەخسی بێ.

بەڵام من گومانم نییە کە بیرۆکەی ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە، بەگوێرەی تێگەیشتنی بێندا، خەیاڵێکە ڕاکێشەر و بەهێز. گەلێک لە نموونە باش و ناباشەکانی وی شیاوی سەلمانن: بۆنموونە، دیفاعی سەرناواڵەی ڤۆڵتێر لە بنەماڵەی کالاس، یان بە لایەنی دژایەتی، ناسیۆنالیسمی سامناکی نووسەرانی فەرانسە وەک موریس بارس کە بێندا ئیعتیباری جاویدانسازیی «ڕۆمانتیکێکی توڕە و شیاوی گاڵتەپێکتردن»ی لە ژێر ناوی شانازیی میللی فەرانسە پێدەدا.[1] ڕوحی بێندا لە ژێر تەئسیری کردەوەی دریفوس و شەڕی یەکەمی

جیهانیدا بوو، کە هەر دوو بوار ڕۆشنبیرانی لە بەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی سەخت دانا. ئەوان یا دەبوو ئازایانە لە دژی کردەوەی عادلانەی دژی یەهود (جوو) و کلۆکۆی ناسیۆنالیزم قسەیان کردبا و، یان وەک مەڕ لەگەڵ مێگەلدا ڕۆیشتبان، سەبارەت بە سزادانی ناعادلانەی ئەفسەری یەهودی، ئالفرێد دریفوس، بێ لایەن مابانەوە ە و دروشمی نیشتمانپەروەریيان بۆ هاندانی گوڕی دژایەتی لەگەڵ هەرچیٚ ئاڵمانی یە، جارکێشابا. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، بێندا کتێبی خۆی ــ بە زێدەکردنی زنجیرە هەڵمەتێک لە دژی ئەوان ڕۆشنبیرانەی کە لەتەک نازییەکان هاوکاریيان دەکرد ــ دووبارەچاپ کردەوە. بەڵام لە قووڵایی دەربڕینی بەرەنگارانەی بەرهەمەکانی بێندا، کە لە ئەساسدا پارێزکارانەن، دەتوانرێ ڕووی ڕۆشنبیر وەک سیمایەکی بەرچاو ببیندرێ؛ کەسێک کە لە توانایدایە لە بەرانبەر قودرەتدا حەقیقەت دەرببڕێ. ڕووگرژیی قسەبێژ و، بە شێوەیەکی بەدەر لە عادەت بە غیرەت و تووڕە، کە هیچ قودرەتێکی دنیایی لە کن وی ئەوەندە گەورە و بە نفوز نییە کە نەتوانرێ بخرێتە ژێرپرسیار و سەرکۆنەبکرێ.

لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی گرامشی لە ڕۆشنبیر، بە عینوانی کەسێک کە کۆمەڵگە ڕاپەڕاندنی زنجیرە ئەرکێکی لە سەر شانی داناوە، لە هەموو دراوەکانی بێندا لە حەقیقەت نزیکترە. نەزەری گرامشی، بە تایبەت لەلایەن حیرفە نوێیەکانی سەدەی بیستەم، دەسەلمێن؛ وێژەرانی ڕادیۆ یا تەلەڤیزیۆن، حیرفەگەلی ئاکادێمیک، لێکۆڵەرەوانێک کە بە کۆمەگی کامپیوتێر کاری خۆیان بەڕێوەدەبەن، نوێنەرانی وەرزیشیی و ڕاگەیێنەرەکان، ڕاوێژکارانی بەڕێوەبەران، کارناسانی سیاسەتدانان، ڕاوێژکارانی دەوڵەتەکان، ڕاپۆرتدەرانی بازاڕ و لە واقیعدا هەموو حەوزە تازەکانی ڕاگەیێنەرە گروپییەکان.

بە لای گرامشی یەوە، هەرکەس لە یەکێک لە حەوزەکاندا خەریکی کار بێ کە لەگەڵ بەرهەم و دابەشینی زانست پێوەندی هەبێ، ڕۆشنبیر نێودەبرێ، ڕێژەی زاراوەی «سەنعەتی بەرهەمهێنانی زانست» لە ئاست ئەو شتەی کە بەرهەمهێنانی فیزیکی پێ دەگوترێ، لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیی غەربی، بە خێرایی بە لانی سەنعەتی بەرهەمهێنانی زانست زۆرتر بووە. چەند ساڵ پێش، ئالوین گۆلدنێرAlvin Gouldner، کۆمەڵناسی ئەمریکایی، ڕۆشنبیرانی بە چینێکی تازە نێودێر کرد و گوتی لە حاڵی حازردا بەڕێوەبەرانی ڕۆشنبیر جێگەی چینەکانی پووڵدار و مالیکیان گرتووەتەوە. گۆلدنێر هەروەها گوتی کە ئیدی وەک پێشوو ڕۆشنبیران لە ڕیزی خەڵک بە حیساب نایەن کە بۆ بەرزیی خۆیان، ڕووی قسەیان دە تەواوی خەڵک بێ؛ بەڵکە ئەوان بوونەتە ئەندامی گروپێک کە ئەو بە «فەرهەنگی وێژیاکی ڕەخنەیی» (Culture of Critical Discourse) نێوی دەبا. هەر ڕۆشنبیرێک چ پێداوەرەوە یا دانەری کتێبێک بێ، چ پسپۆڕی نیزامی و وەکیلی نێونەتەوەیی، بە زمانێک دەپەیڤێ کە تێیدا پسپۆڕیی بە دەست هێناوە و تەنیا بۆ ئەندامانی هەرئەو ڕشتەیە شیاوی کەڵکوەرگرتنە. لە ڕادەیەکی هەراوتر، زمانی پسپۆڕگەلێکی تایبەت کە بە زمانی باوی خۆیان قسەدەکەن، بۆ ناپسپۆڕان شیاوی تێنەگەیشتنە.

لەو بوارەدا و هەر بەو تەرتیبە، میشێل فوکۆ فەیلەسوفی فەرانسەیی دەڵێ ڕۆشنبیری زارگوتەنی جیهان دەبەگر (وێدەچێ ئەو ژان پۆل سارتری مەبەست بێ) جێگەی خۆی بە ڕۆشنبیری «شاز» ئەسپاردووە، کەسێک کە لە ناخی ڕشتەیەکی بەرچاو خەریکی کارکردنە، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانێ لە پسپۆڕێتی خۆی کەڵک وەربگرێ. لێرەدا، نەزەری فوکۆ بەتایبەتی سەرنجدەری رابرت ئوپنهایمر، فیزیکدانی ئامریکایی، بووە کە لەکاتی سازدانی پڕۆژەی بۆمبی ئەتۆمی لوس ئالاموس لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٥ و، پاشان هەبوونی عینوانی ڕاسپاردەی پلەسەرووی کاروباری زانستیی دەوڵەتی ئەمریکا لە حەوزەی پسپۆڕێتی خۆی دەرچووبوو.

ڕەنگە بە پێڕەوی لە نەزەرە تێسرەوێنەکانی گرامشی لە ***یادداشتەکانی زیندان***، کە تەقریبەن بۆ یەکەمین جار ڕۆشنبیرانی ــ نەک چینەکانی کۆمەڵایەتی ــ بە عینوانی مەکۆی بنەڕەتی کار لە کۆمەڵگەی ئەوڕۆیی خستەبەر سەرنج، تێکڕایەتی و گەشەی ڕۆشنبیران، تەنانەت لە ناو حەوزە جۆراوجۆرەکاندا، باعیس بوو کە خودی ڕۆشنبیران ببنە بابەتی لێکۆڵینەوە. هەربەس دەنگی «ژێر» و پیتی «واو» لە دوای وشەی ڕۆشنبیران دابنێین؛ تەقریبەن دەستاولەجێ کتێبخانەیەکی کامڵی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆشنبیران، کە لەباری پلەی جیاوازیی و سەرنجی ناوەندی مەوداکان زۆر گێژکەرن، لە بەرانبەر چاوی ئێمەدا خۆ دەنوێنێ. هەزاران مێژوو و کۆمەڵناسیی جۆراوجۆر و هەروەها ژمارەیەکی لەڕادەبەدەر نووسراو سەبارەت ڕۆشنبیران و ناسیۆنالیزم، ڕۆشنبیران و دەسەلات، ڕۆشنبیران و سوننەت، ڕۆشنبیران و شۆڕش، وە ئیدیکە لە بەر دەستدا هەن. هەر شوێنێکی جیهان ڕۆشنبیرانی تایبەت بەخۆی خولقاندووە و بە ئیحساساتی ئاگرین لە سەر هەرکام لەو شکڵانە باس و دەمەتەقێ کراوە. هیچ شۆڕشێکی گەورە لە مێژووی هاوچەرخدا بێ حزوری ڕۆشنبیران نەقەوماوە؛ هەروەها هیچ جووڵانەوەیەکی دژی شۆڕشیش بێ حزوری ڕۆشنبیران وەڕێنەکەوتووە. ڕۆشنبیران دایکوباوک و هەڵبەت کوڕەیل و کچەیل و تەنانەت برازاکانی بزووتنەوەکانن.

ئەو خەتەرە هەیە کە وێناندن یا پنداری ڕۆشنبیر دە کۆمایەک لە مەوداگەلی نادیار و، یان ڕەنگە دە ڕەوتی بزوونی کۆمەڵدا بە یەکێک لە حیرفەکان یا سیماگەلی دیکە بگۆڕدرێ. ئەمن لە گوتەبێژییەکانی خۆمدا ڕاستییەکانی ئەودواییانەی سەدەی بیستەم کە لە نەزەرەکانی گرامشییەوە سەرچاوە دەگرن قەبوڵ دەکەم. بەڵام لە سەر ئەو خاڵەش پێدادەگرم کە، لە کۆمەڵگەدا، ڕۆشنبیر تاکێکە بە ڕۆڵێکی تایبەت و

گشتی کە بە هاسانی ناتوانێ بە حیرفەیەکی بێ سیما یان ئەندامێکی شیاو لە چینێکدا نزم بێتەوە، تاکێک کە تەنیا دە فکری کار و حیرفەی خۆیدایە. ئەمن پێموایە کە حەقیقەتی سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆشنبیر کەسێکە خاوەنی هێزێکی زەینی تەرخانکراو بۆ تێگەیاندن، نواندن و، ڕاگەیاندنی پەیامێک، نەزەرییەیەک، ڕێبازێک، فەلسەفە یا بیرۆکەیەک، هەم بۆ گشتکەس و هەم بە گشتکەس . وەها ڕۆڵێک لێوێکی تیژیشی هەیە و ڕۆشنبیر، ئەگەر خولقێنەری وەلامگەلی گێژکەر نەبێ، ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بنوێنێ. لە بەجێگەیاندنی ئەو ڕۆڵە، ڕۆشنبیر (لە جیاتی خولقاندنیان) بێشک بەرەوڕووی ڕاسترەوی و جەزمێتی دەبێتەوە. ئەو ناتوانێ نەخشێکی وەها کایە بکا مەگەر ئەوەیکە حکوومەتەکان و دامەزراوەکان نەتوانن هاوکاریی وی بە هاسانی ڕابکێشن. ڕۆشنبیر کەسێکە کە بنۆسی هەبوونی کایەکردنی نەخشی نوێنەرایەتی تەواوی ئەو خەڵک و بابەگەلەیە کە لە ڕەوتی ئاساییدا، یا فەرامۆش کراون و یان بە نهێنی ماونەتەوە. ڕۆشنبیر ئەو کارەی لە سەر ئەساسی ئوسوڵی جیهانداگریی ئەنجام دەدا: یانی هەموو ئینسانەکان ئەو مافەیان هەیە کە لە دەسەڵات و نەتەوەکانی دنیایی چاوەڕوانی ڕەفتارێک بن کە لەگەڵ پێوانەکانی ئازادی و عەدالەت گونجاو بن و، ئەگەر لەوان خەتاکارییەکی ئانقەست یا کەمتەرخەمییەک سەبارەت بەو پێوانانە بینرا، دەبێ بۆیان لە مل بدا و ئازایانە دژیان ڕاوەستێ.

ڕێگام بدەن ئەو مەسەلەیە لە دەستەواژەیەکی خۆیی دەرببڕم: ئەمن، بە عینوانی ڕۆشنبیرێک، تێبینییەکانی خۆم لە بەرانبەر کۆمەڵێک یا دەستەیەک گوێگر وەڕوودەخەم؛ بەڵام مەسەلە تەنیا ئەوە نییە کە ئەمن چۆن ئەو تێبینییانە بە شێوەیەکی حیسابکراو دەربڕم، بەڵکە بەو بنۆسەشە کە ئەمن کەسێکم کە بۆ بەرەوژووربردنی تەمای ئازادی و عەدالەت هەوڵ دەدا. ئەمن ئەو شتانە بەو دەلیلە دەڵێم یا دەنووسم کە ئەوان، دوای دەنگدانەوەیەکی زۆر، بەشێک لە باوەڕی منیان پێکهێناوە. کەوابوو، ئاوێتەیەکی ئاڵۆز و پێچەڵپێچ لە نێوان دنیای تایبەتی و تێکڕایی وجودی هەیە؛ لەلایەک، مێژووی خۆیی، بایەخەکان، نووسراوە گەل و هەڵکەوتەکانی من، ئەوجۆرەی کە لە تاقیکردنەوەکانم هەڵقوڵیون و، لە لایەکی تر، چۆنیەتی ڕێگەبڕینیان بۆ ناو کۆمەڵ، شوێنێک کە خەڵک سەبارەت بە شەڕ، ئازادی و عەدالەت دەمەتەقێ دەکەن و بڕیاردەدەن. شتێک بە نێوی ڕۆشنبیری تایبەتی وجودی نییە، لەبەر ئەوە هەرکە ئێوە لەو کاتەڕا کە وشەکانتان هێنایە سەر کاغەز و پاشان لە چاپتان دا، هەنگاوتان ناوەتە جیهانێکی تێکڕایی. شتێک بە نێوی ڕۆشنبیری گشتی، کەسێک کە وجودی وی تەنیا بە عینوانی ڕەئیسێکی بێ نفوز، وێژەر یان نمودی ئەنگێزەیەک، ڕاپەڕین یا کارێک مەترەحە، وجودی نییە. لادانی شەخسی و هەستیاکی تایبەتی هەمیشە هەن و، هەر ئەوانەشن کە بەو شتەی دەگوترێ یا دەنووسرێ مانا دەبەخشێ.

ئەوەی کەمتر لە هەمووان گرینگی هەیە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیر ڕەزایەتی خاتری بیسەرانی خۆی ڕاکێشێ: نوکتەی سەرەکی زەحمەتدان، دژبوون و، تەنانەت خۆش لێنەهاتنە.

کەوابوو، ئەوەی لە دواییدا گرینگی هەیە ئەوەیە کە ڕۆشنبیر سیمایەکی درەوشاوەیە؛ کەسێکە بە ئاشکرا نوێنەری جۆرێک ڕوانگەیە، کەسێکە سەرەڕای هەموو کوسپێک، داهێنەری نواندنێکی تەڕدەستانەی کۆمەڵگەی خۆیەتی. باسی من ئەوەیە کە ڕۆشنبیران کەسانێکن تێکەڵاو بە کاری هونەری وێناندن، چ ئەو هونەرە قسەکردن بێ، چ نووسین، دەرسگوتنەوە و، یان دەرکەوتن لە شاشەی تلەڤیزیۆن. گرینگیی وەهاکارێک ئەوەندەیە کە لەلایەک هەموو سەرنجی دەدەن و، لەلایەکی دیکەش، هەم ئەمەگداری و مەترسی و هەم بوێری و زەرەرپێگەیشتن لەخۆ دەگرێ؛ کاتێک بەرهەمەکانی ژان پۆل سارتر و بێرتراند ڕاسێل دەخوێنمەوە، ئەوە بوونی دەنگی شەخسی و شازی ئەوانە کە زۆرتر و باڵاتر لە چۆن و چماکانیان هەست و لێحاڵیبوونی من دەخولقێنن، چونکە ئەوان ئەو شتەی کە دەیڵێن باوەڕیان پێیەتی. ناکرێ ئەوان لەگەڵ بەرکارێکی بێ نێو یان بورۆکراتێکی ساوەساوکەر وەک یەک چاو لێبکرێن.

لە ڕەوتی لێوردبوونەوە سەبارەت بە ڕۆشنبیران، زێدە لە پێویست تاریفی ڕۆشنبیر کراوە و بە شیکردنەوەی بیروخەیاڵ، شوێن، کارتێکەری و نەخشێکی کە بە گشتی خولقێنەری وزەی ژێنەری هەر ڕۆشنبرێکی ڕاستەقینەیە، سەرنجێکی ئەوتۆ نەدراوە. ئیزایا یبرلین Isaiah Berlin، تاڕادەیەک لە ژێر نفوزی ڕۆمانتیسمی ئاڵمان، دەڵێ کە ڕووتێکراوانی نووسەرانی سەدەی نۆزدەمی ڕووسیا «پێیانوابوو کە ڕۆشنبیر، لە سەحنەیەکی کۆمەڵایەتیدا، لە حاڵی خۆیەختکردن (شەهیدبوون)دایە». بە نەزەری من، حاڵەتێکی ئاوا ئێستاش نەخشی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری ئەوڕۆیی دەگرێتەوە. بەو پێیە، زەمانێک کە ئێمە ڕۆشنبیرێکی وەک سارتر بیردەخەینەوە، ئەوەی بە زەینمان دەگا شتگەلێکن وەک شێوەگەلی تایبەتی، هەستی ئاکاری گرینگی شەخسی، هەوڵی شاز، خۆ لە مەترسی هاویشتن، مەیلی دەربڕینی گوتەگەلێک لەمەڕ ئیستیعمار، ئەمەگداری، یان ئەو شێوە خەباتە کۆمەڵایەتییەی کە ڕەقیبەکانی توڕە دەکرد، دۆستەکانی دەهارووژاند و، ڕەنگە خودی سارتریان سەبارەت بە ڕابردووی خۆی گرژ و شەرمەزار دەکردەوە. کاتێک لەبارەی دەرگیریی سارتر و سیمون دو بوار، دەمەقاڵەی لە تەک کامۆ و، تێکەڵاویی شیاوی سەرنجی لە گەڵ جین جێنت دەخوێنینەوە، ئەوی لە دۆخی خۆیدا دادەنێین (وشەکە لە خودی سارترە)، لە وەها بارودۆخێکدا و، تاڕادەیەک بە گوێرەی وان، سارتر بۆخۆی بوو، هەر ئەو کەسەی لە ئاست فەرانسە سەبارەت بە ئەلجەزایر و ڤێتنام دژایەتی کرد. بێ ئەوەیکە قەستی ناتواناکردن یان خەت بەسەرداهێنانی ویم وەک ڕۆشنبیرێک هەبێ، دەبێ بڵێم کە ئەو ئاڵۆزییانە بەم شتانەی ئەو

گوتوویە کشاوی و تان و پۆیەکی تایبەت دەبەخشێ و ئەوی وەک ئینسانێکی شیاوی هەڵە لە سەکۆی ڕوانین دادەنێ و، نەک کەسێکی دڵتەنگ و واعیز و مامۆستای ئەخلاق.

تەنیا لە ڕەوتی ژیانی دەورەی مۆدێرنە کە، بە عینوانی ڕۆمان یا دڕام دەتوانین تەماشا و هەست بکەین، نەک وەکوو کار یا مادەی خاو بۆ ریسالەی کۆمەڵایەتی، کە چۆن ڕۆشنبیران نەتەنیا نوێنەری هێندێک جووڵانەوە گەورەکانی کۆمەڵایەتی و ژێرزەمینین، بەڵکە هەموارکەرانی شێوەی ژیان و دەرخەری نەخشگەلی کۆمەڵایەتیش بە حیساب دێن کە تایبەت بە خودی ئەوانە. لە هیچ شوێنێک باشتر لە هێندێک ڕۆمانی نازاندراوی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ناتوانرێ وەسفکردنی وەها نەخشێک وەدۆزرێ: ڕۆمانی ***باوکەکان و کوڕەکان*** ی تورگنیف، ***بارهێنانی عاتفی*** ی فلۆبێر، ***نواندنی هونەرمەند*** بەعینوانی پیاوێکی لاو کاری جۆیس کە دە واندا نمودی واقیعیبوون و، تەنانەت گۆڕان بەسەرداهاتنەکەی، لە ژێر کارتێکەریی قووڵ و دەرکەوتنی لەپڕی کایەوانێکی تازەیە بە نێوی شۆڕە ڕۆشنبیری مۆدێرن.

نواندنێک کە تورگنێف لە ڕووسیای گوندنشینی دەیەی ١٨٦٠ی وەڕوودەخا، نواندنی ژیانێکی لادێییانە و بەدوور لە ڕووداوی گرینگە: پیاوگەلی لاو دابونەریتی ژیان لە دایک و باوکی خۆیان فێردەبن، زەماوەند دەکەن و دەبنە خاوەنی منداڵ و ژیان هەروەک خۆی درێژەی دەبێ. ئەو حاڵەتە درێژەی هەیە تا ئەوکاتە کەسێکی ئاژاوەچی، بەڵام لەهەمان کاتدا وێڕای هەست و زەینێکی لەسەرخۆ دێتە ناو ژیانیانەوە. یەکەمین شت کە سەرنجی وی ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئەرکی خۆی لەگەل دایکو باوکی دیاری دەکا و، زیاتر لەوەیکە کوڕی خێزانێک بێ، وادێتەبەرچاو کەسایەتییەکی خۆکردە کە دەگەڵ دابونەریت تێدەکەوێ؛ لەسەرەخۆیی و مەسەلەگەلی ژێرپێکەوتوو دەخاتەلاوە و لە بایەخە عیلمی و ناعاتفییەکان کە عاقڵانی و پێشڕەویش دێنە بەرچاو پشتیوانی دەکا. تورگنێف دەڵێ کە ئەو لە پێهەڵگوتنی کەسایەتی بازارۆف خۆی بواردووە، بازارۆف قەراربووە مرۆڤێک بێ «قەبە، بێ عاتفە و، بە جۆرێکی زاڵمانە ڕژد و بێ ئەدەب». بازارۆف بنەماڵەی کرزانۆف دەشکێنێتەوە؛ زەمانێک کە باوکی ئامالگەڕاوەی بنەماڵە بڕگەیەک لە شۆبێرتی لێدەدا، بازارۆف بە دەنگێکی بەرز پێی پێدەکەنێ. بازارۆف ئیدەگەلی عیلمیی ماتریالیسمی ئاڵمان مەترەح دەکا: سروشت بۆ وی نە پەرستگەیە، بەڵکە دوکانێکە بۆ کار. کاتی خۆی ئاشقی ئانا سێرژیۆنا دەبێ، ئاناش هۆگری وی دەبێ بەڵام لەهەمان کاتدا لێی دەترسێ: بە لای ئاناوە، سەداقەتی وی کە ئەغلەب دەگەڵ وزەیەکی ڕۆشنبیریی هارووژاو تێکەڵاوە، پەیامهێنەری جۆرە بێنەزمییەکی تەواو لە قەڵەم دەدرێ. لە جێیەک ئانا دەڵێ: کاتێک لە گەڵ ئەوم دەڵێی لە قەراغ هەڵدێرێک خلۆردەبمەوە.

جوانیی و خەماویبوونی ڕۆمانەکە لەوێدایە کە تورگنێف بیرهێنەرەوە و وێنەگەری ناسازگاریی نێوان ڕووسیایەکە کە لە لایەن بنەماڵەکانەوە، وێڕای عاتفەی باوک و کوڕایەتی و شێوەی سروشتی و سوننەتیی ڕاپەڕاندنی کارەکان بەڕێوەدەچێ و هاوکات، هێزی پووچگەرا و وێرانکەری کەسێک بە نێوی بازارۆف کە پێشینەکەی، بەپێچەوانەی هەر کەسایەتییەکی تری ڕۆمانەکە، ناشیاوی پێهەڵگوتنە، پێ دەنێتە سەحنەوە. ئەو دەردەکەوێ، تێدەکەوێ و، لەنەکاو، لە ڕێگەی گرتنەوەی نەخۆشییەکی دێهاتییەک، کە خۆی خەریکی چارەسەرکردنی بووە، دەمرێ. ئەوەی کە سەبارەت بە بازارۆف لە خاتری ئێمەدا دەمێنێتەوە هەوڵی بێ ئەمانی وی لە پرسیارکردن و عەقڵی قووڵی دەمەتەقێ خوازانەیەتی و، سەرەڕای ئەوەش کە تورگنێف ئیدعای کردووە کە بە گومانی وی بازارۆف غەمخۆرترین کەسایەتی وی بووە، هەرئەوجۆرە کە لە ئاکارگەلی تەواو هارووژاو و پەرێشانی خوێنەرەوەکانی سەرەگێژەی گرتووە، بە کۆمەگی وزەی بێ پەروای ڕۆشنبریی بازارۆفیش گێژ و تاڕادەیەک تێماوە. هێندێک لە خوێنەرەوان ئەو تێخوێندنەوەیان هەبوو کە بازارۆف هەڵمەتێکە دژ بە لاوان؛ هێندێک ئەویان وەکوو قارەمانێکی ڕاستەقینە پەسناند و، بەشێکیش ئەویان خەتەرناک قەبڵاند. ئێمە هەر هەستێکمان سەبارەت بە وی هەبێ، ***باوکەکان و کوڕەکان*** ناتوانێ بازارۆفی وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆک لەتەک خۆی بگونجێنێ؛ لە حاڵێکدا دۆستانی وی، خێزانی کرزانۆف و تەنانەت دایک و باوکی پیر و پەرۆشی وی، درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، کاربڕیی و خۆڕاگریی بازارۆف، بە عینوانی ڕۆشنبیر، دەبێتە هۆی دەرهاویشتنی لە چیرۆک، هەر لەبەر ئەوەیکە ناباب و نادەستەمۆیە.

کەسایەتی ستێفان دێدالوس Stephen dedalus، لە داستانی جۆیس دا، لەوەش ئاشکراترە. تەواوی دەورانی ژیانی سەرەتایی وی لە هەتلەبوونەکانی نێوان زمانلووسییەکانی ڕێکخراوەیی وەک کلیسا، کاری مامۆستایی، ناسیۆنالیزمی ئیرلەندی، دەرکەوتنی نارامی کەسایەتیی خۆبەزلزان بە عینوانی ڕۆشنبیرێک پێکدێ کە دروشمی وی دووری لە باوەڕگەلی شەیتانی یە. سیموس دیینSeamus Deane بە نوکتەیەکی شیاوی سەرنج لە ڕۆمانی جۆیس، ***نواندنی هونەرمەند***، ئیشارەدەکا: ئەو ڕۆمانە یەکەمین ڕۆمان بە زمانی ئینگلیسی یە کە تێیدا ئیشتیایەکی لەکوڵ سەبارەت بە بیرکردنەوە وەڕووخراوە». هیچکام لە پێشقەراوڵ و قارەمانانی دیکێنز، باکێری، ئۆستین، هاردی و، تەنانەت جۆرج ئێلیوت پیاوان و ژنانی گەنج نین کە دڵەخورپەیان ڕیندووراگرتنی ئەندێشە لە کۆمەڵگادا بێ، لە حاڵێکدا بۆ دێدالوس ی لاو «بیرکردنەوە شێوەی تاقیکردنەوەی جیهانە». دیین تەواو هەقێتی کە بڵێ پێش دێدالوس پیشەی ڕۆشنبیر تەنیا «وێناندنەکانی سەیروسەمەرەی» ئەفسانەگەلی

ئینگلیسی بوو. له عەینی حاڵدا، چون ستێفان لاوێکی شارەیی و بەرهەمی دەورویەرێکی موستەعمەراتی یە، بەر لە هونەرمەندبوون، دەبێ ئاگاییەکی پتەو و پایەداری ڕۆشنبیرانە لە خۆیدا بپەروەرێنێ. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ڕەخنە و دوورەپەرێزبوونی لە بەرنامەیەکی ئیدەئۆلۆژیک کە تەئسیرەکەی کەمبوونەوەی تاکێتی و ئەغڵەب کەسایەتی خۆش لێنەهاتووی خودی ئەوە، کەمتر لە ڕەخنە و دوورەپەرێزبوونی لە خێزان و بنەماڵەی فنیان نییە.[۲] جۆیس یش وەک تورگنێف لە ڕێگەی کینایەوە دەیسەلمێنێ کە لە نێوان ڕۆشنبیری لاو و ڕەوتی درێژەدراوی ژیانی ئینسان سازگاریی وجودی نییە. داستانێک کە بە شێوەی باو بە ژیانی لاوێک دەستپێدەکا کە لە بنەماڵەیەک گەورە دەبێ و پاشان دەچێتە مەدرەسە و زانستگا، بە هۆی کۆمەڵێک نووسراوەی چڕ و پڕ مانای بیرەوەریی ڕۆژانەی ستێفان نزم دەبێتەوە. ڕۆشنبیر خۆی لە گەڵ ژیانی ڕۆژانە یا کاری ئاسایی و قۆڕی ڕۆژانە ناگونجێنێ. ئەگەرچی زێدەبێژی هەڵچوونەی دەربڕینی جۆیس ڕەوشتێکە کە ئەو بۆ سڕینەوەی جیلوە و شکۆی ئەو لاوە دەکاری دێنێ، ستێفان لە بەناوبانگترین وتاری ڕۆماندا چەمکی ئازادی لە چاو ڕۆشنبیرەوە ئاوا دەردەبڕێ: «ئەمن بە تۆ دەڵێم چ کارێک ئەنجام بدەم و چ کارێکیش بە ئەنجام نەگەیێنم. من لە خزمەت شتێکدا نابم کە باوەڕم پێی نییە، چ ئەو شتە ماڵی من، نیشتمانی من، یا کلیسای من بێ: وە من هەوڵدەدەم بیروبۆچوونەکانی خۆم لە بواری هێندێک ڕێگاگەلی مەوجود، یا هونەر، بە ئازادترین و کامڵترین جۆری دەرەتان دەربڕم و، بۆ دیفاع لە خۆ چەکێک دەکاربێنم کە خۆم ئیجازەی دەکارهێنانیانم بە خۆم داوە: ئوسکوت، دووری لە نیشتمان و، زیرەکیی».

ئێمە تەنانەت لە ئەفسانەی ئولیس یشدا ناتوانین لە ستێفان زیاتر لە لاوێکی ڕالەسەرخۆ و دژەبێژ شتێکی دیکەمان هەبێ. ئەوەی لە باوەڕی ویدا پتر لە هەموو شتێک بەرچاوە، پێداگرتن لە سەر ئازادی ڕۆشنبیری یە. ئەوە یەکێک لە بابەتەکانی سەرەکیی کاری ڕۆشنبیری یە، چونکە وەرگەڕان بە ئینسانێکی بەدخولق و، یان کەسێک کە شێوێنەری شەوق و شادی یە، ناتوانرێ بە مەبەست لە قەڵەم بدرێ. مەبەستی کردەوەی ڕۆشنبیریی بەرەوژووربردن و پێشخستنی ئازادی و مەعریفەتی ئینسانی یە. نە عەقیدەی من، سەرەڕای تاوانگەلێکی پەیتاپەیتا کە ئەغڵەب دەدرێتەپاڵ «داستانگەلی شکۆدار و بەناوبانگی ئازادی و ڕۆشنگەریی»، ئەو مەبەستە هەروا مەکۆی کاری سەرەکیی ڕۆشنبیریی بە حیساب دێ. لیۆتارد، فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرانسەیی، ئەو خۆخوازییە قارەمانانەیە بە هی دەورەی «مۆدێرن» دادەنێ و پێیوایە کە ئەو داستانانە، لە دەورەی «پۆستمۆدرێن»دا هیچ بایەخێکیان نییە. لە وەها ڕوانگەیەکدا، داستانگەلی شکۆدار و بەناونابگ شوێنی خۆیان بە گەمەکانی زمان و بارودۆخگەلی تەسک و سەنگەریی ئەسپاردووە؛ ڕۆشنبیرانی پۆستمۆدێرن ئێستاکێ بۆ سەلاحیەت و شیاوبوون نرخ دادەنێن، نەک بۆ بایەخگەلی جیهانداگرێتی وەک حەقیقەت و ئازادی. ئەمن هەمیشە وەهام بیردەکردەوە کە، سەرەڕای پۆستمۆێرنیتە، لیۆتارد و پێڕەوانی وی بە جێگەی هەڵسەنگاندنێکی دروست لەوەیکە بۆ ڕۆشنبیر، بە عینوانی تیفتیفەدانی دەرفەتە بێسنوورەکانی حەقیقی ماوەتەوە، ڕێگەیان داوە تێمان و دامان و، ڕەنگە بێ تەفاوەتی، بەسەریاندا زاڵ ببێ، لەبەر ئەوە لە ڕاستیدا، حکوومەتەکان ئێستاش بە ئاشکرا زوڵم لە خەڵک دەکەن، بێعەداڵەتییە بەربڵاو و ناخۆشەکان ئێستاش ڕەوا دەبیندرێن، هاوکاریی ڕۆشنبیران لەتەک دەسەڵات و بە خزمەت گرتنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە هێشتا دەتوانێ دەنگی وان دابمرکێنێ و، لادانی ڕۆشنبیران لە کاری سەرەکی خۆیان ئێستاش لە مەسەلەگەلی بنەڕەتی بە حیساب دێن.

گوستاو فلوبێر لە ریسالەی ***بارهێنانی عاتفی*** ی خۆی، لە براورد لەگەڵ ئیدیکە، سەبارەت بە ڕۆشنبیران ناهومێدی دەردەبڕێ و ئەوان بێڕەحمانە دەکێشێتە ژێر شەللاقی ڕەخنەوە. ئەگەر وای دابنێین کە ڕۆمانی فلوبێر لە دەورەی هەمهەمە و بگروهەڵلای پاریس لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥١ و ١٩٤٨دا ڕوویداوە، دەورەیەک کە لویی نامیر Lewis Namir، مێژوونووسی ناوداری ئینگلیسی، ئەوی بە دەورەی شۆڕشی ڕۆشنبیران داناوە، دەبینین کە ئەو ڕۆمانە لە ژیانێکی بێ بەندوباری سیاسی لە «ناوەندی سەدەی نۆزدەهەم»[ی پاریس] ڕوانگەیەکی بەربڵاو دەکاتەوە. دوو لاوی شارەیی فردریک مورۆ و شارل دلارییە تەوەرەی ئەو ڕۆمانە پێکدێنن کە ڕەفتاریان، بە عینوانی پیاوانی خۆشڕابوێر، دەربڕی تووڕەیی فلۆبێر لە ناتواناییان، وەک ڕۆشنبیر، بۆ پاراستنی ڕێگە و ڕەوشتێکی پتەو و درێژەپێدەرە. نبۆسی سەرەکی ناچیزە ژماردنیان ڕەنگە لە چاوەڕوانییەکی تێهەڵبێژانە مایەی وەرگرتبێ کە دەبێ بە چاوی فلوبێر وابووبان. لە ئاکامدا، یەکێک لە درەوشاوەترین وێنەگەلی ئاوارەیی ڕۆشنبیر دەخرێتەڕوو. ئەو دوو مرۆڤە لاوە، بە قەوارەیەکی لەباری لێکۆڵەرەوەیەک، ڕەخنەگرێک، مێژووەوانێک، فەیلەسوفێک، تیۆریزانێکی کۆمەڵایەتی و بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتنی سەعادەت و خۆشیی گشتی، کاری خۆیان دەستپێدەکەن. کاری مورۆ «بە داوەشانی خۆخوازییەکانی ڕۆشنبیرانەی...» دەگاتە ئاخر. «ساڵگەلێ تێبەڕی و ئەو، زەینکوێری و بێ خاسیەتی خۆی تابوشت هێنا». دلارییە دەبێتە «ڕەئیسی ئیدارەی پەنابەران لە ئەلجەزایر، میرزای پاشایەک، بەرکاری ڕۆژنامەیەک و کارناسی ڕاگەیاندن؛... ئەو لە حاڵی حازردا، لە شەریکەیەکی سەنعەتی بە عینوانی وەکیل خەریکی کارە».

بە لای فلوبێر، شکستەکانی ١٨٤٨، ناکامییەکانی نەسلی وی بە حیساب دێن. چارەنووسی مورۆ و دلارییە، بە شێوەیەکی پێشگۆیانە، بە عینوانی بەروبووی نەبوونی ویستە چەقبەستووەکانیان و هەروەها

بە عینوانی بەرگەی داسەپێنراوی کۆمەڵگەی مۆدێرن دەنوێندرێن؛ بە شێواوییەکان و هەتڵەبوونە بێ پایانەکان، بە سووڕان و دەورانی خۆشیی و ناخۆشییەکانی و، سەرووتر لە هەمووی،دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریی، ڕاگەیاندن، نێودەرکردنی کاتیی و، قەڵەمڕەوێک کە تێیدا ئەندێشەکان شیاوی فرۆشتن، هەموو بایەخەکان شیاوی گۆڕانن، هەموو کارەکان بە کارگەلی داهاتهێنی هاسان و سەرکەوتنی خێرا و زووتێپەڕ نرم بوومتەوە. کەوابوو، سەحنە سەرەکییەکانی ڕۆمان بە شێوەیەکی نمودی لە دەوروبەری کێبەرکێی ئەسپسواریی، سەما لە کافەکان و خراپخانەکان، بگروهەڵلا و فیتنەکان، هەڵسوکەوتی کۆمایی، خۆپیشاندانی شکۆدار و هڵبەزدابەزی گشتی سازمان دراوە کە تێیاندا مورۆ هەمیشە لە هەوڵی گەیشتن بە عیشق و خوازەکانی ڕۆشنبیری یە؛ بەلام پەیتاپەیتا لێیان هەتڵە و دڵسارد دەبێ. هەرچەند نموونەگەلێک وەک بازارۆف، دێدالوس و، مورۆ بوارگەلێکی سنووربەڕ بە حیساب دێن، بەلام ئەو مەبەستەی دەگەیێن کە ڕوانگەی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەتوانن بە شێوەیەکی تاک دەبەرگر ڕۆشنبیران بە کردەوە بنوێنێ. ئەوان دەتوانن وەرووخەری ئاڵۆزییەکان و وەسەوەسەگەلی بێ ئەژمار بن کە ڕۆشنبیریان — چ لە قاڵبی مانەوەی ڕێگەیان چ لە کۆمەڵگەی خەیانەت بە کار و پیشەیان — گەمارۆ داوە. هەڵبەت، نەک بە عینوانی ئەرکێکی داوەستاو کە دەبێ یەک جار و بۆ هەمیشە لە نیزامنامەیەکی «چۆن دەبێ کارەکان ڕاپەڕن» بخوێندرێتەوە، بەڵکە بە عینوانی تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە کە هەمیشە لە لایەن ژیانی مۆدێرنەوە هەڕەشەی لێدەکرێ. نەخشی ڕۆشنبیر، تێبینییەکان، مەبەست یا ئیدەگەلی وی بۆ کۆمەڵگە، بەتێکڕایی بە مانای وزەبەخشینی ئارەزووەکانی نەفسانی یا پێهەڵگوتننی هەڵکەوت و پلە نییە. مەبەستی وان بەگشتی خزمەتکردن لە داوێنی بۆرۆکراسییەکانی بەهێز و ڕاوەستان لە کەنار کارفەرمایانی سەخی نییە. نەخشی ڕۆشنبیر خۆی کردەوەیە و بە جۆرێک ئاگایی بەستراوەتەوە کە دڕدۆنگ، دەرگیر و، بەشێوەیەکی بێ ئەمان خەریکی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی عەقڵانی و قەزاوەتی ئەخلاقی یە. وە ئەوە هەر ئەو شتەیەکە بووالەتی تاک پێکدێنێ و ئەوی بەرەو بەستێن جێگیردەکا. ناسینی چۆنیەتی دەکارهێنان بەبێ شکڵگەلی زمان و ، ئاگایی لە سەر ئەو کارە کە لە چ زەمانێکدا دەبێ لە زمان خۆتێهەڵقوتێنێ، دوو لایەنی لێکدانەبڕاو و سەرەکیی کردەوەی ڕۆشنبیریی دەژمێردرێن.

بەلام لە چاخی ئێستەدا، چ نەخشێک لە سەر شانی ڕۆشنبیرە و ئەو نوێنەری چ شتێکە؟ بە عەقیدەی من، یەکێک لە باشترین و خۆمانەترین وەلامەکان بۆ ئەو پرسیارە لە لایەن «سی. ڕایت میلز» دراوەتەوە. میلز ڕۆشنبیرێکی تابڵێی سەربەخۆ، خاوەن چاوێکی کۆمەلایەتیی هارووژێنەر و دەبارداbوونێکی شیاوی سەرنج بۆ ئاڵوگۆڕی ئیدەکانی خۆی لە قاڵبی پەخشانێکی بێ پەردە و وەخۆهێنەرە. ئەو لە ساڵی ١٩٤٤دا دەنووسێ: ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، بە پێی هەلومەرجی لاوەکییانەی خۆیان، یا لەگەل جۆرێک هەستی ناهومێدی سەبارەت بە نەبوونی دەسەلاتی خۆیان ڕووبەڕوون و یان لە ئاست ئەو هەڵبژاردنە ڕاوەستاون کە، بە عینوانی ئەندامی ناوەوەی گرووپێکی ئامال چکۆڵە کە بەبێ هەبوونی بەرپرسێتی بڕیارگەلی گرینگ دەدەن، بە ڕیزی ڕێکخراوە، شیرکەتەکان یا حکوومەتەکانەوە بلکێن. بوون بە وەرگێڕکەیەکی «مزووەرگر»[موچەخۆر] لە کارخانەیەکی بەرهەمهێنانی زانیارییەکانیش، ناتوانێ ڕێگەچارەیەک بێ، چونکە لەو حاڵەتەدا، بەرقەرارکردنی پێوەندی لەگەڵ ڕووتێکراوان، وەک بەرقەرارکردنی پێوەندیی بیسەرانی (تامپین) لەگەل وی، نامومکین دەبێ. بە کورتی، ملکێتی «ئامرازی ئاڵۆگوڕی کارتێکەر» کە سەرمایەی ڕۆشنبیرە، لە وی دەستێندرێتەوە و وەک خاوەنبیرێکی سەربەخۆ بە ئەرکێکی سەرەکی تەنیا دەمێنێتەوە. میلز ئەو مەسەلەیەی ئاوا دەردەبڕێ:

> هونەرمەند و ڕۆشنبیری سەربەخۆ لە زومرەی کەسانێکی دەگمەنی باقیماوەن کە بۆ خۆڕاگریی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕەفتارگەلی قاڵبی و ئاکامەکانی کە، مەرگی شتگەلێکن لەخۆباییانە دەژین، تەیارکراون. ئێستاکێ بۆ نوقاب لە سەر ڕوولادان و لەناوبردنی ڕامان و عەقڵی قاڵبی کە پێوەندییە نوێیەکان ئێمەیان لە زەلکاوی وی هاویشتووە، تێگەیشتنێکی تازە دێتەئاراوە. جیهانگەلی هونەر و بیرکردنەوەی هەراو بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر لەگەڵ ویستەکانی سیاسەت هاودەنگ دەبن. بەو دەلیلەیە کە تێکنەڵقان و هەوڵی ڕۆشنبیریی دەبێ لە سیاسەتدا نەخشی تەورەیی بەخۆوە بگرێ. ئەگەر بیروانێک، لە ڕەوتی هەوڵی سیاسیدا، خۆی بە بەراورد لەگەڵ بایەخی حەقیقەت نەخوێنێتەوە، ناتوانێ بەرپرسانە لە عۆدەی هەموو ئاڵۆزییەکانی تاقیکاری بێتەدەر.

ئەو وازەرۆکانە شیاوی ئەوەن کە زۆرجاران بخوێندرێنەوە، چونکە پڕن لە ئامۆژگاریی بەکەڵک و بایەخدار. سیاسەت لە هەموو شوێنێک حزووری هەیە و هیچ ڕێگەیەکی خۆدزینەوە بۆ قەڵەمڕەوەکانی هونەر و بیری شاز، یا بەو هۆیە، لە قەڵەمڕەوی بێلایەنی لە ئاست واقیعیەت یا بیرۆکەی لێتێپەڕبوون وجودی نییە. ڕۆشنبیران لە زەمانی خۆیاندا بەسەردەبەن، کرکارگەلی هەراوی سیاسی، کە بەهۆی کارخانەی خەبەرسازی یا ئامرازگەلی هەواڵنێری زەق دەبنەوە، ئەوان هیدایەت دەکەن. ئەوان تەنیا لە ڕێگەی تێکەوتن لە گەڵ پندارەکان، ڕیوایەتگەلی ڕەسمی و سەلمێندراوی دەسەلاتێک کە بەهۆی ئامرازێکی خاوەنهێز بلاوکراوەتەوە (و دەسەلاتیش هەروا ڕووی لە زیادی یە) توانای ڕاوەستانیان لە بەرانبەر ئەو کرکارانەدا هەیە.

ئەوان نەتەنیا توانای ڕاوەستانیان لە بەرانبەر ئەو ڕاگەیێنەرە بەهێزە هەیە، بەڵکە دە توانایان دایە لە ئاست تەواوی بەستێنە فکرییەکان ڕاوەستن کە هەلومەرجی مەوجود دەپارێزێ و هەموو شتێکی دە سنووری شیاوی قەبوڵکردن و ڕوانگەیەکی قانوونی لە حاند واقیعیەتدا ڕاگرتووە. ئەوان یا لە ڕێگەی وەڕێخستنی شتێک توانای خۆڕاگریی لە بەرانبەر هەموو ئەوانەیان هەیە کە میلز ئەوی بە «نوقاب لە ڕوولادان» نێودەبا و، یان بە هۆی نوسخەگەلێکی دیکە کە تێیدا ڕۆشنبیر، لە بالاترین ڕادەی تواناییدا، لە هەوڵی گوتنی حەقیقەت دایە.

ئەنجامی وەها ئەرکێک تابڵێی دژوارە: ڕۆشنبیر هەمیشە لە نێوان تەنیایی و بەستراوەییدا ڕاوەستاوە. لە ڕەوتی شەڕی ئەو دواییەی خەلیجی فارس، دژی عێراق، چەندە چەتوون بوو کە هاوولاتییانی ئەمریکایی تێبگەیێنم کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نە هێزێکی بێتاوان و بێلایەن بووە (سیاسەتگوزاران پەلاماری ڤیتنام و پاناماyan بە فەرامۆشی ئەسپاردبوو) و نە لەلایەن کەسێکیش جگە لەخۆی بە ژاندارمی جیهان هەڵبژێردراوە. بەلام، بە عەقیدەی من، ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیران لەو زەمانیدا بوو کە فرامۆشبووەکان لە ژێر خاک دەربکێشنەوە، پێوەندییە حاشالێکراوەکان بەرقەراربکەنەوە و، سەرنجی خەڵک بە ڕەوشتگەلی جێگۆڕکێیانە ڕاکێشن کە دەیتوانی پێش بە شەڕ و ئاکامەکانی وی، واتە تێداچوونی ئینسان بگرێ.

نوکتەی سەرەکی بەلای رایت میلز، ناکۆکییەکە کە لە نێوان خەڵک و تاکدا هەیە. جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان هێزەکانی ڕێکخراوەی گەورە، لە حکوومەتەکانەوە بگرە تا کۆمپانییەکان و، لاوازیی ڕێژەیی نەتەنیا تاکەکان بەڵکە ئینسانگەلێک وجودیان هەیە کە خاوەنی هەڵکەوتی لاوەکین: کەمایەتییەکان، خەڵک و دەوڵەتە گچکەکان، فەرهەنگ و نەژادە نزمەکان. من گومانم نییە کە ڕۆشنبیر سەر بە لایەنی لاواز و بێ نوێنەرە. هێندێک قایل بە وێچوویی لە نێوان ڕۆشنبیر و ڕابین هوودن. لە هەر حاڵدا ئەوە نەخشێکی ساکار نییە و، لەو ڕووەوە ناتوانرێ بە هاسانی و تەنیا بە عینوانی ئارمانخوازێکی ڕۆمانتیک بخرێتەلاوە. لە کۆتاییدا، بە تەعبیری من، ڕۆشنبیر نە ئاشتیخوازێکە و نە بەدیهێنەری سازانێکی گشتیش. ڕۆشنبیرکسێکە کە هەموو هەبوونی بە هەڵنان و هەلاواردنی ڕەخنەیی بەستراوەتەوە؛ هەڵنان و هەلاواردنێک کە حازر بە قەبوڵی شتگەلێکی سادە، دەستەواژەگەلێکی سوواو و یەکسان و، لە ڕاستیدا هاودەنگ لەتەک ئەو شتە نییە کە دەسەلات یا سوننەت دەبێ بیڵێ و ئەنجامی بدا. ئەوە تەنێ ناقەبوڵییەکی بەرکردەوەیی نییە، بەڵکە ڕۆشنبیر شێلگیرانە ئارەزووی دەربڕینی بە ئاشکرای هەیە.

ئەوە هەمیشە بەو مانایە نییە کە ڕۆشنبیر دەبێ یەکێک لە ڕەخنەگرانی سیاسەتی حکوومەت بێ، بەڵکە بەپێچەوانەوە کاری ڕۆشنبیریی دەبێ بە عینوانی کارێک دابندرێ کە لێکدالێکدا خۆی وشیار ڕادەگرێ و، هەمیشە خوازەری ئەوەیە کە ئیجازە نەدا تەنیا نیوێک لە حەقیقەتەکان و ئیدە سەلماوەکان ڕێنوێنی بن. ئەنجامی وەها ئەرکێک پێویستی بە واقیعگەراییەکی ڕاوەستاو و پتەو، تاڕادەیەک وزەیەکی بەهێزی ماقووڵ و، هەروەها کۆششێکی سەخت و ئەستەم بۆ بەرقەرارکردنی پارسەنگ لە نێوان گیروگرفتەکانی تاکانە لە ئاست ئەرکی ڕاگەیاندن و وەڕووخستنی حەقیقەتەکان لە قەڵەمڕەوی گشتیدا هەیە. هەر ئەو بنۆسانەن کە لە ڕۆشنبیریی کارێک دەخوڵقێنێ کە هەوڵێکە هەمیشەیی و، ئاوێتەیەکە ناتەواو و بەپێویستیش سەقەت و ناکامڵ. لە عەینی حاڵدا، ئەگەرچی ئەوکارە بەپێویستیش نابێتە هۆی بەناوبانگبوونی تاک، [بەلام]، وزەمەندی و پێچەڵپێچیی وی، لانیکەم بە لای منەوە، هۆی دەوڵەمەندبوونی تاک پێکدێنێ.

* * *

**پەراوێزەکان:**

١) لە ساڵی ١٧٦٢ی زایینی، بازرگانێکی پرۆتستان بە نێوی جین کالاس، خەڵکی تولوز(یەکێک لە شارەکانی باشووری فەرانسە ــ ح. ع)، بە خاتری تاوانی کوشتنی کوڕەکەی کە دەیەویست بچێتە سەر مەزهەبی کاتۆلیک، دادگایی دەکرێ و ئیعدام دەبێ. هەرچەند دەستاوێژەکان سست و بێ ئەساس بوون، [بەلام] ئەوەیکە بوو بە هۆی خێرایی لە هەرێی لێژنەی داوەریدا، ئەو باوەڕە پەرەدرابوو کە پرۆتستانەکان خەڵکێکی ویشکەڕۆن کە بە هاسانی ئەگەر پرۆتستانێک بیهەوێ مەزهەبی خۆی بگۆڕێ دەیخەنەلاوە. ڤۆلتێر بۆ حەیسیەت پێدانەوەی بنەماڵەی کالاس، خەباتێکی ئاشکرای سەرکەوتووانەی دەست پێکرد (بەلام ئێمە ئەوڕۆ دەزانین کە ئەویش دەستاوێژگەلێکی دەسکردی خستەڕوو). موریس بارس یەکێک لە بەربەرەکانیکەرە زەقەکانی ئالفرێد دریفوس بە حیساب دەهات. ئەو بە عینوانی ڕۆماننووسێکی فەڕانسەیی لایەنگریی فاشیزم و دژە ڕۆشنبیری ئاخرییەکانی سەدەی بیستەم، لە پارێزگەرەکانی نەزەریەی بێخەبەری سیاسی (political unconscious) بوو کە تێیدا هەموو نەژاد و نەتەوەکان بە شێوەی گشتی دەبەرگری ئیدە و ویستی تایبەت بە خۆیان بوون.

٢) فنیان Fenians: گرووپی ئەفسانەیی، قارەمانان و شەڕکەرانی ئیرلەند، لە سەدەی دووهەم و سێهەمی پاش میلاد. هەروەها نێوی دانیشتووانی کۆنی ئیرلەند لە زەمانی Finn پادشای ئیرلەند (ح.ع).

**تێبینی**: ئەو نووسراوەیە لە کتێبی نقش روشنفکر، **ادوارد سعید**، ترجمە و پیشگفتار: دکتر حمید عضدانلو، انتشارات آموزش، چاپ اول ١٣٧٧ (لاپەڕەکانی ٣٥ تا ٥٨ بەشی یەکەمی کتێبەکە لە ژێر عینوانی «نەخشی ڕۆشنبیر») خوازراوەتەوە و لەلایەن گزینگەوە کراوەتە کوردی. □

# نەورۆزی کـــــــــورد!

د. حوسێن محەممەد عەزیز

هەموو نەتەوەیەک، لە مێژووی کۆن و نوێی خۆیدا، گەلێ جێژن و بۆنەی جیاجیای مێژوویی، ئایینی، فۆلکلۆری، کۆمەلایەتی، نەتەوەیی، نیشتمانی و ڕامیاری هەبووە و هەیە. هەر بەو شێوەیەش، لە مێژووی نەتەوەی کوردیشدا، هێندێ جێژن و بۆنەی جۆراوجۆرمان هەبووە و هەیە. بەلام، لە نێوکۆمەڵی کوردەوارییدا، هیچ جێژنێ، بە قەدەر جێژنی نەورۆز، لە لایەکەوە، هەم کۆن و نەمر، هەم پیرۆز و خۆش نەبووە و نییە؛ لە لایەکی دیکەشەوە، گرفت و قۆرتی زۆری، لە بەردەمدا زیندوو نەکراوەتەوە. چونکە، داگیرکەران هەمیشە ویستوویانە، بۆنە نەتەوەیییەکانمان لێ قەدەغەکەن و لە بیرمان بەرنەوە، یا بە تەواویی و لە ژێر هەر ناوێکدا بێ، ڕووی گەشی جێژنەکانمان لێ بشێوێنن. لەبەرئەوە، جگە لەوەی، زۆربەی کات لێیان قەدەغەکردووین، دوو جۆرە گرفتی سەرەکیشیان لە بەردەم جێژنی نەورۆزدا قوتکردۆتەوە.

١. گەلێ جار گوتوویانە: جێژنی نەورۆز، جێژنێکی کۆنی ئاگرپەرستانە و لەگەڵ جێژنە کۆنە ئایینییەکانی کورد و فارسەکاندا تێکەڵیان کردووە. بۆیە، بە کردەوەیەکی سەردەمی نەزانین و گومڕاییان داناوە. تەنانەت هێندێ جار، بە ناوی ئایینەوە حەرامیان کردووە. بەلام لە ڕاستیدا، جێژنی نەورۆز، هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە سەر بۆنە ئایینییەکانەوە نەبووە و نییە.

٢. بە داخەوە، هێندێ لە هۆنەرانی کورد، هەر دوو جێژنی«نەورۆز» و«دارودرەخت »یان تێکەڵ کردووە. ئەمەش، بەپێی بەرنامەیەکی نەخشەبۆکێشراو، سەرانی دەولەتی داگیرکەری «عێراق» دایاناوە و هۆنەرەکانی کوردیش، زۆر بێ ئاگایانە پێڕەویان کردووە. تەنانەت، هۆنەرێکی وەک «ا. ب. هەوریی »، (نەورۆزی هەر لە بیر حکوومەت بردەوە، ئەو ناوی نا«جێژنی دارودرەخت» ) و بە ئاوازێکی دلگیر و خۆشەوە، سالانێک منالانی قوتابخانەکان تێیاندەچریکاند:

جەژنی دارو درەختە    کۆتایی ڕۆژی سەختە
نەمام بنێژە وەخت    نەمـــام بنێژە وەختە[1] (ل٤٧)

ئەگینا، جێژنی«دارودرەخت»، خۆی لە خۆیدا جێژنێکی جیاوازە، نەک هەر لە کوردستاندا هەبووە و هەیە، بەلکوو، لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا هەبووە و هەیە، سالانە یادیدەکەنەوە و چەندین هەزار نەمام دەڕوێنن.

جێژنی نەورۆز، تا بەم ڕۆژەی ئەورۆی گەیشتووە، بە گەلێ قۆناغی مێژوویی گرینگ و ترسناکدا تێپەڕیووە. ڕۆژانێ بووە، یادکردنەوەی نەورۆز، لە ڕووی ئایینەوە، بە گومڕایی و ئاگرپەرستیی، لە ڕووی نەتەوەییەوە، بە کۆنەپەرستیی و جیاوازیخوازی دانراوە. لەبەرئەوە، نەک هەر سەرانی دەزگەی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، دژی نەورۆز وەستاون و قەدەغەیان کردووە، بەلکوو، هێندێ لە پیاوانی ئایینی و کۆنەپەرستەکانی کوردیش، شانبەشانی هێزەکانی داگیرکەر، بەو پەڕی توانایانەوە، بەربەرەکانی و دژایەتییان کردووە، تەنگیان بە نیشتمانپەروەرانی کورد هەڵچنیوە. بۆیە، هێندێ جار لە نەورۆزدا، هەرا و ئاژاوە، پێکدادان و تێکبەربوون دروسبووە، سەر و گوێلاکی تێدا شکاوە، لە لایەن سیخور و پۆلیسەکانی دوژمنەوە، خەڵکی نیشتمانپەروەری کورد دەسگیرکراون و لە قوژبنی گرتووخانەکان توندکراون. ئیدی بەو شێوەیە، ڕۆژبەڕۆژ تا هاتووە، نەورۆز لای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆشەویستر بووە و پتر چەسپیوە. جا گەر کورد توانیبێتی، چ بە نهێنیی، چ بە ئاشکرا، چ بە خۆشی، چ بە ناخۆشی، هەموو سالێ، یادی جێژنی نەورۆزی خۆی بکاتەوە، یا لە بەر هەر هۆیەک بووبێ، نەیتوانیبێ، یادی ئەو جێژنە بکاتەوە، ئەوا، هیچی لە باسەکە نەگۆڕیوە، هیچی لە بایەخ و پیرۆزیی ئەو جێژنە، کەم نەکردۆتەوە. بەڵکوو، ساڵ بەساڵیش تا هاتووە، ئەو جێژنە، لە نێو دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا، پتر جێگەی خۆی کردۆتەوە، ئازیزتر، گەشەدارتر و پرشنگدارتربووە، ناوەڕۆکە نەتەوەیی و ڕامیارییەکەشی گۆڕاوە، دەولەمەندتر و قوولتربۆتەوە. بۆیە، نیشتمانپەروەرانی کورد، هەمیشە یادیانکردۆتەوە، خۆپیشاندانیان سازداوە، جێژن و سەیرانیان کردووە، وەک سونبولێکی تێکۆشانی نەتەوەیی و ڕامیاریی کورد، لێیان ڕوانیوە. لەو باوەڕەشدام، تا کوردێکیش بمێنێ، یادی جێژنی نەورزۆی کورد، هەر دەمێنێ و هەرگیز لەنێوناچێ. وەک«ع. ح. ب. »ش، لە هۆنراوەی«نەورۆز »ی سالی ١٩٦٧ دا، بە نۆ چوارینە و لە چوارینەی کۆتاییدا گوتوویەتی:

بەلا. نەورۆز نە نەگۆڕرێت
ـە نە گڕا. نەتوێتەوە
ـە ـە لادو. نەشۆڕرێت
ـە هە ِگـز. بیرنەچێتەوە...[10] (١٤٧)

ـ وەک «کاکەی فەللاح »، لە«سروودی نەورۆز »ی سالی «١٩٧١»دا، ـە ـی سوددێر هۆنراوە گوتوویەتی:

ـ ـ گر ـ وە
ـەورۆز نەمێنێ
گولی گەشاوە
ـەمری دێنێ...[15] (٢١٩)

هەروەها «کامیل ژیر »یش، لە هۆنراوەی«کاروان و نەورۆز »دا گوتوویەتی:

ئەوەی وتی: نەورۆزی کورد
نەبێ، نەبێ
مۆخ و مێشکی، ئەهاڕین ورد

چەن گەورە بێ[١٣] (٣٠)
لە ڕاستیدا، جێژنی نەورۆز لە مێژوودا، بە جێژنێکی زۆر کۆن دادەنرێ. تا ئێستە، بە تەواویی زۆر ڕوون نییە، ئەم جێژنە، بۆ یەکەم جار، لە کوێ سەریهەڵداوە، کەی پەیدابووە، کێ دایناوە، بە چ بۆنەیەکەوە دانراوە. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، لەو بارەیەوە، چەندین بۆچوونی جیاواز هەن. زۆربەی نووسەرانی کورد و بیانی، لەو باوەڕەدان، سەرەتای پەیدابوونی ئەم جێژنە، بۆ سەردەمی«پێشدادی »یەکان دەگەڕێتەوە.

«حیلمیی عەلی شەریف »، دوای دەمەتەقێیەکی زۆر، لە بەر ڕۆشنایی دید و بۆچوونەکانی «عەبدولڕەحمانی زەبیحی»دا نووسیویتی: (مامۆستا زەبیحی، پشت بە «فیردەوسی و دوکتۆر موعین »، باسەکەی گەیاندۆتە ئەو ئەنجامە، کە بڵێ: کورد خاوەنە ڕەسەنەکەی نەورۆزە. هەر چۆنێک بێت، لەم باسانەدا وا دەردەکەوێت، کە نەورۆز بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی«پێشدادی»یەوە هاتۆتەکایەوە، کە ئەوانیش باپیرانی مادن و مادیش، بە باپیرە گەورەی کورد لە قەڵەم ئەدرێن.)[٤](٢٦). لێرەدا، دوو خاڵی گرینگ خۆی دەسەپێنێ: (یەکەمیان: نەورۆز، لەگەڵ دروسبوون و دامەزراندنی یەکەم پاشانشینی «جەمشید»، واتە: یەکەم دەوڵەتی«پێشدادی»دا دامەزراوە و پەیدابووە. ئینجا، بە دوای ئەواندا، لە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووانەتردا بووشە بە جێژنی ئیمپراتۆریای ماد. دووەم: کورد لە هەموو گەلە ئارییی نەژادەکانی تر، زیاتر خاوەنی ڕەسەنی ئەم جێژنەیە.)[٤](٢٧).

لێرەدا نامەوێ، بە درێژیی لە جێژنی نەورۆز بدوێم، چونکە، نووسەران و هۆنەرانی کورد، گەلێکیان لە سەر نووسیوە. گەلێ هۆنراودیان بە سەردا هەڵداوە. بەڵام پێویستە، ئەوە بزانین، هەر تەنیا لای کورد، نەورۆز پیرۆز نییە، هەر تەنیا کورد، یادی ئەو جێژنە ناکاتەوە. بەڵکوو، هێندێ گەلانی دیکەی ولاتانی وەک:«هیندستان، پاکستان، ئەفغانستان، بلوچستان، ئێران و ئازربایجان »یش، خۆیان بە خاوەنی ئەم جێژنە دەزانن و یادیدەکەنەوە. چونکە،(کورد و ئەفغانی و پاکستانی و هیندی و ئێرانی و بلوچی ... هەموو، مێژووی«پێشدادیی » بە سەرەتا و بناغەی مێژووی نەتەوایەتی خۆیان دەزانن.)[٤](٤٨).

لەبەرئەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، (نەورۆز، هی هەموو نەتەوەکانی ئاریا زەمینە. بەڵگەش ئەوەیە: کە هیچ تیرە و ڕەگەزێک نییە، تا ئەم چەرخەش، کە جێژنی سەرساڵی خۆی، پێ هەوێن نەکردبێ و چاوی باستانی دێرینەی پێ نەڕشتبێ، ڕەی ئەفسانەکانی پێ ئارایش نەدابێ. چ لە فارست، لە کوردت، لە ئازەربایجانیت، لە ئەرمەنیت، لە ئەفگانیت، لە تورکت، لە مانگۆلت، لە تیرەکانی چینت، لە سووریانت، لە کلدانت، لە سەبتیت، لە ئەرسەدۆکست، لە پرۆتستانت، لە بوزایی و براهمانیی و لامابییت، لە تیرە ئەورووپاییەکانت کە لە ڕێی مانوییەتەوە وەریانگرتووە. ئەمانە هەموویان، بەپێی عەنعەنە و دابودەستووری میللیی کۆنیان، هەر یەکە سەرنجێکی لە بارەی ڕۆژی نوێی سەری ساڵی تازەوە هەیە و هەست و ئەستێکی تایبەتیی تیایا پەنگاوەتەوە، چ لە کولتووری فۆلکلۆرییانەوە یا نیشتمانی و نەتەوایەتییەوە، یا لە ئەفسانە و ئایینەکانیانا ڕەنگاوی داوەتەوە و کەم و زۆر، بووە بە بەرگر و بەرگەمای باستانیان)[١٠](١٠-١١).

گومانی تێدا نییە، نەورۆز کارێکی زۆری، لە دید و بۆچوونی مێژوونووسەکانی عەرەبیش کردووە. لەو بارەیەوە«عەلادین سەجادی» نووسیویتی: (تەنانەت گەلێکیان ئەڵێن: ڕۆژی دروسکردنی جیهان و دروسکردنی ئادەم هەر دووکیان لەم ڕۆژەدا بوون. وەکوو چۆن «مەقریزی، تەبەری و مەسعوودی» ئەڵێن: ئەم ڕۆژی نەورۆزە لە دەوری ئەخمینمییەکانیشدا سەری ساڵی تازە بووە و هەموو جۆرە زەماوەند و ئاهەنگێکیان تیایا گێڕاوە. ئەم ڕەوشتە مایەوە تا کەوتە دەوری ئیسلامی. تەنانەت،«موعتەزید» خەلیفەی عەبباسی ویستی، لایبەرێ وە یا سووکتری کاتەوە، پێی نەکرا.)[٩](٢) هەروەها نووسیویتی: (ڕۆژی «شەم ئەلنەسیم»ی «میسر» و«دەوردت ئەلسەنە»ی «عێراق » هەر ئەو بۆنەیان لێ دێ. بۆیە کردوویانە بە ڕۆژی ئاهەنگ و چوونەتە دەرەوە بۆ سەیران.)[١١](٣)

بەڵێ، هەر گەل و ولاتێ، بە جۆرێکی جیاواز، لەو جێژنەی ڕوانیوە و دەڕوانێ، یادیکردۆتەوە و یادی دەکاتەوە. هەر چۆنێبێ، وا دەردەکەوێ، جێژنی نەورۆزی گەلانی«ئاری » بە گشتیی، نەورۆزی کورد بە تایبەتیی، ڕەگێکی زۆر قووڵی مێژوویی هەیە. واتە: ئەوەتەی ئەو گەلانە، لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون، ئەو جێژنە هەر هەبووە و هەشە. یا دەتوانین، بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: جێژنی نەورۆز، بە قەدەر کۆنی و ڕەسەنیی ئەو گەلانە و کورد لە ناوچەکەدا، ڕەگی خۆی داکوتاوە. هەروەها دەتوانین، بڵێین: ئەم جێژنە، وەک بۆنەیەکی ئایینیی و نەتەوەیی گەلانی ئاریی کۆن تێکەڵاوبووە. بە تایبەتیی لای کورد، لایەنە نەتەوەییەکەی، لە لووتکەی تێپەڕاندووە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و بایەخیشە، ئەوەیە: چ پێش زایین و چ دوای زایین، چەند «میرنشین، دەوڵەت و ئیمپراتۆریا »یەک، لە ناوچەکەدا دامەزراون، گەلانی ناوچەکەیان لە ژێر سایەی سنووری چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیاندا کۆکردۆتەوە. ئەو فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانە، زۆر بە پەرۆشەوە، پارێزگاریی ئەم جێژنەیان کردووە، بە شێوەیەکی «جوان، ڕێکوپێک و جیاواز »، هەمیشە یادیانکردۆتەوە، جێژنیانکردووە و شاییانگێڕاوە. لەبەرئەوە، لە لایەکەوە، لەگەڵ گۆرانی، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆریی ئەو گەلانە و کورددا تێکەڵاوبووە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوەتەی ئەو گەلانە و کورد فێری خوێندنەوە و نووسین بوون، هونەر و نووسەرەکانیان، لە هۆنراوە و چیرۆکەکانیاندا، وەک کەرەسەیەکی ئەدەبیی و وێژەیەکی میللیی بە پێز، کەڵکیان لە جێژنی نەورۆز وەرگرتووە، وەک باسوخواسێکی دەوڵەمەند، تێکەڵاوی بەرهەمەکانیان کردووە. بۆیە، زۆر لە نووسەرانی فارس، عەرەب، تورک، ئازەر، بلوچ و کوردیش باسی نەورۆزیان لە بەرهەمەکانیاندا کردووە و بە گەلێ شێوەی [illegible] بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕیوە. هەڵبەتە، (لەو کاتەی نەورۆز کراوە بە جەژن و ڕۆژێکی دیار و پیرۆز، چ لە نێو سەرجەم گەلانی ئارییایدا، [illegible] لە دواییدا وەکوو جێژنێکی نەتەوایەتیی لە نێو کورددا، کە [illegible] چەند هەزار ساڵێکە و پێشوونەکەی یەکجار کۆنە، هەر ئەبوو بە [illegible] ئەفسانە و خەیاڵپۆش برازێنرێتەوە. هەر دوو لایەکەشی تێدا ڕەچاوکرێت، خێر و شەڕ، چاکە و خراپە، ڕووناکیی و تاریکیی، [illegible] و دادپەروەریی)[٤](٢٣)

جێژنی نەورۆز لای کورد، تەنیا هەر، بە سەرەتای بەهار و ڕزگاربوون لە دەس سەرماوسۆڵەی زستان دانانرێ. تەنیا هەر، گوڵی ژاڵە دەم ناکاتەوە و نادرەوشێتەوە. تەنیا هەر، ڕێحانەڕەشەی بۆنخۆش، گیای پەلک سەوزی ناسک و نازدار، گوڵە کێویلە جوانەکانی وەک:«نێرگز، بەیبوون،

هەلاڵە، گوڵاڵەسوورە » سەردەر ناهێنن، چاوهەڵ ناهێنن و ناگەشێنەوە. تەنیا هەر، ڕووی زەویی، کراسی قەدیفەی سەوزی گوڵگوڵی ڕەنگاوڕەنگ ناپۆشێ. تەنیا هەر، دارودرەخت گۆپکە دەرناکەن و گەڵای سەوز ناگرن. تەنیا هەر، خوڕەی قەڵبەز و چەم و ڕووبارەکان، گوێی سروشت پڕ ناکەن. تەنیا هەر، مەلە جوانە باڵنەخشینەکان، بە چریکە و ئاوازی خۆشیان، گۆرانیی بۆ ژیان ناچڕن. تەنیا هەر، گەردوون ڕووناک و خەڵک دڵخۆش نابن. تەنیا هەر، دڵداران شایی ناگێڕن و پێک ناگەن. تەنیا هەر، جێژنی خۆشیی و شادیی نییە. تەنیا هەر، زەویی و ئاسمان سەما ناکەن. بەڵکوو، جگە لەوەی نەورۆز، مژدەی وەرزێکی نوێ بە کورد دەدا، لە هەمان کاتیشدا، لای کورد بە سەرەتای ساڵی نوێ دادەنرێ. واتە: بیستویەکی مانگی«مارس »ی هەموو ساڵێ، بە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی نوێی کوردیی دەژمێررێ. چونکە، شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن. وەک«شێخ محەمەدی خاڵ »یش، چلودووساڵ لەمەوبەر نووسیوێتی: (شەوی ١٩٥٨/٠٣/٢١ لە سەعات دوازدەی نیوەشەوا، ڕۆژ لە کەلووی نەهەنگ ـ بورجی حووت ـ دەچووە ناو کەلووی بەرخ ـ بورجی حەمل ـ شەو و ڕۆژ وەک یەک وێستانەوە. واتە: شەو دوازدە سەعات و ڕۆژ دوازدە سەعاتە، نە ئەو زۆر و ستەم لەم، وە نە ئەم زۆر و ستەم لەو نەکات.)[١٦](٢٢)

هەروەها، جێژنی نەورۆز لای کورد، واتا و بایەخێکی گرینگی نەتەوەیی و ڕامیاریی هەیە. بە سیمبۆلی خەبات و شۆڕش دەژمێررێ، بە نیشانەی سەربەخۆیی و ئازادیی دەناسرێ، بە هاندەرێکی گەورەی ڕێگەی ڕزگاریی و خۆشیی دادەنرێ. چونکە نەورۆز، جێژنی هەموو تاکێکی کوردە. نیشانەی سەرکەوتن و سەفرازیی کوردە. دژی ستەم و زۆرداریی مرۆڤ و سروشت، بە شۆڕشێکی درێژخایەنی مێژوویی کورد دەژمێررێ. بە کورتیی، دوای ئەوەی، (کاوە گەلەکەی خۆی لە زوحاک ڕزگارکردووە، جارێکی تر نەورۆز، بە ئازادیی و ڕزگاریی موتوربەکراوە و جێژن بووە بە سێ جێژن: جێژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت و جێژنی ڕزگاربوون لە قاتوقڕی زستان و جێژنی ڕووخاندنی شایەکی زۆرداری ڕژێمێکی کۆیلەیی.)[٤](٣٠).

لەبەرئەوە، زۆر بە ئاشکرا دەبینین: هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، کەم هۆنەری کورد هەیە، یەک یا پتر لە نەورۆزنامەیەکیان نەنووسیبێ، هۆنراوەیان بۆ نەورۆز نەگوتبێ، گۆرانییان بۆ نەچڕیبێ! بۆ نموونە: هەر لە مێژوویەکی دێرینەوە تا ئەورۆ، بە سەدان کەڵەپیاوی نووسەر و هۆنەری کوردی وەک: «بابەتایەری هەمەدانیی، مەلای جزیریی، ئەحمەدی خانیی، شەرەفخانی بەتلیسیی، پیرشالیاری هەورامیی، مەولەویی، مەلای جەباریی، حاجی قادریی کۆیی، وەفایی، خەلیل منەوەر، پیرەمێرد، صابریی، کەمالیی، فوواد، شێخ نووریی شێخ سالح،، سەلام، شێخ مەحموودی حەفید، خادیم، قانیع، مەلا نامدار، شێخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندیی ـ نووریی، ئەحمەد شوکریی، گۆران، برایم ئەحمەد، بەختیار زێوەر، عەونیی، کاردۆخیی، دڵدار، جاهید، مەدهۆش، دڵزار، هێمن، هەژار، ا. ب. هەوریی، ئەحمەد هەردیی، مەغدید سۆران، محەمەد تۆفیق وردیی، ع. ح. ب.، دیلان، ع. ع. ش.، کەریم شارەزا، کاکەی فەللاح، کامەران موکریی، خالە ڕەجەب، ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندیی، حەسەن عەوالانیی، حەسیب قەرەداخیی، خالید دلێر، مەدحەت بێخەو، لەتیف بەرزنجیی، جەلال خۆشناو، پیربال مەحموود، قادر برسیی، عەبدولکەریم ڕەباتیی، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. ئیحسان فوواد، عومەر ڕەزا ئاغا، محەمەد بەدریی، مەجید ئەدیم، شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێڕیی، ڕەووف بێگەرد، محەمەد ئەمین پێنجوێنیی، رازیی، ئەحمەد تاقانە، د. نافیع ئاکرەیی، سالح عەلی گوللیی، غ. س. غەمبار، کاکە شوان، عوسمان مستەفا خۆشناو، نووری عەلی ئەمین، عەبدوڵلا پەشێو، سەلاح شوان، ئازاد دڵزار، سەلام محەمەد، لەتیف هەڵمەت، مکەڕەم ڕەشید تاڵەبانیی، ئەژاد عەزیز سورمێ، مارف عومەر گوڵ، سەعدوڵلا پەرۆش، بەهجەت محەمەد هروریی، سەباح ڕەنجدەر ... » و لە نێو شاژنە کوردەکانیشدا، چەن هۆنەرێکی وەک: «خانم ڕەسووڵ ئەحمەد، دایکی سۆلاف، خورشیدە بابان، سامیە مەشخەڵ، میهرەبان ... تاد » بە سەدان هۆنراوەیان بۆ نەورۆزی کورد و «کاوە »ی ئاسنگەر هۆنیوەتەوە.

لە سەدەی بیستەمیشدا، زۆربەی هۆنەرانی کورد، هۆنراوە و سروودیان بۆ جێژنی نەورۆز داناوە. یەکەم کەسێ، بە کوردیی هۆنراوەی بۆ ئەو جێژنە هۆنیبێتەوە، گۆرانیی بۆ چڕیبێ، «حەمدیی » هۆنەر بووە. لەو بارەیەوە، «ئەجمەدین مەلا » گوتوویەتی: (ئەووەڵ کەس نەورۆزی کوردیی لە سلێمانیا وت، ئەحمەد حەمدیی بەگ بوو. چونکە، لەوەوپێش نەورۆز بە فارسیی بوو)[٣](١٦١).

گەلێ لە هۆنەرانی کورد، چ لە کۆن و چ لە سەردەمی نوێماندا، هۆنراوەیان بۆ نەورۆز هۆنیوەتەوە. هێندێ هۆنەریشمان هەبوون، پتر لە هۆنراوەیەکیان گوتووە. لێرەدا دەتوانین، لە باسی نەورۆزدا، هۆنەرەکان بە سەر چەن دەستەیەکدا دابەشکەین. چونکە، هۆنەرەکانی کورد، بە چەن جۆرێکی جیاواز، هۆنراوەیان بۆ نەورۆز گوتووە:

١. هێندێ هۆنەر، تەنیا هەر وەک سەرەتای کەژی بەهار و ساڵی نوێی کوردیی، لێیان ڕوانیوە و باسیانکردووە. تەنیا بە«گوڵ و گوڵزار، ئاو و هەوا، دەشت و دەر، چیا و چۆڵ، نەغمەی بولبول و چریکەی مەل، ئاسمانی ڕوون و شین ... تاد »دا هەڵیانداوە. واتە: تەنیا وەک جێژنێکی سروشتیی، لە نەورۆزیان ڕوانیوە. ئەمانەش، پتر خۆیان لە هۆنەرە کلاسیکییەکاندا دەبیننەوە. بۆ نموونە: «حەمدیی» ساڵی ١٩٢٥، بە سی وشەش دێڕ گوتوویەتی:

هەیهەی چە عومرێکی نەوە    بەهبەه چە ڕۆژێکی نەوە
گوڵ بۆ چەمەن بە سەر ڕەوە    هەوا دەریایی پڕتەوە
دنیا وەک باسی خوسرەوە    سەوزە جلەوکێشی ئەوە
شیرینە جێی سەیرانەکەم
ئەما بەدەی جەژنانەکەم[٣](١٦١)

٢. هێندێکی دیکە، باری نەتەوەیی و ڕامیاریی کورد و کەژی بەهاریان تێکەڵکردووە. بۆ نموونە: «کامەران موکریی » نووسیوێتی:

نەورۆز گوڵاڵەی نایە سەر پەرچەم
نێرگسی ڕشتە دەشت و کەنار چەم
لەگەڵ توانەوەی سەهۆڵ چرۆ
تیایا توایەوە پرشنگی ئاسۆ[١٢](٢٥)

٣. هێندێکی دیکەش، زۆر جەختیان لە سەر لایەنە نەتەوەییەکەی کردووە، زۆر بایەخیان بە باسی کەژی بەهار نەداوە. بۆ نموونە: «ژیر »، لە هۆنراوەی«نەورۆزی کورد »دا، بە حەوت چوارینە، باسی جوانیی و ڕازاوەیی کوردستانی کردووە. ڕەنگی«سووری گوڵ، بەفری سپی و

چیمەنی سەوز »ی، بە ئاڵای کوردستان چواندووە. داوای یەکگرتنەوەی کوردستان و لەنێوبردنی بندەستیی کوردی کردووە. لە ڕێباز و بیرە ڕامیارییی یەکەی خۆی دواوە و بە تاکە ڕێبازی نەتەوەی کوردی داناوە. بەڵێنی بە ڕۆڵەکانی کورد داوە، تا سەر واز نەهێنێ و کوردستان لە دوژمن پاککاتەوە، تا تیشکی گزنگی خۆری باوەڕی نوێ، کوردستان برازێنێتەوە و هەمیشە وەک نەوروز نەمر بێ. بۆیە گوتوویەتی:

ئەمڕۆ نەوروزە، جەژنە هەرایە
سەر پڕ لە سۆزی شایی و ئاهەنگە
کوردستان بەرگی ئاڵوواڵایە
بووکی ڕازاوە و فریشتەی شەنگە[13] (٣٣-٣٤)

٤. بەڵام، کاتێ لە نێو ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا، باوەڕی ڕامیاریی و ئایدۆلۆژیا پێشکەوت، بزووتنەوەی ڕووناکبیریی گەشەیسەند، بیری چینایەتیی، لە هۆنراوەی هێندێ لە هۆنەرە چەپەکانی کورددا ڕەنگیداوەتەوە، لێکدانەوەیەکی تایبەتیی و نوێیان، بۆ ناوەڕۆکە چینایەتییەکەی ڕاپەڕینەکەی«کاوە » کردووە. «کاوە »یان وەک سەرکردەیەکی چینی چەوساوە و«زوحاک »یشیان وەک نموونە و سیمبۆلی چەوساندنەوە و زۆرداریی، لە هۆنراوەی کوردییدا پێشکەشکردووە. یا بابەتی چینایەتییان، تێهەڵکێشی ڕووداوە نەتەوەییەکان کردووە.

هەر چەندە، زۆربەی ئەو هۆنراوانەی لە کۆندا، بۆ یادی جێژنی نەوروزی کورد دانراون، پتر باسی کۆتاییهاتنی وەرزی سەختی زستان و مژدەی هاتنی وەرزی نوێی بەهار دەکەن. بەڵام، لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانەوە، زۆربەی هۆنراوەکان، پتر مۆرکێکی نەتەوەیی و ڕامیارییان پێوە دیارە و ناوڕۆکێکی نەتەوەیی بەهێز لە خۆیان دەگرن. بۆ نموونە: پاشای کوردستان و هۆنەرێکی دەنگ دلێری وەک«شێخ مەحموود »ی نەمر، بە یادی کاوە و دەس و چەکوشەکەی باپیرییەوە فەرموویەتی:

فەرهادی کێوی کوردم و هاواری کورد ئەکەم
دوژمن بە پیکی کاوە، وەکوو شیشە وردئەکەم[5]

«شێخ سەلام »ی هۆنەر، جێژنی«نەوروز»ی لە ڕۆڵەکانی کورد پیرۆزکردووە و بە چوارخشتەکییەک گوتوویەتی:

جەژنی نەوروزتان، یا خوا پیرۆزبێ
شەوتان هەر ڕۆژ و ڕۆژتان هەر نەوروزبێ
هەر ئەم ڕۆژە بوو، کاوەی کوردی گورد
مێشکی زوحاکی، بە چەکوش وردکر[7] (٢١٧)

« شێخ نووریی شێخ ساڵح » نووسیوێتی:

ئاگری نەوروز، بە شاپلێتە و پەڕۆ ناکرێتەوە
زوو ببێتە خۆڵەمێش و تینی دامرێتەوە
ئاگری نەوروز، بە گیان و دڵ ئەبێ، خۆشکرێ
گەر بە خوورِ، دیجلە و فووراتی بێتە سەر، ئەکوژێتەوە[17] (٢٩٨-٢٩٩)

هەر لە بارەی جێژنی نەوروزەوە،«ع.ع. شەونم » گوتوویەتی :

جەژنە، جەژنی کوردستانە، جەژنی نەوروزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم، جەژنە پیرۆزە[6] (٣٨-٣٩)

« خالید دلێر »ی هۆنەریش، چەن هۆنراوەیەکی کورت و درێژی، دەربارەی نەوروز داناوە. ساڵی ١٩٦٥، لە هۆنراوەی«نەوروزی دوور وولات »دا، بە پێنج چوارینە گوتوویەتی:

ساڵێکی تریش، وا داهاتەوە
ڕۆژی«نەوروزی کورد »، هەڵهاتەوە
بەم هاتنەوەیە،«نەوروز » ئەم جارەش
دەرسی تێکۆشان، دائەداتەوە[10] (١٩٢-١٩٣)

هەروەها،«کاکە شوان »ی هۆنەریش، لە هۆنراوەی«نەوروز جەژنی ڕزگاریی کورد »دا گوتوویەتی:

ڕۆژی نەوروز جەژنی سەربەستیی و خەباتی میللەتە
وەک نیشانەی لابەری کۆستی هەژاریی و مەینەتە[14] (٩٧)

« برایم ئەحمەد » لە«نەوروزی من »دا گوتوویەتی:

پێم ئەڵێن: نەوروزە ئەمڕۆ، ڕۆژی جەژن و خۆشییە
وەختی هەڵپەڕکێ و سەمایە، مەوسمی تەڕپۆشییە
دەشت و دەر گوڵ پۆشە، ئەم ڕەشپۆشییەت، بێ هۆشییە
مۆنی ڕووت بێ جێیە، عالەم کەیلی بادە نۆشییە
من ئەڵێم نەوروز و شادیی و جەژنی دیل: ئازادییە[2] (٣)

هەروەها،«شێرکۆ بێکەس »ی هۆنەریش، لە هۆنراوەی«بە یادی نەوروز » و لە ساڵی ١٩٥٨ دا، بە هۆنراوەیەکی هەژدە دێڕیی، یادی مێژووی لە خوێنهەڵکێشراوەمانی بیرخستوینەتەوە و گوتوویەتی:

یادێک: وەک ڕەنگی خوێن گەش و سوورە
دەنگێک: لە پەردەی گوێ ئەدا، دوورە
ئاوازێک: لە قوڵایی دڵا، زەنگێ
ئەشڵەقێنێ، دنیای تاریک و مەنگی[9]

• • •

ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١/٠٣/٢١


سەرچاوەکان

١. **ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی**، پێویستی ئەو شیعرانەی پێویستنین، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلێمانی، کوردستان ـ سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢. **برایم ئەحمەد**، نەوروزی من، هیوا، گۆڤار، ژمارەی تایبەتی«نەوروز » ٣٥، بەغدا، ١٩٦٢.
٣. **حەمدی**، دیوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفیست، بەغدا، ١٩٨٤.
٤. **حلیمی علی شریف**، داستانی نەوروز و نەوروزی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی«دار ئەلحوریە » بەغدا، ١٩٩١.
٥. ڕۆژنامەی *هاوکاری*، ژمارە ٢١٠، ڕۆژ ١٩٧٤/٠٣/٢١.
٦. *سروود بۆ قوتابیان*، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زێوەر، چاپخانەی ڕاپەڕین، سولەیمانیی، ١٩٧١.
٧. سەلام، دیوان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەلحەوادث، بەغدا، ١٩٩١.
٨. **شفیق صابر**، جەژنی دارودرەخت، هیوا، گۆڤار، ژمارە ٩، ساڵی ١، بەغدا، مارت ١٩٥٨.
٩. **شێرکۆ بێکەس**، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٤٣٥، ڕۆژی ١٩٥٨/٠٣/١٩.
١٠. **عبدالرحمن زەنگنە**، نەوروزنامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلجاحیز، بەغدا، ١٩٨٥.
١١. **علاء الدین سجادی**، مێژوویەکی کورتی نەوروز، وە کورد و خزمەتکردنی بە سەقافەتی عەرەب، هیوا، گۆڤار، ژمارە ٣٢، ساڵی ٤، ١٩٦١.
١٢. **کامەران موکری**، نەوروز، هیوا، گۆڤار، ژمارە ٩، ساڵی ١، بەغدا، مارت ١٩٥٨.
١٣. **کامیل ژیر**، کوردایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٦٠.
١٤. **کاکە شوان**، نەوروز جەژنی ڕزگاری کورد، هیوا، گۆڤار، ژمارە ٩، ساڵی ١، بەغدا، مارت ١٩٥٨.
١٥. **کاکەی فەلاح**، دیوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلحەوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
١٦. **شێخ محەممەدی خاڵ**، بەهار، هیوا، گۆڤار، ژمارە ٩، ساڵی ١، بەغدا، مارت ١٩٥٨.
١٧. **شێخ نووری شێخ ساڵح**، دیوان، بەرگی یەکەم، بەشی ٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەجاحیز، بەغداد، ١٩٨٩.

# بۆچی هێمن؟!

عوسمان دەشتی

□(ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن)، نامەی ماجستێری کاک «**عثمان حمد خضر**»ە کە لە کوردستان(هەولێر)ەوە بۆ گزینگی ناردووە. ئەوا لێرەدا، بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوانی گزینگ، وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزیان، نامەی(سوپاس و قەدرزانی) و (پێشەکی)ی نامیلکەکەی نووسەر بڵاودەکەینەوە. (گزینگ)

## سوپاس و قەدرزانی

ـ پێویستە لە پێشەوە سوپاسی مامۆستای بەڕێزم پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار بکەم، بەوەی کە ڕازی بوو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەم بگرێتە ئەستۆ و، لەو ماوەیەشدا لەگەڵم پشوو درێژ و بە حەوسەلە بوو، وەک چۆن سوپاسگوزاری سەرۆکی بەشی کوردی و مامۆستایانی ئەو بەشەم کە لەم کارەدا هاندەر و پشتیوانم بوون.

ـ سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستایان عبداللەی حسن زادە، محەمەدی مەلا کەریم، دکتۆر جەمشید حەیدەری، کاک ئەحمەدی قازی هەیە، کە بۆ هەر یارمەتی و پشتگیرییەک درێغیان نەکردووە لەگەڵم.

ـ قەرزداری کۆمەک و یارمەتی زۆری دۆستی ڕووناکبیرم س. ج. هێرش و هاوڕێیانم دکتۆر هەڤاڵ و فریاد ڕواندزی م، کە لە هەندەرانەوە بە هەناردنی نامە و بەڵگەنامە و سەرچاوە بۆ ئەم باسە کارەکەیان دەوڵەمەند و پوختەتر کردم.

ـ کاک مومتاز حەیدەری و هاوڕێیانم شوان سلێمان یابە و عبداللە زەنگەنە کە نامەخانە و ئەرشیفی تایبەتی خۆیان بۆ کردمەوە و قەرزدار و منەتباریان کردم.

ـ بنەماڵەی هێمنی شاعیر، کوڕان و لاوانی ڕووناکبیر و هێمن پەرەوە، لە مهاباد و بۆکان و سنە، کاتێ بۆ سۆراغی باس و بابەتەکەم چوومەلایان، زۆر دڵسۆزانە بە پیرمەوە هاتن و لە ئامێزیان گرتم.

ـ ئەو بەڕێزانەی کە سوودی زۆرم لە دیمانە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان وەرگرتووە و لە ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای شاعیردا کۆمەکی زۆریان پێ کردووم.

ـ برایانی کۆمپیوتەری (زەنگ) کە لە دەرهێنانی ئەم نامەیەدا، بە شێوەیەکی پوخت و ڕێک و پێک، درێغیان نەکرد.

ـ هەر یەکێک لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکەدا بە هەر ئەندازەیەک هاوکاری کردبم.

**عثمان حمد خضر**

**پێشەکی**

**بۆچی هێمن؟!**

ڕەخنەگر و ئەدەبناسی کورد، ئەگەر هات و بەچاوی ئینسافەوە بڕواننە ئەدەبیاتی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبینن کەوا سامانێکی ئەدەبی بەهادار و ڕەنگاوڕەنگی دەوڵەمەندی هەیە، بەتایبەت ئەو ئەدەبەی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە بەرهەم و، لەلایەن دوو سێ نەوەی یەک لە دوای یەکی بوێژ و مەزن شاعیرانی هەڵکەوتەی ئەو مەڵبەندەوە داهێنراوە. جگە لەوەی کە ئەم شوێنە بە گەنجینەیەکی سەر بە مۆری پڕ لە دوڕ و گەوهەری کەلەپوور و ئەدەبی میللی و میراتی فۆلکلۆری نەتەوەییمان ناسراوە. ئێمە وای دەبینین لەبەر کەم دەستی کورد خۆی و، بە هۆی هۆکاری مێژوویی و سیاسی، ئەم سامان و بەرهەمە ئەدەبی یە بەرینە تاوەکوو ئەمڕۆ وەکوو پێویست ڕووناهی نەخراوەتە سەر و پەردەی لە ڕوو هەڵنەدراوەتەوە. یان لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی وردی دەربارە نەکراوە و حەقی خۆی نەدراوەتێ. لە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا ڕەنگە هەر ئەمە هۆکار و هاندەری سەرەکی بووبێت، بۆ ئەوەی یەکێک لە پێشەنگە ناودار و ناسراوەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، سەر بەم مەڵبەند و ناوچەیە وەربگرین، کە ئەویش (هێمن)ی ئەدیب و نووسەر و شاعیری ناسراوی گەلەکەمانە و، ئەم نامەیە بە گوێرەی توانا و دەسەڵات، وەکوو لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و زانستی دەربارەی چەمکێکی بەرهەمە شیعرییەکانی ئامادە بکەین و پێشکەشی نامەخانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی و هەوادارانی دنیای ئەو شاعیرەی بکەین. هێمن یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە شێوەیەکی فراوان لە ناو ڕۆڵەکانی میللەتەکەماندا ناسراوە، کەم خوێندەواری کورد هەیە کە ناوی هێمنی نەبیستبێ، یا لەگەڵ بەرهەم و شیعرە ناسک و سۆزدارەکانی نەژیا بێت، کاری لێ نەکردبێ و نەیهەژاندبێت، لە دواییشدا ئافەرین و دەستخۆشی لێ نەکردبێت.

هێمن کە لە ژیاندا بوو لەلای خوێنەری کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق، ناوبانگ و شۆرەتی بە (مهابادی)، یا (موکریانی)، یاخود (کوردستانی) ڕۆیشتبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمانە هەموویان ڕاست و بێ خەوش و شایستە بە هێمن، بەڵام بەو هۆیەی ئەو شاعیری هەموو کورد و عاشقی هەموو کوردستانەکەی بوو، هەموو ژیان و بەهرە و هونەر و بوونیشی لەو پێناوەدا بەخت کرد، بۆیە گرێدان و شەتەکدانی ناو و نازناوەکەی بە تەنها ناوچەیەکی کوردستانەوە کارێکی ئەستەمە. بۆ وی ئەوەندە بەسە کە لە دوو توێی

لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و لە دڵی ڕووداوەکانی گەلەکەی بە (هێمن) بناسرێت وەک ناسراوە، بگرە لە چاترین حاڵەتدا شایستەی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ بە مەبەستی نەوازش و ڕێزلێنان لە تەک دەستەیەک لە بوێژ و کەڵە نووسەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، پلە و پایەی (مامۆستا)ی پێ دراوە و بووە بە (مامۆستا هێمن)، ئەمە و لەکاتێکدا کە ئەو هێشتا لە نێوماندا بوو، بە گەورەترین مەیدانی ئیفتیخاری خۆی دەزانی، کە بە سەدان ڕۆڵە کوردی ئەملا و ئەولای کوردستانی بە ناوەوە کرابوون، بەشێکی زۆر لە شوێن و بازار و سەیرانگا... لە شار و باژێڕەکانی کوردستان بۆ خۆشەویستی ئەو مرۆڤە، بە نازناوی ئەوەوە هەڵدراون. چەندێک لە شیعر و هۆنراوەڕازاوەکانی کراونەتە بەستە و ئاواز و گۆرانی و بوونەتە وێردی سەرزاری خۆشخوان و هونەرمەندانی کورد، مەگەر لەو بوارەدا هەر (گۆران)ی شاعیری جوانی و هونەر، خۆی لە قەرەی بدات. بڕێ لە شاعیر و نووسەرانی کوردیش بە شانازی بەو ناوەوە، (هێمن)یان بۆ تەخەللوسی ئەدەبی خۆیان هەڵبژاردووە*.

بە کورتی وشەی (هێمن) وەکوو زار و وەکوو بێژە، وەکوو چەمک و مەبەست و مێژوو، لە فەرهەنگی کوردەواریدا، بە خاوەندارییەتی بووە بە هی (هێمن).

ئەو، سەرباری ئەوەی هەموو ژیان و دارونەداری پێشکەش بە مەسەلەی میللەتەکەی خۆی کردووە. هەمیشە خۆشی وەکوو خزمەتگوزارێک ناساندووە، چاوەڕوانی پاداشت و ئافەرین نەبووە، مرۆڤێکی خاکی و ئاواتی هەرە بەرزی ئەوە بووە، خزمەت بە زمان و ئەدەب و کولتووری نەتەوەکەی بکات و لە دوایی میللەتەکەی لێی ڕازی بێت.

لەگەڵ ئەوەی هێمن وەکوو شاعیر ناوی ڕۆیشتووە و ناسراوە، بەڵام بەرهەمی پەخشانی لە (وتار و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و چیرۆک و وەرگێڕان...) لایەنێکی باش و پڕشنگداری دیکەی هونەر و داهێنانی پێکدەهێنن. ئەگەر هات و لەم بابەت و مەبەستانەی شیعری هێمن بترازێین کە لەم نامەیەدا بە دوور و درێژی خراونەتە ڕوو، ئەوا لایەنی هونەر و جوانکاریی هۆنراوە، وێنەی شیعریی، شیرینی زار و زمان پاراوی و... گەلێک گۆشە و لایەنی تر لە ژیان و بەرهەمی ئەدەبی هێمن، شایانی باس و لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و نامەی زانکۆیی و ئەکادیمین.

**بەرهەمی هێمن:**

هێمن بە درێژایی ژیانی ئەدەبیی خۆی، خەرمانێکی مەزنی لە بابەتەکانی شیعر و پەخشان پێشکەش بە مێژوو و گەنجینەی ئەدەبی کوردیی کردووە، بەشی هەرە زۆریان چوونەتە ژێر چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بگرە کتێب و بەرهەمەکانی دووبارە و چەندبارە لە چاپ دراونەتەوە. هەندێ بەرهەمی بڵاوکراوەشی هەیە (لە شیعر و وتار و نووسین)، کە لە دوایی و لە بەر هەر هۆیەک بێت، نەیخستوونەتەوە نێو کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆیەوە، بەرهەمی چاپنەکراویشی لە پاش بە جێ ماون، بەتایبەت لە بواری وەرگێڕاندا، کەوا ڕەنگبێ لە ئایندەدا ڕووناکی چاپ ببینن.

لێرەدا بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر، ئەوانەی لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا بڵاوبوونەتەوە نیشان دەدەین:

١- تاریک و ڕوون، گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ژمارە(٥)، چاپی یەکەم، ١٩٧٤ م. ئەم بەرهەمە لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، لە پاشان بۆ جاری دووەم و سێیەم... لە مهاباد و تاران لە بەری گیراوەتەوە.

٢- ناڵەی جودایی، شیعر، چاپخانەی (عەلاء)، بەغدا، ١٩٧٩. لە ئێران نوسخەی لەبەر گیراوەتەوە و بە ناوی (چاپی دووەم) زۆر کراوە.

٣- پاشەڕۆک، چاپەمەنی سەیدیان، چاپی یەکەم، ١٣٦٢ش/١٩٨٣م. هێمن لە لاپەڕەکانی سەرەتای ئەو بەرهەمەی ڕای گەیاندووە کە مافی چاپ و لە چاپدانەوەی هەموو بەرهەمەکانی خۆی تا ئەو وەختە داوە بە برایانی سەیدیان و ئیدی مافی ئەویان بە سەردا نەماوە، بەرهەمەکان ئەمانەن:

ــ تاریک و ڕوون
ــ ناڵەی جودایی
ــ پاشەڕۆک، شیعر و پەخشان
ــ تحفه مظفریه، ٢ بەرگ، فۆلکلۆری کوردی کۆکراوەی ئۆسکار مان
ــ شازادە و گەدا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، مارک تواین.
ــ قەڵای دمدم،وەرگێڕان بۆ فارسی

٤- چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

ئەو بەرهەمە لە دوای ماڵئاوایی شاعیر بڵاوبۆتەوە، بۆ جاری دووەم لەلایەن (چاپەمەنی و ئینتیشاراتی ڕەهرەو ــ مهاباد) لە ساڵی ١٣٧٨/١٩٩٩لە چاپ دراوەتەوە.

٥- ناوەندی کتێب و چاپەمەنی (هەرزان) لە سوید، چاپێکی تازەی بۆ سەرجەمی شیعر و دیوانی شاعیر (تاریک و ڕوون، ناڵەی جودایی. پاشەڕۆک، لێرەولەوێ) لە (٤٠٠) لاپەڕەدا، بە هاوکاری و ساخکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسینی: س. ج. هێرش ــ (بەرپرسی گۆڤاری گزینگ، کە لە سوید بڵاودەبێتەوە) ئامادە کردووە، بێ گومان ئەم بەرهەمە وەکوو پوخت ترین دیوان و سەرجەمی شیعرەکانی

---

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
کۆلیجی ئاداب ـ بەشی زمانی کوردی

## ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن

**نامەیەکە**

**عثمان حمد خضر**

بە سەرپەرشتی
پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار

پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردی دا.

٢٧٠١ کوردی ١٤٢١ هیجری ٢٠٠١ میلادی

---

هێمن دەبێت، کە تائێستا چاپ و بڵاوبووێتەوە. بۆی هەیە لەم پانزدەهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر لە (٢٠٠١/٤/١٨)، بڵاوبێتەوە. (بڕوانە فایلی پاشکۆکان /بەڵگەنامە١/٦).

**چی دەربارەی هێمن نووسراوە:**

لە بەر هەژاری و کەم دەسەڵاتی کتێبخانەی کوردی، لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها کەم ئەزموونی ڕەخنەی ئەدەبیی لە بەشی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، تاوەکوو ئێستا کارێکی ئەدەبی سەربەخۆ لە بارەی ژیان و بەرهەمی هێمن نەنووسراوە، لە چەند باس و لێکۆڵینەوەیەک بەولاوە کە لە شێوەی نامیلکەدا دەرچوون و زیاتر شێوەی یادەوەری و خستنەڕووی خێرای هەندێ شیعر و بەرهەمی شاعیری لە خۆوە گرتووە، وەکوو:

١- یادی هێمن، کەریمی حیسامی، لە بڵاوکراوەکانی (سەردەمی نوێ)، سوئید، ١٩٨٧. بۆ یەکەمین ساڵگەردی کۆچی دوایی هێمن نووسراوە، بریتی یە لە سەرگوزەشت و بەسەرکردنەوەیەکی خێرای هەندێ لە بەرهەمی شیعری (تاریک و ڕوون)، لەگەڵ ئاماژەی مەبەست و بۆنە و کاتی هۆنینەوەیان، بە سوود وەرگرتن لە یەک دوو سەرچاوە کە لەو بارەیەوە نووسراون. بەشێکی ئەو نامیلکەیە بیرەوەریەکانی نووسەرە لەگەڵ شاعیر، لە تەک کۆمەڵێک نامە، کە شاعیر لە کاتی خۆیدا بۆ هەڤاڵەکانی نووسیوە، یا خوێنەران و شیعردۆستانی هێمن بۆ شاعیریان نووسیوە.

٢- هێمن و من، نووسینی: هێرش، شیرکەتی کتێبی هەرزان، چاپی یەکەم، سوید، بەهاری ١٩٩٢. نووسەر لە لاپەڕەی (٩)ی پێشەکی ئەو چاپکراوەدا دەڵێ «ئەو نامیلکەیەی لە بەر دەستت دایە، بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن و ڕێزلێنان لە یادی ئەو شاعیرە پایەبەرزە نووسراوە، ناوەرۆکی باسەکەمان بەر لەوەی لایەنی لێکۆڵینەوەیان هەبێ، زیاتر خاترە و بیرەوەرین...». هەندێ لایەنی ژیانی سیاسی و ئەدەبی شاعیر، بەتایبەت دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران، تیشکی خراوەتەسەر. هەروەها چەند لاپەڕەیەکی دوایی ئەو نامیلکەیە بۆ «هێمن لە ڕوانگەی شێعرەکانییەوە» تەرخان کراوە، کە شیکردنەوەی هەندێ ئامـاژەی بیلمەتانەی شاعیر بە دیاردەخات.

نووسەر، هێمن ناسێکی ئەدەبزان و شارەزایە، لەو مەیدانەدا هەندێ هەوڵی سوودبەخشی هەیە، باسێکی لە بارەی (ڕەوتی سەرهەڵدانی شیعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان) لە دوو بەشدا بڵاوکردۆتەوە کە ئێمە لە شوێنی خۆیدا سوودمان لێ بینیوە. وەکوو چۆن بۆ دەرهێنانی چاپی تازەی سەرجەمی بەرهەمی شیعری هێمن، بە شێوەیەکی پوخت و ڕاست و دروست ڕەنجی زۆری داوە.

٣- هێمن و بیر و هەڵوێست و شیعر: خالید دلێر، دەزگای بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٣. باسێکی ڕەخنەگرانەیە، نووسەر توانج و ڕەخنەی توند لە دیاردەی (مەی نۆشی) لە شیعری هێمن و بەتایبەت لە ساقی نامەی (ناڵەی جودایی) دەگرێت، بە هەڵوێستێکی چەوت و مەبەستێکی ئەدەبی نازانستییانەی قەڵەمداد دەکا. بە درێژی لەمەڕ بیر و هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە دەدوێ، هەرچەندی ئێمە لە گەڵ بیر و ڕاکانی نووسەر جیاوازیمان هەیە، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە بنیاتی باسەکەی لە سەر ڕێ و شوێنێکی زانستی هەڵچندراوە، بە پشت بەستن بە سەرچاوە و پەراوێزەوە و بە نموونە و بەڵگە هێنانەوە لە هۆنراوەکانی شاعیر، نووسەر بۆچوونەکانی خۆی پشت ئەستوور دەکات.

٤- هێمن ـ شاعر نالهء جدائی، ناونیشانی نامە و تێزی ماستەر (فوق لیسانس)ی خوێندکار محمد سعید نجاری (ئاسۆ) یە، کە قوتابی خوێندنی باڵایە لە ڕشتەی ئەدەبیاتی زمانی فارسی لە دانیشگای تەورێز. بنیاتی ڕەشنووسەکانی ئەم تێزە کە من لای ناوبراو لە کاتی خۆی (ئابی ٢٠٠٠) دیومە و وەکوو تێبینی لە لای خۆم تۆمارم کردووە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا سێ بەرهەمی شیعری ناوداری هێمن (ناڵەی جودایی، ئێوارەی پایز، سووری دەوران)، هەر بە شیعر و لەسەر هەمان کێش و ئاواز لەلایەن خوێندکار خۆیەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی. بەشی دووەمی بریتی یە لە دوو بەرهەمی پەخشانی هێمن (لە کوێ وە بۆ کوێ؟)ی پێشەکی شاعیر بۆ دیوانی تاریک و ڕوون، لەگەڵ چیرۆکی (مهاباد) بە زمانی فارسی.

بە کورتی پرۆژەی کار و نامەکەی (ئاسۆ) زیاتر بۆ ناساندنی (هێمن)ە، وەکوو ئەدیبێکی کورد لە کوردستانی ئێران، لە لای فارسی زمانان و لێکۆڵەرانی ئەو وڵاتە، هەروەها ڕادەی دەسەڵات و داهێنانیەتی لە هەردوو بواری شیعر و پەخشاندا. ئەم نامەیە تاکوو ئێستا پێشکەش نەکراوە، دیارە خوێندکار دوچاری گرفت هاتووە دەربارەی هەڵبژاردنی ناونیشان و باس و بابەتەکەی، لەگەڵ مامۆستا و بەشەکەیدا لە دانیشگا.

٥- کەسانێک باس و پێشەکییان بۆ کۆمەڵە شیعر و بەرهەمی چاپکراوی هێمن نووسیوە، لەوانە: شادڕەوان دکتۆر عبدالرحمانی قاسملو، محەمەدی مەلا کەریم، ڕەووف بێ گەرد، دیارە کە پەنجەیان بۆ گەلێک مەبەست و لایەنی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی، بەرهەمی شاعیر درێژکردووە، بیر و سەرنجی بە نرخیشیان لەو بوارانەدا دەربڕیوە، کە لە جێگەی خۆیدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

٦- دەیان وتار و باسی جۆراوجۆر، کە هەندێکیان دەچنە خانەی لێکۆڵینەوە، دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی ژیان و شیعر و بەرهەمی هێمن لە دەستدا هەنە، کە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٠ تاوەکوو ئەمڕۆ) نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. هەر یەکێک لە مانە بە ئەندازەیەک هاوکاری کردووە لە ڕۆشنکردنەوەی گۆشەیەک لە مەبەست و بەرهەم و داهێنانی شاعیر. ئێمە ئەوەندەی بە دەستمانەوە هاتبێت چووینەتە سۆراغی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە و، ئەو نووسین و وتار و باسانەمان بە سەر کردۆتەوە، بە ڕادەی سوودبەخش و پێویستیش بۆ ئەم نامەیە کەڵکمان لێیان وەرگرتووە(بگەڕێوە بۆ فایلی پاشکۆکان /١).

**دەربارەی بنیات و ستراکتۆری ئەم لێکۆڵینەوە:**

باس و بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو چوارچێوەدایە کە خودی ناونیشانی باسەکە دەستنیشانی کردووە، واتە مەبەست و ناوەرۆکی (سیاسی ــ کۆمەڵایەتی) لە شیعری هێمن، بۆیە ڕووناهی خراوەتە سەر دوو بابەت و مەبەستی سەرەکی کە هەردوو پایەی ناونیشانەکەی لە سەر دارێژراوە (ناوەرۆکی سیاسی ـ ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی) لە بەرهەمی شیعری هێمن.

بە شێوەیەکی گشتی بنیات و ستراکتۆری باسەکە لە پێشەکی و سێ بەش لەگەڵ ئەنجام و سەرچاوەکان و فایلی پاشکۆکان پێکهاتووە:

بەشی یەکەم، بۆ زەمینە خۆش کردنە بۆ چوونە نێو کرۆکی بابەتەکانی باسەکە، بۆیە وەکوو دەروازەیەکی ئاشنایی یە لەگەڵ سەرەتاکانی ژیان و ئەدەب و تێکۆشانی شاعیر لەو سێ تەوەرەی ناومان بردن، واتە ١/ژیان، ٢/ ئەدەب و ٣/ سیاسەت، کە لە پاشان و لە ٤/ یەکگرتنەوەی جەمسەرەکان، ئەم تەوەرانە یەک دەگرنەوە و دەبن بە یەک، ئەنجا تا کۆچ و ماڵئاوایی شاعیر درێژ دەبنەوە.

بەشی دووەم، دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی یە لە شیعری هێمن، لەوێدا چەمکی مەبەست و فیکر و ناوەرۆکی سیاسی لە بەرهەمی شیعری شاعیر خوردکراوەتەوە بۆ چەند بابەت و باسی لاوەکی، وەکوو شیعری (نەتەوەیی، نیشتمانی، خەبات و بەرەنگاری، بابەتی تر)، کە لە چەند بڕگە و بەشۆکەی جیاجیادا پۆلێن کراون و باسیان لێوە کراوە و لە بەرهەمی شیعری شاعیردا نموونەکانیان خراوەتەڕوو. ئەنجا بیرۆکەی سیاسی شاعیر سەبارەت بە هەر یەکێک لەم بابەت و باسە لاوەکییانە ڕوون کراوەتەوە و بە پێی هەلومەرج و دەلالەتەکانی گوتن و لەدایکبوونی ئەو هۆنراوانە باسی لێوەکراوە.

بەشی سێیەم، لە بارەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی شیعری هێمنە، وەکوو چوارچێوە هەموو ئەو مەبەست و مەسەلە و بابەتانە دەگرێتەوە کە لە شیعری هێمندا بەدیدەکرێ و دەچنە خانەی بیر و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییەوە. کە ئەمانیش بە دەوری خۆیان دابەش دەبن بە سەر چەند لق و لایەنی جۆراوجۆر وەکوو:

ــ مەسەلەی پشتیوانی کردن لە جووتیاران و ڕەنجبەران

ــ لایەنگیری لە سەربەستی و ڕزگاربوونی ژن

ــ هۆشیاری کۆمەڵ و زانست پەروەری

ــ چیرۆکی شیعری، پەندی کۆمەلایەتی

ــ شیعری دڵداری و جوانی پەرەستی و غوربەت و مەینۆشی.. تا دوایی

کە بۆ هەر یەکێک لەم لق و مەبەستانە لە بەرهەمی شاعیر باسێکی لاوەکی تەرخان کراوە و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی، بە بەرچاوخستنی نموونەی شیعرەکان، دەستنیشانکراوە. لەگەڵ ڕاڤە و یەکالاکردنەوەی پێویست بۆ چەمک و بابەت و دەلالەتی شیعرەکان.

ئەنجام و لیستی سەرچاوە و فایلی پاشکۆکان، بەشی دوایی نامەکەیان پێکهێناوە. ئاکام و ئەنجامی باسەکە لە چەند خاڵ و بڕگەیەکدا خراوەتە ڕوو، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، فایلی پاشکۆکان لە کۆمەڵێک پاشکۆ، بەڵگەنامە، نامەی جۆراوجۆر، لە پاڵ ئەلبۆمێکی شاعیر و یادوەرییەکانی، بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی باسەکان، کۆتایی ئەم نامەیان پێکهێناوە.

**دەربارەی ڕێباز و میتۆدی باسەکە:**

ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ــ ئەدەبی، وەسفی، پراکتیکی یە، لەمەڕ بابەتەکانی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی لە بەرهەمی شیعری هێمن دا. تیادا هەوڵمان داوە بە شێوەیەکی بابەتی و بە پەنابردنە بەر دەقی شیعر و هۆنراوەکانی شاعیر خۆی، بە پێ و دانگی ئەو زەمان و زەمینانەی تیایدا هاتوونەتە بەرهەم، خۆمان لە فیکر و دید و جیهانبینی هێمنی مرۆڤ و شاعیر و سیاسی نزیک بکەینەوە، بەو زمان و نەفەس و شێوازە بێینە گۆ کە شاعیر بەرهەمەکانی پێ داهێناون، لەو ڕۆژگارانە سەر هەڵێنینەوە کە هێمن تیایدا ژیاوە و بۆی ژیاوە، شیعرەکانی تیایدا گوتووە و بۆی گوتووە. واتە شوێن پێی ناوەرۆک و ئامانج و بیرۆکەی بەرهەمەکانمان هەڵگرتووە، بە سوود وەرگرتن لە ژیان و بیر و باوەڕ و تێگەیشتنی خاوەن بەرهەم و سەردەمەکەی، ئەنجا سەر بەرەو ژوور ڕێماز کردووە، لە سەرەتاکانەوە بۆ کۆتایی، لە کۆنەوە بۆ نوێ، لە کاڵییەوە بۆ گەیشتن، لە ساکارییەوە بۆ ئاڵۆزی و پەرەسەندن.

ڕاستی ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لەو لایەنانە بواردووە کە دەچنە چوارچێوەی باسی ڕوخسار و ناوەرۆکی هونەری لە بەرهەمی شیعری شاعیر، لەگەڵ ئەوەی کە لایەنێکی گرینگی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستی پێکدەهێنن. ئەوەش هەر لە بەر ئەو هۆیە بووە کە لە چوارچێوەی ناونیشان و کرۆکی باسەکەی ئێمە بەدەربوون.

لە کۆتاییدا هیوا دەخوازم کە توانیبێتم، لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکەدا، تا ڕادەیەک سەرکەوتن بە دەست بهێنم، بەشی کوردی کۆلیجی ئاداب و مامۆستایانی هێژام، لە پاڵ نامەخانەی کوردی ئەم بەرهەمە خاکییەم بە چاوی ڕەزامەندییەوە لێ وەربگرن. وەکوو چۆن ئاواتەخوازم خزمەتێکی ناشایستەم پێشکەش بە ڕەوانی پاکی هێمنی شاعیر و مرۆڤ و خەباتگێڕی ڕێگای میللەتەکەم کردبێت.

* * *

* بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق، کامل ژیر (١٩٣٤...) و عەزیز شاڵی(١٩٢٠-١٩٧٠)، بە نازناوی (هێمن) لە پەنجا و شەستەکان، شیعر و بەرهەمیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە. لە کوردستانی ئێرانیش لە هەڵبژاردنی نازناوی ئەدەبی لە وێنەی (هێدی، هاوار، هومێد، هەتاو، هێڤی، هۆسا، هێور...) جۆرێک چاولێکەری و خۆنزیک خستنەوە لە نازناوی (هێمن)ی شاعیری لێ بەدیدەکرێت.

**تێبینی**: ئەو بەرهەمەی نووسەر ئاماژەی پێکردووە، تا دەرچوونی ئەم ژمارەیە هێشتا چاپ نەکراوە، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیێندراوی (کتێبفرۆشی هەرزان) ماوەیەکە خراوەتە ژێر چاپ و بە زوویی دەگاتە دەست خوێنەرەوانەوە (گزینگ).

# چەند ڕوونكردنەوەیەك دەربارەی كۆمەڵەی ژ.ك

نووسینی: جووتیار

تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوە دەربارەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و ئۆرگانەکەی گۆڤاری (نیشتمان) بڵاوکراوەتەوە. کەم پارت و ڕێکخراوی سیاسی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا ئەوەندەی کۆمەڵەی ژ.ک بووەتە جێی قسە و باس و لێکۆڵینەوە. کەچی، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا زۆر لایەنی ئەو ڕێکخراوە بە نارۆشنی ماوەتەوە و زانیاریی تەواو دەربارەی تۆمار نەکراوە. بەشێکی زۆری ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەش کە دەربارەی نووسراون، زانیارییەکانیان کەم و کورتن و لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی پێشترەوە وەرگیراون.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا نامانەوێ لە گشت لایەنێکی کۆمەڵەی ژ.ک بکۆڵینەوە، بەڵکوو تەنها تیشک دەخەینە سەر سێ لایەنی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیە: ١- ناوی تەواوی کۆمەڵی ژ.ک ٢- مێژووی دامەزراندنی و ٣- ناوی دامەزرێنەرەکانی.

**١ـ ناوی تەواوی كۆمەڵەی ژ.ك:**

لەو وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە ناوی کۆمەڵەی ژ.ک یان تیا هاتووە، بە گەلێک جۆر ناوەکەی نووسراوە: (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کۆمەڵەی ژیانی کورد، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کۆمەڵەی ژ.ک، کۆمەڵەی ژێ. کاف)[1] وا لە خوارەوە ئاماژە بۆ سەرچاوە گرینگەکان دەکەین:

١- لە گەلێک وتار و کتێبدا بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ناوبراوە. بۆ نموونە لە کتێبی **کوردستان و کورد**: دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو[2]، **دراسات فی تاریخ ایران**: دوکتور کەمال مەزهەر[3]، **کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران**: کەریمی حسامی[4]، **گۆڤاری نیشتمان**: دوکتۆر جەمال نەبەز[5]، **دەوڵەتی جمهوری کوردستان**: مەحموود مەلاعیززەت[6]، **ئاڵەکۆک**: بیرەوەرییەکانی غەنی بلوریان[7] و، لە گەلێک سەرچاوەی دیکەشدا.[8]

٢- لە هەندێک وتار و لێکۆڵینەوەشدا بە (کۆمەڵەی ژیانی کورد) ناوبراوە، وەک کورد و کوردستان: د. قاسملوو[9]، چەند لاپەڕەیەک لە خەباتی نەتەوەی کورد: حسێن جاف(بە عەرەبی)[10]، وتارێکی ئارشی ڕۆزڤێلت[11]، نامەیەکی دوکتۆر هاشمی شیرازی[12] و هەروەها چەند سەرچاوەی دیکەش.

٣- لە گەلێک سەرچاوەشدا بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) ناوبراوە، وەک لە کردستان و الحرکە القومیە لکردیە: جلال طالبانی[13]، کۆماری میللی مەهاباد: مەحموود مەلا عیززەت[14]، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان: حامید گەوهەری[15] و گەلێک سەرچاوەی تریش.

٤- لە هەندێک وتار و لێکۆڵینەوەشدا تەنها کورتکراوی ناوەکە، بە یەکێک لەم شێوانە نووسراوە: (کۆمەڵەی ژ.ک)، (کۆمەڵەی ژێ. کاف) یان (کۆمەڵەی ژێکاف)، وەک پەنجا ساڵ خەبات: جەلیل گادانی[16]، پێشمەرگە: د. ڕەحیمی قازی[17]، حکومەتی کوردستان...: ئەوشیروان مستەفا ئەمین[18]، چێشتی مجێور: هەژار[19] و تاریک و ڕوون: هێمن[20] و زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی تریش.

بە دوو بەڵگەنامە دەتوانین لە ناوی تەواوی کۆمەڵەی ژ.ک دڵنیا بین:

یەکەم ـ مامۆستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە یەکێک لە ئەندامە هەرە چالاک و دیارەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەبوو، لە وتارێکی کورت و بەنرخدا کە بە زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەی «خەبات»دا بلاوی کردووەتەوە، سەبارەت بە ناوی کۆمەڵەی ژ.ک، هەڵەی ئارشی ڕۆزڤێلتی ڕاستکردووەتەوە کە لە «میدڵ ئیست جۆرناڵ» (ساڵی ١٩٤٧) دا بڵاویکردووەتەوە. مامۆستا زەبیحی لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ڕۆزڤێلت وای زانیوە (ژ.ک) کورتکراوەی ناوی (ژیانی کورد)ە، ئینجا نووسیویەتی: «ناوی دروستی کۆمەڵەی ژ.ک بەم جۆرەیە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە دەبێتە حزب احیاء کردستان، نەک ژیانی کورد»[21]. مامۆستا زەبیحی ئەگەرچی وتارەکەی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، کەچی ناوەکەی بە کوردی و عەرەبیش نووسیوە، چونکە زانیویەتی گەلێک جار ناوەکەی بە هەڵە نووسراوە. دیارە تەنها مەبەستی ئەوە نەبووە کە هەڵەی ئارشی ڕۆزڤێلت ڕاستبکاتەوە، بەڵکوو ویستوویەتی سەرنجی ڕووناکبیرانی کوردیش بۆ ئەوە ڕابکێشێ و چیدیکە ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە!

دووەم ـ لە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤی یەکێتی سۆڤیەت دا، کە بریتی یە لە وتووێژێکی نێوان سەرکونسوولی سۆڤیەت لە شاری ورمێ، لەگەڵ دوو نوێنەری کۆمەڵەی ژ.ک عەبدولڕەحمانی زەبیحی و قاسمی ئێلخانی زادە (لە ٩ی سێپتامبری ١٩٤٤دا)، لە وێدا لە زمانی زەبیحی و ئێلخانی زادەوە نووسراوە. «...ئەم ڕێکخراوە نزیکەی دوو ساڵە پێکهاتووە و ناوی پارتی ژ.ک، بە مانای پارتی ژیانەوەی کوردستانە».[22]

بەمجۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە (ژ.ک) کورتکراوەی ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»ە، بە هەر شێوەیەکی دیکە ناوەکەی نووسرابێ یان بنووسرێ هەڵەیە!

**٢- مێژووی دامەزرانی کۆمەڵە**[٢٣]:

لەو وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە باس لە کۆمەڵەی ژ.ک کراوە، مێژووی دامەزرانی کۆمەڵە بە شێوەی جۆراوجۆر نووسراوە، وا لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بۆ بەشێک لەوانە دەکەین:

ـ د. قاسملوو (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ ـ ١٦ی ئووتی ١٩٤٢)ی نووسیوە[٢٤]

ـ ویلیام ئیگلتن (٢٥ی شەهریوەری ١٣٢١ی هەتاوی ـ ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢)ی نووسیوە[٢٥]

ـ د. کەمال مەزهەر (١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢)ی نووسیوە[٢٦]

ـ مەحموودی مەلا عیزەت (١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١)ی نووسیوە[٢٧]

ـ د. ڕەحیمی قازی (حوزەیرانی ١٩٣٨)ی نووسیوە[٢٨]

ـ غەنی بلوریان (ڕەمەزانی ١٣١٧-١٩٣٨)[٢٩]

ـ هێمن (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١- ١٦ی ئابی ١٩٤٢)[٣٠]

لەو ڕۆژژمێرانەدا کە کۆمەڵە سالی ١٩٤٣ و ١٩٤٤ چاپیکردن، نووسراوە (٢٥ی گەلاوێژ جێژنی سەری سالی کۆمەڵەی ژ.ک) و هەروەها لە ژمارە ٢ی گۆڤاری نیشتمان دا نووسراوە: «ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جیژنی سالانەی کومەلە بە شکوە و خوشیکی زورەوە گیرا و گەلی لە ئەندامەکان مەقالەی باشیان نوسیبو خویندیانەوە کە لە پاشان چاپیان ئەکەین».[٣١]

لە گەلێک بەڵگەنامەی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەند وتاری ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمارەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی ژ.ک لە سالی ١٩٤٢ دامەزراوە. لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین کە لە ڕۆژی (٢٩-٥-١٣٢٥ / ٢٠-٨-١٩٤٦)دا دەرچووە. لەو ژمارەیەدا چەند وتار و بابەتێک بە بۆنەی (پێنجەمین) سالڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بلاو کراوەتەوە و ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەو حیزبە لە ٢٥ گەلاوێژی ١٣٢٥ (١٦ی ئابی ١٩٤٦) دا ئاهەنگی ساز کردووە و یادی پێنجەمین سالەی دامەزراندنی کردووەتەوە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو دەمەدا،خۆی بە درێژەپێدەری کۆمەڵەی ژ.ک زانیوە و ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی بە ڕۆژی دامەزراندنی خۆی زانیوە.

بەمجۆرە بۆمان ڕۆشن دەبێتەوە کە کۆمەڵەی ژ.ک، ڕۆژی (١٦ی ئابی ١٩٤٢ (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١) دامەزراوە و بە هەر جۆرێکی دیکە ئەو مێژووە نووسرابێ یان بنووسرێ هەڵەیە.

لێرەدا کە باس لە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک کرا، پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە بۆچی هەندێک جار ئەو مێژووە دەبرێتەوە بۆ سالی ١٩٣٨؟

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٨دا حیزبێک بە ناوی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان» لە شاری مەهاباد، لە لایەن (عەزیز زەندی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حوسێنی فروهەر ناسراو بە حوسێنی زێڕینگەران، محەمەدی نانەوازادە، غەفووری مەحموودیان) ەوە دامەزراوە.[٣٢] عەزیز زەندی دەبێتە سەرۆکی حیزبەکە و زەبیحی و فروهەر و نانەوازادە و مەحموودیان و... کاروبارەکانی هەڵدەسووڕێنن. ئەم حیزبە ئەگەرچی لە سەرەتادا چالاکانە کەوتە کارکردن. بەڵام پاشان کێشە لە نێو ئەندامە سەرەکییەکانیدا سەرهەڵدەدات و سەرەنجام عەزیز زەندی و غەفووری مەحموودیان و چەند ئەندامێکی دیکە لە حیزبەکە جیا دەبنەوە. هاوکات ژمارەیەک لە ئەندامە چالاکەکانیش لەلایەن ڕژێمی ڕەزاشاوە دەگیرێن و هەندێکیان دەخرێنە زیندان وئەوانی تریش بەرەو یەزد و کرمان و شیراز و دووردەخرێنەوە. ئیدی وردە وردە چالاکی کز دەبێ. تا ئەو دەمەی کە هێزی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە مانگی ئابی ١٩٤١دا دەچنە ئێرانەوە و هێزی سۆڤیەت باکووری ئێران دەخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە. لەو سەرووەختەدا، دوور لە دەسەڵات و زەبر و زەنگی ڕژێمی ڕەزا شا، هەلومەرجێکی لەبار دروست دەبێ و ئەندامە دوورخراو و زیندانییەکان بەرەوشوێنی خۆیان دەگەڕێنەوە و سەر لەنوێ حیزبەکە زیندوو دەکەنەوە و نزیکەی سالێک چالاکی دەنوێنن، تا لە ١٦ ئابی ١٩٤٢دا دەستەیەک لە ئەندامانی ئەم حیزبە، بە ڕێنوێنی «حیزبی هیوا» و لە سەر بنەماکانی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، ڕێکخراوێکی بە تواناتر و کاریگەرتر بە ناوی کۆمەڵەی ژ.ک دادەمەزرێنن.

مامۆستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حیزبی ئازادیخوازی کوردستان و کۆمەڵەی ژ.ک یش بووە، لەو وتارەیدا کە لە ڕۆژنامەی «خەبات»دا بلاوی کردووەتەوە و پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لەم ڕووەوە نووسیویە: «پێش دامەزراندنی کۆمەڵە ـ کۆمەڵەی ژ.ک ـ حیزبێکی دیکە بەناوی حیزبی ئازادیخوازی کوردستانەوە کاری دەکرد، هەروەک پێشتریش تاڕادەیەک بە درێژی لێمان کۆڵیوەتەوە، کۆمەڵە بە درێژەپێدەری تێکۆشانی ئەم حیزبە، لە هەلومەرجی دوای داگیرکردنی ئێران لە سالی ١٩٤١ و وەدەرنانی داروودەستەی هیتلەر، دەژمێردرێت».

پاشان نووسیویە: «حیزبی ئازدیخوازی کوردستان و کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە واقیعدا یەک حیزب بوون، بەڵام لە سێ هەلومەرجی جیاوازدا: هەلومەرجی پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان؛ هەلومەرجی چوونی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ ئێران و لابردنی ڕەزاخان و هەلومەرجی دوای جەنگ؛ چالاکییەکانیشیان سێ ئەڵقەی پەیوەست بە یەک لە خەباتی گەلی کورد، دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم پێکدێنێت».[٣٣]

**٣- دامەزرێنەرانی کۆمەڵە:**

لەو سەرچاوانەدا کە باسی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک کراوە، ناوەکان بە گەلێک جۆر نووسراون. هەندێکیان تاڕادەیەک لێک نزیکن و هەشیانە لێک دوورن.[٣٤]

ویلیام ئیگلتن ئەمانەی بە دەستەی دامەزرێنەر[٣٥] زانیوە:

١) ڕەحمانی حەلەوی ٢) محەمەدئەمینی شەڕەفی ٣) محەمەدی نانەوازادە ٤) عەبدولڕەحمانی زەبیحی ٥) حوسێنی فروهەر(زێڕینگەران) ٦) عەبدولڕەحمانی ئیمامی ٧) قاسمی قادری ٨) مەلا عەبدوڵلای

داودی ۹) قادری مودەرریسی ۱۰) ئەحمەدی عیلمی ۱۱) عەزیزی زەندی ۱۲) محەمەدی یاهو ۱۳- میرحاج (عێراقی)

مەلا قادری مودەرریسی کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە بووە، ناوەکانی بەم جۆرە یادداشت کردووە: «محەمەدی نانەوازادە، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حوسێنی فروهەر، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، قادری مودەرریسی، قاسمی قادری، مەلا عەبدوڵلای داودی(ناسراو بە مەلای حەجۆکێ)، محەمەدی یاهو، سەددیقی حەیدەری، عەبدولڕەحمانی کەیانی، میرحاج (عێراقی)و، سەعیدی حەمەقالەی بێستانچی».[36]

مام جەلال بە پرس و ڕا لەگەڵ زەبیحی ئەمانەی بە دەستەی دامەزرێنەر زانیوە: «۱-حەسەن زەرگەری (حوسێنی زێڕینگەران دروستە ـ جووتیار) ۲- عەبدولڕەحمانی زەبیحی ۳- عەبدولڕەحمانی ئیمامی ٤- عەبدولقادری مودەرریسی ٥- نەجمەدینی تەوحیدی ٦- محەمەدی نانەوازادە ۷- عەلی مەحموودی ۸- محەمەدی نەسحابی ۹- عەبدولڕەحمانی کەیانی ۱۰- سەددیقی حەیدەری و ۱۱- قاسمی قادری».[37]

هەژار کە ئەندامی ژمارە ۲۰ی کۆمەڵە بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە ناوی دامەزرێبەران، ناوای نووسیوە: «یازدە کەس لە باغی سیسەی سابڵاغ، دەگەڵ میرحاج کۆدەبنەوە. لە سەر ئامۆژگاری ئەو، حیزبی ژ.ک دادەمەزرێنن. سوێندنامەکەی دەنووسنەوە، پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێک دەسکارییەوە دەکەنە پرۆگرامی «ژ.ک» حوسێن فروهەر، زەبیحی، تەوحیدی مەلا نەجمە، ئیمامی، محەمەدی نانەوا، قادری مودەریسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەندی، محەمەد سەلیمی، قاسم قادری، خاڵە مەلای داودی یازدە کەسی بناغەدانەر بوون. جا کە زەبیحی منی بردە سوێنددان بە منەوە بووینە بیست ئەندام. حوسێن ئەندامی ژمارە یەک و زەبیحی ژمارە دوو بوو و حوسێن سەرۆکی کۆمەڵە ژ.ک بوو».[38]

مامۆستا جەلیلی گادانی ئەمانەی بە دامەزرێنەر و کارگێڕی سەرەکی کۆمەڵە زانیوە: «مەلا عەبدوڵلای داودی، حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادری مودەرریسی، نەجمەدینی تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەدی نەسحابی، عەبدولڕەحمانی کەیانی، سەددیقی حەیدەری، قاسمی قادری، عەزیزی زەندی، محەمەدی یاهو، ئەحمەدی عیلمی، میرحاج و مستەفا خۆشناویش بە نوێنەری حیزبی هیوای کوردستانی عێراق، بەشداری کۆبوونەوەی ئەسڵی بوون».[39]

من کە لە ناوی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەم کۆڵیوەتەوە، بۆم ڕوون بووەوە ئەو ناوانەی مام جەلال و دوکتۆر قاسملوو نووسیویانن ڕاست و دروستن. بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەین:

ـ مامۆستا محەمەدی شاپەسەندی کە (لاوترین) ئەندامی کۆمەڵە بووە و وێڕای زەبیحی کاروباری چاپەمەنی کۆمەڵەی لە ئەستۆ بووە، زۆرجار لای من ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بە هەڵە لە هەندێک نووسراوەدا ناوی ئەو لە ڕیزی دامەزرێنەران نووسراوە و ئەو لە دەستەی دامەزرێنەر نەبووە و پاشتر پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە. بەڵام شاپەسندی چەند جار بە منی ڕاگەیاندووە کە «عەلی ریحانی»یش لە دەستەی دامەزرێنەر بووە و ناوی لە بیرکراوە.[40]

ـ گەلێک جاریش کە ناوی میرحاج و هەندێک جاریش ناوی مستەفا خۆشناو لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەران نووسراوە، ئەوان ئەندام و نوێنەری حیزبی هیوا بوون بە مەبەستی ڕێنوێنی و هاوکاریی ڕوناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێران، چەند جارێک سەردانی مەهابادیان کردووە و لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەدا لە شاری مەهاباد بوون. بەڵام تەنها میرحاج لە کۆبوونەوەی ۱٦ ی ئابی ۱۹٤۲دا بەشداری کردووە.[41]

ـ لە گەلێک سەرچاوەدا ناوی عەزیز زەندی لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نووسراوە، ئەوە هەڵەیە. چونکە زەندی بەر لەوەی کۆمەڵە دابمەزرێ هەر ئەو دەم کە بە ناوی حیزبی ئازادیخوازی کوردستانەوە کاریان کردووە لە فروهەر و زەبیحی و نانەوازادە دوورکەوتووەتەوە.[42]

ـ سەید محەمەدی سەمەدی لە زمانی «عەلی سەددیقی»یەوە نووسیویە کە ڕەحمانی سەددیقی یش لە دەستەی دامەزرێنەر بووە[43]، لە هیچ وتار و لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا ناوی ڕەحمان سەددیقی م لە ڕیزی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەردا بەرچاو نەکەوتووە. ڕەنگە ئەندامێکی چالاکیش بووبێ و ئێستا لە بیر چووبێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

۱- تا ئێستا گەلێک کەس لە ناوی کۆمەڵەیان کۆڵیوەتەوە و زۆربەشیان لە سەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە (ژ.ک) کورتکراوی (ژیانەوەی کورد)ە. بۆ نموونە بڕوانە پێداچوونەوە: کەریمی حسامی، بەرگی یەکەم، ل ۱۷۰؛ سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی ژ.ک، حەسەنی قازی، گزینگ ژمارە۱۷، زستانی ۱۹۹۷، ل ۳۷-۳۹.

جێی سەرنجە کاک حەسەنی قازی لەو وتارەیدا گەیشتووەتە ئەوەی کە ژ.ک بە کورتکراوەی (ژیانی کورد) بزانێ! کەچی لە ژمارە ۱۹ گزینگ (بەهاری ۱۹۹۸، ل ۱۹، ستوونی ۱)دا لە ڕوونکردنەوەیەکی کورتدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی نووسیوە. پێشتریش لە ژمارە ۱۷ی گزینگ دا بابەتێکی بە ناوی «بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»ەوە بڵاوکردووەتەوە.

۲- کوردستان و کورد، د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ۱۹۷۳، ل ۹۱؛ هەروەها: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگەی یەکەم، چاپی دووەم، ۱۹۸۸، ل۲۷.

۳- دراسات فی تاریخ ایران الحدیث و المعاصر، الدکتور کمال مظهر، بغداد، ۱۹۸٥، ص ۲٥۷؛ هەروەها: مێژوو، بەغدا، ۱۹۸۳. ل۲۱٤؛ تێگەیشتنی ڕاستی، بەغدا ۱۹۸۷، ل۸۰.

٤- کەروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حسامی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ۱۹۷۱، ل۱۳؛ هەروەها: پێداچوونەوە، بەرگی یەکەم، ل ۱۷؛ کۆماری دێموکراتی کوردستان یان خودموختاری؟، ۱۹۸٥، ل٤٤.

٥- گوڤاری نیشتمان، ئیدەئۆلۆژیی هوردەبۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا، د. جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ۱۹۸٥، ل ۳۱.

٦- دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحموود مەلا عیزەت، بەرگی ۳، سوید، ۱۹۹۷، ل٦۸٥.

۷- ئاڵەکۆک، غەنی بلوریان، سوید، ۱۹۹۷، ل۱٦؛ هەروەها: گۆڤاری

کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە ٥و٦، تەباخی ۲۰۰۰، ل ۲٤-۳٦.

۸- ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، سوید، ۱۹۹۹، ل ۲۹۸. هەروەها: تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ۱۳۷۳، انتشارات رهرو، ل ۱۱۰.

۹- گۆڤاری نیشتمان، د. جەمال نەبەز، ل۳۱.

۱۰- صفحات من نضال الامه الكرديه، ترجمه: حسين جاف، شمس كردستان، العدد ۳و٤ اب ـ ايلول ۱۹۷۱، ص۲۷.

11- The Middle East Journal, vol 1. No 3. July 1947.

۱۲- ژیان و بەسەهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی، ل ٥۹.

۱۳- كردستان و الحركه القوميه الكرديه، جلال طالباني، منشورات النور، الطبعه الاولى، بغداد، ۱۹۷۰، ص۱٥۹.

۱٤- کۆماری میللی مەهاباد، مەحموود مەلا عیزەت، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ۱۹۸٤، ل٦٤.

۱٥- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامیدی گەوهەری، سوید، ۱۹۹۸. ئەم کتێبەی کاک حامید لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەیە دەربارەی کۆمەڵەی ژ.ک. لە ل۲۷ و ۲۸دا لە ناوی کۆمەڵەی کۆڵیوەتەوە و لە سەر «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» ساغ بووەتەوە، بۆیە کتێبەکەشی بەو ناوەوە بڵاوکردووەتەوە. جێی سەرنجە پێشتر لە نامیلکەی: لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوەیەک بە بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی دا (سوید، ۱۹۹٦)، لە ل ۳ و ۱٥دا (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ی نووسیوە.

۱٦- پەنجا ساڵ خەبات ...، جەلیل گادانی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ۱۹۹٦، ل ۱۹-۲۱.

۱۷- پێشمەرگە، د. ڕەحیمی قازی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی تیشک، چاپی دووەم، ۱۳٥۹، ل ۱۲۲ و چەند لاپەڕەی دیکەش.

۱۸- حکوومەتی کوردستان...، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپی یەکەم، ۱۹۹۳، ل ٥۸ و چەند لاپەڕەی دیکەش.

۱۹- چێشتی مجێور، هەژار، چاپی یەکەم، پاریس، ۱۹۹۷، ل ٥۷-٥۸. پێشتر هەژار(ژیانەوەی کورد)ی نووسیوە، بڕوانە: بۆ کوردستان، هەژار، چاپی سێیەم، ۱۳٥۸. تاران، ل ۱۱٥.

۲۰- تاریک و ڕوون، هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ۱۹۷٤، ل ۲۰.

۲۱- رد على كراس السيد ارشى روزفلت، بقلم زەبیحی، جريده «خەبات»، العدد ۱۹۲، ۱۹٦۰، ص۳.

لەم وتارەدا مامۆستا زەبیحی ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کە لە سەردەمی چالاکی کۆمەڵە (۱۹٤۲-۱۹٤٥)دا ڕژێمی ئەودەمی ئێران یەک لە دوای یەک، چەند سیخوڕێکی خۆی دەناردە مەهاباد و دەوروبەری هەتاکوو زانیاریی دەربارەی کۆمەڵە کۆبکەنەوە، کۆمەڵەش بۆ چەواشەکردنی ئەوانە وای بڵاودەکردەوە کە کۆمەڵە جگە لەوەی ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری یە هیچی دیکە نییە و کاری بە سەر سیاسەتەوە نییە و ناوکەشی کۆمەڵەی ژیانی کوردە. پاشان ئەوانە لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەمان ئەو شتانەیان دەنووسییەوە کە بیستبوویان دیارە ئارشی ڕۆزفێلتیش سوودی لەو جۆرە ڕاپۆرتانە بینیوە!

۲۲- هێندێ بەڵگە و بۆچوون لە سەر کۆمەڵەی ژێکاف، ئەفراسیاب هەورامی لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی، گۆڤاری ڕابون، ژمارە۲۲، ۱۹۹۷، ل٥۳.

۲۳- چەند کەسێک لە مێژووی دامەزرانی ژ.ک یان کۆڵیوەتەوە، بۆنموونە بڕوانە: بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد، حەسەنی قازی، گزینگ ژمارە۱۷، زستانی ۱۹۹۷، ل ۳۷-۳۹. دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحموود مەلا عیزەت، بەرگی ۳، سوید، ۱۹۹۷، ل٦۸٥. گۆڤاری نیشتمان، د. جەمال نەبەز، ل ۳۰-۳۳. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامیدی گەوهەری، سوید، ۱۹۹۸، ل۹-۱۲.

۲٤- چل ساڵ خەبات...، ل۲۸.

29- William Eagelton Jr. The Kurdish repablic of: 1946, Oxford University Press, London 1963, P.33

۲٦- دراسات فی تاریخ ایران، ل ۲٥۷.

۲۷: کۆماری میللی مەهاباد، ل٦۳.

۲۸- دراسات...، ل۲٥۷، پەراوێزی ۱۲۲؛ گزینگ، ژ۱۷، ل۳۷.

۲۹- ئاڵەکۆک، ل۱٦.

۳۰- تاریک و ڕوون، ل۲۰.

۳۱- گۆڤاری نیشتمان...، نیشتمان ژ۲، خەزەڵوەری ۱۳۲۲، ل۲.

۳۲- هاوینی ساڵی ۱۹۹۲ لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلم دەربارەی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان» نووسی، پاشتر وردە وردە دەوڵەمەندم کرد و کورتەیەکیم بە دوو بەش لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە ۱۹۸و۱۹۹دا بڵاوکردەوە، ئەو لێکۆڵینەوە ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ.

۳۳- خەبات، ژمارە۱۹۲، ل۳.

۳٤- گەلێک لەو نووسەر و لێکۆڵەرەوانەی دەربارەی ژ.ک یان نووسیوە، لە ناوی دامەزرێنەرانیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە بڕوانە: حکوومەتی کوردستان...، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل٥۹. ڕێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراق، وەرگێڕان و ئامادەکردنی فەهد گردەوانی، سوید ـ ۱۹۹۹، ل٤٤-٤۹. کۆمەڵەی ژیانەوە کوردستان، ل۲۹-۳٦.

۳٥- کۆماری کورد، ل۱۳۳.

۳٦- بڕوانە: کۆماری کورد ۱۹٤٦، بەرگی دووەم، وەرگێڕاوی سید محمدی صمدی، ل ۸۹. ژێ. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟ کۆکراوەی سەیدموحەمەدی سەمەدی، ۱۹۸۱، ل۲۱.

۳۷- کردستان و الحرکه...، ل۷۱.

۳۸- چێشتی مجێور، ل٥۷.

۳۹- پەنجا ساڵ خەبات، ل۲۰.

٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (گفتوگۆیەک لە گەڵ سەربازی ئەناسراو محەمەدی شەپەسەندی، ئامادەکردنی محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد، ئاڵای ئازادی، ژ ۲٥.

٤۱- میرحاج و مستەفا خۆشناو ئەوەندە هاتوچۆی موکریانیان کردبوو، لای زۆربەی ڕووناکبیرانی ئەو مەڵبەندە ناسرابوون، پاشتریش هەردووکیان بوون بە ئەفسەری کۆماری کوردستان.

٤۲- عەزیز زەندی (۱۸۹۸-۱۹۷۲) ڕووناکبیرێکی هەڵکەتووی مەڵبەندی موکریان بوو، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی پێشوودا، لە ناوچەی موکریان وەک ڕابەرێکی لێهاتوو دەرکەوت و دەستی لە دامەزراندن و ڕابەریکردنی چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی ئەودەمەدا هەبوو. مامۆستا عەلادین سەجادی لە کتێبی (شۆڕشەکانی کورد، بەغدا- ۱۹٥۹، ل۲۷٦) ئەگەرچی تاریفی زیرەکی و لێهاتوویی زەندی کردووە، لە هەمان کاتدا تۆمەتی خیانەتی داوەتە پاڵی. سەبارەت بە ژیانی زەندی زانیاری زۆرم لای خۆم تۆمار کردووە، پاشتر لە شوێنی خۆیدا بڵاوی دەکەمەوە،

٤۳- ژێ. کاف چبوو؟...، ل۲۲.

# ئاوێنەی شکاو

## لێکۆڵینەوەیەك لە بابەت شیعری وەفایی

### بەشی دووهەم و کۆتایی

ناصرحسامی

دیوانی وەفایی

لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی

چاپی دووهەم، بەغدا، ١٩٨٤

**لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکە دا، ئەم نیشانانە دەبینی:**

■ **شیعرەکە بەو جۆرەی لە دیوانەکە دا چاپکراوە.**

❐ شیعرەکە بەو جۆرەی من دەیخوێنمەوە.

ـــ ئەو وشەیە یان ئەو دەستە واژەیە کە لە لای ڕاستی ئەم نیشانەیە نووسراوە لە ڕوانگەی منەوە هەڵەیە. پێشنیارەکانی من لە لای چەپی ئەو نیشانەیە نووسراون.

لە وتارەکە دا، لەو جێیانە کە بە پێویست زانرابێ، شیعری شاعیرانی دیکەش بە نموونە هێنراونەتەوە و ناوی شاعیرەکە دەست نیشان کراوە. هەر نموونەیەك ناوی شاعیری لە لا نەنووسرابێ، شیعری وەفایی یە.

■ **کوتم کوا حوسنەکەت؟ عەنبەرفرۆشی زولفەکەت فەرمووی حەبەش ئیسلامی داگرت، تێکچوە دەور و دووکانی من**

ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە عەنبەر فرۆشی زولف هەمان زولفی عەنبەر فرۆشە، مانای ئەو بەیتەی سەرەوە ئاوای لێدێ: پرسیم کوا جوانی یەکەت، زولفی فەرمووی لەو کاتەوە کە من( = حەبەش ) سەرکەوتنم بەدەست هێناوە و وڵاتی حوسن( = ئیسلام )م داگیر کردوە، دەور و دووکانم تێکچوە! ئەو قسەیە ناکرێ قسەی زولف بێ چونکە ئەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. دەبێ قسەی یەکێکی دیکە بێ کە دەورودووکان و ڕەونەقی جارانی نەماوە. ئەوە ڕوخسارە کە داگیر کراوە، هەربۆیە دەبێ دارشتنی میصرەعەکە بەجۆرێك بێ کە «فەرمووی» بگەڕێتەوە بۆ یار:

عەنبەر فرۆشی زولفەکەت ـــ عەنبەر فرۆشە زولفەکەت

دەور و دووکانی من ـــ دەور و دوکانی من (دووکان لەبەر کێشی شیعرەکە بە دوکان دەخوێندرێتەوە)

❐ کوتم کوا حوسنەکەت؟ عەنبەر فرۆشە زولفەکەت فەرمووی: حەبەش ئیسلامی داگرت، تێکچوە دەور و دوکانی من

پرسیم کوا جوانی یەکەت کە وا زولفت لەخۆبایی بووە و خەریکی بەخۆنازین و عەنبەرفرۆشی یە؟ یار، یان حوسنی یار، فەرمووی لەو کاتەوە کە کوفری زولف ئیسلامی حوسنی داگیر کردوە، دەورودووکانی من تێکچوە.

لە شیعری وەفایی دا گەلێك جار زولف بە کافر و حەبەش و زەنگی ناوبراوە و ڕوو بە ئیسلام و جەننەت:

فەرمووی لە کفر لادە موسوڵمان بە وەفایی!
دیوانە مەبە، دەست مەدە زولفم ئەوەتا ڕووم

خۆ صەیدی حەرەم قەتڵی حەرامە، ئەدی زولفت
کافر کە نەبوو بۆچی منی کوشت لە دەری تۆ

بۆ جەماڵی تۆ منیش وەك زولفی سەرگەردانی تۆم
ئەی چرای ئیسلام و کافر! وەختی مەردی و مروەتە

پێم بڵێ وەجهی چیە زولفت موقیمی ڕوومەتە
خۆ بە شەرعی مستەفا جەننەت بە کافر نادرێ ...

■ **قەطرە قەطرە خوێنی چاوم یەك دەم ئارامی نیە ڕۆژێکی بۆ کاروانی عاشقان ئاوا نەبوو؟**

«ڕۆژێکی» کێشی شیعرەکەی لەنگ کردوە و، لەوەش گرینگتر، ماناکەی شێواندوە. بەلام وەرن «ڕۆژیکی» بکەنە «ڕۆژەکەی» بزانن مانای شیعرەکە چ گورانێکی سەیر و سەرسووڕهێنەری بەسەر دێ. یانی میصرەعی دووهەم پرسیار نییە. دانانی نیشانەی پرسیار لە کوتایی میصرەعی دووهەم دا، بە جۆرێك کە «بۆ» بە مانای «بۆچی» بێ، مانای شیعرەکە وا لێدەکا کە ئاوابوون بگەڕێتەوە بۆ کاروان. یانی دەیکاتە: بۆچی کاروان ئاوا نەبوو؟ بەلام مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە ڕۆژ ئاوا بێ بۆ حەسانەوە و ئارام گرتنی کاروان.

ڕۆژێکی ـــ ڕۆژەکەی

نەبوو؟ ـــ نەبوو (بە بێ نیشانەی پرسیار).

❐ قەطرە قەطرە خوێنی چاوم یەك دەم ئارامی نیە
ڕوژەکەی بو کاروانی عاشقان ئاوا نەبوو
فرمێسکی خویناوی دڵۆپ دڵۆپ لە چاوم دەڕژێتە

خوار و دلۆپەکان وەك کاروان بە شوێن یەکدا ڕیزیان بەستوە، بەڵام بەداخەوە یارم ڕۆژی ڕووی بەرەو من وەرنەگێرا. ئەگەر یارم ڕۆژی ڕووی ئاوا بکا (= ئاوا بێنێ، ڕوو لە من بکا) وەك ئەوە وایە کە ڕۆژی ئاسمان ئاوابێ و شەو بە سەر دابێ و، کاروان کاتێك ڕۆژی لێ ئاوا بوو مەنزڵ دەگرێ بۆ حەسانەوە. وەفایی بە هێنانی «ڕۆژەکەی ... ئاوا نەبوو» وردەکاری یەکی سەیری کردوە: کاتێك کە یار ڕۆژی ڕوخساری خۆی بەرەو من وەرگێڕێ، وەك مزگێنیی خۆرئاوا بوونە بۆ وچاندان و حەسانەوەی کاروان. وەفایی لە شیعری دیکەش دا ڕۆژئاوا بوونی ڕێك هەر بەم مانایە و بە ایهام بەکار هێناوە:

زولفی لادا هەر بە ئوممێد بووم کە ڕۆژ ئاوا بێ، بێ
ماڵی من وێران بوو، عومری من چوو، ڕۆژ ئاوا نەبوو

ڕۆژ ئاوا بوون هەم بە مانای خۆرئاوا بوون و هەم بە مانای دەرکەوتن و واوەهاتنی ڕۆژی ڕووی یار دوای لادانی زولفی. بڕواننە ڕوو واکردن و دەم واهێنان:

کوتی ڕووم وادەکەم تێرم ببینی، چاوەڕێم داخۆ
لە لای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەرەن بێنێ

دەمەکەت بە دڵ وابێنە، توخودا دڵم مەشکێنە

سا ئەو دەمە وابێنە ئەتۆ بێ و سەری کوڵت
غەیری ئەوە باللە نیە لەو لێوە تەمەننام

هەروەها کاروان و شەو:

لە قەتڵی عالەمی دڵ بۆوە خاڵی ڕووت، بڵا بەس بێ
سوهەیلی کاروانکوژ چی دەوێ بەو ڕۆژە ڕووناکە؟

■ **بۆ هەوایی زولف و دڵ چاکم لە ڕووی جانانە بوو**
**ئەو پەرێشانیە هەمووی تەقصیر و سووچی شانە بوو**

میصرەعی یەکەم ئاڵۆزە. «بۆ هەوایی زولف و دڵ چاکم» یانی چی؟

بۆ هەوایی زولف و دڵ چاکم ـــ بۆ هەوایی زولفە دڵ چاکم

❐ بۆ هەوایی زولفە دڵ چاکم، لە ڕووی جانانە بوو
ئەو پەرێشانیە هەمووی تەقصیر و سووچی شانە بوو

دڵ چاکم = دڵ بریندارم

لە حەسرەتی بسکی دام کە کەوتوەتە سەر ڕووی و ئەوە هەمووی کاری شانەیە وای کردوە. دڵ برینداری ئەوەم کە بۆچی من لە جێگای شانەی چاك چاك نیم تا ڕێم بکەوێتە ناو بسکی ولەوێوە بو سەر ڕووی.

■ **پەڕ پەڕی ئەوراقی دڵ پڕخوێنی وەك گوڵ کردوە**
**دەفتەرێکە پڕ لە خوێن هەر ئەو بوو چی تێدا نەبوو**

ئەوەش لە شیعرە جوانەکانی وەفایی یە و بەداخەوە ئاڵوزی ی تێ کەوتوە. «کردوە» لە میصرەعی یەکەم دا یانی چی؟ کێ چی کردوە؟

کردوە ـــ کردەوە

دەفتەرێکە ـــ دەفتەرێکی

❐ پەڕپەڕی ئەوراقی دڵ پڕخوێنی وەك گوڵ کردەوە
دەفتەرێکی پڕ لە خوێن، هەر ئەو بوو چی تێدا نەبوو

یار هەموو لاپەڕە خوێناوی یەکانی دڵی منی وەك گوڵ کردەوە و چاوی لێکرد، بەڵام دیتی دڵم دەفتەرێکی پڕ لە خوێنە و بێجگە لە دیمەنی خۆی (=یار) هیچ وشە و دیمەنێکی دیکەی تێدا نییە. «کردەوە» هەم بە مانای لێك کردنەوە و پەڕە هەڵدانەوەی کتێب و دەفتەر و هەم بە مانای کردنەوە و پشکواندنی گوڵ و هەم بە مانای پەڕەپەڕە لێکردنەوەی گوڵ. لە لەوحی دڵی حافظی شیرازیش دا بێجگە لە ئەلفی قامەتی یار هیچ بەدی ناکرێ چونکە مامۆستاکەی هەر ئەوەندەی فێر کردوە:

نیست بر لوحِ دلم جز الفِ قامتِ یار
چە کنم حرفِ دگر یاد نداد استادم

هەروەها بڕواننە دڵی پەڕپەڕ بووی صائبی تبریزی کە ئەگەر یارەکەی وەك خونچە بۆی کۆ نەکردباوە، گوڵستانی شاعیر تەنانەت دڕکیشی تێدا نەدەما:

چو غنچە ساختی اوراقِ بادبردۀ من
وگرنە خار نمی‌ماند در گلستانم

سیپارەی مەحوی‌ش تەنیا صوورەتی یاری تێدایە:

بە ناخون صوورەتی یارم لە صەفحەی سینە نووسیوە
لە حەشرا وەختی نەشری نامە کردن، منم و سیپارەم

یان:

مەشغووڵی «شەرحی گوڵشەنی ڕازم» دەفەرموێ
سینەم کە شەرحە شەرحە دەکاتن بە تیغی ناز
(مەحوی)

«گوڵشەنی ڕاز» دیوانی شیعری شێخ مەحموودی شەبستەری یە و چەند کەس شەرحیان لە سەر نووسیوە، (وەك مظفرالدین علی شیرازی، شمس الدین محمد گیلانی، مولانا ادریس کوڕی حسام الدین بدلیسی، شیخ بابا نعمت الله کوڕی مەحموودی نەخجەوانی) کە کتێبەکانیان پێی دەگوترێ «شەرحی گوڵشەنی ڕاز».

■ **شای گوڵان، سوڵطانی خووبان، ئەمشەو هات دامەن کەشان**
**ڕۆژ و شەو، خورشید و ظوڵمەت، گەنج نەبوو وێرانە بوو**

یارم کە شای گوڵان و سوڵطانی جوانانە، دوێنی شەو بە ناز و لەنجە هاتە لام و، وەك خۆر لەنێو تاریکایی وەدەرکەوت بەڵام پێم هیچ نییە، وامەزانن گەنج و خەزێنە یە، هەر وێرانە یەکە و بەس! ئایا وەفایی وای وتوە؟ نا!

❐ شای گوڵان، سوڵطانی خووبان، ئەمشەوهات دامەن کەشان
ڕۆژی شەو، خورشیدی ظوڵمەت، گەنجی نێو وێرانە بوو

یارم وەك خۆرەتاو لە تاریکی دا دەرکەوت و گەنجینە یەك بوو لە وێرانەی دڵم دا. بڕواننە وێرانەی دڵ:

ئەگەر ڕەنجیدە بووی قوربان لە وێرانەی دڵی تەنگم
وەرەسەر مەنزەرەی چاوم، تەماشای مەوجی دەریا کە

■ **کوتم: شێواوە زولفم چاوەکەت بە لکوو عیلاجم کا**

وەفایی زولفی ئەوەندە درێژ نەبوو کە بشێوێ. هەر بۆیە:

شێواوە زولفم ـــ شێواوی زولفم

❐ کوتم: شێواوی زولفم، چاوەکەت بە لکوو عیلاجم کا

■ **تۆبی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی**
**خوێنم نیە ها بمکوژە بەم خەنجەر و ئەبرۆ**

ئەگەر برۆی یار توانای کوشتنی هەیە، کە وایە خەنجەری بۆ چیە؟

خەنجەرو ئەبرۆ ـــ خەنجەری ئەبرۆ

□ تۆبی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نیە ها بمکوژە بەم خەنجەری ئەبرۆ

«ها» بە مانای ئەوەتام من! فەرموو بمکوژە! بە مانای ها خەنجەرت بدەمێ نیە. برۆی یار خۆی کاری خەنجەر دەکا. بروانە:

شەهیدی خەنجەرت ئەو ڕۆژە عومری جاویدانی بوو
مەلی پەروانە خۆ سووتاوە، مەرگی زیندەگانی بوو

■ **ڕەگ و ڕیشەی دڵم هەر دەنگ و ناڵەی عیشقی تۆی لێدێ**
**بڵێ موطریب، وەرە ساقی، سەراپا بوومە تاری تۆ**

ئەوەی تار لێدەدا موطریبە. بەلام لەو شێوە نووسینەی سەرەوە دا موطریب لە لای وەفایی ڕاوەستاوە، وەفایی پێی دەڵێ موطریب برۆ بە ساقی بڵێ بێ تارم بۆ لێ بدا. لە ڕاستی دا دەبێ ساقی بنێردرێ لە دووی موطریب:

□ بڵێ موطریب وەرە! ساقی، سەراپا بوومە تاری تو
ساقی بە موطریب بڵێ وەرە.

■ **هەمدەمی من خاکی گۆشە و (لێوی تەعلیمی دەدام!)**
**عەیش و نۆش و کونجی تەنهایی بە ڕووی دونیا مەدە**

خاکی گۆشە و ـــ خاڵی گۆشەی

عەیش‌ونۆش و کونجی ـــ عەیش‌ونۆشی کونجی

«عەیش و نۆش و کونجی» مانای شیعرە کە لاواز دەکا. وەفایی دەڵێ خاڵی گۆشەی لێوی یارەکەم، کە بە تەنیایی لە گۆشەی لێو جێی گرتوە و لە سەرچاوەی ئاوی حەیات نزیکە، فێری کردم کە ئەگەر عەیش و نۆشێك هەبێ هەر ئەوەیە کە لە کونجی تەنیایی دایە.

□ هەمدەمی من خاڵی گۆشەی لێوی تەعلیمی دەدام
عەیش و نۆشی کونجی تەنهایی بە ڕووی دونیا مەدە

■ **تۆ سەری زولفی بڵاوت زولفی خاوت با مەدە**
**جێی دڵم سەودایی یە، چی دی دڵم جەزبا مەدە**

جێی دڵم سەودایی یە ـــ جێی دڵی سەودایی یە

□ تۆ سەری زولفی بڵاوت زولفی خاوت با مەدە
جێی دڵی سەودایی یە، چی دی دڵم جەزبا مەدە

زولفت جێگەی دڵی سەودایی منە و کاتێك کە زولفت با دەدەی، دڵم کە نیشتەجێی نێو زولفتە، ئازاری پێ دەگا.

■ **ئەی وەفایی هێندە خوێن مەگری لە ڕووی ئارامی دڵ**
**گەوهەری تۆ وا لە کن تۆ، خۆت بە دەم دەریا مەدە**

مەگری لە ڕووی ئارامی دڵ ـــ مەگری لە دووی ئارامی دڵ

گەرچی دەشگونجێ کەسێك لە ڕووی یاری خۆیدا بگری و گریانەکەی لە سەری شەوق و شادمانی یەوە بێ، وەك گریانی فصیحی هروی لەم شیعرەیدا:

بعدِ عُمری کە فصیحی شبِ وصلی دست داد
گوهرِ دیدۀ ما در سفرِ دریا بود

دوای عومرێك، شەوێك دەرفەتی دیداری یارم دەست کەوت و ئەو شەوەش داخەکەم گەوهەری فرمێسکەکانم لە سەفەری دەریای گریان بوون و، بە چاوی تەڕەوە نەمتوانی یار ببینم. بەلام لە شیعرەکەی وەفایی دا، شاعیر لە میصرەعی دووهەم دا ئامۆژگاریی خۆی دەکا و دەڵێ: «گەوهەری تۆ وا لە کن تۆ» و بە شوێن یار دا خۆت بە دەم دەریای گریانەوە مەدە. خەڵکی دیکە بۆ دیتنەوەی گەوهەر سەفەری دەریا دەکەن، تۆ کە گەوهەری فرمێسکەکانت لای خۆتە، بە دووی چیدا سەفەری دەریا دەکەی؟

□ ئەی وەفایی هێندە خوێن مەگری لە دووی ئارامی دڵ
گەوهەری تۆ وا لە کن تۆ، خۆت بە دەم دەریا مەدە

■ **بەو دوو مەمە زولف و ڕوخی تۆ نۆبەری سەروون**
**هەر عەترە بە تا هەر گوڵ و نارنجە بە بارە**

لە میصرەعی دووهەم دا مەم و ڕوخ و زولف هەموویان بە «بەر» دانراون: عەتری زولف و گوڵی ڕوخ و نارنجی مەم. کەوابوو «مەم»یش یەك لە «بەر»ەکانە. بەلام «بەو دوو مەمە زولف و ڕوخی تۆ نۆبەری سەروون» وا دەگەیەنێ کە لەبەر ئەوەی یار مەمکی هەیە کە وایە زولف و ڕوخی وەك بەری داری سەروون. سەرو هەڵبەت دارێکی بێ بەرە، بەلام سەرووی باڵای بەرزی یاری وەفایی بەریش دەگرێ.

بەو دوو مەمە ـــ ئەو دوو مەم و

□ ئەو دوو مەم و زولف و ڕوخی تۆ نۆبەری سەروون
هەر عەترە بە تا، هەر گوڵ و نارنجە بە بارە

■ **لە فەهمی جەوهەری خەندەی دەمت عومرم چوو نەمزانی**
**کە سیرری حاڵی ویجدانی وەرایی فەهم و ئیدراکە**

ویجدانی ـــ وەحدانی

وەفایی زۆر جار ئەلفی قامەتی یار (کە لە ژمارەی ١دەچێ) و خاڵی یار کە تاق و تەنیایە و دەمی یار کە یەك نوقطەیە، بە «وەحدەت» ناو دەبا:

بە حیجابێکم نەمێنێ، لادە تاری زولفەکان
تا بەکەی دڵ نامورادی وەحدەتە لەو کثرتە؟
داغداری ئەلفی باڵات با لە ڕووت مەحرووم نەبێ
من کەفیلی وەصڵی جەننەت هەرچی ئەهلی وەحدەتە
بەو ئاڵ و واڵایە، بەو بەژن و باڵایە
کە زاتی ئەسمایە، کە وەحدەتی ناوە

«وەحدەت و کثرەت» یەکێك لە گرینگترین باسەکانی شاعیرانی صۆفی مەشرەب بووە:

غەیری وەحدەت لە وجوودا نیە، کەثرەت وەهمە
سادە تەکراری یەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد
(مەحوی)

ئەوە وەهمە کە پێمان وابێ عەدەد هەیە، هەموو عەدەدێك هەر دووپات بوونەوەی ژمارەی یەکە.

دل عارفِ غبارآلودۀ کثرت نمی‌گردد
نیندازد خلل در وحدتِ آیینە، صورتها
(صائب تبریزی)

تۆزی کەثرەت لە دڵی عارفان نانیشێ، وێنە هەرچەندی زۆر بن ئاوێنە هەر یەکە.

یك زبان بینی و سخن بسیار
یك نسیم است و موج در تکرار

(شفایی اصفهانی)

زمان یەکە و وتە چەندین، شنە یەکە و شەپۆلی یەك لە دوای یەك دەبزوێنێ.

اگـر بـرداشتـی از روئِ وحـدت پـردۀ کـثرت
تـوانـی بـر گـرفـت از روئِ دریـا مـوجِ دریـا را
(فوجی نیشابوری)

حەقیقەتی وەحدەت پەردەی کثرەتی بەسەر دا کێشراوە. جیاکردنەوەی شەپۆل لە دەریا چەندە دژوارە، ئـەوەنـدەش لادانـی پـەردەی کـثرەت و گـەیشـتن بـە حەقیقەتی وەحدەت دژوارە.

هەروەها حافظی شیرازیش پێی وایە حوسنی یارەکەی «وەرایی فەهم و ئیدراکە»

ز وصـفِ روئِ تـو حـافـظ چگـونـه نطـق زنـد
کـــه چـــون صفـــاتِ الهـــی ورایِ ادراکـــی
(حافظ)

حـافـظ چـۆن دەتـوانـێ باسی جوانیت بکا کە حـوسنـت وەك صفـاتـی ئیـلاهـی (کـە وەحـدانیـەت گرینگترینیانە) لە فەهم دا ناگونجێ. لە بەر هەموو ئەوانە پێم وایە شیعرەکەی وەفایی ئاوایە:

□ لە فەهمی جەوهەری خەندەی دەمت عومرم چوو نەمزانی
کـە سیـرِڕی حـاڵی وەحـدانـی وەرایـی فـەهـم و ئیـدراکـە

■ **طوطیی دڵ زار و قسەی زارتە**
**مەنعی لە قووتی شەکەرستان مەکە**

زارو قسەی زارتە یانی چی؟

زارو قسەی زارتە ـــــ زاری قسەی زارتە

□ طوطی ی دڵ، زاری قسەی زارتە
مەنعی لە قووتی شەکەرستان مەکە

: طووطی ی دڵم، دڵتەنگ و بێوازە بۆ قسەی زارت (دەمت). مەنعی مەکە تووتی هەر شەکر شکێنە.

■ **بە مەحضی ڕوئیەتی زولفت سەرم دانا، دەبێ چ بکەم؟**
**لەئەم بازارە تورکی سرکە ئەووەڵ سوود و سەودامە.**

تورکی سرکە ـــــــــ تەرکی سەر، کە

□ بە مەحضی ڕوئیەتی زولفت سەرم دانا، دەبێ چ بکەم؟
لەئەم بازارە تەرکی سەر، کە ئەووەڵ سوودو سەودامە.

هـەرکـەزولفـی تـۆم دیـت، سـەرم دانـا و ئـەگـەر وانـەکـەم چ بکـەم؟ لـەم بـازارەدا یـەکـەمیـن سـەودا ئەوەیەسەر دابنێی و تەرکی سەر بکەی.

■ **لەئەنفاسی سەحەرگاهی بترسێ ئەی چرا جارێك**
**هەناسەی عاشقان تیرە، مەلی پەروانە بێ خوێنە**

کـێ دەڵێ مـەلی پـەروانـە بـێ خـوێنـە؟ هـەمـوو قسەی وەفایی ئەوەیە کە پەروانەش وەك هەموو عاشقانی دیکەو وەك ڕەمزی عاشق، نابێ بە بێ پەروایی بکوژرێ و ئەگەر بیکوژی خوێنی لە ئەستۆتە. وەفایی ئامۆژگاری ی چرا دەکا و دەڵێ بترسێ لە هەناسەی شەوبێدارانی عاشق، هەناسەیان وەك تیر دەبڕێ. مەڵێ پەروانە خوێنی نییە و دەیکوژم. کەوایە:

مەلی ـــ مەڵێ

□ لە ئەنفاسی سەحەرگاهی بترسێ ئەی چرا جارێك
هەناسەی عاشقان تیرە، مەڵێ پەروانە بێ خوێنە

سـەیـر ئـەوەیـە کـە نـووسـەر لـە پـەراوێـز دا نووسیویەتی: «(مەلی) دەگونجی وەها بێ کە نووسیمان، واتە: مەل، باڵندەی پەروانەی دەوری شەم بێ خوێنە. یان (مەڵێ) بێ خوێنە و قەیدی چیە با بکوژرێ! » (قەرەداغی. ل. ١٤٦). بەلام سەرەڕای ئەو ڕوونکردنەوەیەش، نووسەر لەنێوان ئەو دوانە دا ئەوەی هەلبژاردوە کە مەلی پەروانە خوێنی نییە. بەلام ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئەگەر پەروانە خوێنی نییە و کوشتنی مەباحە، ئەی بۆچی شاعیر چرا لەوە دەترسێنێ کە تیری هەناسەی پەروانەی عاشق لە بکوژەکەی خۆش نابێ؟ ئایا بەڕاستی بۆ خزمەت بە وەفـایی و شیعر، وا باشتر نەبوو کەسێك کە تا ئەم ڕادەیە دوورە لە دنیای وەفـایی، ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی بەجێ بێڵێ بۆ کەسانێك کە تاوانی ئەو هەموو پەرێشانگۆیی یە نەخەنە ئەستۆی ئەو شاعیرە!

■ **لە سەر میحرابی ئەبرۆی کەوتمە زولفی دایمە بەر غەمزە**
**بە جەلـلادی دەکـوت مـوڕتـەدد! حـەلاڵـە خـوێنـی بـڕژێنـە**

ئـایـا جـەلـلاد مـوڕتـەددە و خـوێنـی کـەسی تـر دەڕژێـنن؟ دانـانـی نیشـانـەی (!) لـە دوای مـوڕتـەدد وای کـردوە کـە گـۆیـا سفـەتـی مـوڕتـەدد دراوەتـە پـاڵ جـەللاد. بەلام مەبەستی وەفایی ئەوە نییە. موڕتەدد سفەتێکە یار داویەتە پاڵ وەفایی و بە موڕتەددی دەزانی بۆیە ئەمر بە کوشتنی دەکا:

□ لە سەرمیحرابی ئەبرۆی کەوتمە زولفی، دایمە بەر غەمزە
بە جەللادی دەکوت: «موڕتەدد، حەلالە خوێنی بڕژێنە»

ئەوە وەفایی یە کە لە میحرابی برۆی یارەوە کەوتوەتە داوی کفری زولف و، یار داویەتە بەر غەمزەی خۆی و بە تەمایە سزای بدا و ڕوو دەکاتە غەمزەی خۆی و دەڵێ ئەی جەللاد! ئەو کابرایە کە لە میحرابی برۆوە چووەتە داوی کفر، موڕتەددە و موڕتەدد خوێنی حەلالە و خوێنی بڕژێنە. ڕستەی «موڕتەدد حەلالە خوێنی بڕژێنە» لە ڕاستی دا ئاوایە: «موڕتەدد حەلالە خوێنی، خوێنی بڕژێنە» بەلام «خوێنی» یەك بە قەرینە لابراوە.

■ **بەو خاڵ و خەت و صوورەتی گێسووی هەتە، حەقیە**
**مانی کە پەرێشانی صەنەمخانەیی چینە**

«گێسوو» صـوورەتـی نییـە. بـۆیـە «صـوورەتـی گێسوو» نادروستە.

صوورەتی گێسوو ـــ صوورەت و گیسوو

□ بەو خاڵ و خەت و صوورەت و گیسووی هەتە، حەقیە
مـانـی کـە پـەرێشـانـی صـەنـەمخـانـەیـی چینـە

■ **خـۆش بـە نـاز ڕامـەبـرە، قـوربـان، ئیلتیفـاتێکـت هـەبـێ**
**دادخـواە زۆر کـەوتـوون نـەختـێ سـەمـەنـدت بگـرەوە**

خۆش بە ناز ڕامەبرە ـــ خۆش بە ناز ڕادەبری

□ خـۆش بـە نـاز ڕادەبـری قـوربـان! ئیلتیفـاتێکت هـەبێ
دادخـواە زۆر کـە وتـۆون، نـەختـێ سـەمـەنـدت بگـرەوە

زۆر بـە نـاز دەڕۆی قـوربـان. خـۆش نـاز دەکـەی، بـەلام ڕوویـەکـی خـۆش نیشـان بدە و میهرەبـان بـە! زۆر کـەس لـەوانـەی سکـالایـان لـە بـێ مـەیلیـت هـەیـە و بـۆ

دادخوایی هاتوون، لە قەراخ ڕێگەکەت کەوتوون. جڵەوی ئەسپی خۆشڕەوت بگرەوە و لە سەریان ڕاوەستە و لە ئەحوالیان بپرسە. لە بەر ئەوەی ڕابوردنی یار بە سفەتی «خۆش» وەسف کراوە، دژوارە ئەوە بسەلمێنین کە شاعیر داوا لە یار بکا خۆش ناز نەکا یان خۆش بە ناز نەڕوا. بۆیە بە بڕوای من «ڕامەبرە» نییە و «ڕادەبری» دروستە. نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: «سەمەند: تیری پەیکان» (قەرەداغی. ل.١٥٧). سەمەند جۆرێکە لە ئەسپ. لە شیعر دا کنایەیە لە ئەسپی تیژڕەو.

**■ گەر هەزار جار بێ بە کۆی زووخاڵ بە نووری کێوی طوور**
**ئەو دڵە جۆیایی یەك دیداری وەك مووسا نیە**

حەیف بۆ ئەم شیعرە کە ئاوای لێهاتوە. ئەوەی لە سەرەوە نووسراوە ماناکەی ئەوەیە: ئەگەر تۆ هەزار جاریش بسووتێی، خۆشت بکووژێ، من خوازیاری دیداری تۆ نیم!! بەلام ئایا وەفایی وای کوتوە؟ بێگومان نا! وەفایی لە خودا دەخوازێ کە بە نووری عیشق بسووتێ و ببێتە کۆی زووخاڵ هەتا وەك ئەو کاتەی کێوی طوور سووتا و مووسا بە دیداری یار گەیشت، ئەمیش لە ئەنجامی سووتانی خۆیدا بە دیداری یار شاد بێ، کەوایە چۆن «جۆیایی یەك دیداری وەك مووسا نییە»؟ شاعیر بە گیان و دڵ جۆیا و خوازیاری ئەو دیدارەیە، بەلام داخی لەوەیە کە دڵی ئەگەر هەزار جاریش وەك کێوی طوور بسووتێ، خۆ ئەو سووتانەی بایی یەك دیداری یار نییە و نرخی ئەوەی نییە دیدارێکی پێ وەدەست بێنێ. وەفایی لە دەسکورتیی خۆی دەناڵێ کە دڵی لە بازاری عیشق دا بەهای نییە:

بی ـــ بێ
جۆیایی ـــ خۆ، بایی

□ گەرهەزارجار بێ بەکۆی زووخاڵ بە نووری کێوی طوور
ئەو دڵە ـ خۆ ـ بایی یەك دیداری وەك مووسا نیە

وەفایی هەر لەو غەزەلە دا ئەو حەسرەتەی خۆی جارێکی دیکەش دەردەبڕێ:

گەر هەموو عالەم بڵێن مەجنوونە، تا دەمرم دەڵێم:
هەر دوو دنیا قیمەتی دیدارێکی لەیلا نیە

یان بڕواننە:

بە جارێکی تەماشای تۆ، فیدات بم هاودڵ و دینم!
ئەگەر صەت جار قیامەت بێ، دەمێکی هەستە بدبینم

**■ ئەی برادەر خانە وێرانی، جودایی بۆ وەفایی**
**وەك وەفایی ئەی جودایی یاخودا خانەت خرابی**

شیعرەکە ئاوای لێکراوە: براله! تۆ ماڵوێرانی. بەلام با جودایی بۆ من بێ! هەڵبەت ئەم خوێندنەوەیە ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە ئەگەر وەفایی جودایی بۆ خۆی پێ باشە، ئەی بۆچی لە میصرەعی دووهەم دا تووك و نزا لە جودایی دەکا؟ بە بڕوای من وەفایی وتوویەتی:

□ ئەی برادەر! خانە وێرانی جودایی بوو وەفایی
وەك وەفایی، ئەی جودایی! یاخودا خانەت خرابی

براله! وەفایی ماڵوێرانی دەستی جودایی بوو. ئەی جودایی! یاخودا تۆش وەك وەفایی ماڵت وێران بی.

**■ ڕۆژ و شەو بووبوویتە قوربان شیوەن و شینی دڵی من**
**کاری بولبول فەصڵی گوڵ ناڵینە تا ئاهێکی مابێ**

لە هەموو شیعرەکە داباس لە ئێستایە، بۆیە لەوە ناچێ «بووبوویتە» ڕاست بێ. جگە لەوەش ئەگەر یار لە ڕابوردوو دا مایەی شیوەن و شینی دڵی شاعیر بووبێ، کاتێك شاعیر لە میصرەعی یەکەم دا باسی ئەو ڕابوردووە ناخۆشە بکا، بێگومان خوێنەر چاوەڕێ دەبێ کە شاعیر لە میصرەعی دووهەم دا بڵێ کە ئێستا چ ئاڵوگۆڕێك ڕووی داوە. پێم وایە «بووبوویتە» نادروستە.

بووبوویتە ـــ بۆ تۆیە

□ ڕۆژ و شەو بۆتۆیە قوربان شیوەن و شینی دڵی من
کاری بولبول فەصڵی گوڵ ناڵینە تا ئاهێکی مابێ

**■ قیبلەگاهی عاریفان کەس وەك عبیداللە نەبوو**
**عالمێکی دی دەبێ بۆ = غەوثی بەغدایێکی دی**

میصرەعی دووهەم مانا نابەخشێ.

عالمێکی دی ـــ عالەمێکی دی

□ قیبلەگاهی عاریفان کەس وەك عبیداللە نەبوو
عالەمێکی دی دەبێ بۆ غەوثی بەغدایێکی دی

عالەمێکی (جیهانێکی) دیکە و خیلقەتێکی دیکە پێویستە هەتا کەسێکی دیکەی ئاوای تێدا هەڵکەوێ. بڕواننە:

آدمی در عالم خاکی نمی‌آید بە دست
عالمی دیگر بباید ساخت وزنو آدمی
(حافظ)

ئینسان(ی کامڵی دڵخوازی من) لە جیهانی خاکیدا دەست ناکەوێ. دەبێ عالەمێکی دیکە دروست بکرێ و سەرلەنوێ ئادەمیزاد بخوڵقێندرێتەوە.

**■ گوڵ بە خەندە پەرییە، قیبلە بە جیلوە مەلەکە**
**شێت و دیوانەیی کردووم، چ مەلایك چ پەری**

قیبلە ـــ لالە

□ گوڵ بە خەندە پەرییە، لالە بە جیلوە مەلەکە
شێت و دیوانەیی کردووم، چ مەلایك چ پەری

قیبلە نە لە گەڵ گوڵ تەناسوبی هەیە و نە دەبێتە مەلەك. ئەوەی لە شیعری وەفایی دا زۆر جار لە یاڵ گوڵ (گوڵی لێوی بەخەندە پشکووتوو) باسی دەکرێ، بریتییە لە لالە (لالەی ڕوخسار) کە بە جەننەت و مەلەك و مەظهەری جیلوە باسی دەکرێ. بۆ نموونە بڕواننە:

بە خۆرایی نیە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا
لە ڕووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی سینا لە سینەی دا
گەر تەجەللای حەق مورادی جیلوەیی ڕووی تۆ نەبوو
چاوی مووساکەی دەبوو ڕوون بێ بەسورمەی کێوی طوور
بە شەوقی ڕوویی لالە و گوڵ لە باغاندا چراغانە
دەلیی باغی جەنەت ئەمساڵ بەری حۆروپەری هێنا
تو مەلەك وفریشتەوپەری، گوڵ دەم وگوڵ بەر و دلبەری
لالەرەنگ وفەرەنگی چینی، شۆخ وشەنگی خەطاو بەربەری

لە هەموو ئەو شیعرانە دا ڕوو لالەیە و جیلوەی هەیە و نیشانەی تەجەللای حەقە و مەلەك و فریشتە و حور و پەرییە. هەروەها بڕواننە لالەی ڕوخسار لە لای مەحوی:

لاله ڕوخسارم له سایه‌ی ئه‌شکی خوێنین ڕه‌نگه‌وه
چونکه ڕووسوورم له قاپی عه‌ین و شین و قاف و تێ

بێجگه له هه‌موو ئه‌وانه‌ش وه‌فایی له شیعرێکی دیکه دا «ڕوو» به «مه‌له‌ك» ناو ده‌با که له هه‌موو بابه‌ته‌وه، چ له ناوه‌ڕۆك و چ له ته‌عبیره‌کان دا زۆر له‌و به‌یته ده‌چێ که باسی ده‌که‌ین:

دوو چاوی مه‌سته بێ باده، مه‌لایك ڕوو په‌ری زاده
په‌ری دێوانه‌یی کردووم، مه‌لایك ده‌ستی لێداوم

■ **نه قه‌ند تامی ده‌بێ قوربان نه‌گوڵ ڕێزو نه عه‌نبه‌ر بۆ ئه‌گه‌رجارێك به‌خه‌نده بێی، سه‌ری زولفت به‌ده‌م باده‌ی**

ئه‌و ۳ واتایه‌ی زۆر جار پێکه‌وه دێن بریتین له تام و ڕه‌نگ و بۆ، نه‌ك تام و ڕێز و بۆ. جگه له‌وه‌ش له سه‌رده‌می وه‌فایی دا وشه‌ی «ڕێز» ڕایج نه‌بوو. «به خه‌نده بێی» کێشی شیعره‌که‌ی له‌نگ کردوه.

ڕێز — ڕه‌نگ

به خه‌نده بێی — به خه‌ندێکی

❐ نه قه‌ند تامی ده‌بێ قوربان، نه‌گول ڕه‌نگ ونه‌عه‌نبه‌ر بۆ
ئه‌گه‌ر جارێك به خه‌ندێکی، سه‌ری زولفت به ده‌م باده‌ی

دووپات بوونه‌وه‌ی «یه‌ك» له جار و خه‌نده دا بۆ ته‌ئکیده: ته‌نانه‌ت یه‌ك‌جار، یه‌ك خه‌نده‌ی گوڵی لێوت و بۆنی زولفت، تامی قه‌ند و ڕه‌نگی گوڵ و بۆنی عه‌نبه‌ر له ڕه‌واج ده‌خا. بڕواننه:

خه‌رامان به‌و سه‌ری زولفی په‌ڕێشان چیهره بنوێنه
له گوڵ ڕه‌نگ‌و، له سونبول بۆ، له سه‌روان جیلوه بستێنه

هه‌روه‌ها ڕه‌نگ و بۆ له لای مه‌حوی:

یه‌کێ عاشق به خوو، یه‌ك طالیبی ڕوو
یه کێ مه‌جبووری بۆ، یه‌ك مایلی ڕه‌نگ

■ **به‌نده‌گانی عاشقی ڕووتن ستاره‌ی میهر و ماه ئه‌زخرِیدی خاکی پێتن عه‌نبه‌ر و میسك و بخوور**

«ستاره‌ی میهر و ماه» مانا نابه‌خشێ. میهر به مانای ڕۆژ و خۆره‌تاوه. ستاره، ئه‌ستێره‌یه و، ماه مانگه. بۆیه له جیاتی ئه‌ستێره‌ی مانگ و ڕۆژ، ئه‌ستێره و مانگ و ڕۆژ دروسته، یانی: ستاره‌و میهر و ماه. «ئه‌زخرید» مانای نییه. بێگومان مه‌به‌ست «زێرخرید»ه، به مانای به‌نده و غولامی به زێر کڕدراو.

ستاره‌ی میهر و ماه — ستاره و میهر و ماه

ئه‌زخرِید — زێرخرید، یان زه‌ڕخرید

❐ به‌نده‌گانی عاشقی ڕووتن ستاره‌و میهر و ماه
زێرخریدی خاکی پێتن عه‌نبه‌ر و میسك و بخوور

ئه‌ستێره و مانگ و ڕۆژ به‌نده‌ی ڕووی تۆن و عه‌نبه‌ر و میسك و بخوور غولامی خاکی پێتن.

له ڕووی ئه‌م نموونه‌یه و گه‌لێك نموونه‌ی دیکه‌ی له‌م چه‌شنه که له‌م وتاره دا باسیان کرا و نیشانه‌ی ورد نه‌بوونه‌وه له مانای شیعر و ده‌سته‌وه‌ستانی له خوێندنه‌وه‌ی ته‌عبیره نه‌ك زۆر دژواره‌کانی وه‌فایی دا و به هه‌له خوێندنه‌وه‌ی وشه‌کانی زاراوی موکوریانین ( که باسی ده‌که‌ین) خوێنه‌ر گومان له‌و وته‌یه‌ی نووسه‌ر په‌یدا ده‌کا که ده‌ڵێ ئه‌نجامی کاره‌که‌ی خۆم نیشانی هێمن داوه و «نرخاندنی دیوانه‌که به ئه‌ستۆی ئه‌و سپێررا» (قه‌ره‌داغی.ل. ۳۲۲).

## زاراوی موکوریان

نووسه‌ر شاره‌زای ڕاوێژی موکوریان نییه و ئه‌وه له زۆر جێگا تووشی هه‌ڵه‌ی کردوه:

■ **ڕۆژ بۆوه کزه‌ی با له خیابانی گولان ڕا زولفی به هه‌ناسه‌م که له سه‌ر عاریضی لاچوو**

«کزه‌ی با له خیابانی گولان ڕا» چی؟ ئه‌وه ناته‌واوه. به‌وه ته‌واو ده‌بێ که له دوای «ڕا» بنووسرێ هات یان هه‌ڵیکرد. به‌ڵام شیعره‌که ئاوایه:

❐ ڕۆژ بۆوه کزه‌ی با له خیابانی گولان دا
زولفی به هه‌ناسه‌م که له سه‌ر عاریضی لاچوو

«دا» له زاراوی موکوریاندا، جاری وایه له جیاتی «دایه» به‌کار ده‌برێ:

بزانه گیرفانم چی تێدا! یانی: بزانه گیرفانم چی تێدایه!
ئه‌و گۆمه زۆری ماسی تێدا. یانی: ئه‌و گۆمه زۆری ماسی تێدایه.

«دا» له شیعره‌که‌ی سه‌ره‌وه‌ش دا، هه‌ر به‌و مانایه به‌کاربراوه: زولفی به هه‌ناسه‌م له سه‌ر ڕووی لاچوو، ڕۆژی ڕووی وه‌ده‌رکه‌وت. ئێستا ئیتر به‌ره‌به‌یانه و هه‌ناسه‌ی من وه‌ك کزه‌بای به‌یانان له نێو خیابانی گولان دا+ یه. مه‌به‌ستیش له خیابانی گولان، لێره دا ڕوخسار و سنگ و به‌رۆکی یاره. له جێگایه‌کی دیکه‌ش، هاتنی «دا» به مانا و له جێی «دایه» نووسه‌ری تووشی هه‌ڵه کردوه:

■ **به یادی چاوت چوومه خه‌رابات له ڕه‌هنی مه‌ی دا خه‌رقه و به‌رماڵم**

یانی له ڕه‌هنی مه‌ی دایه خه‌رقه و به‌رماڵم.

به‌ڵام نووسه‌ر له په‌راوێز دا نووسیویه‌تی: «به‌وه‌نده مانای شیعره‌که ته‌واو نابێ و شاعیر وشه‌ی (دانا)ی لابردوه چوونکه به گوێره‌ی ڕێ‌وشوێندا ده‌زانرێ، واته له ڕه‌هنی مه‌یدا خه‌رقه و به‌رماڵم دانا» (قه‌ره‌داغی.ل. ٦٢).

به‌ڵام وه‌ك وتمان هه‌ر به‌وه‌نده مانای شیعره‌که ته‌واو ده‌بێ و مه‌به‌ستی وه‌فایی «خه‌رقه‌م دانا» نییه به‌ڵکوو ده‌ڵێ ئێستا «خه‌رقه‌م له ڕه‌هنی مه‌یدایه». له‌م نموونانه‌ی خواره‌وه دا، له هه‌موویاندا، وه‌فایی «دا»ی به مانای «دایه» به‌کار هێناوه:

من کوشته ئه‌تۆ به‌و له‌به شیرینه مه‌سیحم
من ته‌شنه ئه‌تۆ ئابی حه‌یاتت له ذه‌قه‌ندا

نیرت که قه‌راری جگه‌رم بوو وه‌دلم که‌وت
تارۆژی حه‌شر داغی خه‌ده‌نگت له جگه‌ر دا

ئاوێنه‌یی دڵ وا له جه‌لا دا به ته‌جه‌للی
دیوانه‌یی ڕووت که‌ی له هه‌وای شه‌وکه‌تی جه‌م دا
بۆ خاطری خه‌ندێکی به ڕه‌نگی گوڵ و باران
عاشق ئه‌وه‌تا هه‌ر کوڵی گریانی له‌ده‌م دا

■ **عاریضت قه‌سپی به‌یانان، قامه‌تت وه‌قتی ظوهوور**

له ناوچه ی موکوریان، «فه‌صل» به مانای کات و جه‌نگه به‌کار ده‌برێ، له‌و شیعره‌ی وه‌فایی‌ش دا وه‌ك

هاوتای «وەقت» بە کار براوە، بەڵام نووسەر لە جیاتی فەصلی نووسیویەتی قەسپی.
قەسپی بەیانان ـــ فەصلی بەیانان
□ عاریضت فەصلی بەیانان، قامەتت وەقتی ظوهوور

## چەند خاڵیش بە کورتی

■ ئاخ لە بۆ یەك حالی زانی دڵ پڕ ئاو و ئاورێ
حالی زانی ـــ حالزانی
■ سولطانی هەموو سەرو و قەدان،
سەرو و قەدان ـــ سەرو قەدان
■ سەروە، یا شمشالە، یاخۆ عەرعەرە، یاناروەن
شمشالە ـــ شمشادە
■ با هەزار جورم و خەطا، باز یار لەسەر رووی زەحمەتە
زەحمەتە ـــ رەحمەتە
■ عەنبەرین موو، نەستەرین بوو،
نەستەرین بوو ـــ نەستەرەن بوو
■ خوت وەدەر نا عالەمت سووتاند و ئاورت کردەوە
خۆت وەدەرنا ـــ رووت وەدەرنا

**■ کە تۆ لوطفت هەبێ قوربان، خەراباتیش موسوڵمانە**

نووسەر لە پەراوێز دا نووسیویەتی: «خەرابات: مەیخانە. بەڵام بەو جۆرە ماناکەی رێك نیە و دەبێ بگوترێ خەڵکی دانیشتووی خەراباتیش هەموو موسوڵمانن» (قەرەداغی. ل. ١٤٥). ماناکەی رێکە و وتراوە خەڵکی دانیشتووی خەراباتیش هەموو موسوڵمانن. «ی» لە «خەراباتیش» دا یای نیسبەتە:

مهابادی = خەڵکی مهاباد. خەراباتی = خەڵکی خەرابات. (خەراباتیش = خەراباتی + ش).

خراباتی شدن از خود رهائیست
خودی کفرست اگر خود پارسائیست
خراباتی خراب اندر خراب است
که در صحرای او عالم سرابست
(گلشن راز. شیخ محمود شبستری)

**■ بۆیە گوڵباغی گوڵی کەی من، سارێژ بوو داغی دڵەکەی من**
**رەحمت کرد بە حالم گوڵەکەی من، بەندەی باڵاتم صەد شابم**

بۆیم ـــ بوویە
گوڵی کەی من ـــ گڵەکەی من
□ بوویە گوڵباغی گڵەکەی من، سارێژ بوو داغی دڵەکەی من
رەحمت کرد بە حالم گوڵەکەی من، بەندەی باڵاتم صەد شابم

وەفایی دەیەوێ بڵێ تۆ وەك گوڵەباغ لە گڵی دڵم دا شین بووی.

**■ رووی لە تاتازوڵفی دەرخست، هاتە سەر رووی مەرحەمەت**
**نەوبەهار بوو، شەو بەهار بوو، وا کە داییسان چراغ**

شەوبەهار بوو ـــ شەو نەهار بوو
□ رووی لە تاتازوڵفی دەرخست، هاتە سەر رووی مەرحەمەت
نەوبەهار بوو، شەو نەهار بوو، وا کە داییسان چراغ

کاتێك کە رووناکایی رووی لە تاریکیی زوڵفی وەدەر کەوت، شەو وەك رۆژی رووناکی لێهات.

**■ بۆ خاطری خەندێکی بە رەنگی گوڵ و باران**
**عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لەدەم دا**

گوڵ و باران ـــ گوڵە، باران
□ بۆ خاطری خەندێکی بە رەنگی گوڵە، باران
عاشق ئەوەتا هەر کوڵی گریانی لەدەم دا

بۆ خاطری خەندەیەکی گوڵ و دەرکەوتنی رەنگی لێوەکانیەتی کە باران دەبارێ. عاشق ئاوایە. هەمیشە کوڵی گریانی لەدەم دایە. بارانی عاشقی گوڵ لە پێناو خەندەی گوڵ دایە کە دەبارێ. بڕواننە:

هەر لەحظە کە دێ پێدەکەنی حەقمە کە بگریم
پشکووتنی گوڵ مایەیی بارانی بەهارە

**■ لە سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنی بە مەحزوونی**
**وەرن لەو شێوە گوێ بگرن بە شین و شیوەنی بەیدا**

«نەی» شیوەن دەکا نەك «بەی».
شێوە ـــ شیوە
بەیدا ـــ نەیدا
□ لە سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنی بە مەحزوونی
وەرن لەو شیوە گوێ بگرن بە شین و شیوەنی نەیدا

**■ بە ئاب ورەنگ وروو حۆری، بە زوڵف وکاکوڵی غیلمان**
**گوڵاویان دا لە مەیخانە، غوباریان عەنبەر ئاسا کرد**

روو حۆری ـــ رووی حۆری
□ بە ئاب ورەنگ و رووی حۆری، بە زوڵف وکاکوڵی غیلمان
گوڵاویان دا لە مەیخانە، غوباریان عەنبەر ئاسا کرد

یانی: بە ئاب و رەنگ و رووی حۆری گوڵاویان دا لە مەیخانە و، بە زوڵف و کاکوڵی غیلمان غوباریان عەنبەرئاسا کرد.

**■ سەگەکەی رێبازی لەیلی، وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون**
**دونیام ئەو رۆژە لێ روونە خاکی بەر پێی ئاشنا بم**

سەگ بێتە سەرچاو، برێك سەیرە. نووسەر کە لە زۆر جێگا دا ئەوەندە پابەندی نوسخە دەستنووسەکەیە کە بە پێویستی نازانی بە مەحەکی لێکدانەوەی خۆشی راست بوون و ناراست بوونی هەڵسەنگێنێ و بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە دەستنووسەکە دا نوسراوە «خاکی گۆشەو لێوی» رێگا بە خۆی نادا بیکاتە «خاڵی گۆشەی لێوی» لێرە دا گوێی نەداوەتە نوسخە دەستنووسەکە. لە پەراوێز دا نووسیویەتی:

«سەگەکەی» لە (نوسخەی) خ دا بە هەڵە (سلکی) نووسراوە. لە پارچەی دوایی دا راست کراوەتەوە.» (قەرەداغی.ل. ٤٩).

ئاشکرایە «سلکی» بە هەڵە نەنووسراوە. ئەوەی بە رێنووسی کۆن نووسراوە «سلکی» بە رێنووسی ئێستا دەخوێندرێتەوە «سەولەکەی». «سەوڵ»یش هەمان «سەرو»ە. وەفایی لە گەلێك شیعری خۆیدا باسی سەرو و سەرچاوە دەکا. لە بەر ئەوەی لە هەموو جێگاکانی دیکە سەرو نووسراوە نەك سەول، لەوە دەچێ هەڵە یان راوێژی تایبەتی نووسەری دەسخەتەکە لەمەیاندا سەروی کردبێتە

سەول. ئەم شیعرە لە دوو جێگا نووسراوە و لەوی دیکەیاندا لە باتی «دنیام» نووسراوە «چاوم» و بە بڕوای من چاوم باشتر دەگونجێ.

☐ سەروەکەی ڕێبازی لەپێ، وەرە سەردووچاوی مەجنوون
چاوم ئەو ڕۆژە لێ ڕوونە خاکی بەر پێی ئاشنا بم

بڕواننە «سەرو» و «چاو» لە لای وەفایی:

وەرە سەر هەر دوو چاوم تا بزانن
کە وا شیرینە سەروی جوێباری

عەزیزم ڕوحی شیرینم لە من بۆچی کەناری تۆ
وەرە سەر هەردوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ

ئەتۆ سەروێکی نازداری، ئەتۆ شۆخێکی گولزاری
بە دڵ واچاکە بدگیرم لەسەرچاوان، لەسەر دە ستان

ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لەسەرچاوان بی شیرینی
لەبەرچاوم نەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم

بێجگە لەو چوار دێڕە شیعرە، لانی کەم لە دە جێگای دیکەش وەفایی باسی سەرو و سەرچاوەی کردوە. کەمترین وردبوونەوە لەوانە، دەیتوانی نووسەر لەو هەڵەیە ڕزگار بکا کە سەگ لە قەراغ ڕێگا (ڕێباز) شین بێ و بێتە سەرچاو و، شاعیر چاوی بەوە ڕوون بێتەوە کە ببێتە ئەو خاکەی سەگی لێ شین دەبی (خاکی بەرپێی ...)، لە کاتێکدا ئەوانەی دیوانی شاعیران ساغ دەکەنەوە، یەکێك لە پرەنسیپەکانی کاریان ئەوەیە کە کاتێك وشەیەکیان لێ عاسی دەبێ یان بۆیان ناخوێندرێتەوە یان لێی بە گومانن، لە ڕووی سەرجەمی ئەو وشە و تەعبیرانە کە شاعیر لە دیوانەکەی دا بەکاری بردوون، کلیلێك ساز دەکەن بۆ کردنەوەی ئەو گرفتەی لە خوێندنەوەی وشەیەك دا هەیانە. بەداخەوە خوێنەر لە زۆر جێگا هەست بەوە دەکا کە مامۆستا قەرەداغی بیری لەوە نەکردوەتەوە ئەو وشانەی ــ بەدروست یان غەلەت ــ لە ڕووی شکڵەوە ڕوونووسیان دەکا، لە لای یەکتر چ مانایەك دەبەخشن.

تەواو ۲۰۰۰/۷/۹

**سەرچاوەکان:**


دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس
دیوانی مەحوی، مەلا عبدالکریمی مدرس
حافظ نامە، بهاالدین خرمشاهی
تاریخ ادبیات در ایران، تالیف دکتر ذبیح الله صفا، بەرگی دووهەم، سێهەم، پێنجەم




# تێرۆرکردنی مێژووزانی کورد

ڕۆژی ۲٦ی مانگی خاکەلێوەی ۱۳۸۰(۱۰۰۱(۲۰۰۱)، نووسەر و مێژووزانی کورد، مەلا «**جەمیلی بەندیی ڕۆژبەیانی**» بە شێوەیەکی ئەوپەڕی ناجوامێرانە لە شاری بەغدا تێرۆر کرا، کە بە داخەوە تائێستاش زانیارییەکی ڕوونکەرەوەی ئەوتۆ، کە کێ و چ تاقمێکی مرۆڤخۆری دڕندە ئەو جینایەتەی بە جێگەیاندووە، لە دەست دا نییە. بەڵام ڕووداوەکە هەرچییەک و هەرچۆنێک بێ و، لەلایەن هەر کەس و تاقمێک بێ، بە کارێکی نائینسانی و دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ و، لەلایەن کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە توندی مەحکووم دەکرێ.
مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە ساڵی ۱۹۱۲ لە یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شاری کەرکووک چاوی بە ژیان هەڵێناوە و وەک زۆربەی کەسانی ئەو سەردەمە لە مەدرەسەی ئایینی دەرسی خوێندووە و خۆی پێگەیاندووە.
مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی یەکێک لەو قەڵەمبەدەستانە بووە کە هەر لە کۆنەوە لە بواری مێژوونووسیی و گەشانەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەیدا کاری کردووە و گەلێک خزمەتی بەنرخی بە گەلەکەی گەیاندووە، ئەو لە کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسیدا شارەزاییەکی تەواوی هەبوود. یەکێک لە کارە بە نرخەکانی ئەوەیە کە (شەرەفنامەی بدلیسی) کردۆتە عەرەبی و گەلێک پەراوێز و زانیاریی باش و بەکەڵکی بۆ نووسیوە و لە ساڵی ۱۹۵۳دا لە بەغدا بەچاپی گەیاندووە. هەروەها (تاریخی سلێمانی و فەمانڕەوایانی) مامۆستا ئەمین زەکی، کردۆتە عەرەبی کە لە ساڵی ۱۹۵۱ دا چاپ کراوە.
مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، سەرەڕای چالاکیی نووسین لە گۆڤار و بڵاوکراوە جۆراوجۆرە کوردییەکان، گەلێک بەرهەم و نووسراوەی بە کەڵکیشی وەک: (فەرمانڕەوایانی موکریان) و هی تر بە چاپ گەیاندوود و هەروەها زۆر بەرهەمیشی هەن کە هێشتا لە چاپ نەدراون.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو مێژووزانە و هەزاران تف و لەعنەتیش لە قاتڵانی وی.

## ١) سەردانی سەگ

**دوو شیعری: یۆران پالم**

وەرگێرانەوە: حەمە سەعید حەسەن

من خۆم تێک نادەم
دەخوازم بۆنم پێوە بکا،
یان هیچ نەبێ لێم بترسێ و هەڵێ،
کەچی زێتر لێم نزیک دەبێتەوە و
بە ئەژنۆم قوونی دەسرێ و
وەک چۆن بە هێمنی هات
هەروایش بەجێم دەهێڵێ.

## ٢) بەشێک لە شیعری پیاو قسە دەکا

تۆ هەرگیز بێ دایکت هەڵناکەی،
من پشتم هەر بە خۆم ئەستوورە.
تۆ لاواز،
من هەستیار.
تۆ هەڵدێی،
بەڵام من پاشەکشێی لێ دەکەم.
تۆ جوانیت،
من بەهێز.
تۆ شەیدای،
من دەڵێی ئاگرم.
تۆ خوازیار،
من دوودڵ.
تۆ بوویتە خاوەنی مێردی خۆت،
وەلێ من ئازادیم لە کیس چوو.
خانوو من دەیکرم،
کەچی تۆ تیا دەژیت.
ئاخر من ئیش دەکەم
بەڵام تۆ هەمیشە لە ماڵی.
من لە نێو جێگەدا بەکارم،
کەچی تۆ دەبیتە خاوەنی ڕەوەیە
منداڵی ئێسکسووک.
من نانیان بۆ دابین دەکەم و
تۆ دەیان گریتە ئامێزت.
من ڕۆڵی کەڵەشێر دەبینم،
تۆ مامر.

Svenska 1900 talslyrik, Christina Brockman, s.204&213, Berlings arlöv1993.

## مردن

**باربرۆ لیندگرین**

وەرگێرانەوە: حەمە سەعید حەسەن

ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێمەیش بمرین،
من و تۆیش دەمرین.
هەرچی ئینسانە هەر هەمووی
دەمرێ،
چی گیانەوەر و درەخت و گوڵە
هەر هەمووی دەمری
بەڵام نەک هەمووی بە ئافە جارێ
بەڵکو ناو بە ناو،
بە جۆرێکی وا
مەگەر بە ئاستەم هەستی پێ بکرێ.

Poesi boken, Harriet Alfons & Birgitt westin, s. 129. Ljung foretagen, Örebro 1983.

## نامە

**حەمە سەعید حەسەن**

دایە گیان بۆچی هەر لەوێی
خۆ من زۆر زۆرم خۆشدەوێی،
ئەوە ئاسمان هێندە خۆشە
منی لە بیر بردوویتەوە؟
هەتا کەی هەر لەوێ دەبی؟
دایە گیان کەنگێ دێیتەوە؟

دایە ئەوەندەت بیردەکەم
هەموو شەوێ دێیتە خەوم
دایە گەر ناگەڕێیتەوە
پێم بڵێ چۆن بتوانم
بۆ لات سەرکەوم.

دایە گیان بێ تۆ هەڵناکەم
هەتا بڵێی بێ تاقەتم،
دەمێکە بە پەرۆشەوە
چاوەڕوانی یەک نامەتم.

خۆم ئەم نامەیەم نووسیوە
بابە یاریدەی نەداوم
گەر وەڵامم نەدەیتەوە
تا ماوم هەر دڵشکاوم.

* بیرۆکەکەی لە شیعرێکی «بو بێریمان» ەوە وەرگیراوە.

دوو پارچە شیعر: **هاوار**

## هەڵپەرستی

تەشی ڕێسی خۆی هەیە هەموو دەور و زەمانێ
بلوێرژەنی خۆی هەیە هەموو لا و دیوەخانێ
شاباشکەری خۆی هەیە هەموو شایی و لۆغانێ
پاروگلێنی خۆی هەیە هەموو سەرسینی و خوانێ
بێباری و هەڵپەرستی لای هەندێ لەو کەسانە
کاسبی یە، مامەڵەیە، پڕکردنی گیرفانە
نە شەرمە، نە شوورەیی، ڕەوشتێکی ژیانە
ئەوی لە کیسی خۆی با، گێل و گەمژە و نەزانە
هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
هەزار ڕەحمەت لە خۆی و زمانی تیغی دەبانی
هەر ئەو، هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی دەزانی
هیچی بێبەش نەکردن لە پلار و کورزی گرانی

## پشت بەستن بە بێگانە

تا پشتت بەستبوو بە خۆت پشت و بازووت بە هێز بوو
لای بێگانە بە سام بووی ناوت بەرز و بەڕێز بوو
لووتکەی سەرشاخت قەڵای سەختی دوژمن شکێن بوو
سەنگەرت پڕ لە ڕۆڵەی مەردی دوژمن بەزێن بوو
هێزی جەماوەی گەل هاوبیری مەبەستت بوو
پێنووس و چەک بە جووتە چەکی هەردوو دەستت بوو
هەتا خۆراکت نان و دۆی پیرێژنی کورد بوو
(برا لە پشت برا بێ) دروشمی درشت و ورد بوو
جامباز و چەرچی و دەڵاڵ بازاڕیان سارد و سڕ بوو
پیاوی سیخوڕ و خۆفرۆش ڕووڕەش بوو حاڵی شڕ بوو
بەڵام کە کەوتیە داو و تەڵە و فێڵی بێگانە
بووی بە دەسنگەخۆری زۆڵ و هەرزە و جانانە
هەرچیت هەبوو دۆڕاندت وەک قومارچی مایەپووچ
هەر ڕۆژە لە هەوارێک سەرسم ئەدەی لنگەوقووچ

هەروابووە و وا ئەبێ ڕەوشتی مێژوو وایە
پشت بەستن بە بێگانە ملشکانی لە دوایە
ئەگەر هەزار جار بگریت ڕێی بێگانە پەرەستی
ساویلکانە دوای کەوی و ڕیشت بدەیتە دەستی
بە هیوای ئەوەی زنجێک لە سایەیا هەڵبەستی
ئەنجام خۆ دەبینیەوە چەند دۆڕاو و شکستی
گەر بە تەمای بێگانە دەست بەری بۆ فرمانێ
سەریش کەوی بە پیاو و بەفدەی خۆیت دەزانێ
خەڵاتی ئاغای نامەرد بۆ نۆکەری سەرشۆڕی
هەمیشە شەقی مزرە بۆ قنگی پان و پۆڕی

## ناڵەی دیلێ

**ڕەحمان سۆفی**

بن مێچێک پێخەفم،
زەویی ڕووتڕایەخم،
چاوەیەک پەنجەرە
ڕوانگەم،
چوا دەورم
چوار دیوارە.

ئاواز
تەنیا بەبووی کوندە،
مۆسیقا
تەنیا گڤەی بایە،
کپ بوو گوێم
دەنگم بڕا
نەوای نەی و
دەنگی یارم نایە.

ڕەنگ
تەنیا
قەترانی ڕەشە،
خێل بوو چاوم
لە مەدار لایدا
کەی ڕادەشکێ ئەم شەوە!
دیمەنی ڕوونی بەیانم کوا؟!

شەکەتی ئەندێشەیە مێشکم
تاکەی!
ماندووبوو گیانم
بەس نییە؟
تێکشکا ئێسقانم
زەردە بزەی کچی بەیانم کوا؟!

## «ژارگەی ماران»

**تێهەڵکێشی شێعری «بارگەی یاران»ی هێمن: مامۆستا هەژار**

(١)

بەربەرۆچکەش هەیە سەرمامە! شەوان من چبکەم
ئەم منالانە کە بێ کراس و کەوان من چبکەم؟
دڵی بردووم کچەتیوی کەرەوان من چبکەم؟
«دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چبکەم؟
کە بە قوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم؟»

(٢)

من نە شەرقیم و نە غەربیم و نە ئەمریکی، نە ڕووس
نە موسوڵمانی بە ڕاستیم و نە جووم و نە مەجووس
پیر و زورهانم و خوورپەی دێ دڵم بۆ کچی لووس
«قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چبکەم؟»

(٣)

سەرە لەرزۆک و قول و چۆکە شل و زگ پەنەماو
لاملم خوارە، پشووم سوارە، پرووش و کزە چاو
چوار پەلم فل بوو، لەشیشم بووەتە لانکەشکاو
«تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چبکەم؟»

(٤)

بە زگی برسی خەوم نایە هەچەند وەربکەوم
ئارەزووم هەر ئەوەیە نانێ گەرم بێتە خەوم
وەکی ڕەشکێکی ڕزیو پس پسە گش قەڵف و گەوم
«زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چبکەم؟»

(٥)

دم دمی؟ ئەوە دۆینێ بوو ئەمن زۆر کەونم
دایکەوای ڕەحمەتی ئەو سایە کووتابووی تەونم
وشک و ڕەق بوومەوە تازە دەگەڕێم بۆ شەونم
«ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندەخەوان من چبکەم؟»

(٦)

خەڵکی پێی وایە لە خۆشیانە هەرا و گاڵەم دێ
نا براکەم لە دەسی زاڵمەکان زاڵەم دێ
ورتەیی کۆنە برینانی دەم ئاواڵەم دێ
«شەو هەتا ڕۆژێ لە بەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چبکەم؟»

(٧)

لە چیایان و لە دەشتان و لە لادێ و شاران
هیچ شتێک ئێستە نەماوە وەکوو جاری جاران
دەوەرە سەیرێ بە ڕۆژی مژ و گۆپاڵ باران
«بارگە و بنەیان تێکەوەپێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چبکەم؟»

(٨)

دەچمە لای هەرکەسێ بۆ کارێ دەڵێی کوێر و کەڕە
یەک دەڵێ لاچۆ لە بەرچاو ئەوی تر ئێژێ هەڕە
ئەوی بۆم ماوەتەوە چاوی تەڕ و پێستی گەڕە
«ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چبکەم؟»

(٩)

خۆم وەکوو زەرنەقوتە و زارۆڵەکانیش ڕووتن
حەوتی وام هەن کە دەمی خواردنێ وەک حەو حووتن
دۆینێ ئێوارێ لە سەربانی هەڵم خست تووتن
«سروە» هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازەجەوان من چبکەم؟»

(١٠)

خاڵەباس یادی بەخێر ئەودەمی دایکی مردبوو
هەروەها وشک و برینگ نایە قەبر نەیشردبوو
دێیەکەی ئێمە هەمووی دێم وتەلان و گرد بوو
«ناو نەبوو ئەودەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو
ناو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟

## «شارگەی یاران»

**تێهەڵکێشی شێعری «بارگەی یاران»ی هێمن: هێرش**

(١)

دۆست و یاران کە هەموو سەر بە هەوان من چبکەم؟
نە لە مان سێلە نیگایەک، نە لە وان من چبکەم؟
نەچمە جێژوان بە خەیاڵ، خوێنەرەوان من چبکەم؟
«دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چبکەم؟
کە بە قوربانی نەکەم رووحی ڕەوان من چبکەم؟»

(٢)

بە ڕەوش چەشنی فرشتە، بە بەژن وەک ڤێنووس
بە نەخش جەوهەری جوانیی، دڵەکەم وەک دەسنووس
شۆخی شۆخی دڵی بردم، سەری پیری بە خسووس
«قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چبکەم؟»

(٣)

یادی ئەو دەورە بە خێربێ کە لە سەر قەولی گراو
دامدەگرت سەنگەری جێژوانی بە چەک دەورە دراو
چ زوو بۆی نامەوە پیری ڕەشە داوی لە نەکاو
«تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چبکەم؟»

(٤)

تۆ بڵێی بێتەوە ئەو ڕۆژە، شەوێ دەربکەوم
بەکرە شۆڤاری دەغەڵ هەڵ بکەوێ ڕێی بکەوم
داخەکەم! جەردەیی پیری پەکی خست ڕەوت و ڕەوم
«زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پرمەیی بۆر و بدەوان من چبکەم؟»

(٥)

چ دەپرسی گوڵەکەم، کوێیە مەکان و کەونم؟
لێک ترازاوە کەر و ڕایەڵ و داوی تەونم
زار و بێزار و زەبوون، زەرد و کز و بێ لەونم
«ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندەخەوان من چبکەم؟»

(٦)

عومرێ پێمابوو منیش دەوری مەی و پیاڵەم دێ
کوانێ دەمزانی کە ئەو ڕۆژە ڕەش و تاڵەم دێ
نییە ڕازدارێ بڵێم کیانە لە چی زاڵەم دێ
«شەو هەتا ڕۆژێ لە بەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چبکەم؟»

(٧)

دەخولێمەوە ئاوارە و بێچارە لە شاران
دەسناکەوێ یەکڕەنگ بێ ڕەفیقێ وەکوو جاران
بۆ نەگریم ئەمن ئەوڕۆ وەکوو هەوری بەهاران
«بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چبکەم؟»

(٨)

چۆلە جێژوان! بگر و هەڵڵایە، شەڕە
لەش هڵۆڵە، دڵ کڵۆڵە، چاوەکەم سوور و تەڕە
ئەی پەری شادی وەرە تاوێ بەلاما تێپەڕە
«ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چبکەم؟»

(٩)

ماڵیان ئاوابێ ئەوانەی بە وەفا دەبزووتن
گەردن ئازادی لەوانەش، کە لە من لالووتن
خۆش بەودەمە ساقی بە سەفا پێکەوە جووتن
«سروە» هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازەجەوان من چبکەم؟»

(١٠)

کێ بوو؟ بۆ ئەهلی ئەوین، شێعر و وشەی وەک دوڕ بوو
دوڕی دەریای ئەدەب و پیرە هەڵۆی هەڵگورد بوو
بەرزە ناوی لە ژیان گەرچی بە ڕواڵەت ورد بوو
«ئاو نەبوو ئەودەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟

چیرۆک:

# جوبرائیلی پێخاوس

**حەمە فەریق حەسەن**

«ــ یا حافیزەڵڵا. دڵم خەبەری دابوو لێمان دەقەومێ. ئەومیش شایەتی خوا...» هەرکە پێم بە برێکا نا، پژمـیم. خـۆ پژمین بە دەست خۆم نییـە. پژمین تاوانیش نییـە. کەچی حەپسەخانی دایکم یەکسەر وای بە دەمدا هات.. ئەمە کاری ئێستای نییە. هەر کـاتێ جـارێک، تەنێ جـارێک پژمـیبم یەکسـەر ئەو نوقـڵانەی خـراپی لێداوە. نیگەرانییش هروژمی بۆ هێناوە.. کەچی نە من نە هەتاوی خوشکم باوەڕمـان بە پژمین نییە. دەربەستیش نین.. جوبرائیلەفەنگی باوکیشم، وەستـام و نـەوەستـام یەکسـەر کڵاش و گۆرەوەییەکانی داکەند. پێخاوس لە جێبەکە دابەزی. ئەو وەک هەرزەکارێک بازیدایە سـەر زەوی. دایکم و هەتاو بە داگرتنی تفاقەکانەوە خەریک مـان. دایکم وەک خەونێکی ناخۆشیـان بۆ گێڕابێتەوە، گـورج گـورج، بە دەم جـووڵەوە دەیوت و دەیوتەوە:

«خوا بە خێری بگێڕێ!»

نەء، هەستم نەکرد کورتە گیای تەڕی پاش باران، موچورکی بە لەشی باوکما هێنابێ. دەشێ موچورک بە لەشیدا سـەرکەوتبێ، بەڵام خۆی لێنەبان کردبێ. پیرەمێرد هەن دەیانەوێ وەک کـوڕەزۆکە خۆیان پیشانی قەرەباڵغی بدەن. ڕەنگە باوکیشم لەو جۆرە بێ.. هـەر دابـەزی، وەک زینـدانـیی هـەتا هەتایی و لەناکاو بە لێبوردنی گشتی ئازاد بووبێ، باڵەکانی هەتا ئاستی شـانەکـانی بەرزکـردنەوە. پڕ بە سـیـیـەکـانی هەوای بێگەردی هەڵمـژی. هەوای سـروشـتی کـراوەی نەوبـەهار، گـوێی بۆ هاژەی زێ، پیقـەی زورنا و گرمـەی دەهۆڵ هەڵخست. لووتی بۆ بۆنی نێرگز و بۆنمی خاک هلۆڵ کرد.. دەشسـووڕا.. ئەگەر بڵێی دیمەنێکی نامـۆی هەبوو. دەسـتـی کـردە سـایەبـانی چاوانی.. لەو پێدەشتە ساباقەدا دەسووڕا. تـا چاوی هـەتەر بکا دەیڕوانی و دیقـەتی دەدا. دیاربوو خۆشییەکی سەیر لە گیانی دەگەڕێ. هەموو خەڵک هەر دڵشاد دەهاتنە پێـشـچـاو.. دیمەنەکـەیش دڵگیـر بوو. پێـدەشـتـێکی بـەرین و ئاوەدان، گـونـدە نوێژەنکراوەکەی بناری دەگەیاندە زێ.

خوایە گیان بەلامەوە چەنێ چاوەڕواننەکراو بوو. قەلەباچکەیەک، ڕەش، بەرگەردن سپی، بە قیژ و هووڕ لە نێو ئەو هەموو حەشامەتەدا ڕێک بەرەوڕووی باوکم فڕی. ئەمجا وەک بە دەزوویەکی نەبینراو بە سـاپیتـەی ئاسـمـانەوە هەڵواسرابێ، بە ئاسۆی بـان سـەرییـەوە لەنگەری گرت.. وەک مۆمیا کرابێ نەدەجووڵا. بەڵام لە سەرێک دەیقیژاند.. پاشان بە دەوری سەری کەوتە تەنوورە لێدان. دوای قەدەرێک لە بەر پێیدا نیشتەوە و کەوتە هەڵقون هەڵقون.

خۆم بە منداڵیی قەلەباچکەم ڕاگرتووە. دەزانم زۆر هۆگری ئینسان دەبێ. بۆی هەیە بێـخـوڵک بفڕێتە بەر هەیوانی ماڵەکانمانەوە. ئەگەر تەواو دەستەمۆبوو، دەشێ لە دەر و دراوسێ دزیش بکات. بەڵام لە نەدیوی و نەناسی، لە نێـو هـەزاران کـەسـدا، کوێرا ئەم ئاشنایەتیـیـەی لەگەڵ باوکمدا پەیداکرد؟!

قەلەباچکەم قەلەباچکە، سەروسینگ خڕ، کلک درێژ. کاتێ بە حەشیمەتەوە لە پێش باوکمەوە ڕێی دەکرد، وەک ئـەو مـۆتۆڕسـیکلانـە دەهاتە بەر دیدەی خـەیاڵم کـە بە کـەش و فـشـەوە پێش کەژاوەی پادشایان دەکەون. دیتم حەپسەخانی دایکم و هەتاوی خوشکم بۆ تاوێ، بە پەنگرکێش و باوەشـێـنەوە وێنەی پەیکەر وشک وەسـتـابوون.. قـەلەباچکە وەک لە پڕ مـاری دیبێ بەرەو هێـلانەکـەی سـەرکـەوێ، کـردی بە قـیـرەقـیـرێک ئەوسـەری دیار نەبێ. کـاتێکم زانی، دەیان قەلەباچکەی بازوو کەوتوونەتە پێش باوکم.. نەمزانی ئەمانە لە عەردەوە هەڵقولان؟ لە ئاسمانەوە بارین؟.. چی؟ قازێکیش لە زێوە قەلفڕ، بە قیرەقیر، بە نێو ئەو حەشامەتەدا هات.. بە گوژم خۆی بە نێوقەدی باوکما کێشا. دەنووکێکی لە پشتێنە حەوت قەفییەکەی گرت. ئەمجا کەوتە دووی، کەوتە دووی و ملی درێژ کردبوو. من دەترسام دەنووک لە قولە پێی بگرێ.. باوکم بە ئەوقبوون ئەوقبووبوو. نەیدەزانی چیبکا.. ــ بۆ کوێ بچێ؟ چی بڵێ؟ بۆیە کشەیەکی نە لە قازەکە پێکرا، نە لە قەلەباچکەکان.

دوای قەدەرێک حەپەسان. لە هیکرا وەک باڵندەی (ڕخ)ی نێو ئەفسانەکانی هەزار و یەکشەوە، باڵەکانی کردنەوە. سەدوهەشتا پلە بایدایەوە.. هەوای چوار دەوری خۆی خستە شنە.. چاوێکی سەراپایی گێڕا.. جوان جوان دیتی چی خەڵقندە ڕژاونەتە ئەو پێدەشتە، هەر یەکە و جووتێ چاویان پێوەیە، دەخوازن سەرودووی دیکە قەرد بکەن و سەرنجی ئەم دیمەنە نامۆیەی پێبدەن. دایکم بە حەسرەتەوە وتی: «نەموت لێمان دەقەوێ؟!» بەڵام من هیچم نەوت.

سێ مانگە جوبرائیلەفەنگی لە لیژنەیەکدا چالاکە و بۆ ئاشتی دەخەبتێ. لە دوای جەولەی سێیەمی جەنگەوە، ئەم لیژنەیە سێ جاران سەردانی هەردوو لایەن بکات. هەر سێ جارەکە، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن، وتاری لیژنە بەرەوڕووی ئەم کراونەتەوە.. ئەم ئومێدی هەرە گەورەی بە لیژنەکەیانە. با وجوودی نزیکەی ٣٠ لیژنەی دیکە لە شارەکەیان، کە هەموویان بۆ مەبەستی چێکردنی ئاشتی پێکهاتوون.. خۆی بێلایەنە و دەخوازێ لەم ئاهەنگی نەورۆزەدا کەوا بۆ سێ هەفتە دەچێ خۆی بۆ سازدەدا، بە کردەوە ئەو بێلایەنییەی پیشانی ئاهەنگێڕان بدات. شایەنی بێلایەنیی لیژنەکەیان شایانی ستایش بێت و هێندەی هەودایەک سەر نەکا..

جوبرائیلەفەنگی لەمێژە کەڵکەڵەی تەدارەکی ئاهەنگی نەورۆز لە کەللەی داوە: ڕانک و چۆغەکەم خورمایی یە. خەڵک ناتوانن لە خوت و خۆڕایی خورمایی بەرنەوە سەر زەرد یان سەوز.. چی لە پێکەم، چی لە پێکەم؟.. دۆزیمەوە، کڵاش جێی خۆیەتی، کوردانەشە. لە قال و بەلاوە کڵاش هەر

سپی بووە. مایەوە پشتوێن کە زۆر گرینگە. با پشتوێنەکەم سەوز بێ، گەرچی جاران سەید پشتوێنی سەوزیان دەبەست.. ئەی کراس؟.. با پرسێ بە حەپسە بکەم:

ــ نیازمە بۆ نەورۆز کراسی مۆر لەگەڵ ڕانک و چۆغەکەم لە بەربکەم.

ــ جوبرائیل، لەگەڵ خورمایی کراسی بێجی ڕێدەکەوێ.

ــ بەڵام من خۆزیارم هاوسەنگییەک لە نێوان ڕەنگەکاندا دروست بکەم. ئەمڕۆ مرۆڤ بە ڕەنگی جلکەکانیدا دەناسرێتەوە. هزری مرۆڤ وا لە ڕەنگی جلکەکانیدا..

ــ ئێ ئێ تێگەیشتم، تۆیش دەتەوێ زەمانەساز بی.

ــ ئافەرین ئافرەت.. ڕات لە سەر فەقێیانەی زەرد چییە؟

ــ بۆچی زەرد؟

ــ لەبەر خاتری فراکسیۆنی زەرد!

ــ ئاخری پیری جۆ بە تیری!.. باوکم، باپیرم و خەزووریشم هەر فەقێیانەی سپییان دەبەست، ئەی مێزەر نابەستی؟

ــ با با، بۆ مەسەلەی تیلاکم، مەندیلێکی سپیی خاوێن و باوێن دەبەستم. سپی بۆتە ڕەنگی ئیسلامی.

ــ کەواتە بۆ پرسم پێدەکەی؟

حەپسەخان لێیدا ڕۆیی و جوبرائیلەفەنگی بە تەنێ لە سەر سێ و دووی دڵی خۆی بەردەوام بوو: باشە جوبرائیل بۆ سوورت بیر چوو؟.. سا وەڵڵاهی ئەگەر پارچەیەکی سوورم لە بەرما نەبێ و «حەمە کاسترۆ»ی کارگوزاری دائیرەکەمان بمبینێ لێمنابڕێتەوە.. ئا، بیرم کەوتەوە. دەکرێ عەبایەکی سوور بەرادان بدەم و بیدەم بە سەر شانا.. خودا هەڵناگرێ هاوڕێیان لە زەمانی (حەسکەوماتلی) یەوە خەریکن. قەیدی نییە با عەبایەکەم سوور بێ. وەختی خۆی پیاو ماقووڵ و سەرخێڵەکان عەبای شانسوورمەیان هەبووە.. با گۆرەوییەکانیشم ئەڕای کوڕەیل گەرمەسێر ڕەش بن.

کەواتە مێزەری سپی، ڕانک و چۆغەی خورمایی، کراسی مۆر، حەوت قەف پشتوێنی سەوز، کڵاشی سپی و گۆرەوی ڕەش، فەقێیانەی زەرد و عەبای سووری ئاودامان.. تۆ بزانە چەند زەین کوێرم.. جا خۆ برادەرانی شارەزوور لێمنابڕنەوە.. نا، نابێ دڵی هیچ لایەنێکم لێبڕەنجێ. من هەوڵدەدەم لێکیان نزیک بخەمەوە. جاخۆ ئەگەر (شین)م بیربچێ، مانای وایە دژی تەباییم. ئاه، بیرم کەوتەوە، دەکرێ تەزبیحێکی دەنک گەورەی شین، لە وانەی بۆ چاوەزار دەیکەنە ملی ئەسپ.. بەڵام باوەڕم کزە برادەران بە تەزبیحێ دڵیان ئاوبخواتەوە، بە کەمی دەزانن. «حسە گرێزەیی» حەرەسی شەویشم لێدەڕەنجێ. ئا، بۆیمباخێکی نیلی دەبەستم و قسەی دەبڕم..

بەیانیی نەورۆز، کاتێ پڕتەو و هەتاو دیقەتی باوکیان دا حەپەسان. پڕتەو وتی:

ــ بابەکیان تکا دەکەم بە قاتەکەی دائیرەوە وەرە!

هەتاو بە پاڕانەوە پاڕایەوە:

ــ دەترسم لێمان تێکبجێ!

حەپسەخان وتی:

ــ قسەی خۆتان لە بەرد مەدەن!

جوبرائیلە فەنگی بە بڕوابەخۆبوونەوە وتی:

ــ دەزانم هەرکە لە جێبەکە دابەزیم کوڕ و کاڵ چوار دەورم دەتەنن. بۆ یادگار وێنەم لەگەڵ دەگرن. پەیامنێرەکان گفتوگۆم لە تەکدا سازدەکەن.. بەشداریی نەراسیمەکان دەبم. کوڕگەلیش دڵیان پێی خۆش دەبێ. جار وبار پێیەک لە زەوی دەدەم و لەگەڵیان هەڵدەپەڕم. بەڵام لە سەرچۆپییەوە نەبێ دەست ناگرم.. دەسا لەو بڕوایەدام، ئامادەبوونم بەم جلکانەوە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێ. دڵنیاشم دوای مەراسیمی نەورۆز نوێنەرم دەنێرنە لا و پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەم لێدەکەن. بەتایبەت ئەو لایەنەی لە نەورۆزی ئەمشارەدا بەشداریی ناکات و سنوور کەوتۆتە نێوانەوە.. ڕەنگە وەک ڕەمزی تەبایی و ئاشتی ناودێر بکرێم.. بێگومان زۆر خێزان تووڕکی خوڵکم دەکەن. منیش بێدڵییان ناکەم.. یاپراخێ لێرە، پلە گۆشت لەولا، پیاڵە چایەک لەولاتر،، بە دووریشی نازانم ئەم تەرزە بەرگە ببێتە باو و لەمەوپاش نووسیارە بەنامێ و ئاکتەرەکان لە بەریکەن..

جوبرائیلەفەنگی هۆیێکی لەخۆزانی پێسە تەیمان چواردەوری تەنراوە. چرکەی کامێرا و بریسکەی فلاشە. کامێراکان بێ هەدادان ڕوویان دەکردە ئاسمان. گاکۆتر و ماسیگرەکانیان وێنە دەگرتن. لە سەر سەوزەگیای سەیرانگەکەیش فۆتۆی مراوی و قازەکانیان دەگرتن کاتێ بە دەنووک عەبایەکەی جوبرائیلەفەنگییان ڕادەکێشا. پۆلە قەلەباچکەیان وێنەدەگرتن کاتێ لە پێشییەوە ڕێیان دەکرد و جارجار دەنووکیان لە پێخاوسە ڕچیوەکانی دەدا.. زووم ئین و زووم ئاوتی خۆیان دەگرت. هی پارچە پارچەی جلکەکان.. کولەفڕە و کڵاوکوڕە و کلک هەڵسەنگێنە و مریشکە ڕەشە، لای چیاوە دادەهاتنەوە. گامارۆ و بۆرچین لە چەمەوە. لە ژێڵدا هەڵدەکشان. چۆلەکە مینا لە تافی بووک بردندا بن پێکدادەهاتن و دەیانجریواند و ئەو ناوەیان پڕ زریوە زریو کردبوو.

لاوێکی کاوبۆی لەبەری چاویلکە ئاوێنەیی، پێشی کەوت و پلارێکی تێگرت:

ـ دەرهێنەرەکەی نەزانە، تازە باوەڕ ناکەم فللینی و بازۆلینی پێکەوە بتوانن بیهێننەوە تایم!

هەرزەکارێکی دی کە پتر لە ٥٠ دوگمەی رەش و نزیکەی ٣٠ ئەڵقەی ستیلی گەورە و گچکە و ١٠یان تەرەقە و ٦ جووت گیرفانی هەمەڕەنگ و دەرزەنێک زریزە و زنجیر بە قەمسەلە رەشە چەرمەکەیەوە بوو، وێڕای کەتتافی و ئاوزوونە، لێی هاتە پێش وتی:

ـ نە هارمۆنی یە، نە کۆنتراست!

ژن ومنداڵی جوبرائیلەفەنگی دەست لە سەر دەست زرتەی چاویان دەهات و ئەوق ببوون.. قازەکان بەردەوام بە دەنووک دامێنی عەباکەیان ڕادەکێشا. مانۆڕی باڵندە بە ئاسمانەوە بەردەوام بوو. دادەهاتنەوە و دەیانویست لە سەر تەپڵی سەری بنیشنەوە بەڵام لەبەر ئاپۆرەی خەڵک سڵیان دەکردەوە و دەیانقیڕاند. پۆلی گاکۆتر بە هۆهۆ، قژاکە بە قیژەقیژ، لە شاخڕا دادەهاتنەوە و ماسیگرە بەرز بە قیژە و قاژەی باڵیانەوە تەنوورەیان بە سەر جوبرائیلەفەنگییەوە لێدەدا و ئاسمانی سەیرانگەکەیان چۆڵ نەدەکرد. بە دەم نزگەرەوە، جامانەبەسەرێکی برۆچڕ، چاوبز و سمێڵ زل بە هاوڕیاڵەکەی کە دوو پەرداخی بەتاڵی بەرامبەر یەک دانابوون بۆ پڕ کردنەوەیان وتی:

ـ بە شەڕە...فم، وەک دێو.. جامە، ئەم زەلامە ببەمە ئەو سە..گرمەیە، نێرەکەوی پێوە ناهێڵم!

منداڵان، شاری و گوندی، بە غاردان هاتن. هاوکات هەزاران فیرنەگولەی بۆرەقنە ڕژانە ئاسمانی سەیرانگەکە.. منداڵی یەکەم جوبرائیلەفەنگی پەنجەنوما کرد و وتی:

ـ پێم وایە باڵندەی لەم ڕەنگەم دیوە!

منداڵی دووەم: ئەگەر لە ماڵە مەسوول دیبێتت ئەوە تاوسە! یەکەم: نا نا.. لەم دەوروبەرە دیومە.

دووەم: دە ئەوە غەزایی کەرمیە.

یەکەم: غەزایی کەرە دەزانم کامەیە. عەینەمەلیشی پێدەڵێن. هەو نییە!

دووەم: دە کەواتە کەندەسمەیە!

یەکەم: دەزانم مەبەستت هەنگخۆرەیە. لەو گچکەترە!

دووەم: هەبێ و نەبێ بووکە دۆمانەیە.

یەکەم: بووکە دۆمانەش نییە.

دووەم: زەردیوەلی یە.

یەکەم: هەو نییە، بەڵام نزیکت کردۆتەوە.

دووەم: حەفتڕەنگیلەیە.

دووەم: دەمخۆش خۆیەتی. حەفتڕەنگیلەیە.. حەفت ڕەنگ.. گی .. لە.

سەدان منداڵ خڕبوونەوە. بە دەم چەپڵەڕێزانەوە، وەک دروشمێکی چوار بڕگەیی بە حەماسەوە دەیانگوت و دەیانگوتەوە: حەفت.. ڕەنگ..گی.. لە.

هێندەی نەبرد چی دەهۆڵکوت و زوڕناژەن هەبوون لە سەر هەمان ئاواز دەهۆڵیان دەکوتا و زوڕنایان دەژەند.. کوڕ ئەو کوڕە بوو بتوانێ ڕوو بە ڕوو جوبرائیلەفەنگی ببینێ. هەبوو لە جێی خۆی هەڵدەبلۆقییەوە، دەچوو بە حەوادا تاکوو چاوی پێبکەوێ. هەبوو دڕی بە حەشامەتەکە دەدا.. هەبوو دەپەڕییە قەڵاندۆشکانی ئەوەی پێشی تاکوو بە چاوی خۆی ئەم باڵندە ڕەنگاوڕەنگە نوێیە ببینێ.

ـ ئەرێ بە ڕاست ئەو بگربگرە چییە کاسترۆ؟

ـ بێخەبەرم حسێن، پێهەڵگرە با بزانین!

ـ شەڕە!

ـ باوەڕناکەم، تۆ کەس دەبینی لە کەسێکی دی ڕاسابێ؟

ـ کوڕە خۆ ئەوە جوبرائیلە فەنگی یە و لە هەوران ڕادەمێنێ!

ـ ئەی هاوارم هەی، ئەویش تێکچوو!

ـ تۆ بزانە بۆتە مایەی هێلانەوازبوونی هەزاران باڵندەی بەستەزمان!

ـ تەمس حەفتڕەنگیلە مەبەستییان بێ جوبرائیلە فەنگییەی خۆمانە!!

دوای کۆششێکی زۆر، پرتەو بە جێبەکەوە خۆی کوتایە ناو ئاپۆڕاکەوە. حەپسەخان و هەتاو هەردوو دەست و هەردوو قاچیان توند گرت و پەستایانە پێشی جێبەکەوە. بە فەلاکەت دەرباز بوون.

هەتا لە چاو ونبوون جەماوەرەکە بە دەم هاڕەی چەپڵەڕێزان و زیڕەزیڕی زوڕنا و گرمەگرمی دەهۆڵەوە، بەحەماسەوە هاواریان دەکرد:

حەفت.. ڕەنگ.. گی.. لە... حەفت.. ڕەنگ.. گی.. لە.

هاوینی ٢٠٠٠

دێوجامە: پارچەقوماشێکی گەورەیە، پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ، پارچە شووشە و ئاوێنەی لێ چەسپ دەکرێ، بۆ ڕاوی باڵندە بەکار دێ.
نوقلانە: پێشبینی.
ساباق: گەورە و فراوان.
سایەبان: هەر شتێ سێبەر بکات.
پلار: تانە و تەشەر، قسەی بە توێکڵ.
هێلانەواز: لانەوازبوونی باڵندە.
بۆنم: بۆنی خاکی تەڕ.
پەنگرکێش: مقاش، ماشە.
شایەن: تەرازوو.
ئەرای کوڕەیل: لە بەر خاتری کوڕگەل.
حسکە و ماتلی: دوو جۆرە تفەنگن، سەرەتای سەدەی بیستەم هاتوونە کوردستان.
کرێزە: گوندێکی بە ئاپۆرە و دەوڵەمەندی شارەزوورە.
خولکی توورکی: خوڵکی جدی، فەرمووڵێکردنی ڕاستەقینە.
فللینی و بازۆلینی: دوو دەرهێنەری بەنامێی ئیتالیایین.
فیرنەگولە: باڵندەیەکی بۆری لە چۆلەکە گچکەترە، فرنەگولە، فندەبەبوولە.
هەڵبلۆقینەوە: هەڵبەزینەوەی خێرای لە دووی یەک.
کامارۆ: باڵندەیەکی ڕەشی ملدرێژی نێوچاوان ماڕۆی ئاوی یە.

کورتە چیرۆک:

# سێیەمین شەوی مالین

بۆ خانمێکی بەرێز،
کە ئەو خانمە بۆ مندالەکانی دایکێکی دایکە، بۆ هاوسەرەکەی هاودەمێکی خەمخۆرە، بۆ ژنانی لێقەوماوی کوردی بێبەش مامۆستایەکی کارزانە، بۆ دۆستانی دوور و نزیکی خۆی پەریخانێکی میهرەبانییە و لە عالەمی هونەریش دا هونەرمەندێکی پایەبەرزی دەنگ دڵ بلاوێنە ؛ بۆ مەرزە خانمی فەریقی (ڕەزازی).

**کوردان کەریم مەحمود،** بەهاری ٢٠٠١.

هەرکە هەتاو لە پشتی کەلەوە ئاوابوو و تریفەی مانگ هێدی هێدی بەسەر هەردی گۆڕستانەکەدا پڕژا، چی گۆڕ و گلکۆیەکی کە لە گۆڕستانەکە دا بوون، جوولەیەکی ئارامیان تێکەوت. خاک لە ژێرەوە مێرووڵەی کرد. هەناسەیەکی هێور بەژێر توێی هەردی خەوتوو دا گەڕا. گژ و گیا و دار و درەختیش دەگەڵ ئەم هەژانە لک و پۆیان کۆ کردەوە و پنج و ڕەگیان لە دەوری خۆیان هالاند. وەک بڵێی خەبەری ئالوگۆڕێکی دەمەودەست لە ئارا دابێت، بەرامەی زیندوو بوونەوەیەکی دەمەکی بە گۆڕستانەکەدا گەڕا. هەردەتگوت مەسیحە بێ ئازەکەی کوڕی مریەمەی پاکژ بۆ ئەم ژینەوەیە هاوسەفەری تریفەی مانگ کراوە و لە ئاسمانی خەیالەوە فووی ژینەوەیی لە هەناوی گۆڕستانەکە گرتووە. گۆڕیچەی نێوانی دوو لینگی کێلەکان لە ورگەوە ئاوسان و ژانی زانێکی سەرتانسەری بە جەنسەتی هەموو گۆڕستانەکەدا هات. بەم بەرەژانە، تاتەبەردەکان لەق بوون، کۆنە گۆڕە داتەپیوەکان وەک هەویری هەلاتوو لەبەر یەک ڕەوینەوە. دەنگی فیکە و گڕە و هاژەیەکی ترسناکیش خۆی لە گۆڕستانەکە هالاند. دیار بوو میوانانی لەمێژ خەوتووی ژێر تەپۆلکی خاک، ئاهەنگی جوولەی سەرهەلدانەوەیان تێکەوتووە و بەتێکڕا خەریکن بۆ هەستانەوەیەکی نائاسایی بای باڵ دەدەن و هەناسە تازە دەکەنەوە.

یەکەم ژان، چرژی بە خاک دا. خاک و خۆڵ ڕەنگی گۆڕدرا. کەون و نوێ بەسەر یەکدا تەپین و دیسان بەسەر یەکدا هەلگەڕانەوە. بەدەیان سالی پێشین، چی بە ئەوکی کەونە گۆڕستانەکەدا ڕۆچوو بوو، بە یەک قلپە هەمووی لە ئەوکی گۆڕەکان نزیک بوونەوە. پێشەکی، دەست، ئانیشک، کەللەسەر، لاجانگ، زەند، مەچەک، لاشان و، دوایەش هەرچی وردە ئەجزای لەش و لاری ئادەمیزاد بوو، چەشنی کلاوەی قارچک سەریان قوت کردەوە و لە زەوی هەلتۆقین. لە نێو خێلی بێ هەژماری ڕابووانی نێو گۆڕستانەکەدا هەر تەنێ بالابەرزێکی خانومانی شلو مل، چەشنی گەزیزەیەکی بەناز، یەک جێ و بە یەک تەکان لە گۆڕ هاتەدەر. نازداری شیرین ئەندام بەژنی نەوتوولی یەکجێ لە خاکی گلکۆ ئەستاندەوە و کەوتە سەرێ. کەوتە سەرێ و بە بادان و سووڕانێکی نیوەنازەوە، وردە تۆزی دەیان سالەی گلەبانانی ژێر گلکۆکەیی بە هەوا دادا. چاوگەلە شینە ئاسمانییەکانی بە دەورانپشت داگێڕا. ئەوسا قژی کاڵ و داوداوی پەخش و پەرێشان کرد و ئەگریجەی خاوی بە شانەی مانگەشەو داهێنا. دیسان کەوتەوە خۆ و بالاپۆشی حەریری سپی و لووسی لە بەژنی لاولاوی توند کرد و بە ئاهەنگی ڕاخوشینی شنەبا، دەست و مەچەک و شان و کەمەر و خوارکەمەری لەراندەوە. مانگ نووربارانی کرد و شنە بۆی خوێند و ئەویش بە سەما داهات. لە سەمادا، خۆی بۆ شنەی شەوبا شل کرد و شنەی سەرشێتیش خۆش خۆش پەنجەی بەنێو بەرکۆژەی سەر سینەکەی داخزاند و هێدی هێدی سەرپێچ و سەرشانەی بالاپۆشەکەیی لادا. ئەویش دوو شەمامەی سەربێستانی سنگەکەیی لە مستی شەوبا نا و، مانگیش لە حەسرەتی بەدوور بوون لەم بەخشینە بەلاشە و لەم دەست بزاوتنە هەراشە، پڕ بە باوەشی هەموو ئاسمانان شەپۆلی نووری لە چاوان هەلوەراند.

ئەرێ بالاپۆشی حەریر بە ئەنقەست لە سەر شان و سنگ و پشتی «مالین» لادرا؟ یان لەبەر هێندە لووسی و خزۆکیی لەشی بلوورینی مالین بوو کە داخزی و لە بەرەوەی کەوانەی خوار باریکایی کەمەری دا چەترێکی خۆش کەشمی هەلدا؟ یان دەستی شنەی شەوبای تێدا بەستە بوو، کە ئەم کارەی لێکرد؟ کەس بە ئەمەی نەزانی و ئەو خۆیشی پەکی بەهیچ نەکەوت و نیوە ڕووت سەمای کرد. سووک و لەبار، هەر وەک هەناسە، بە هەموو گۆشە و کەناران دا گوزەری کرد، جێگا نەما پێی پێدا نەدا و بەرد و کێلی گۆڕستان نەما شفای سەمای بەسەر دا نەبارێنێ. لەپڕ، زەوی تەکانێکی دیکەی وێکەوت و تەزوویەکی مارپێچ بە ژێر و ژووری خاکی گۆڕستانەکە دا تێپەڕ بوو. چی وردە ئێسقان و ئەجزای لەش و لاری ئادەمزاد بوو، بەم گوژم و تەکانە توندە تەتەلە کران و هەر هەلەشەی جێی خۆی گرتەوە. کێ چۆن لە دنیا کۆچی کردبوو، هەر بەو بیچم و ڕەنگ و نیگارەوە لە دایکی گلکۆ زایەوە و دنیاکەی گۆڕستان بە ئاپۆڕایەکی ئەوسەر نادیاری ئەهوەن داگەڕا. «مالین» لە سەما نەوەستا. سروەبای ئەسرەوتووش شەیدا و بێقەرارتر لە پێشوو، بە نێو دارستانی گۆڕستانەکەدا هات و بزۆزانە گەلای دارانی تێک گەوزاند. گەلای داران بەدەم سروەباوە تێک ڕاژان و،

له ڕاژان دا نەرمە چەپڵەیان تێکەڵی سەمفۆنیای شنەبا کرد و مووزیکێکی ئارەزووبزوێنیان بۆ لەرینەوەی هەموو ئەندامەکانی لەشی شەنگ و شیرین و نەرمینی«مالین» ساز دا .

«مالین» هەروەک ئەو دەمانەی کە لە سەماگەکانی(هایپۆدۆرن و ئیمپایر)ی گۆڕەپانی مەزنی لایستەیس ـ ی شاری لەندەن، بە نێو کوڕەگەنجە چاوبرسییەکاندا دەست بە دەست دەگەڕا و مەستانە نێچیری هەناسەی کوڕ و کاڵانی لە تۆڕی هەوەس دا بە موو بەند دەکرد، نیوە ڕووت بە سەر هەموو کەونە قەبرەکاندا بە سەما هات و چوو. لەسەر هەتا کەمەری و لەوێوە بەرەو خواریشی، مالین ڤێنووسێکی خودای جوانی و ڕەعنایی و نەشمیلانی بوو. هەنگوین و گەزۆی حەوانەوە و ڕابواردنێکی ئەفسانەیی تک تک لێ دەتکایەوە. دەمی گوڵخەندەرانی وەسوەسەی ماچ و مژتنیان لێ دەباری و حیلکەی حەکەدارانەکەیشی گڕکانی هەوەس و ئارەزوویان تیژتر و بزوێنتر دەکرد.

گۆڕخانەنشینان لە بەرێکەوە ڕاوەستابوون. لە چوارڕێیانی چواردەوری گۆڕستانەکەدا سەرەی کاروانی لەخەو هەستاوانی گڵکۆی هەندەرانیش بێ پسانەوە دەهاتن و تێکەڵیان دەبوون. حەشیمەت دەهاتن و دەهاتن و تێکەڵ دەبوون. جاری جاران بوایە، سوێندت دەخوارد و دەتگوت ڕێی ڕێداری نامێنێ و هاکا جێی دەرزی هەڵاویشتنیش لە گۆڕستانەکەدا کوێر دەبێتەوە. کەچی لە چوار ئاقارەوە بۆی دەهاتن و تێیدا نیشتەجێ دەبوون و، هەتا پتریشی تێدەخزان، کەمتری پێوە دیار بوو.

«مالین» سەرگەرمی سەمای بوو. لە چەند شوێنێکەوە قیرەی چەندین هاواری توندی بۆ هەستا:

ـ خوا قەزاکەت مالین!... دەسا بەدەم سەماوە چەندباڵێک سەرووتر بڕوانە و سەیرێکی ئەم چوار ڕێیانەی دەور و بەرت بکە و بزانە ئەم کاروانە بێ پسانەوەیە لە کوێوە دێن و کێن ؟!

ـ مالین!... ئەی مالین ـ ی خودای جوانی، سەما بەسە!... دەست هەڵگرە مالین!... خەتەر لە بن باخەڵمان دا خەریکە دەتەقێتەوە مالین !... سەما بەسە!... بەس!!

ـ مالین!... وەرە بیکە خاتری مێجەری باوە گەورەت سەما بەسە!... خەتەر لە پەڕەی لووتمان پێمان نزیکترە!... وەسییەتی مێجەری باوە گەورەت بێتەوە بیر مالین!... بەم چەشنە و لە چوارلاوە تێکەڵ بوون، خەتەری قەستی سەرە مالین!... ئەم چەشنە تێکەڵ بوونە، بۆ پەزی ماڵی ئاغاکانی ئێمڕۆ و سبەینێ زیانە و زەرەرە. ئانی ئێوە دەکاتە خشت و هەگبەی ئێمەیش پووچەڵ دەکاتەوە. مەزنایەتی و سەروەریی هەرتک لامان ناهێڵێت مالین!... دەسا دەست و بردێک !... ڕێگا چارەیەک مالین!...

ـ مالین بیکە بەخاتری چوار ئێسکەکەی باوەگەورەت، دەسا پەند و ئەزموونی باو و باپیرەکانت دەکار بێنە و مەهێڵە ئەم هەلە زێڕینە لەدەست بچێت مالین... تووشی خەساری مەزغان مەکە گیانە!...

ـ مالین!... ئەتۆ چاوگەلە جوانەکانت کەمێک بکەرەوە و سەرێک هەڵبڕە و بڕوانە ئاخۆ ئەم گشتە هەزارەزیلە لە کوێوە دێن و بۆچی دێن. تۆ هیچ پرسیارێکت کردووە کە ئاخۆ کێ و چ کەسێک ڕێی ئەم هەرێمەی بەمانە نیشان داوە؟... مالین سەماکەت ببڕەوە گیانە!... سەماکەت بوەستێنە کەوا دیارە کای کۆن لەبن پیلماندا گڕی گرتووە و بێتوو لەهەلی بەجێدا چاری سەریان نەکەین، ئەوان سەر و ماڵمان پێکەوە دەسووتێنن... سەماکەت ببڕەوە حەیات!...

ـ مالین! چرای سووری خەتەر، سووری سوورە... سەماکەت بەسکە مالین... لە هەر چوارلاوە دێن و تێکەڵمان دەبن. کەس بە کەسێکە و کەس پێناسەی کەسی پێ ناخوێندرێتەوە... چرای سووری خەتەر ئە ئەمەیە مالین!... جاری جاران بوایە، ئێمە ملمان بۆ ئەم تێکەڵ بوونە شل نەدەکرد. باوەگەورەکانی تۆیش هەر لە ئە ئەمە دەترسان و ڕێیان پێ نەدەدا... ئەی تۆ لە چ حاڵ بەفاڵی مالین!...

مالین لە کەمەر بۆ سەر، ڕووتی ڕووت بوو. هەر وەک خەونی خۆش، بەبێ ئاستەنگ و بەرهەڵست سەر و ژێری دەکرد و دەشنایەوە. خوناوکەی بەرگەردەن و سەرسنگە بەفرین و تورتەکەی قەتارەی ئارەقیان بەرەو چاڵی نێوک هەڵبەستبوو، ئارەق زەنگوڵ زەنگوڵ بەرەو خوار، بۆ نێو چاڵی خۆش پێچراوەوەی نێوک دەتکایەوە. خاکی تینوو لە ئەم تێرئاوبوونە هەرزانە ئێرەیی دەبرد و لە حەسرەتان بەژێر پێی سەمای مالین دا خۆی دەکردە تۆز و بۆ ڕامووسانی زنەی کەمەر، بە بەژنی مالین دا هەڵدەگەڕا. مالین بەدەم سەماوە دەمی دەبزووتن. لێوە ئاڵە گۆشتنەکانی زەردەی پێکەنین و ڕەواقی شیرینی وتەیان لێ هەڵدەوەری. بەڵام وتەکانی مالین ڕەمزی ڕازێک بوون و بە گوێی کەم کەسان ئاشنا. جارجاریش بۆ دڵنیاکردنی خاسەیارانی، دەستێکی بەسەر ملوانکەکەی بەر گەردنی دادەهێنا و حەمایەڵە بچکۆڵانەکەی نێو بەرمووری ملوانکەکەیی بۆ پەنجە نیشان دەکردن.

خەزێمی لاپەڕەی لووتە خۆش کەشمەکەی و حەمایەڵە بچکۆڵانەکەی سەر سنگی مالین بریقەیان دەهات و دەترووسکانەوە. لەناو حەشیمەتی بێ ئەژماری گۆڕستانەکەدا هەربەس چەند کۆنە موشیرێک بوون دەیانزانی حەمایەڵی بەر گەردەنی مالین چ نووشتەیەکی تێدایە. کۆنەموشیرەکان چەندە بە تروسکانەوەی خەزێمی زیوینی لاپەڕەی لووتە قیتەکەی مالین شەکریان لە داڵدا دەتوایەوە، بە بینینی حەمایەڵەکەی سەرسنگی، سەدهێندە دڵگەش و پشت ئەستوور دەبوون.

خەزێمی لاپەڕەی ناسکی لووتی خۆش کەشمی مالین و حەمایەڵەکەی ملی، لە وردە ئەڵماسی بەنرخ سازکرابوون. هەرباس موشیربەگەکان باش دەیانزانی کە ئەم دەسکردە نایابانە لەڕەنجی چەند ساڵەی وەستاکارانی پەنجەڕەنگینی«لۆزان»ی هەڵوەریوە. هەروەسا دەیانزانی کە نووشتەی باب و باپیرانی مالین لە نێوناخنی حەمایەڵەکەدا هەر ماوە. هەربۆیە، کۆنەموشیرەکان بە دڵ لیی دڵنیا بوون و مالین خۆیشی پشت ئەستوور بەمەوە، هەموو هاوار و سەر لە قوڕنانەکانی دەور و بەری بە پووشێک نەدەکڕی.

مالین بێ دەربەست بە هاواری دەردەداران سەمای کرد. چی پێ نەچوو هەوای سەماکەیی گۆڕی، بۆ خوار چوو، بە ژوور دا گەڕایەوە و سەربەستانە بە هەموو شوێنێکی گۆڕستانەکەدا گەڕا. لە ناو حەشیمەتی بێ هەژمار دا هەر کۆنەموشیرەکان بوون دەیانزانی مالین چی لەژێر سەر دایە. هەربەس ئەوان دەیانزانی کە، هەرکە شەو شەق ببێت و شەوقی مانگەشەو لە

سەمای سیحراوی دا ببێتە تەلبەندێک و نەهێڵێ تارما و تاریکی بە گۆڕستانەکەدا گوزەر بکات، سەمای سیحراوی کاری خۆی دەکات ؛ لە سەماکەدا مالین دەبێتە مارێکی سەماکەر و چاو دە چاوی حەشیمەت دەبڕێ. مار ئەستوور دەبێ و خەڵک ورد، مار دەبێتە هەژدیها و حەشیمەت چۆلەکە. چاوی هەژدیهای سیحراوی خەوێکی قورس دەکێشێتە نێو چاوی چۆلەکەکان. لە خەوی گراندا درێشووکەی هەژدیها دەخزێتە نێو مێشکی چۆلەکەکان و ئیتر تەواو. هەربەس شەو شەق ببێت و شەوقی مانگەشەو لە سەمای سیحراوی دا ببێتە تەلبەندێک و نەهێڵێ تارما و تاریکی پێشی چاوەکان بگرێت ؛ ئیتر کۆنگرەی شەو بە سەمای سیحراوی بەناخر دەگات و پلاتفۆرمی کۆیلەبوون بۆ هەتاهەتایە لە مێشکی جادووکراوەکاندا دەچەسپێت. ئەمە کلیلی سیستەمی نوێیە و «مالین» دەبێ کۆنە قفڵەکانی پێ هەڵگرێت و دەرگاکان بۆ داهاتووانی هێشتا نەهاتوو لەسەر گازەرا والا بهێڵێتەوە. هەربەس موشیر بەگەکان بە ئەمانەیان دەزانی و کەسی دی.

مالین ڕیتمی سەماکەیی گۆڕی، ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی تێکەڵی یەکتر کرد. لە بزۆزی و هەڵمەتبەری دا شێوەی «جەکسەن» و «مادۆنا» ، لە نەرم و نیانی دا شێوازی دلڕفێنی«سامیەجەمال»ی گرتە بەر. هەر دەگەڵ ئەم ڕیتم گۆڕینەشدا، خەرمانەیەکی سپیواشی ئاماڵ فۆسفۆریشی لە دەوری خۆی هالاند و بە سەما داهات. ئیتر کاتێک داهات کە هیچ چاوێک بۆی لێک نەکرێتەوە ئەم هێلکە سپی و سۆڵەی کە لەنێوگۆڕەپانەکە دایە، کامە توێلکەکەیەتی، کێهە سپێنەکەیەتی و زەردێنەکەی لە کوێ دایە! ئیتر کاتێک داهات کە چاوی هیچ خاوەن چاوێک بەرایی نەدات دیدە لەم دەسکردە سیحراوییە بنووقێنێت و شەو بەبێ سەیری سەمای مالین بەفیڕۆ لە دەست بدات. هەربۆیە نیگای چاوەکان بوونە تەلی تێک هونراوەوە و، چەشنی پەرژین بە دەوری خەرمانەی سەمای مالین دا تەنران.

مالین شۆخ و شەنگتر لە هەمیشە بە نێو ئاپۆڕاکاندا هات و ڕابورد. لە دوورەوە سلاو و ماچ و باوەشی بۆ سەیرکەران حەوا دا و زەردەی هەلالەی گوڵی ئاڵی سەرلێوانی بەسەردا پەخش کردن. لە دەمی تێپەڕبوونی دا، ژنێکی خرپنی کۆچکە بەسەری تەواو لادێیی گوتی :

- وەیش کە جوانە!!... دەبێ ئەم خەزالە خۆش خەز و بەزە چاوشینە ڕەنگ نەخشینە لە چ مێرگوڵەیەکەوە ڕەکێشی ئێرووکە کرابێ و ڕاوکەری ئەم مامزە بەنازە دەبێ چ ماقوولە شۆڕەسوارێک بووبێ؟... وەی کە دەڵێی بەرخە!... سەیری سەماکەی کە... دەڵێی مالی بێ ئێسکە!...

مێردی ژنەکە گوتی:

- دەڵێن سەت ساڵ لەمەوبەر، «شێرزاد» ناوێکی ئەم دەوەرە، لە ڕێی خەیاڵەوە بۆ ئەم مەڕاڵە چۆتە ناو سیپە و، ویستوویەتی بە ڕمبی قەڵەم بی ئەنگێوێت. بەلام گۆیا ئەمە «شێرزاد»ەکەی ئێمەی هەڵبڕیوە و هەر لە ئە ئێرووکە قرخەبڕ خنکاندوویەتی.

ژنێکی بالابەرزی هەموو ئەندام گومبووی ژێر عەبای ڕەش گوتی :

- من نای ناسم کێیە ؛ بەلام هەر ئەوەندە دەزانم گورگە لە پێستی مەڕ خزیوە و...

ژنێکی ڕەشتاڵەی دەم و لێو زەردبوو بەدووکەڵی جگەرە، بە ڕوویەکی گرژەوە، وەلامی دایەوە:

- نا..نا.. ئەمە چیت گوت؟!... نەکا جارێکی تر ئەمەت بە دەم دا بێتەوە؛ ئەمەت لێ ببیسمەوە خودا هاوار... عەمرت نەمێنێ حەپەمێشخۆری چیانشینی ئاوەدانی نەدیتە!... وەڵلاهی ئەگەر«مالین» نەناسیت، خوداکەی خۆیشت نەناسیوە... تۆیش هەردەڵێی لە گوێی گادا خەوتووی و گیات بە کێوانەوە خواردووە. ئەی مەگەر نازانی هەر ئەمە و باب و باپیرانی ئە ئەمە بوون کە سالانی ساڵە دەستیان بە پشتی ئێمەوە بووە و لە گەلێک گەزەند و ئازاری چڵکن و بۆرە پیاگان پاراستوویانین؟... بۆچ خۆت گێل دەکەی؟... چلۆن ئەمە نا ناسیت؟ ئەی مەگەر تۆیش هەر بۆ دەنگدانی کۆنگرەی ئیمشەومان هەڵنەستاویتەوە؟ بۆچ ئاوا ئەسیری دەستی کابووس ماویتەوە؟... نەکا هێشتا بە ئاگانەهاتبیتەوە؟!...

- من ئەسیری دەستی کابووس نیم ، بەلام هی ترێک هەن...

- ئەرێ تۆ هیچ سەیرێکی بەژن و بالاکەیی خۆتت کردووە کە لە داردەمکانەی لە پەڕۆپێچراو دەچیت؟...

- ڕاستە!... وایە!... من پەڕۆپێچ کراوم... بەڵێ من سەر و سەردەمێک بەردی بەنرخی نێو مجریلکەی جواهێراتی ماڵی مێردەکەم بووم و دەبوایە بەدوور لەچاوی نامەحرەم، ڕەنگی خۆری ئاسمانیشم نەدیتبایە... هەربۆیەش پەڕۆپێچ کراو لەم خەوە هەستاومەتەوە... بەلام بۆچ پێم ناڵێی ئەم کۆنگرەیە چییە و بۆچییە ؟...

- وادیارە هەر بەڕاستی تۆ گێرەت لە هەولێرێ دەگەڕێ!... چۆن نازانی کۆنگرە چییە ؟... لەم کۆنگرەیەدا هەموومان مالین هەڵدەبژێرین و دەنگەکانمان تێک دەبەستین و پێشکەش بەوی دەکەین... بۆ هەتاهەتایە... مالین خودای جوانیمان... مالین سەرۆک و سەروەرمان...

- کەواتە پەتی ئەستۆمان دەکەوێتە دەستی چاوساغێکەوە!... پەت بەدەست بۆ کوێ بڕوات، مل بە پەتەکانیش ناچارن بە شوێنی دا بچن... وەلۆیە ؟!

- ئەگەر پەتی ملی من و تۆ بکەوێتە دەستی مالین، بە کاوی دڵ شاد دەبین... ئەو ببێتە خان و خاوەنمان، چارەنووسمان گەش دەبێتەوە... لێبگەڕێ با من و تۆش وەکی مالین سەرگۆنامان ئاڵی ئاڵ ببێتەوە... دەبا کەمایەسی و ناشکوایی هەر بەشی ژێڕاکان بێ و...

— نەء !... نە ئەم ، نە ئەو... هیچکامیان!!... من دەنگ بە هیچ لایەک نادەم... نە کەونەپەرستی، نە مل بە پەتی، نە خۆفرۆشی و نە ڕوودامالاوی... من بۆ ئەم بار و بوارانە هەڵنەستاومەتەوە. هەر ئەمانە بوون دەنگیان بڕیوم و قەت قەت نەیان هێشتووە دەنگم بێتە دەر... ئەوانە قەت دەنگیان بەمنەوە ڕەوا نەبینیوە و چارەنووسیان لێ ڕەش کردوومەتەوە... چ مالین هەڵبژێردرێت و چ نامالین، کەمایەسی و ناشکوایی هەر بەشی ژێڕاکانە... دەبێ ڕێیەکی تر بدۆزرێتەوە و...

- نێ نێ! ئەوە دەڵێی چی لادێیی؟... هەتا هێستا شتی ئەوتۆم نەبیستبوو ؛ ئەویش ئەمازە لە ئافرەت... ئافرەتێکی لە پەڕۆ پێچراو!... تۆی کێوی دەنگ بدەی یان نا، بڵێی مالین پەکی پێ بکەوێت؟ تۆ لەم گشتە حەشیمەتە بڕوانە!... ئەرێ تۆ دەنکە کەنمێک نیت لەم خەرمانە؟... تۆ دلۆپێک

نیت لەم زرێیـە؟... بڕوانە! سـەیرێکیان بکە و ئەوسا بلێ دەنگ دەدەم و دەنگ نادەم...

- تۆیش بێ زەحـمـەت سـەیرێکی سـەرگردی شەهیدانمان بکە و بزانە چ باسە!

ژنە بە پەلە سـەرێکی وەرچەرخـاند و سـەیرێکی گـردی شـەهیـدانی کـرد. بەچاوی ئەو، گـردی شـەهیـدان وەکی جـاران نەمـابوو؛ بە بارسـتـایی هەمـوو ڕوانگەی و بەڵکە پتریش، گردی شەهیدان لەبەریەک کشابۆوە. چوار گرد، پێنج ، شـەش، دە و زیاتریشی لە پەنا ڕوابوون. کـاروانی ئەوسـەر نادیاری هەندەران چی دەهاتن، بۆ سـەر گـردەکـان هەوراز هەڵدەکـشـان. حـەشـیـمـەتی ناو گـۆڕەپانەکـەی گـۆڕسـتـانیش جـووڵەیان تێکەوتبوو و بۆ وێندەرێ دەڕۆیشتن.

چوار ڕێیانی دەرەوەی گۆڕستانەکە، زنجیرەی حەشیمەتی هەروا بێ پسانەوە پێدا دەهات. حـەشـیـمـەت دەهاتن و دەهاتن و تێکەڵ دەبوون. جـاری جـاران بوایە، ئەم ڕەوت و ڕۆیە بەری پێ دەگیرا و چی خۆماڵی نەبوایە، بە گـوژراوی، بەبرینداری و بە سـاغی، سنوورداش و تەسلیمی ئەم دیو و ئەودیوەکان دەکـرانەوە. جـاری جـاران بوایە، سـوێندت دەخـوارد و دەتگوت ڕێی ڕێداری نامـێنێ و گـردی شـەهیـدان هاکـا جـێی دەرزی هەڵاویشتنی کوێر دەبێتەوە. کەچی لە چوار ناقـارەوە بۆی دەهاتن و تێـیـدا نیـشـتـەجێ دەبوون و، هەتا پتریشی تێدەخزان، کەمتری پێوە دیار بوو.

شەو لە نیوە ترازا و، شەو شەق بوو. سێبەر و نیسێ لە گـۆڕستـاندا نەمـا. مـالین ڕووتی ڕووت، وەکی هێلکەی پاک کـراو، لە نێـو خەرمانەی ڕەنگ سپیواشی ئاماڵ فۆسفۆری دا ئارام ئارام بەرز دەبۆوە. مالین باڵی نەبوو، بەڵام لە نێوقەدەوە باریک و باریکتر دەبۆوە. پێ لەسەر هەرد و بەژنی بۆ سەر هەڵدەکشا. خـەرمـانەی سـپـیـواشی ئامـاڵ فـۆسـفـۆریش هەڵس و کەوتێکی نەرمی لەگەڵدا دەکرد. لە چاوترووکانێکدا، گۆڕستـانەکە بەهەرچی کە تێیدا بوو، کەوتە ژێر ڕکێفی سەمای مالین.

مالین لە چەرخ و خولەکانیدا ڕەنگ و بیچم و دۆخی دەگـۆڕدرا. کـەم کـەمـە، پڕشنگێکی خەستی بێ قالب و قەوارە جێی مالین ـ ی خۆش تەرزی گرتەوە و لەگوێن گەردەلوول بە دەوری خۆیدا گەڕا. پڕشنگ، جارجار وەک کۆتەڕەدارێکی ئەستوور بۆ سەر دەچوو. لەپڕ مارپێچ هەڵدەسووڕا و سنگ بەسنگی ئاپۆڕاکان لە ڕاست بۆ چەپ، لە چەپ بۆ ڕاست ، بۆ سەر ، بۆ خوار، لەم لا بۆ ئەولا دەهات و تێدەپەڕی. مالین وەک پڕشنگێکی نەرم و لیچق و لەرزۆک، چەند جاران بەم ڕەوشە سنگی بەر سەر گردی شەهیداندا خزاند. لە دەوری چوارەم و پێنجەمی گەڕان و سوڕانەکەی دا بوو، کە لەپڕ پەریزادێکی نەختێک شەرمن بەرسنگەی لێگرت و لەسـەر جێ ڕایگرت. پەریزادی شـەرمن پەتی سـێـدارەکـەیی هەر لەمل دابوو؛ دەسـتی بە تەناف پێچراوەکەیی بۆلای مالین برد و توند داوێنەکەیی گرت ؛ گرتی و ڕایگرت و کێشای. پڕشنگی نەرم و لیـچقی لەرزۆک، تریشـقـەی قـاقـای پێکەنینی لە دۆڵدا دەنگی دایەوە. چەشنی هەوری بەهاران گرماندی :

ـ لەیلا!... لەیلا قـاسـم؟... نێ، نێ ، ئەوە تۆی لەیلا؟... ئاخ لەیلای دەست و مل بە پەتی سێدارە!... تۆ خۆش هاتی سەرسەران و سەرچاوان!... دە وەرە!... وەرە بزانم چیت گەرەکە لەیلا گیان؟ دەسا دەنگت بێ لەیلاخان!... نەکا زامی جێ پەتی سێدارەکەی ئەستۆت هاتبێتەوە سۆ و دەستی لاواندنەوەی منت گەرەک بێ؟!... دەوەرە لەیلا... وەرە!

لەیلا تەنافی زەند و باسکی لە بەرپشـتـێندی مـالین گـرێ دا و توندتر ڕایگرت. لەپشت سـەری «لەیلا»شـەوە، دەیان لەیلای مل بە پەتی قـەنارە، دەسـتـیـان کـێشـا و هەر دەسـتـەش چمکێکی لە پڕشنگی لەرزۆک گرت و تەناف پێچ ڕایانگرت و ڕایانکێشا.

پڕشنگی لیـچق و لەرزۆک بە چەشنی شـەیتـانۆکـەیەکی مـەزن وێکهـات. پڕشنگی لیـچق و لەرزۆک توێخی هاویشت و بوو بە هەژدیهایەکی پەپکەخواردووی لووس و سپی. هەژدیهای لووس و سپی بە دەری خۆیدا هەڵسووڕا و لەبەریەک کشایەوە. چاوەشینەکانی لە ڕاست و چەپەوە، وەک داڵ بەشوێن چاوی حەشیمەتەکەدا گەڕاند. چاوە زلەکانی هەژدیهای سپی و لووس، خەیاڵی ڕاوکردنی چاوی حەشیمەتانی لە مێشک دا بوو، بەڵام چاوی ئاپۆڕاکان لەژێر سێبەری سەیوانی بەژنی یەکتردا پەنایان گرتبوو. سێبەری ئەو سەر نادیاری لەش و لاری حەشیمەت تارما ڕوونکەیان دەکرد. چاوە زلەکانی هەژدیها لەم تارما ڕوونکەیە هەراسان بوون. چاوە زەرد و سیسەڵەکانی کۆنەموشیرەکانیش لەم تارما ڕوونکەیە دەترسان. چاوەکانیان لە قوڵکەی چاو دا دەلەرزین. کۆنەموشیرەکان هەم توورە بوون و هەم دەترسـان. لە سـاوەساوی مـالین توورە بوون و لە پەتی دەست و ملی لەیلاکـان و لە زەردەی هەتاوی سـەرکـەلیش دەترسـان. هاتباو پەت لە داوێنی مـالین توونددتر کرابایە و زەردەی هەتاوی سـەرکـەل لە جەستەی هەژدیهای دابایە، پلە و پایەکان تێک دەڕووخان و دەور دەگۆڕدرا.

لە هەژمەتان، سەر و کەللەی موشیرەکان وەک هەوێری ترشاو بایان کرد و هەڵمسان. سەر و کەللەی هەژدیهـایش بای کـرد و هەمـوو جەسـتـەی یەکـجێ بوو بە سـەر و کـەللە. چاوەشـینەکـان لە کـەللەی هەژدیهـادا بوون بە شـێـرپەنجـە. شـێـرپەنجـە کـەللەی هەژدیهـای خـوارد و هەمـوو ئەندامی یەکـجێ و یەکدەست بوون بە چاو. جووت چاوە شینەکان بەشوێن چاوی حەشیمەت دا خولانەوە. بۆ ڕاست چوون و بەرەو چەپ داگەڕانەوە، سەریان کرد و ژێریان کرد. لە سەر و ژێر کردنەکاندا ڕمبی تارما ڕوونەکەی حەشیمەت لە چاوی هەژدیها چەقی و شریخەیەکی کەللەتاسێن دۆڵی پڕ کرد. هەژدیا تەقی و، مالینی لووسی ڕووت، کەوتەوە نێو پەتی دەست و ملی «لەیلا»کانەوە. مالین کەوتەوە سەرپێ و لە شلکەی ڕانەوە بۆ سەر، جووڵەی لەرە و لەرزانەوەی بە کەمەر دا. بە میهرەبانیش گوتی:

- ئێوەی ئەهلی ئەم گۆڕسـتـانە... هەربەس ئەهلی ئەم گۆڕسـتـانە، چیـتـان گەرەکە پێمی بێـژن با لە چاوتروکانێکدا بە لێشاو لەبەر دەمتانی هەڵڕێژم. پارە و پلە و پایەتان پێویستە، دەبا وەکی لیزمە و لەنگێزی شـەسـتـەبارانان بەسـەرتانی داڕێژم... چی دەخـوازن و چیـتـان دەوێ، لە منی بخـوازن و لەم کۆنگرەیەدا پێمی بێژن... بەڵام هەربەس ئەهلی ئەم گۆڕستانە...

مالین ڕووتی ڕووت، لە نێو تۆڕی تەنافی دەست و ملی «لەیلا»کاندا ئەرمەجووڵەی بادانی کەمەری بوو. دەگەڵ سـەمـای مـالین، ئاپۆڕای «لەیلا»کـانیش جـووڵەی تێکەوت. ئاپۆڕاکە لە درێژایی دا دوو لەت بوو. قـەڵش و دالانێکی دوور و درێژ لە نێـوانی دوو بەری ئاپۆڕاکـەدا سـاز بوو. بە دالانەکـەدا «زیلان» و «بەیان» و «ئەختـەر» و «بەهێ»، شان بەشانی یەک هاتن و «مـالین»یان تەناف پێچ کرد.

تەنافەکەی ئەوان بەستیان، بادراوی چیرۆکی«شێرزاد» و شیعری«پەشێو» بوو. مالین لە باوەشی تەنافی ئاوریشمینی چیرۆک و شیعردا لەرەی هات و لارەی کرد. خۆی بادا و سەمای کرد. بەدەم سەماکردنی نێو تۆڕی نەرمی ئاوریشمینەوە، سەرمەستانە پێکەنی و بەدەنگە ناسکەکەی، بە وردە ورینگە بانگی کردن:

ـ کچینە وازم لێ بێنن!... خۆتان لەم هەرایە کەنار بگرن! زەمان و دەور و سەردەمەکەی ئەمڕۆتان پەت و تەناف هەڵناگرێت. کاتی بەند کردن و لە تەنافدانیش نەماوە. من نازانم ئێوە بۆچ دەبێ ئێوە جەستەی من تەناف پێچ بکەن!... نازانم!... ئەرێ بڵێی تەنافی دەستی مێشوولە بکارێ شێری بەتوانا تەناف پێچ بکات؟... پێچ کردنی من ی دەستی مێشوولە کوا شێری پێ دەپێچرێتەوە؟ ئێوە مێشوولەگەلی بنێسی بێ ڕوح و بێ گیانن... تەناف پێچکردنی من چ دەردێکی مێشوولە دەرمان دەکات؟ بۆچ سەماکەی من تەناف پێچ دەکەن؟!... ئەی کە خەیاڵێکی بەتاڵ خانەنشینی مێشک و ڕامانتانە!... شێر لە قەفەسی مێشوولەدا!...

ـ مێشوولە یەکگرتووەکان دەتوانن خەو لە چاوی شێر بتارێنن...

ـ شێر، سەدان چەشنە پەلەوەری مێشوولە خۆری هەیە...

ـ مێشوولە یەگگرتووەکان دەتوانن خەو لەچاوی پەلەوەرەکانیش بتارێنن ... فەرمانبەر و خزمەتکار و چێشتکەرەکانی شێری خەواڵووی برسیش لە چنگ مێشوولەی یەکگرتوو ئۆقرە و هەدادانیان نامێنێ... ئەگەر یەک بین و یەک بگرین...

ـ دەست لەم حیساباتانە هەڵگرن!... دەست هەڵگرن!... قەباڵەی دەسەڵات لەمێژە بە نێوی من نووسراوە و لە ئەستۆی من کراوە... مۆر و ئیمزای دەیان موشیری نێو خوشتان ژێر قەباڵەی دەسەڵاتی منی نەخشاندووە...

ـ ئاگر، دوژمنی پەڵەی ڕەشە... ئێمە ئاگری ژێر کای کۆنین...

ـ تکایە!... کچینە باسی چی دەکەن، بیکەن. هەربەس باسی ئاگر مەکەن!...

ـ ئاگر ڕەمزی سەرکەوتنمانە... تیشکی هەتاو پێشەنگمانە...

ـ تکایە!... کچینە باسی تیشکی خۆر مەکەن!...باسی ڕۆژ مەکەن!... باسی ڕۆژهەڵات مەکەن! باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەکەن! لەم هەرایە واز بێنن!... ئێوە چیتان گەرەکە لەم کۆنگرەیەدا پێم بێژن و لێم بخوازن... هەر نەک ئەهلی ئەم گۆڕستانە، بەڵکە هەر هەمووی هەمووتان؛ چی دەخوازن، لەسەر سەران و لەسەر چاوانە...

ـ دەنگمان لە تیشکی ڕۆژ هاڵاندووە. تیشکی ڕۆژ لە دەنگی ڕۆژهەڵاتییەکان هاڵاوە. ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژ پێکەوە دێنە جەستەت و قاڵت دەکەن و دەت تاوێننەوە... چی خواردووتانە لێتانی دەستێننەوە...

ـ ئەمە مەڵێن کچینە!... ئەی هاوار ئەمە مەڵێن!... مالین ناخوازێ ئەمە ببیسێت!... گەر ئێوە باسی تیشکی خۆر بکەن، بێتوو باسی ئاگر و سووتان بکەن، ئێمەیش لە هەر چوارلاوە قەفی تەنافی ڕەشی کۆنتان بە مل دادەکەینەوە. شەمشەمەکوێرەتان بۆ هەڵدەستێنین و تیشکی هەتاوتان لێ کوێر دەکەینەوە. کوندەبەبووتان بە سەربانی ماڵ فێر دەکەین. مێژووی تاڵتان بۆ دووپات دەکەینەوە!... چاڵدەران!... لۆزان!... تێکشکانی بەردەقارەمان!... بارزان!... چوارچرا!... هەڵەبجە!... ئەنفال!... کوڕەو!... کارەساتی «کێنیا»ی ئەفریقای ڕەش!...

ـ هەرچێ لێمان کراوە، ئێوە کردووتانە؛ چی تر نەماوە بیکەن. ئەمشە شەوی ئاخرتە و سۆزی تیشکی ڕۆژ قاڵت دەکات...

ـ وازم لێ بێنن !... ئێوە لێم لادەن!... کچینە لێم لادەن!... ئەدی پیاوەکانتان لە کوێن؟ دەسا بڵێن با پیاوەکانتان بێن... با پیاوەکانتان بێن و هەویری نەرمی لەش و لاری گەرمم بەدەستانەوە بگرن و لە نێو باڵ و باسکاندا هەڵم شێلن و بە سنگەوەم بکوشن. بڵێن بابێن و مەزەی هەنگوینی لێوی گۆشتنی ئاڵی کاڵم چێژ بکەن و بە ئاگری سوورەوە بووی هەوەسم بتاوێنەوە... ئەدی کوان موشیربەگەکان؟!... دەسا ئێوە لەوان بپرسن کە نووشتەی نێو ئەم حەمایەڵەی بەرگەردەنی زەردم چی تێدایە و باسی چی دەکات؟... پیاوەکان کوان؟... لە کوێن؟!... بۆچ نایەن؟...

سێ پیاو هاتن. هەر دەتگوت تازە لە ئاسمانی سێدارەی چوارچرای مەهاباد دابەزیون. هەر سێکیان تەنافی سێدارەیان لە ملدا بوو. تەنافەکانیان غەوری لەسەر نەنیشتبوو. یەکێک لە سێیەکان هەر دەتگوت کاوەیە و هێزی مەزنی هەژاری لە پشتە. پشتی مالین لە دیتنیان لەرزی. سێ پیاوەکان هاتن و پەتی دەست و ملیان داماڵی و «مالین»یان پێ شریت پێچ کرد.

چرپە و سرتەیەکی ئارام بە نێو حەشیمەتی ئەوسەر نادیار دا گەڕا. چرپە و سرتە بوو بە غەڵەبایی. غەڵەبایی بۆ بە دەنگ، دەنگ بوو بە سروود. دەگەڵ بەرز بوونەوەی دەنگی سروود، یەکەمین تاڵە تیشکی خۆر لە کەل هاتە دەر. مالین لەبەر تیشکی هەتاو دا ڕاگیرا. مالین وەک نەرمە بەزی سەر ئاگر نراو، قاڵ بوو، توایەوە و بوو بە چزیلکی ڕەشی سەر ئاگردان. لە خەڵووزی سووتاوی مالین، خوێناوی بەملیۆنان ڕۆژهەڵاتی لووزەوی بەست و ، هەموو چەم و جۆبارەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سووری سوور داگەڕان. کۆنە موشیرەکان لە ترسی تیشکی تەوێڵی سێ پیاوەکان، تێکچوون و بوون بە شەمشەمەکوێرە. شەمشەمەکوێرەکان لە ترسی ڕوناکی فڕین و خۆیان بە تاریکانیی دوورەدەستان دا کردەوە.

دەنگی سروود گۆڕدرا و توندتر کرا. هاواری: «کوڕە هەستە، ڕاست بەوە، ئەوا نیوڕڕۆیە»، لە خەو خەبەر کردەوە. سەری لەژێر لێفەکەی دەرهێناو چاوی گێڕا و نیوە تاساو گوتی: «سەیر خەونێک بوو دیتم!». دیسان کوردان خەونێکی تری بینی بوو؛ خەونێک کە گەلێک شەوان دەیی بنێت و تێیدا دەتوێتەوە و هەر بە هیوای پێگەیشتنە.

□□□

تێبینی: بنەمای ئەم چیرۆکە، چیرۆکی(شەو و گۆڕستان)ی هێژای زانا (کاک شێرزاد حەسەن)ە. یەکەم شەوی«مالین»، لە چیرۆکی (شەو و گۆڕستان) دا تێپەڕ دەبێ. شەوی دووەمی «مالین» بە قەڵەمی چیرۆکنوسی بەتوانای کورد، بەڕێز کاکەوەیس گیانی دێتە بەر. منیش شەوی سێیەمی«مالین»م نووسیوە.

کوردان کەریم مەحمود

# باڵەخانەکەی ماڵی مامەمان

**ئاسۆ بیارەیی**

نەنەگیان!

سلاوێکی گەرم و هەواڵپرسین،، دایە باشە و چاوەکانت ماچ دەکات، وا لە سەر خواستی ئەو، ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم.

دایکم شەو و ڕۆژی کردۆتە گریان و دەڵێ تەنها دایە گەورە ماوە بگاتە لامان. بۆچی ئەو لەو هەموو پیرێژنانە کەمترە بێتە ئێرەکانە و شوقە و شوێنی خۆی هەبێ..

نەنەکەی حەمەی خۆت!

با من باسی ئەورووپات بۆ بکەم جا ئەوسا خۆت بڕیار بدە.. تۆ هەر بەوە بزانە کە ئەگەر ئێرە خۆش نەبوایە کەس ئامادە نەبوو بە بەلەم و لۆری خۆی بگەیێنێتە ئەمپەڕی دنیا.. ئەی ئاگات لەوە نەبوو لەم ڕۆژانەدا پاپۆڕێ پڕ لە کورد کە ژمارەیان لە هەزار کەس زیاتر بوون گەیشتنە فەرەنسا. ناویشی لێنرا کوردتانیک. لە پەتەکەش گەڕانەوە بینە خۆراکی ماسییەکان. خوا خێری گاورەکان بنووسێ کە ڕزگاریان کردن..

وا دوای نووسینی ئەم نامەیە لەگەڵ دایکم دەچین بۆ باڵەخانەی (سۆسیال) بۆ پارەوەرگرتن بەبێ ئەوەی دایکم یان باوکم کارێ بکەن. بە هەڵە لێم تێ مەگە مەبەستم لە ماڵی ڕووسە کافرەکان نییە. ئەو باڵەخانەیە وەک بانقێکی گەورە وایە بۆ پەنابەری وەک ئێمە دروستکراوە. ئەوەندە زۆر ڕێزمان لێدەگیرێ و خۆشەویستین کە حکوومەت پارە لە سویدییەکان دەبڕێتەوە و لەو باڵەخانە کۆیدەکاتەوە بۆ ئێمە. نامەوێ سوێندت بۆ بخۆم، سویدییە بەدبەختەکان ڕۆژ تا ئێوارە ڕەنج دەدەن. زۆر جار کە بەفر دەبارێ پێمان دەڵێن مەیەنە دەرێ با سەرماتان نەبێ خۆمان پارەکەتان بۆ دەنێرین، ئێوە بەرگە ناگرن. لە شوێنی گەرمەوە هاتوون. خۆیان بە تاوانبار دەزانن لە دابەشکردنی کوردستاندا. بەم کارەش دەیانەوێ چاکەمان بدەنەوە.

ئەگەر پوورە (ڕوقیەی حەمە گاوان)ت لە بیر بێ کە جاران بۆ سەتڵێ ناو ڕۆژە ڕێیەکی دەبڕی، ئێستا لە سەر کورسی کارەبایە، جا دەزانی ڕاستدەکەم. تەنانەت جۆلەکەکانیش هێلانەیان بۆ کراوە. جا ئەخوازەڵا مرۆڤەکان. قاز و قورینگی دنیا ڕوودەکەنە ئێرە. بە کوردییەکەی لەوەڕی ئەم وڵاتە بێ وێنەیە. تۆ کە ڕازی بوویت و گەیشتیتەجێ، کورسێکی باشتر و خێراترت دەدەنێ و چاویلکەیەکی جوانتریشت بۆ دەکەن.

نەنەی خۆم!

زمانەکەشیان لە کوردییەوە نزیکە، تەنها کەمێ لارکردنەوەی دەوێ. بۆ نموونە بە چاوخێل دەڵێن خێل و (هەی) هەر هەیە و بەڵام لێرە بە وڵاخ ناگوترێ بەڵکوو بۆ هەواڵپرسینە.

.. خۆزگە جارناجارێ گوێت لە دایکم بوایە کە دەڵێ: (دێ گوو)* کاتێ کە خواردنێ دەخوات، یان دەڵێ (هەی دۆ) لە جیاتی خواحافیزی.

نەنەکەم! نامەوێ سەرت بێشێنم،، بەڵام حاجی ئەکبەری دراوسێمان خەریکی موعامەلاتی خارجە. تۆش دەتوانی بچیت بۆ لای و بپرسی بزانە چی پێدەکرێ. خەمت نەبێ دایەش لەگەڵ کوێخای باڵەخانەکە قسەی کردووە و بە هاتنت ڕازین. گوتوویەتی کە تەنها تۆ ماوی بێیت بۆ سوید لە ١٨٠ کەسی خزمەکانمان لە کوردستان.

دە توخوا نەنە ڕازی بە! دەمێکە کفتە و سەروپێمان نەخواردووە.. هەموومان بێتاقەتی خواردنەکانی تۆین.

حەمەی نەنە لە سوید، نەورۆزی بێ نەنە ٢٠٠١




**پەخشان و شیعر**
**لە نووسین و خوێندنەوەی سیان**

کاک «سیان»ی شاعیر لەو بەرهەمە(CD)یەدا خۆی ئاوا دەناسێنێ:

«ــ من (سیان) سەمیر دەسکۆ

ـ لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووم. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ دەستم بە پەخشان و هەڵبەست نووسین کردووە.

ــ ئێستاش لە ستۆکهۆڵم(سوید) پەنابەرم»

ئەو دیسکێتە کۆمەڵێک شیعر و پەخشان دەگرێتە خۆ کە بە دەنگی شاعیر خۆی تۆمار کراوە کە لێرەدا نموونەیەک لە کورتە شیعرێکی شاعیر دەخەینە بەر سەرنجی خوێنەران:

حەپس خانە
حەپس خانەکان پڕی دەنگن
لە دەنگەکانی مێژوو
داماوە سیاسییەکان و سیسرکە
دزەکانیش تێکەڵاون
کوتی ڕاوەستە ئەی جەللادی
چاوسووری دزان
من بیرم ئەوانیش شت
کە قامچی کوتی لێ بوو خۆی
چەمانەوە

سەرنج: ئەو دیسکێتە دەتوانرێ لە ڕێگای کتێبفرۆشی هەرزان، کتێبفرۆشی سارا، کتێبفرۆشی فیردەوسی و ستران موزیک (کوردۆ) داوا بکرێ.

# هەزار خۆزگە بە کفندزی هەوەڵێ

عومەر عەسری

ئێمەی کورد، زۆرجاران تاوانی شێواندنی مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان و، بەراوەژوونیشاندانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد و، ڕووداوەکانی کوردستان دەدەینە پاڵ مێژوونووسانی بێگانە و لامان وایە ئەوان ڕووی ڕوستی ڕووداوەکانیان نیشان نەداوە و، وەک پێویست کوردیان بە دنیا نەناساندووە. بەڵام هەزار خۆزگە بە کفندزی هەوەڵێ.

ئەگـەر ئەوانی گـەریدەی بێگانە، یان مـووچەخـۆرانی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان، یاخۆ نووسەرانی بەکرێگیراوی داگیرکەرانی کوردستان مێژووی کۆنی نەتەوەکەمانیان بەراوەژوو کردووەتەوە و کورد وشۆڕشەکانی کـوردسـتـانیـان، باش بە دنیـا نەناسـاندووە، ئەی نووسـەران و قەڵەمبەدەستانی خۆماڵی چ بەلایەکیان بە سەر مێژووی سەردەمیدا هێناوە؟! چۆن ڕاست و درۆیان تێکهاڵاندووە! دۆ و دۆشاویان لێکداوە و چاک و خراپیان تێکەڵکردووە و ئابڕووی کورد و شۆڕشەکانیان بردووە!

مـاوەیەکـە کـتـێبـێک لەلایەن مـیـرزا «خـدر مـەرەسـەنە»وە لە ژێرناوی (ئاوێنەی ڕاستییەکاندا بڵاوکراوەتەوە. ئەگەرچی بۆ کەسێک کە بە قەولی خۆی ٤٢ ساڵ سیاسەتی کردبێ، دەگەڵ سیاسەتمەداراندا هەڵسوکەوتی هەبووبێ، زیندان وکوێرەوەریی زۆری چیشتبێ، لە شۆڕشەکانی دووبەشی کـوردسـتـاندا بەچداری چالاکـانەی بووبێ، تەنانەت پێـوەندیی دیپلۆماسیشی لە نێوان ئەمر بارازانی و یەکێتی سۆڤیەتدا پێکهێنابێ و چێگوارای کورد مەلا ئاوارەیشی فێری تەشکیلات دامەزراندن کردبێت و لە قیافەشناسیشدا بێبەر نەبووبێ و، لە یەکەم چاوپێکەوتندا زانیبێتی کە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە پاش ٤٠ ساڵی تر دەبێتە سکرتێری حیزبی دێمۆکرات، چاوەڕوان دەکرا کە نووسینەکانی زۆر دوور لە ئینساف نەبن، ڕاستییەکانیان پێکابێت. لانی کەمی پرنسیپە ئەخلاقییەکانیان پێوە دیار بێت. بە بەڵگە و سەنەدەوە بن نەک هەڵقولاو و هەڵبەستراوی بیر و خەیاڵی خۆی. ئەگەر ئاوێنەی ڕاستییەکانیش نەبن، نەبنە هەمبانەی....

هەرچەند نووسـراوەکـەی مـیـرزا خدر، پڕە لە قسـەی ناڕەوا، ئیـدعـای بێبـەڵگە، تێکەڵکردنی تاریخـەکـان، جێگۆڕکێ کـردنی ڕووداوەکـان، جوملەبەندی ناڕەوان و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دوور لە ڕاستی، کە هەریەکێک لەو خاڵانە پێویستییان بە جوابدانەوە و ڕاستکردنەوە و لەسەرنووسین هەیە، بەڵام من ویستم تەنیا لە سەر خاڵێکی چووکەی ئەویش (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان وەک یەکێک لەو کۆمەڵە مەلایانەی کـە ئەندام و لایەنگری ئەو ڕێکخـراوەیە بووم و لە نزیکەوە ئاگـاداری دروسـتـوونی و هۆی پێکهـاتنی و، هیـوا و ئامانجـەکـان و شـێوەی کـار و هەڵسووڕانی بووم، کورتە ڕوونکردنەوەیەکم هەبێ بۆ خوێنەرەوانی بەڕێزی کتێبی (ئاوێنەی ڕاستییەکان).

هەتا ئێستا، لە چەند ژیاننامە، بیرەوەری و نووسراوەی تریشدا بە کورتی باسی ئەو کۆمەڵەیە کراوە و لە سەری نووسراوە و بڕێک جاریش تەوس و توانجیشی لێدراوە و کەسیش خۆی لێ بە ساحیب نەکردووە و لە سەری وەجواب نەهاتووە. چونکە بەڕاستی ئەوە مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئینسانێکە کە بە پێی زەوق و سەلیقەی خۆی و، بە گوێرەی بۆچوون و لێکدانەوەکانی بڕوانێتە ڕووداوەکان، شیانکاتەوە و هەڵیانسەنگێنێ، لایەنی چاکە و خراپەیان لە یەکتر جیابکاتەوە، لایەنگرییان لێ بکات یان ڕەدیان بکاتەوە. بەڵام گۆڕینی ڕاستییەکان، بەراوەژووکردنەوە ڕووداوەکان و تاوانبارکردنی خەڵک بە خەیانەت کارێکی ناڕەوایە و نابێ چاوپۆشی لێبکرێ و بێ جواب بمێنێتەوە.

هەروەک زۆربەی نووسەرانی حیـزبی دێمـۆکـراتی کـوردسـتـانی ئێـران و کەسانی سەربەخۆ نووسیویانە و شەخسی میرزا خدریش نایشارێتەوە، لە سـاڵەکـانی ٣٧-١٣٣٦ هەتاوی هەتا ١٣٥٠ و بەسـتنی کـونفـرانسی سێهەم، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب تووشی بێنەزمی و سەرلێشێواوی، دووبەرەکی و ناکـۆکی ناوخـۆ هاتبـوون. هیچ چوار چێـوەیەکی فکری و تەشکیـلاتی نەیدەتوانی ئەو خـەڵکە ناتەبایە لە یەکـتـر نزیک کـاتەوە. بەتایبـەتی سـەرەڕۆیی، خۆ بەزلزانی و کەللەڕەقی کـاک ئەحـمـەد تۆفـیق ناکـۆکـیـیـەکـانی ناو حـیـزبی گـەیاندبوە پلە و ڕادەیەک کـە تازە هیـوای هاریکاری و پێکەوە حەوانەوە نەمابوو.

لە ئاوەها بارودۆخـێکی نالەبار و دژواردا، هەر کەس لە فکری دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکدا بوو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە. دوکتـۆر قاسملوو و کاک کەریمی حیسامی بە ناچاری کوردستان بەجێدەهێڵن، مامۆستا زەبیحی دەبێتە ئەندامی پارتی، جەماحەتێک دەچنە بەغدا، دەستەیەک بێلایەن دادەنیـشن، تاقـمـێک کـۆمـەڵەی ڕزگـاری کـوردسـتـان دروست دەکـەن. ئەسعەدی خودایاری بێسـەر وشوێن دەکرێت! چەند کەسێکیش کۆمیتەی ساغکەرەوە دادەمەزرێنن و لە ئاخریشدا (کۆمـیـتـەی ئینقیـلابی شکڵ دەگرێت و شۆڕشەکەی ٤٧-١٣٤٦ وەرێدەخا و ڕێنەری دەکات.

بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک میرزا خدر، هیـچیـەک لەو دەسـتە و تاقم و

کەسایەتییانە، دژی حیزبی دێموکرات، ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و ڕزگاری کوردستان نەبوون و، ئامانجیان خزمەتکردن بە دوژمن نەبووە. من ئەوکات و ئێستاش لام وایە کوردستان ملکی خالیسەی کەس نییە. لە سەر نێوی هیچ حیزب و ڕێکخراوە و بنەماڵە و کەسایەتییەک سەبت نەکراوە. هەرکەس بۆی هەیە خۆی ڕێگا و ڕێبازێک بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەکەی هەڵبژێرێ و، چوارچێوەیەکی فکری بۆ ڕزگاری کورد دارێژێ. بیر و بڕوای جیواز و وەک یەک بیرنەکردنەوە تاوان نییە و حیزب و ڕێکخراوە دروستکردنیش بە گوناح نائەژمێردرێ.

هاوینی ١٣٤٢هـ(١٩٦٣ز) خەبەری کێشە و ناکۆکییەکانی ناو حیزب گەیشتە هەموو ناوچەکانی کوردستان. کۆمیتەی ناوچەی بۆکان بڕیاری دا، یەکدوو کەس بنێرێ بۆ باشوور هەتا لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعەکەبن. من و ڕەفیقێک ئەو سەفەرەمان کرد. لە بنکەی (سونێ) چاومان بە کاک سولەیمانی موعینی، مەلا ڕەسوولی پێشنماز، مەلا حەسەنی ڕەستگار، قادری قازی و مەلا ڕەحمانی سێڤە تاڵەیی و چەند کەسی تر کەوت. کاک مەلا ڕەسووڵ کورتەیەک لە ناکۆکییەکانی ناو حیزبی بۆ باسکردین. مەلا ڕەحمان بە دوور و درێژی لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان و ئەحمەد تۆفیق دوا و گوتی: "ئێمە ڕۆژجاران هەوڵمان داوە ناکۆکییەکانی ناو حیزب چارەسەر بکەین و بە (بارزانی) یشمان ڕاگەیاندووە کە دەبێ ئێمە چوارچێوەیەک بۆ کاروبارەکانمان دارێژین. کۆنگرە و کۆنفرانسێک ببەستین، کار و بەرپرسیاتییەکان دابەشکەین، بەڵام کاک ئەحمەد ڕازی نابێ و گوێناداتە قسەی کەس، هەرجارە بە بەهانەیەک خۆی دەبوێرێ، لە لای بارزانیش شەیتانیمان لێدەکات. بە کورتی حەوانەوە و کارکردن لەگەڵ کاک ئەحمەد نامومکینە".

ئێمە کاک ئەحمەدمان نەدیت. بەڵام یەکدوو سەعات لەگەڵ کاک سولەیمان دانیشتین و باسی گیروگرفتەکانی ناو حیزبمان کرد. گوتی: هەتا دەکرێت دەبێ پێش بە تەقینەوەی ناکۆکییەکان بگرین. هەر لەو سەفەرەشدا و بۆ یەکەمجار لە قەڵادزێ چاومان بە کاک سەلاحی موهتەدی، مەلا عومەری نگلی، محەممەدی ئێلخانی زادە و چەند کەسێکی تری حیزبیش کەوت. ئەوانیش قسەکانی مەلا ڕەحمانیان دووپات دەکردەوە. ئێمەش قسە و بۆچوونەکانی کاک سولەیمان و مەلا ڕەسوولمان بۆ گێڕانەوە.

ئێمە گەڕاینەوە موکریان و هەموو قسە و باس و خەبەرەکانمان بە وردی گێڕاوە و، بۆچوونی خۆشمان لە سەر وەزعەکە ڕاگەیاند. پاییزی ١٣٤٢ مەلا ڕەحمان سەفەرێکی کرد بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە نزیکەوە زۆر کەسی دیت. لە سەر دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تازە پرس و ڕای پێکردن و گەڕاوە بۆ باشوور. لە سەرماوەزی ئەوساڵەدا دووبارە من و ڕەفیقێکی تر چووینەوە بۆ باشوور. ئەمجارە نامەمان پێبوو بۆ نەمر (بارزانی) و مەکتەبی سیاسی، هەتا بزانین ئەوان لە سەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات و شێوەی کاریان و شەخسی ئەحمەد تۆفیق ڕەئیان چییە و چ بکەین؟ لە (بێتواتە) چەند ڕۆژ میوانی حەلی شەعبان نوێنەری بارزانی بووین. ئێمە کەلوپەل و دەرمانێکی زۆرمان بۆ یارمەتی شۆڕش پێبوو تەحویلمان دا. ناوبراو هەر ئەحمەد تۆفیقی دەناسی و حیسابێکی بۆ حیزب نەدەکرد و نەشی دەشاردەوە.

ئێمە لەگەڵ کاروانی پێشمەرگە هەتا ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆیشتین. لە ڕێگادا خەبەرمان زانی کە ئەحمەدتۆفیق، مامۆستا هەژار، سولەیمانی موعینی، سەلاحی موهتەدی و چەند کەسێکی تر تازە لە بارزان گەڕاونەتەوە و لە شارۆچکەی (گەڵاڵە)ن و گوتوویانە: ئێستا بارزانی زۆر دوورە و ڕێگا سەخت و پڕ خەتەرە. ئێمە گەڕاینەوە بۆ گەڵاڵە. ئەمجارەش نەمانتوانی ئەحمەد تۆفیق ببینین! کاک سولەیمان موعینی هەر قسەکانی پێشووی دووپات کردەوە. مامۆستا هەژار بێلایەن بوو، بەڵام ئەحمەد تۆفیقی خۆش نەدەویست. دەیگوت: «ئەحمەد وەک مەرحوومی ستالین وایە، کوردستان دەگەڵ کەس بەش ناکات». هەر لەو سەفەرەدا لەگەڵ سەلاحی موهتەدی، مەلا ڕەحمانی سێڤەتاڵەیی، مەلا عومەر نگلی محەممەدی ئێلخانی زادە و چەند هەڤاڵێکی تر بڕیاری دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)مان دا و نامەکانیشمان دا بە جەماعەت.

ئەوکات، بۆ ئەوەی مرۆ بیتوانیبایە لە باشوور کاری سیاسی بکات و دالدەی بدرێت و بحاوێتەوە، دەبوو بارزانی یان مەکتەبی سیاسی ئیزنی بدەن و پشتی بگرن. لەلای بارزانییەوە لەبەر ئەحمەد تۆفیق نەدەکرا. مەکتەبی سیاسیش گوتیان: دەبێ دانیشجوویانی کورد لە تاران تەنییدتان بکەن جا ئێمەش قەبوڵتان دەکەین و یارمەتیتان دەدەین. چونکە (سەلاحی موهتەدی ئەوکات وەکوو نوێنەری دانیشجوویانی حیزبی دێموکرات هاتبوە ناو شۆڕشی ئەیلوولەوە).

ڕێبەندانی ١٣٤٢، من گەڵاڵەی بەرنامەی کۆمەڵەم برد بۆ تاران. لە چەند دانیشتن و کۆبوونەوەیەکدا، بە وردی باسی لێکرا و سەرەنجام کۆمیتەیەکی کاتیمان دامەزراند. ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکانیان دەکرد بریتی بوون لە: ڕەحمانی شەریفزادە، سمایلی شەریفزادە، حەسەنی قازی، سوارەی ئێلخانی زادە،ئەحمەدی موفتی زادە، عەلی حەسەنیانی، عەلی کامران، عەلی بوداغی و.. (لە نێو ئەوانەدا حەسەنی قازی و عەلی بوداغی دانیشجوو نەبوون).

لە هێرش و پەلامارەکەی پۆلیسی شا، بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە ئاخری ڕەشەمەی ١٣٤٢دا، خەڵکێکی زۆر گیران و سەدان کەسیش چوونە باشووری کوردستان. ئەندامان و لایەنگرانی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)یش هەر بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دێموکرات گیران و حوکم دران. ساواک هێشتا ئەو ڕێکخراوە تازەیەی نەناسیبوو.

جەماعەتی هەڵاتووی کۆمەڵە بۆ باشووری کوردستان و ڕەفیقانی ئەوێ، یەکترمان گرتەوە و بۆ ماوەیەکی کورت توانیمان پێکەوە لە ناوچەکانی بانە، سەردەشت و بۆکان فەعالیەت بکەین. پاشان لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە فشارمان بۆ هات و چەند ڕەفیقێکمان چەک کران و گیران! لەلایەن شۆڕشی ئەیلوولیشەوە دەستوورمان پێدرا نابێ بچینەوە ناو کوردستانی ئێران و بۆشمان نییە کە پێوەندی سیاسی بە کەسەوە بگرین! سەرەنجام لە ژێر فشاری زۆری ئەحمەد تۆفیق و، پێوەندی چڕوپڕی شۆڕشی ئەیلوول بە ئێرانەوە و، هەڵاتنی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران، ئێمەش وردەوردە مەیدانمان پێ تەنگ بووەوە و تووشی ناهومێدی و لەیەکدابڕان هاتین و هەریەک بە لایەکدا بۆی دەرچووین. زۆربەی ڕەفیقان گەڕاینەوە بۆ ئێران. محەممەدی ئێلخانی زادە، ڕێبەندانی ١٣٤٣ خۆی تەحویل داوە. سەلاحی موهتەدی خاکەلێوەی ١٣٤٤ تەسلیمی ئێران بووەوە. من و چەند ڕەفیقێکی تریش یەک بە دوای یەکدا هاتینەوە

باوەشی ئەو ساواکەی لە دەستی هەڵاتبووین. من پاش دوو ساڵ زیندان و ئەشکەنجە و لێدان پاییزی ١٣٤٦ ئازادکرام.

کاک سەلاح و کاک محەمەد و من و چەند کەسێکی تر، بەهاری ١٣٤٧ پێوەندیمان گرت بە کۆمیتەی ئینقلابییەوە. لە شاخی (حاجی کێمی) قەرەگوێز، چاومان بە عەبدوڵلای موعینی، مینە شەم و چەند پێشمەرگەی دیکە کەوت. ئێمە لەلایەن خۆمان و چەند رەفیقێکی تر(یەک لەوان دوکتور شێخی خەڵکی بۆکان بوو) بڕیارمان دا خۆمان ساز کەین و پاش ١٢ رۆژی دی لە گوندی بەیردم ئێمە و ئەوان و سەید فەتاحی ئیزامی یەکبرینەوە و رەگەڵیانا کەوین. بەڵام داخەکەم دوو رۆژ دواتر لە گوندی قالوێ لە ناوچەی گەورکان کوتنە داوی جاش و ژاندارم و کاک عەبدوڵلا و کاک مینە شەهید بوون و بەرنامەکەی ئێمەش هەڵوەشاوە و ریسەکەمان بووەوە بە خوری و، دوای چەند مانگان ئێمە وسەدان کەسی تر بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دێمۆکرات و هاوکاری (ئەشرارا) گیراین و لە قەسابخانەی جەڵدیان هەڵواسراین وئەشکەنجەکراین. من بە ٩ ساڵ حەبس و کاک سەلاح و کاک محەمەدیش بە ئەبەد حوکم دران (بەڵام هەموو زیندانەکەمان نەکێشا).

مەلا رەحمان و مەلا عومەریش هەتا ساڵەکانی ١٣٥٠ هەر لە باشوور مانەوە. جاروبارەش بە نێوی کۆمەڵەوە شتیان دەنووسی. ئەوانیش لە ساڵی ١٣٥٥ هاتنەوە ئێران. مەلا رەحمان لە شاری سەقز دوکانێکی خەیاتی دانا و لە سەروبەندی راپەرینی گەلانی ئێران دا(کۆمەڵەی یەکسانی) دامەزراند.

میرزا خدر دەنووسێ: «هەر وەک دروستبوونی کۆمەڵەی رزگاری، لە لایەن سەلاحی موهتەدی، محەمەدی ئیلخانی زادە، عومەر نگلی و مەلا رەحمان کە لە بن باڵی حیزبی دێمۆکرات قووت بووە و دژی حیزبی دێمۆکرات کەوتنە جموجۆڵ. بە نێوی موخالیفە لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق ئەوەی شتی خراپ بوو دەرهەق بە حیزبی دێمۆکراتیان کرد (ل ٤٨).

جارێ با لە رێکوپێکی و رەوانیی نووسراوەکە گەرێین. من بڕوا ناکەم میرزا خدر، هیچ سەنەد و نووسراوەیەکی کۆمەڵەی دیبێت کە لە دژی حیزب نووسرابن، هەتا بیانکاتە بەڵگەی قسەکانی. دەنووسێ: ئەو کۆمەڵە بۆ ماوەیەک لە کوردستان لە ژێر ئەو ناوە کاریان دەکرد و بە ناوی دژی شا و ساواک خەباتیان دەکرد، بەڵام لە راستیدا دژی حیزب کەوتنە تەبلیغات، دەیان بوختانیان بە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوکاتی حیزب، رابردووی کومیتەی ناوەندی و... کرد(ل ٤٨). بریا میرزا خدر تاقە یەک دانەی لەو بوختانانە ناو بردبا کە کۆمەڵە بە حیزبی کردووە. پاشان کۆمەڵە بوختانی بە کام ناوەندی و کام سەرکردایەتی کردووە؟! ئەگەر مەبەستیان سەرکردایەتی پێش کۆنگرەی دووهەمە، خۆ ئەوکات سەرکردایەتی و ناوەندێکی هەڵبژێردراوی کۆنفرانس و کۆنگرە لە گۆڕێدا نەبوو، هەتا کۆمەڵە دژایەتی کردبێ. ئەگەر مەنزووریشی ناوەندی و سەرکردایەتی پاش کۆنفرانسی سێهەمە، ئەوکات کۆمەڵە نەمابوو هەتا لە دژی بنووسێت. کەواتە مەبەستی میرزا خدر تەنها کاک ئەحمەد تۆفیق و دەمودەزگاکەیەتی وهیچیتر! باشە، تۆ ویژدانت کێ لە دژی نەبوو؟ کام دەستە وتاقم وکەسایەتی ئەوێدەنێی کوردستانی ئێران هەبوو کە لە سەری نەنووسیبێت؟ کێی لێرازی بو؟ کێی لەگەڵ ما؟ چی بەرسەرهات؟ چۆنی لە سەر کۆماری کوردستان و پێشەوا ی ئەمر نووسیبوو؟!

ئەگەر کۆمەڵە، ئەحمەد تۆفیقی بە سەرەرۆ و دیکتاتۆر و کەللەرەق ناو دەبرد، میرزا خدر وەک جاسووسی ئەمریکا، تیرۆریست و رەفیقکوژی دەناسی! (بڕوانە ل ٦٢). ئەگەر کۆمەڵە تەنها دژی کاک ئەحمەد بووە، میرزا خدر زۆربەی رێبەرانی حیزبی پێ باش نییە! ئەگەر کۆمەڵە تەنها لە دژی یەک رێبەری حیزب تەبلیغاتی کردبێت، میرزا خدر هەموو رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی هەر لە کاک ئەحمەدەوە هەتا ئەمرۆ کوتاوە! ئەگەر کۆمەڵە، تەنها لە سەر یەک رێبەری یەک حیزبی نووسیوە،میرزا خدر کەسی نەپاراستووە! کەچی هێشتا اش ئەو خزمەتی بە کورد و حیزبی دێمۆکرات کردووە و، کۆمەڵە خەیانەت!!

میرزا خدر دەنووسێ: ئەوکات کۆمەڵە زیاتر، لە نفوزی دەرەبەگەکان و عەشیرەتەکانی کوردستان لە هەر دوو بەشی کوردستانی گەرمێن و کوێستان و کەسانی سەر بە رێژیم و ساواک، دژی حیزبی دێمۆکرات و میللەتی کورد کەڵکیان وەردەگرت (ل ٤٨). جارێ باوەڕ ناکەم کۆمەڵەکەی ئێمە لە ماوەی دووساڵ حەیاتی سیاسی خۆیدا، تاقە یەک ئینسانی غەیرە حیزبی کردبێتە ئەندام و لایەنگری خۆی، ئەویش هەروەک کۆمیتەی ساخکەرەوە و کۆمیتەی ئینقیلابی، نارازییەکانی کاک ئەحمەدی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە، جا ئەوانە دەرەبەگ و عەشیرەت بووبن، یان بە قەولی خۆی خەڵکی ساویلکە و کۆلکە مەلای نەخوێندەوار. دەشفەرموێ: کەسانی سەر بە رێژیم و ساواکی لە گەڵ بووە. با ویجدانی خۆی بکاتە حەکەم!

لە ئاخریشدا نووسیویەتی: «دیارە ماوەیەکیش هێندێک خەڵکی ساویلکە و کۆلکە مەلای نەخوێندەوار لە کوردستان هاوکاری ئەو کۆمەڵەیان دەکرد» (ل ٤٨). ئەم بەشە، شابەیتی قسەکانی میرزا خدرە و هەر ئەوەندەشی راست کردووە. کۆمەڵە خەڵکی ساویلکە و کۆلکە مەلای لەگەڵ بووە و شانازیشی پێوە دەکرد. خەڵکی ساویلکە: فەقیر و هەژار و، پاڵە و سەپان و وەرزێری کوردستانن کە سەروماڵیان لە پێناو رزگاری گەل و نیشتمانەکەیاندا بەخت کردووە. بۆ باسی کۆلکە مەلاکانیش بەراستی مەگەر کەسێکی ٤٢ ساڵ سیاسەتی کردبێت ئەگینا لە رووی هەڵنایە توانجیان تێبگرێ و بە خراپ باسیان بکات. چونکە ئەوان لە حاند ئەتەوەکەیان سەربەرزن. ئەرکی میللی و نیشتمانی خۆیان بە باشی بە جێ هێناوە. کام شۆڕش، کامە زیندان، کێهە مەیدانی ئیعدام و سەنگەری خەبات هەیە کە مەلای لێ نەبووبێت و بەشداریان تێدا نەکردبێت. ئەگەر زۆر زانا وخوێندەواریش نەبوون و، وەکوو میرزا خدر دەستیان نەرۆیشتووە و بۆیان نەلواوە لە زانکۆ و ناوەندە عیلمییە گەورەکانی دنیادا بخوێنن و کەسبی فەزل و دانیش بکەن، رووی فەقیری و دوژمنانی کورد رەش بێت. مەلا ئاوارە، مەلا رەحیمی وێردی و مەلا قادری کوڕی، مەلا برایمی رۆستەمی، حوسێنی مارەغانی ودەیان شەهیدی سەربەرزی تری گەلەکەمان بە قەولی جەنابیاب کۆلکە مەلا بوون. کەچی میرزا خدر بە تەوسەوە باسی کۆلکە مەلادەکات وکۆمەڵەی رزگاری کوردستانیش بەوە تاوانبار دەکات، کە خەڵکی ساویلکە و کۆلکە مەلای نەخوێندەوار لایەنگریی بوون!!

٢٥ی رەشەمەی ١٣٧٩

# کۆمەڵگای مام شاسوار و نەنکە پەریزاد

## چەند سەرنجێك لە بابەت دوو کتێبی خوێندنەوەی کوردی

**گەرمیان، بابەگوڕگوڕ**
**دانانی فەهمی کاکەیی، مهاباد قەرەداغی، ئەمجەد شاکەلی**
**چاپی سوید**

**ناصر حسامی**

### ١ـ دەوری ژن و پیاو

گرنگترین خاڵ کە لە کتێبەکاندا سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ ئەوەیە کە ژن و پیاو یان نێر و مێ، دەوری یەکسانیان نییە. ئەوە لە چەند لایەنی جۆراوجۆردا خۆدەنوێنێ.

لە کتێبی باوەگوڕگوڕدا، وانەی یەکەم پاڕانەوەی دایکانە بۆ ئەوەی کوڕیان ببێ:

**« باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ**
**هاتووم بۆ لات بۆ جووتێ کوڕ »**

یان:

**« هاتوومەلات بە شەرمەوە**
**کوڕ بخەیتە باوەشمەوە. »** ل ٦.

یان:

**«باوەگوڕگوڕ، بەگوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم.»**
ل ٧.

لە دەرسەکاندا، ژنان لە کاری ناوماڵدا نەبێ لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و زانستی دا بە دەگمەن دیارن. تاکە ژنی ناو کتێبەکان کە لە کاری دەرەوەی ماڵدا دەردەکەوێ، مامۆستای زمانی کوردی یە، ئەویش لە سوید، ئەگینا سیمای ژنانی کوردستان، سیمای ژنانی گوندەکانی کوردستانە کە خەریکی کاری ناوماڵن. لە کتێبەکاندا سیمای هیچ ژنێکی شارنشین لە کوردستان بەرچاوناکەوێ. ئەو سیمایەی لە کتێبەکاندا لە کوردستان و ژنی کورد بەر چاو دەخرێ، سیمای ئەمڕۆی کوردستان نییە. ئەمڕۆ لە کوردستان، رێژەیەکی بەرچاوی ژنان خوێندەوارن. ژمارەی ژنانی کرێکار، کارمەند، مامۆستای خوێندنگە، پزیشك، ئەندازیار، نووسەر و هونەرمەند لە کوردستان کەم نییە. بەلام ئەو ژنانەی لە کتێبەکاندا دەردەکەون خەریکی ئەم کارانەن:

**لە کتێبی گەرمیاندا:** مانگا دۆشین (ل ١٥ / لە وێنەکەدا نەنکەپەریزاد خەریکی مانگا دۆشینە. لەبەر ئەوەی باس باسی کاری ناوماڵە کەسایەتی یەکەی تری ناو دەرسەکەش، کچە ). یاپراخ لێنان ( ل ١٢١/ **« ڕۆژێکیان فاتێ دەچێ بۆ لای خەجێی دراوسێیان بۆ ئەوەی فێری یاپراخ لێنان ببێ»**)، پیرێژن بزنەکەی دەباتە ژێرزەوی ( ل١٢١/ چیرۆکێکی فۆلکلۆری یە).

**لە کتێبی باوەگوڕگوڕدا:** پاڕانەوە لە چاكوپیران بۆ ئەوەی کوڕیان ببێ ( ل ٦)، ڕاژەندنی بێشکە و لاواندنەوەی منداڵی ناو بێشکەکە و وەسفی ئازایەتی و نیشتمانپەروەری ی مێرد ( ل ١٢)، مانگادۆشین و فرۆ دروست کردن(ل ١٨ / شایانی باسە کە لەو دەرسەدا ژنەکە ناوی نییە و تەنیا وەك « دایکی ڕۆدی » باسی دەکرێ.)، ئاو بەسەر بووکەبەبارانەدا کردن ( ل٧٥ )، تەنوور دروست کردن و نانکردن(ل ٧٩/وێنەکە دوو ژن نیشان دەدا خەریکی نانکردنن. ئەگەرچی ئێستا لە کوردستان زۆر پیاویش لە نانەواخانەکان خەریکی نانکردنن، بەلام لەبەرئەوەی لە کۆندا نانکردن کاری ناوماڵ و بەشی ژنان بووە، لە کتێبەکاندا لە هەموو ئەو جێگایانە کە باسی نانکردن دێتەگۆڕ، بە کاری ژنان دادەنرێ:**« ژنانی لادێ لە دروستکردنی تەنوور و تەنووربان زۆر شارەزان».** **« کابانی ماڵەوە هەموو جارێك بەشی مانگێك نانی تیری دەکا. »** ل ٨١.)، دروومان ( ل ١٧٨)، گۆشت ورد کردن ( ل ١٠١)، مەشکەژەندن ( ل ٤٧ ).

ئازایەتی و نیشتمانپەروەری و فیداکاری سیفەتی پیاوانەو ژنان پێی هەڵدەڵێن. لە وێنە و دەرسی سێهەمی باوەگوڕگوڕدا ژنێك بێشکەی منداڵەکەی ڕادەژەنێ و کوڕی ناو بێشکەکە دەلاوێنێتەوە و باسی مێردەکەی دەکا:

**« بنڤە بنڤە چاوێ منی**
**سبە مێری ب ماڵ و ژنی**
....
**باڤێ تە خزمە تا گوند کر.**
....
**سەرێ من و تە بلندکر»**

دایك چاوەڕوانە کوڕەکەی گەورە بێ و بیگرێتە ژێرسایەی خۆی:

**«بنڤەدا تو زوو مەزن بی**
....
**تو سهکا سەرێ من بی»**

لە بابەت کاری ناو ماڵ پرسیار لە ژنان دەکرێ و هەرچی پەیوەندی بە زانست و فکر و مێژووو

کشت و کاڵ وتە کنە لۆژیاوە هەیە، کاری پیاوانە و، پیاوان لەبارەیانەوە دەدوێن. ئامۆژگاری یە ئەخلاقی یەکان، وەك پێویستی ی ڕێز دانان بۆ ئازادی و پەسنی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لە زمانی پیاوانەوە باس دەکرێ و تەنانەت ئەوە کە کێ کوردی چاکە، پیاو پێوانەی بۆ دیاری دەکا. پیاو لە کتێبەکاندا وەك زانای گشت دەناسێندرێ.

لە وانەی «ئازادی» دا باوك ئامۆژگاری ی کوڕەکەی دەکا کە بالندەی ناو قەفەس ئازاد بکا: **«تۆ ژ ڤێ مورغێ ڕەبەن چ دخوازی؟ گونەهە، ئازاد بکە.»** (گەرمیان .ل ٨٩.) وانەی دووهەمی کتێبی باوەگوڕگوڕ، وانەیەکە بە ناوی وەتەن. منداڵێك باڵندەیەکی لە قەفەس کردوە و باڵندەکە غەمبار و بێتاقەتە. نەوزاد لە بابەت هۆی بێتاقەتی ی باڵندەکە پرسیار لە باوکی دەکا و باوکی ئامۆژگاری ی کوڕەکەی دەکا کە نیشتمان خۆشەویستە:

**«نەوزاد ڕووی دەمی کردە باوکی و لێی پرسی:**

**ــ بابە ئەم تەیرە دەڵێت چی؟**

**بابی نەوزاد پیاوێکی دنیادیدە بوو. دەردی باڵندەکەی دەزانی، تۆزێ ڕاما و گوتی:**

**ــ دەڵێ ئاخ وەتەن! ل ٩.»**

لە وانەی دوازدەهەمدا ئەوە دیسان باوکە، کە سەرچاوەی زانیاری یە بۆ منداڵەکەی:

**« خاکی دەوروبەری شارەکەمان، وەك باوکم دەگێڕێتەوە خاکێکی بە پیتە. » ل٢٧**

**« کە نامەکەتم بۆ باوکم خوێندەوە، گوتی ئەو دوانزە سوارەیەی لای ئێوە، دەقاودەق وەك دوانزە سوارەی مەریوان وایە. » ل٢٨**

**« باوکم دەڵێ هێندەی نەماوە نۆرە بگاتە هەڵگرتنەوەی مینەکانی دەوروبەری شارەکەمان.» ل٢٨**

ژن لە وانەکە دا هەر دیار نییە. تەنانەت ئەگەر باوك نەبێ، دایك دەکەوێتە سوالکردن و، بە پێی ئەو زانیاری یەی لە دەرسەکەدا هەیە، ژنان ناتوانن نان پەیدا بکەن:

**« زۆر خێزان هەیە پیاوەکانیان نەماون، بە یارمەتی ی خەڵکی تر دەژین. » ل٢٨.**

ئەمەش وەك تایبەتمەندی ی ژنێکی دیاریکراو باس ناکرێ بەڵکوو وەك تایبەتمەندی ی هەموو ئەوخێزانانە کە پیاویان نەماوە، باسی دەکرێ. ئەو ڕستەیەی سەرەوە دوو بەشە: ١ــ زۆر خێزان هەیە کە پیاویان نەماوە. ٢ــ ئەو خێزانانە کە پیاویان نەماوە، بە یارمەتی خەڵکی تر دەژین. هەرلەم بابەتەوە و لەڕووی باوەڕ بەوەکە پیاو دەبێ ژن بەخێو بکا، لە لاپەڕەی ٨٢ دا پەندێکی ئیسلاندی نووسراوە کە دەڵێ: **« بەر لەوەی ژن پەیدا بکەی، نان پەیدا بکە. ».**

لە وانەی دواتریشدا، کە منداڵ پرسیارێکی دێتە مێشکەوە هەر پرسیار لە باوکی دەکا:

**« ناز کچێکی سەلارە**<br>**زۆر حەزی لە پرسیارە**<br>**بە باوکی گوت: بابەگیان**<br>**دوانزە سوارەی مەریوان**<br>**کێن، بۆچی وا ناودارن؟ » ل ٣٢.**

لە وانەی لاپەڕە ٥٧ ی گەرمیاندا، بێریڤان بە مامۆستاکەی دەڵێ دراوسێکەمان بەچکەپشیلەیەکم دەداتێ. مامۆستاکە وەبیری دێنێتەوە کە پێویستە ئەمە بە ڕەزامەندی ی باوك بێ:

**«...پشیلەیەکی دایکانەیان هەیە، چوار بەچکەی بووە، دانەیەکیان دەدەن بە من.**

**ــ ئەی باوکت دەڵێ چی؟».**

لە وانەی ٢٣ دا بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار ڕوودەکرێتە پیاو:

**« مامۆستاکەی کۆچەر داوای لە باوکی کۆچەر کردبوو، بێتە خوێندنگە و لە سەر هەندێ بابەت، بۆ منداڵە سویدی یەکان قسە بکات. بابەتەکان زیاتر پەیوەندییان بە ئایینەوە هەبوو، هەروەها جەژن و داب و نەریت و هەندێ لایەنی دیکەش. » ل ٥٧ .**

لێرە بەدواوە هەتا لاپەڕەی ٦٨، لە چوار سەرداندا، کە بابەتی چوار وانەن، باوکی کۆچەر لە بابەت گەلێك مەسەلەی جۆراوجۆری وەك ئایین و فەلسەفە و داب و نەریت و سروشت و جوگرافیا و مێژوو، وەڵامی پرسیاری منداڵان دەداتەوە. لە پەندی لاپەڕەی ١١٠ دا وتراوە: **« جوانمێری کارێ مێرایە.»** تاکە لاپەڕەیەك کە تێیدا بە پێچەوانەی ڕێڕەوی گشتی ی کتێبەکان، ئەوەی ئامۆژگاری ی منداڵەکەی دەکا دایکە، لاپەڕەی ٨٢ ی گەرمیانە کە لە شیعرێکی لەتیف هەڵەت دا، دایك لەپاڵ ئەوەی **« دەم وچاوم دەشۆرێ، جل و بەرگم دەگۆڕێ »** ئەو ئامۆژگاری یەش دەکا کە: **«ڕاستگۆ بم، ڕەوشت جوان بم... دڵسۆزی کوردستان بم ».**

لە بابەت کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و باغداریش کە چوار دەرسی لە لاپەڕەی ١٢٩ هەتا ١٤٠ بۆ تەرخان کراوە، هەر پیاو ( مام شاسوار ) دەدوێ و زانیاری دەدا.

لە یەکەمین لاپەڕەکانی کتێبی گەرمیانیشدا، هەمان کاردابەشکردن سەرنج ڕادەکێشێ و لە چوار پیشە کە باسیان دەکری، تەنیا خاوەنی یەکیان ژنە. ئەو ژنە مامۆستای کوردی یە، ئەویش تەنیا لە وێنەکەدا دەردەکەوێ و لە تێکستەکە دا ئاماژەیەك بە ژن بوونی ناکری و لە دەرسەکانی دیکە دا دەردەکەوێ کە ئەو مامۆستایەش لە سویدە نەك لە کوردستان، بەڵام پیاوبوونی خاوەنانی کارەکانی تر لە وێنە و تێکست دا بەرچاوە:

**« ئەوە کێیە کە نەخۆش بکەوین چارەمان دەکا؟**

**ئەوە جەنابی دوکتۆرە، بەقوربان! »** (لە وێنەکەدا دوکتور پیاوە و «جەناب»یش هەر ئەوە دەگەیەنێ)

**« ئەوە کێیە کە میوەمان بۆ بەرهەم دەهێنێت؟**

**ئەوە خاڵۆی باخەوانە، کاکە گیان!**

**ئەوە کێیە کە نامەمان بۆ دێنێتەماڵەوە؟**

**ئەوە کاکی نامەبەرە، چاوەکەم!**
**ئەوە کێیە کە کوردیمان فێر دەکا؟**
**ئەوە مامۆستای زمانی کوردی یە، گیانەکەم!» ل ١٠.**

لە دەرسی «دیاری» دا باوکی خەندە و دانا کۆمپیوتەر بۆ منداڵەکانی دەکڕێ. هەرتك منداڵەکە لە بابەت کۆمپیوتەر پرسیار لە باوکیان دەکەن:

**«باوکیان دەستی کرد بە دامەزراندنی کۆمپیوتەرەکە، خەندە چووە لای باوکی و پرسی:**

پێش ئەوەی پرسیارەکەی خەندە بخوێنینەوە با سەرنجێکی ئەم ڕستەیەی سەرەوە بدەین. «**باوکیان**» جارێك لە سەرەتای ڕستەکەدا هاتوە و دووپات کردنەوەی لە بەشی دووهەمی دا پێویست نییە و، دەکرا و باشتر بوو بۆ پێشگرتن بەم دووپات بوونەوەیە ڕاناو دابنرێ، واتە لە جیاتی «خەندە چووە لای باوکی و پرسی» نووسرابا «خەندە چووە لای و پرسی» بەڵام لەوە دەچێ نووسەران بۆیە ڕێگەیان بە خۆیان دابێ بە بێ هیچ پێویستی یەکی ڕێزمانی، «باوکی» دووپات بکەنەوە هەتا بە تەئکیدەوە بە خوێنەر بڵێن پرسیارەکە لە باوك کراوە وخوێنەر ڕێگەی هیچ گومانێکی بۆ نەمێنێتەوە و خەیاڵی ئاسوودە و دڵنیا بێ لەوەکە منداڵەکان پرسیارەکەیان خوای نەخواستە لە دایکیان نەکردوە. لە دوای ڕستەی باسکراو، نووسراوە:

**— بابە ئیستا بۆمان هەیە یاریی پێ بکەین؟**
**بابە گوتی:**
**— ڕاوەستە کچم با بەرنامە کوردییەکەش دابمەزرێنم.**
**دانا پرسی:**
**— بابە بۆ کۆمپیوتەر کوردیش دەزانێت؟**
**بابە وەڵامی دایەوە:**
**— ئەی چۆن، کوڕەکەم، فێری کوردیشی دەکەین.» ل ١١٤ و ١١٥.**

باوکەکە ئەو کۆمپیوتەرەی بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە بۆ منداڵەکان کڕیوە. لە کتێبی باوەگورگوڕ دا، کاتێك دایك دیاری دەدا بە منداڵەکەی سەروکاری لەگەڵ پارچە و دروومانە:

**«دایکی نەشمیل چوو بۆ بازاڕ هەندێ پارچەی ڕەنگاوڕەنگی کڕی و ئاڵایەکی کوردستانی دروووت، تابە دیاری بیداتە نەشمیل.» ل ١٧٨.**

لە ڕاهێنانی لاپەڕەی ١١٤دا جیاوازیی کوڕ و کچ مانایەکی قووڵتری پێدراوە. ڕاهێنانەکە ئاوایە:

**«وشەی نەگونجاو دەربێنە!**
**١ــ ڕێوی، گورگ، سەگ، پڵنگ، مەڕ**
**٢ــ کەر، ئەسپ، ڕێوی، بزن، مانگا**
**٣ــ کۆتر، تانجی، قاز، قەل، کەڵەشێر**
**٤ــ کاوە، گوڵزار، ئاراس، شوان، شێرکۆ»**

وەڵامەکە ئەوەیە کە لەیەکەمدا مەڕ نەگونجاوە چونکە ئەوانی تر لە ڕاستەی «پشیلەسا»کانن، لە دووهەمدا ڕێوی چونکە ئەوانی تر ئەو گیانلەبەرانەن کە سمیان هەیە و لە سێهەمدا تانجی چونکە ئەوانی تر باڵندەن و لە چوارەمدا گوڵزار چونکە ئەوانی تر کوڕن. لە یەکەم و دووهەم و سێهەمدا جیاوازی یەکە جیاوازیی نێوان نێر و مێی یەك چەشنی گیانلەبەر نیە بەڵکوو جیاوازی یە لە «چەشن» دا. یانی ئەگەر لە سێهەمدا بێجگە لە کەڵەشێر، مریشکیش نووسرابا، مریشك بۆ دەرهاویشتن نەدەبوو و هەر لە باڵندەکانە. تانجی لەبەر ئەوەی باڵندە نییە جیاوازیی هەیە لەگەڵ مریشك و کەڵەشێر. بەڵام مریشك و کەڵەشێر جیاوازی یان لەگەڵ یەکتر نییە. کەوایە ئایاجیاوازیی کاوە و گوڵزار، یان کوڕ و کچ لە چەشنی جیاوازیی نێوان دوو جۆری گیانلەبەرە، نەك نێرومێی یەك گیانلەبەر؟

لە کتێبەکاندا بە دەگمەن نەبێ، باسی دارایی ژنان ناکرێ و ژنان خاوەنی هیچ نین. لە هەرتك کتێبەکەدا تەنیا دووجار باسی دارایی ژنان دەکرێ کە ئەوانیش هەر خۆیان بەتەنیا دەژین: لە لاپەڕەی ١٥ی گەرمیاندا داپیرەی مینا مانگایەکی هەیە و پیرێژنی ناو چیرۆکەکەی لاپەڕەی ١٢٥ی هەمان کتێب بزنێکی هەیە. لەوەبەدەر، دارایی، لە هەر کوێ باسی دەکرێ، هی پیاوەکانە: ماڵی مامم، داڵنیەکەی مامم. (گەرمیان ل٢٦)، خاڵۆی بێوار باخێکی هەیە.(ل ٣٥)، ئاژەڵەکانی باپیرە،(ل ٦١). هەروەها ڕەزوباخ و کێڵگەکانیش هی پیاوانن. بڕواننە دەرسی جووتیاری چاك، ل١٢٩. (لە وێنەکە دا جووتیاری چاك پیاوە.)

## ٢ــ شارنشینی و گوندنشینی لە کوردستان

لە کتێبەکاندا لە زۆربەی ئەو بابەتانە دا کە باسی ژیان لە کوردستان دەکرێ، شوێنی باسەکان و ڕووداوەکان گوندن. بەشی هەرەزۆری ئەو وێنانەی کوردستان کە چاپکراون، دیمەنی گوند و ژیانی گوندن. ڕاستە کوردستان کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی سەنعەتی نییە، بەڵام گوندنشینی، سیمای سەرەکیی کوردستان نییە. بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین بەشی زۆری دانیشتوانی کوردستان لە شارەکان دەژین. لە کوردستان لانیکەم پێنج شار (دیاربەکر، کرماشان، هەولێر، سلێمانی و سنە) هەن کە ژمارەی دانیشتوانیان نزیك یەك میلیون کەسە. لە کوردستان، سەدان کارگەی گەورە و چکۆلەی بەرهەمهێنان هەن کە دەیان هەزار کرێکار کاریان تێدا دەکەن. لە کوردستان لانیکەم پێنج زانکۆی گەورە و زیاتر لە دە خوێندنگای بەرز هەن کە سەدان مامۆستای ژن و پیاو و دەیان هەزار خوێندکاری ژن و پیاو تێیاندا سەرقاڵی بەشە جوراوجورەکانی زانست و ئەدەب و فکرن. دەیان ڕۆژنامە و گوفاری هەفتانە و مانگانە بلاو دەبنەوە کە لانیکەم لە دوازدەیاندا ژنان سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیاز و ئەندامی دەستەی نووسەرانن. دەیان ئێزگەی ڕادیویی و تەلەڤزیۆنی و کاناڵی سەتەلایت بەرنامە بلاو دەکەنەوە. ئەمانە هیچیان لە کتێبەکاندا ڕەنگ نادەنەوە و کوردستان وەك کۆمەڵگای مام شاسواری جووتیار (لە چوار دەرسدا) و خلە و بلە و خەجێ و فاتێ و نەنکە پەڕیزاد و دایکی ڕۆدی و ژنانی داماوی سەر چاکی بابەگورگوڕ نیشان دەدرێ.

## ٣ــ سیاسەت، دین و باوەڕ

یەکێك لەو مەرجە گرنگانە کە پێویستە لە کتێبی

خوێندندا ڕەچاوبکرێ ئەوەیە کە دوور ڕابگیرێ لە لایەنگری و کاریگەری ی ئایین و باوەڕ و سیاسەتێکی دیاریکراو. ئەرکی کتێبی خوێندن ئەوەیە کە زانیاری بدا بەبێ لایەنگری لە ڕچەیەکی دیاریکراوی سیاسی و ئایینی و فیکری. نووسەرانی کتێبەکان لە هەندێك جێگا باوەڕو کەلتووری سیاسی وئایینی و کۆمەلایەتی ی خۆیانیان هێناوەتە ناو دەرسەکان و وەك حوکمێکی گومان هەلنەگر کردوویانەتە دەرس.

**« بەو شوێنەی پێشمەرگەی لێدا نیشتەجێ دەبێت دەگوترێت بنکە.**

**بەو شوێنەی جاشی لێدا نیشتەجێ دەبێت دەگوترێت مۆلگە . » گەرمیان ل ٣٠.**

ئەوە زیاتر لە زمانی پڕوپاگاندی سیاسی دەچێ تا لە بابەتێك بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. ئایا نووسەرانی کتێبەکان دلنیان لەوەی لەو پۆلانە دا کە ئەم کتێبانەیان تێدا دەخوێندرێ، منداڵی ئەو کەسانە دانەنیشتوون کە پێیان گوتراوە جاش؟ ئایا لە سوید دەبێ «جاشەکان» و منداڵەکانیان هەلس وکەوتێکی جیاواز لە «پێشمەرگە» و منداڵەکانیان یان لە گەڵ بکرێ؟

ئەو کەسانەی چەك بۆ حکوومەتەکان هەلدەگرن، لە پروپاگاندو کەلتووری سیاسی ی هەندێك لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا پێیان دەگوترێ جاش و بە بنکەکانیان دەگوترێ مۆلگە. هەرتك ناوەکە، ئەوە دەگەیەنن کە ئەو کەسانە، نەك وەك مرۆڤ، بەلکوو وەك گیانلەبەر چاولێدەکرێن. هەندێك لەوانە کە بوونەتە ئەندامی هێزی چەکداری حکوومەتەکان لەوانەیە تاوانێکی دیاریکراویان نەکردبێ، هەندێکیشیان بە کاری دیاریکراوی وەك دەسدرێژی بۆسەر خەلك، یان کوشتنی خەلك تاوانبار دەکرێن. لەوانەیە کەسانێکی زۆر، حالەتی یەکەمیش، یانی ئەندامەتی لە هێزی چەکداری حکوومەتەکاندا بە تاوانێکی شیاوی سزادان بزانن، بەلام لەهەرحالدا لێپرسینەوە لەم تاوانانە و دیاریکردنی سزای شیاو و سزادانی تاوانباران ئەرکی دادگایە و لە هیچ حالەتێکدا نابێ کەسایەتی ی ئینسانی و کۆمەلایەتی ی تاوانبارەکە هێرشی بکرێتەسەر و لەوەش گرینگتر نزیکان و ئەندامانی بنەماڵەکەی نابێ بەم بۆنەیەوە سووکایەتی یان پێ بکری. ئێوە ئەوە لەبەر چاو بگرن کە منداڵێك (کە ڕەنگە لێرەو لەوێ بیستبێتی ئەندامێکی خێزانەکەی بە جاش ناودێر کراوە) لە سەر پۆلی دەرس خوێندن هەست بە چ شکانەوەیەك دەکا بە خوێندنی ئەو دەرسە.

**« هۆ ڕێوی ڕێوی**

**ڕێوی بێ ئیمان**

**شەریکی شەیتان ». باوەگوڕگوڕ.ل ١١٢.**

چەمکی بێ ئیمان و شەیتان بۆ هەموو کەس هاومانا نین. لایەنگرانی باوەڕێکی ئایینی ی دیاریکراو، بێ ئیمانی و شەیتان بە دژەبایەخ دەزانن، بەلام کەسانێکی دیکە هەن کە بێ ئیمانی (بێ بڕوایی بە ئایین ) بە بایەخ دەزانن و کەسانێکیش هەن کە شەیتان دەپەرستن و لەوانەیە منداڵانی ئەمانە هەر لەو پۆلانەشدا هەبن. کتێبی دەرسی پێویستە بە جۆرێك بێ کە هیچ دەستەیەك لەمانە نەتوانن لە دژی دەستەیەکی دیکە بە بەلگەی بێننەوە. یانی نابێ ببێتە کتێبی ئایینی ی پەیرەوانی ئایینێکی دیاریکراو.

**« کە ڕێوی تۆپی، هیچ مریشکێك بۆی ناگری. » باوەگوڕگوڕ، ل١١٤.**

لە ئایینێکی دیاریکراودا، هەروەها بە پێی هەندێك نەریتی کۆمەلایەتی. گیانلەبەران هاوبایەخ نین. لە دوای مرۆڤ، ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان دەخورێ بە بەرزتر دادەندرێن و دوایی ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان بە حەرام دادەندری. کۆتایی پێهاتنی ژیانی دەستەی یەکەم پێی دەگوترێ مردن، دووهەم مردارەوە بوون و سێهەم تۆپین. باسکردنی تۆپینی ڕێوی لەم باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ. پەیڕەوانی هەندێك ئایین و نەریت گۆشتی سەگ وبەرازو ئەسپ بە حەرام دەزانن و بە کۆتایی پێهاتنی ژیانی ئەمانە دەلێن تۆپین، بەلام لای هەندێکی دیکە وا نیە. ئایا منداڵێکی کورد کە لە سوید گەورە بووە و لەوانەیە گۆشتی بەراز بخوا و لە خوێندنگە و منداڵانی ئێرە فێر دەبێ کە «لیللە گریس» گیانلەبەرێکی خۆشەویستە، بە کۆتایی پێهاتنی ژیانی بەراز دەلێ تۆپین؟ ئایا ناکرێ منداڵان فێر بکرێن کە ئاژەلەکان، مەڕ و ڕێوی و گورگ و چۆلەکە و مریشك و داڵ و هەلۆ و مشك و مار هاوبایەخن و هەموویان وەك یەك چاو لێ بکا؟

**« ڕۆژووگرتن بۆ لەشساغی مرۆڤ باشە. لەشی مرۆڤ پێی دەحەسێتەوە و ڕوحیشی پاك دەبێتەوە. هەروەها بۆئەوەی ڕۆژووگر هەست بە حالی هەژار و نەدارەکان بکا. دیسانیش بۆ ئەوەی ڕۆژووگر بتوانێ بەرگەی برسێتی و سەختی ی ژیان بگرێ. » باوەگوڕگوڕ ل ٦١.**

لەم بابەتەوە ئاماژەکردن بە چەند خاڵ پێویستە:

دین دەبێ لە فێرکردن و بارهێنانی ڕەسمی جیا بکرێتەوە. ئەمە یەکێك لە بنەڕەتی ترین مەرجەکانی کۆمەلگای دیموکراتیك و ڕەچاوکردنی مافی یەکسانی هاوولاتیانە. لە کتێبی خوێندندا نابێ هیچ بابەتێك هەبی کە لایەنگری لە ئایینێکی دیاریکراو بکا یان لە دژی ئایینێکی دیاریکراو بێ. ڕەوا بوون یان ناڕەوا بوونی ئایینێك و، مافی پەیڕەوانی ئایینەکان بۆ ئەوەی ئایینی کامیان ببێتە ناوەرۆکی کتێبی دەرسی، لە زۆروکەم بوونی ژمارەی پەیڕەوانی ئایینەکانەوە سەرچاوە ناگرێ. پەیڕەوانی هەموو ئایینێك و هەروەها ئەوانەی بڕوای ئایینی یان نییە، خاوەنی مافی یەکسانن و پێویستە لە دەرفەتی یەکسان بۆ زانیاری وەرگرتن بەهرەمەند بن. لایەنگری لە ئایینێك ڕاستەوخۆ بە مانای دژایەتی ی ئایینێکی دیکەیە و دەرفەتی یەکسان بۆ زانیاری وەرگرتن لە بابەت ئایین، پێشێل دەکا.

وتنی ئەوە کە ڕۆژووگرتن بۆ لەشساغی باشە وەك ئەوە وایە کە بلێین حیجاب بۆ خۆپاراستن لە سەرما باشە، کە لەم حالەتە دا لە شوێنی گەرم پێویست نابێ. هەر لە بابەت ئەو دەرسەوە لەوانەیە منداڵان ئەم پرسیارانە بە مێشکیاندابێ: ئایا ڕۆژووگرتن هەمیشە بۆ

لەشساغی باشە؟ ئایا ئەو کەسانەکە بە هۆی هەژاری و بەدخۆراکی لەشێکی لاوازیان هەیە، ڕۆژوو زیان بە تەندروستی یان ناگەیەنێ؟ ئایا ڕۆژووگرتن ئەرکی دەولەمەندانە بۆئەوەی لە حاڵی هەژارەکان ئاگادار بن؟ ئایا هەژارەکان پێویستە ڕۆژوو بگرن بۆ ئەوەی لە حاڵی خۆیان ئاگادار بن؟ ئایا ڕۆژووەوان بۆی هەیە ددانی بشوا؟ ئایا بە تایبەت لە شوێنەگەرمەکان ئاونەخواردنەوە بۆ ماوەی چاردەسەعات زیان بە لەش ناگەیەنێ؟

مام شاسوار لە ل ١٢٩ دا کوردی چاك ئاوا دەناسێنێ:« **کوردی چاك ئەو کوردەیە جووتیارێکی چاك بێت.**». با بزانین جووتیارێکی چاك کێ یە. جووتیاری چاك ئەوەیە کە: « **ئاژەڵدارێکی چاك بێت، کێڵگەیەکی چاکی هەبێت، بێستانێکی چاکی هەبێت، باخێکی چاکی هەبێت.** » **(ل ١٣٠).**

مانای کوردی چاك چیە؟ بۆچی کوردی چاك بوون لەدەست هەموو کەس نایە و دانیشتوانی دیکەی کۆمەڵ کە جووتیار نین ناتوانن کوردی چاك بن؟ لە نێو جووتیارەکانیش، هەموویان بێستانی چاك و کێڵگەی چاك و باخی چاکیان نییە و ئاژەڵداری چاك نین، چونکە لە لاپەڕەی ١٣١ دا وتراوە «**ئاژەڵداری چاك ئەو کەسەیە کە لە گشت جۆرە ئاژەڵە ماڵی یەکانی هەبێ ... مەڕو بزن و مانگا... هەروەها مریشك و قاز و مراوی و قەل... ئەسپ و هێستر و کەر. سەگ و پشیلە وتانجی.**» یان «**کێڵگەیەکی چاك ئەوەیە کە بە پیت بێ. زەوی هەیە ئاوی یە ئەوەزەوییەکی چاکە.**» «**بێستانێکی چاك، بێستانێکی ئاوی یە. باخێکی چاك پێویستە ئەو دارانەی تێدا بروێندرێت کە لەو ناوچەیە هەڵدەکەون**». بەم جۆرە لە نێو جووتیارەکانیشدا ئەوانەی زەوی دێمیان هەیە و بەراویان نیە و ئەم ئاژەڵانەشیان نیە، جووتیاری چاك و کوردی چاك نین.

بەپێی لێکدانەوەی کتێبەکە، کوردی چاك یانی جووتیارێك کە ڕادەیەکی دیاریکراوی سامانی هەبێ. لە کوێ و لەکام جێگا پێناسەیەکی ئاوا هەیە بۆ مرۆڤی چاك یان کوردی چاك؟

### سپای عەجەم

لە ڕاهێنانی لاپەڕەی ٣١ دا پرسیار کراوە: « **دوانزە سوارەی مەڕیوان چ سوپایەکیان تێك شکاند؟**» سێ وەڵام دیاری کراون کە منداڵان یەکێکیان هەڵبژێرن. وەڵامەکانی کتێبەکە ئەمانەن: «**عەرەب، عەجەم، تورك**».

هەر بەم سادەیی یە ناوی سێ نەتەوە نووسراوە. منداڵ هیچ چارەی نییە جگە لەوەکە یەکێك لەم سێ نەتەوەیە هەڵبژێرێ و بڵێ ئەمەیانمان تێك شکاند. لە دەرسی پێش ئەو ڕاهێنانەدا نووسراوە « **دوانزە سوارەی مەڕیوان، سوپای هەزار بەهەزاری عەجەمیان تێك شکاندبوو.** » . بەڵام لە شیعری دوای ڕاهێنانەکەدا لەتیف هەڵەت لەبابەت ئەو سپایە دەڵێ:

«**پاشایەکی ئێرانی**
**لەشکرێ گەورەی هانی**».

پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لە ڕاهێنانەکە دا، لە جیاتی «لەشکری پاشایەك» ناوی لەشکری نەتەوەیەك هاتوە. ئایا ئەوە باوەشێن کردنی دوژمنایەتی ی نەتەوەیی نیە؟ ئایا ئەگەر لەم سویدە گرووپێکی کوردەکان هەڵیانکوتایە سەر بانکێك و پارەکەیان دزی و سویدی یەکان تاوانەکەیان دایە پاڵ کورد بە گشتی و بۆنموونە لە ڕۆژنامەکاندا نووسی یان «کوردەکان هەڵیانکوتایە سەر بانکی سویدی و تێکمان شکاندن» پێیان ناڵێین ڕاسیست؟

**داستانی** زێبراش (ل١٦٠) لەم ڕوانگەیەوە جێگای سەرنجە. داستانەکە بەم ڕستەیە دەست پێدەکا: «**هیندییە سوورەکان، کە لەڕاستیدا نە هیندین و نە سوورن، دوو عەشیرەتیان هەبوو لەمبەرو ئەوبەری زێیەکدا دەژیان، عەشیرەتی کەری سپی و عەشیرەتی کەری رەش**». خوێنەر لە سەرەتاوە دەزانێ کە عەشیرەتەکان ناوەکەیان ئاوایە بەڵام لە درێژەی چیرۆکەکەدا عەشیرەتێك نییە و عەشیرەتەکان هەمان کەرەکانن. هیچ ئاماژەیەك نییە کە نیشان بدا عەشیرەتەکان لە کەرەکان جیان. لە دوای ئەو ڕستەیەی سەرەوە، کێشەی کەری هەرتك لا باسی دەکرێ: « **کەری ئەم لا بیگوتبا: دەرد، هی ئەولا دەیگوت: بە سمت**» . «**کەس نەیدەزانی کامە کەر سەر بە عەشرەتی رەشە و کامەیان سەر بە بەرەی سپی یە**» . «**بوو بە جەنگێکی وا کلکی کەری تێدا دەپسا**». «**جاشکۆڵەی نەرم و نیانی وایان لێ کەوتەوە هەر قابیل بوو بچیتە تەماشایان**». پرسیار ئەوەیە کە بۆچی هیندی یەسوورەکان کراونەتە سیمبولی شەڕی نێوان دوو دەستەی گیانلەبەران؟ ئایا کوردەکان بە هێرشێکی رەگەزپەرستانەیان نەدەزانی ئەگەر ئەم دەرسە لە کتێبی هیندییە سوورەکاندا چاپ کرابا و نووسرابا کوردەکان دوو عەشیرەتیان هەبوو عەشیرەتی کەری سپی و عەشیرەتی کەری رەش؟ لە کۆتایی دا وا دەردەکەوێ کە لەم داستانە دا کینایەیەك لە کێشەی کوردەکان هەیە و « **خۆیان بە دژی جیهانەوە یەکتر دەخەنە سەرخوان و بۆ ئاغای ڕێوی و سەید چەقەڵ و گورگە بۆری دەبەن**». لەوە دەچێ مەبەست لە ئاغا و سەید و گورگە بۆر هەمان عەجەم و عەرەبو تورك بن کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا. ئەم دەرسە سەراسەر بڵاوکردنەوەی کینەیە لە دژی ئەوانەی هاوزمان و هاورەنگی ئێمە نین.

### ٤ـ زانیاری

هەندێك لەو زانیاری یانەی لە کتێبەکاندا دراون، ناتەواون و هەندێکیان جێگای دوودڵین و دیار نییە بە پێی چ پشتیوانەیەك نووسراون. لە بابەت سەرژمێری کوردستان نووسراوە.

«**لە باکووری کوردستان بیست ملیۆن دەژی، لە باشووری کوردستان شەش ملیۆن، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەملیۆن و لە ڕۆژاوای کوردستان دوو ملیۆن**»، سەرژمێری کوردەکانی ئورووپا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و گورجستانیش لەوە زیاد کراوە و نووسراوە «**تێکڕا کوردەکانی کوردستان و دنیا دەکاتە چل**

**ملیۆن»**. تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراودا سەرژمێرێکی ئاوا بڵاو نەکراوەتەوە. ئەگەرچی ئەوەی وەك ئەنجامی سەرژمێری یەکان لە لایەن حکوومەتەکانی ناوچەکەوە بڵاو دەکرێتەوە جێگای متمانە نییە، بەڵام سەرژمێری چل ملیۆن کەسیش بە هەمان ڕادە جێگای دوودڵی یە. لە بابەت ڕووبەری کوردستانیش کە نووسراوە باکووری کوردستان ۲۵۰ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ڕۆژهەلاتی کوردستان ۱۷۵ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە خوێنەر نازانێ ئامارەکان بە پێی چ سەرچاوە و پێوانەیەك داندراون. کوردستان هێشتا وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و سنووری دیاریکراوی نییە. لە هەندێك نەخشەی کوردستاندا، بەشێك لە خوزستان و ناوچەکانی دیکەی خوارووی ئێران و کەنارەکانی خەلیج بە خاکی کوردستان داندراون. ئایا لە کتێبەکاندا ئەو ناوچانەش لە ڕووبەری کوردستاندا حیسابکراون؟

**هەندێك** وشە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا پێیان دەگوترێ قسەی سووك یان قسەی تاڵ یان جنێو، لە کتێبەکاندا هەن، وەك: **سنان بخۆی، دەرد بخۆی، قوزەڵقورت بخۆی، چەقەسرۆ، چەقاوەسوو، چەلەحانێ، چاوی دەرهات** (باوەگوڕگوڕ ل ۱۵۳)، **فشە** (۱٤۹)، **ساختەچی** (۱۰۵)، **بەدفەڕ، بێقیمەت، گەوج** (۷۳)، **کەر، بێعەقڵ/ «کە یەکیك بیرنەکاتەوە و ڕەفتارێکی بێعەقڵانە بکات خەڵك بە کەری لە قەڵەم دەدەن»**.(ل ٤٥)، **«مام شاسوار دەم لە کوردایەتی دەکوتێت»**. (۱۲۹)، **لە ئابڕوو بێ بەش، ڕووڕەش** (ل ۱۹۲).

لە لاپەڕەی ٦۹ نووسراوە **«ئەوەی سەری ئەژدیهاکی پان کردەوە ناوی کاوە بوو»**. پانکردنەوەی سەری مرۆڤ زۆر لەوە ترسناکترە کە بکرێ بیخەیتە بەرچاوی منداڵ.

**لە** لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان داو لە هەندێك زانیاریدا، ناڕەسایی و کەموکوڕتی هەیە:

**«سەکۆ: بەرزایی»** (باوەگوڕگوڕ، ل ۸۰) بە هەموو بەرزایی یەك ناگوترێ سەکۆ. گرد و تەپۆلکە و چیاش بەرزایین بەڵام سەکۆ نین)

**«خوێنسارد: بە مرۆڤی زۆر سپی دەگوترێت. پێچەوانەی خوێنگەرم کە بە کەسێکی ئەسمەر و ئێسکسووك دەگوترێت.»** (باوەگوڕگوڕ، ل ۹۸). ڕاستە خوێنسارد و خوێنگەرم پێچەوانەی یەکترن، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی بە ڕەنگی پێستەوە نییە. دابەشکردنی مرۆڤ بە دوو دەستەی «سپی و خوێنسارد» و «ئەسمەر و ئێسکسووك» هیچ بنەمایەکی نییە.

**«گەنم دەکرێ بە نانی سپی.»** (باوەگوڕگوڕ.ل ۱۳٤). گەنمیش هەیە دەکرێ بە نانی سوور و بۆر. جگەلەوەش، گەنم زۆر شتی دیکەشی لێ دروست دەکرێ.

**«جۆ دەکرێ بە نانی بۆر»** (هەمان) جۆ گەلێك شتی دیکەشی لێ دروست دەکرێ و ڕەنگە کەمترین بەشی بکرێتە نان.

**«گەنمەشامی دەبرژێندرێت»** (هەمان) هەروەها دەکوڵێندرێ و بە گەلێك شێوەی دیکە و لە گەلێك بواری دیکەدا وەك خۆراکی ئاژەڵ و باڵندە و لە دەرمانسازی و دا... کەلکی لێ وەردەگیرێ.

**«گوڵە بەڕۆژە دەرمانی بێتاقەتییە. لە کاتی دەسبەتاڵیدا مرۆڤ خۆی پێوە خەریك دەکا.»** (هەمان) ئەم دەربڕینە، دەربڕینی شیاوی کتێبی خوێندن نییە. منداڵ بۆی هەیە وای لێك بداتەوە کە لێرەدا دەرمان بە مانای حەقیقی بەکارهێندراوە و گوڵەبەڕۆژە خاسییەتێکی وەك هەموو دەرمانێکی دیکەی هەیە و مرۆڤ دەتوانێ وەك چۆن ئالڤیدۆن بۆ ژانەسەر و لووسیك بۆ نەخۆشی گەدە و ڤالیۆم بۆ ئارامبوونەوە بەکار دێنێ، گوڵەبەڕۆژە بۆ بێتاقەتی بە کار بێنێ. جگە لەوەش گوڵەبەڕۆژە بەشێوەی سەرەکی ڕۆنی لێدەگیرێ و بەشێکی کەمی و چەشنێکی تایبەتی بۆ خواردنە و، ئەویش نەك لە هەموو جێگایەك.

**«نیسك و نۆك دەکرێن بە چێشت» (هەمان)**

**«پەموو دەکرێ بە جل و بەرگ.»** (هەمان)

لەبابەت ئەم دوو ڕستەیەش بە کورتی دەکرێ بڵێین نیسك و نۆك و پەموو لە گەلێك بواری دیکەش دا دەکار دەکرێن.

**تێبینی:**

۱ـ هەندێك لەو بابەتانەی لە کتێبەکاندا باسکراون فۆلکلۆرن و هەندێکی دیکەیان بەرهەمی نووسەرانی ترن، یان دەربڕینی کەسایەتی یەکانی ناو بابەتەکانن. بەم بۆنەیەوە بەرپرسایەتی یەکی ڕاستەوخۆ لە بابەت ناوەرۆکیان لە ئەستۆی دانەرانی کتێبی گەرمیان و باوەگوڕگوڕ نییە، بەڵام پێویستە بەرپرسایەتی ی هەڵبژاردنی ئەو بابەتانە بگرنە ئەستۆ. بە وتەیەکی دیکە پێویستە وەڵامی ئەوەبدەنەوە کە لە ناو خەرمانێك بەرهەمی فۆلکلۆریدا بۆچی پاڕانەوەی ژنانی سەرچاکی باوەگوڕگوڕیان هەڵبژاردوە و، چۆنە لە ناو کۆمەڵێك ڕوانگەی جۆراوجۆردا ڕوانگەی باوکی کۆچەر لە بابەت ئایین و ڕوانگەی مام شاسوار لە بابەت کوردی چاکیان هەڵبژاردوە یان لە ناو کۆمەڵێك پەندی نەتەوەکاندا ئەو پەندەی ئیسلاندیان هەڵبژاردوە.

۲ـ هەندێك لەو بابەتانەی لەم نووسراوەیەدا ڕەخنەیان لێگیراوە، خۆیان بە تەنیایی ناتوانن جێگای داوەری یەك بن. بۆ نموونە ناکرێ ڕەخنەی ئەوە لە لەتیف هەڵمەت بگرین کە بۆچی لە شیعرەکەیدا ناز پرسیار لە باوکی دەکا و لە دایکی ناکا. چونکە هەندێك لەوانەی منداڵان بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان ڕوویان تێدەکەن، پیاون. لەتیف هەڵمەت یەکێك لەوانەی نیشانداوەو شتێکی زۆر ئاسایی یە. بەڵام هەندێك لەوانەش کە منداڵان بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان ڕوویان تێدەکەن، ژنن و کتێبەکان لە هیچکام لە بابەتەکانیاندا ئەوەیان نیشان نەداوە و ئەوە نائاسایی یە. بە کورتی، گرفتەکە لەو شیعرە دا نییە. لەوەش دانییە کە ئەم شیعرە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی لەم کتێبەدا چاپ بکرێ. گرفتەکە لەوەدایە کە لە بابەتەکانی تری ئەم کتێبەدا لە هیچیاندا ژنان وەك کەسانی خاوەن زانیاری و وەڵامدەرەوەی پرسیار ڕوویان تێناکرێ.

به بۆنەی سێزەدەهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی هەڵەبجە:

# عەلی کیمیایی

● لەم دواییانەدا کتێبێکی باش و گرینگ: «با این رسوایی چه بخشایشی؟» (تحلیل مسائل سیاسی کردستان)، تهران: نشر پانیذ ۱۳۷۹، بە قەڵەمی «جاناتان رندل Jonathan C. Randal» و وەرگێڕانەوەی «ابراهیم یونسی» بە زمانی فارسی دەرچووە کە بۆ ناساندنی کتێبەکە و هەروەها ئاگاداری خوێنەرەوان، چەند بڕگەیەک لە بەشی (علی شیمیایی) لێرەدا پێشکێش دەکرێ. (گزینگ)

کوردستان هەرگیز گۆڕەپانی شەڕی ئێران و عێراق نەبوو. بەڵام پێشمەرگەکان بە ئازادکردنی گەلێک ناوچەی کوردستان ــ لە سنووری تورکیا تا دەگاتە ئێران ــ ئەو «خەیاڵە سەرکەوتوویی» یەیان بۆ خۆیان بەدیهێنا، لە حاڵێکدا کە شەڕی سەرەکی لە باشوور لەوپەڕی توندی خۆیدابوو. کوردستانی عێراق عەمباری دەغڵودانی وڵات بوو و، لقە سەرەکییەکانی دیجلە و فورات و چۆمەکانی دیکە، عێراقی لە چاو وڵاتانی تری عەرەبی بە کردەوە کردبوە تەنیا وڵاتێک کە لە باری کەرەسەی خواردەمەنی و ئاوەوە خۆبژێن بوو. هاوکاری کوردان لە باکوور لەگەڵ ئێران زۆربەی یەکەکانی عێراقی کە سەددام حوسێن لە بەرەی شەڕداپێویستی پێیان بوو لە زەویدا بزمارکوت کردبوو، وە ئەو هاوکارییە هێندێک جار ناوچە ستراتیژییەکانی وەک چاڵاوەنەوتییەکانی کەرکووک و بەندەکانی «دەربەندیخان» و «دوکان»ی دەخستە مەترسییەوە کە ئاو و کارەبای بەغدایان دابین دەکرد. ...

عەلی حەسەن مەجید، کوڕەمامی سەددام و فەرماندەری بەرزی کوردستان لە قاڵبی لەفز و دەستەواژەی ئاوا دا بیری دەکردەوە. ئەو هەر کە لە ۳ی مارسی ۱۹۸۷ لە پلەی دەبیری گشتیی دەفتەری شمالی حیزبی بەعس هەوساری کارەکانی کوردستانی گرتەدەست بە ئاکارێکی تێکەڵاو بە دڕندەیی خۆی تەنانەت کوردەکانیشی خستە سەرسووڕمانەوە. کوردەکان لە تەواوی خەباتی دووردرێژی خۆیان لەگەڵ عێراق هەرگیز بە ئەمانی کەسێکی تاک نەهێشترابوونەوە کە ئاوا ئیختیاری مەرگ و ژیانی خەڵکی لە دەستدا بێ. لە ڕابردوودا سەددام حوسێن و پێشنیانی وی، هەرگیز لە ترسی سەرهەڵێندکردنی ڕەقیبانی ئیحتیمالی ئیختیاری موتڵەقیان بەکەس نەبەخشیبوو. ئێستا مەجید جگە لە کوڕەمام باڵادەستێکی نەبوو، وە لە تەواوی کاروبارەکانی وڵاتداری و نیزامی و هێمنایەتی شمال [کوردستان]ی عێراق خاوەنی ئیختیاری موتڵەق بوو. ئێستا ئیدی کوردان هیوایان نەبوو کە بتوانن لە درزی کون و کەلەبەرەکانی ئەو حکوومەتە سەرەڕۆیەدا کارێک بکەن و، بۆ مانەوەی خۆیان چاوی هیوا ببڕنە ڕقەبەریی و ئێرەییەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی ئیستیخبارات و پۆلیسی نهێنی و حیزبی حاکم و هێزەکانی چەکدار و جاشەکان. مەجید تا ئەو کاتەی کە لە ٤ی ئاوریلی ۱۹۸۹ کوردستانی جێهێشت بەوپەڕی شەوق و «لەزەت»ەوە دەسەڵاتخوازیی خۆی بەجێگەیاند.

مەجید زۆرزوو بە کەڵکوەرگرتن لە چەکە کیمیاییەکان لە کوشتار و ترساندنی گوندنشینەکانی شمال[کوردستان]ی عێراق، فرتوفێڵێکی تازەی لە ئەسوڵی کلاسیکی شەڕێکی دژی چریکی زیادکرد. لە کن کوردان بە عیلی کیمیایی ناسرا. تاکتیکەکانی چۆڵکردن و ڕاگواستنی ناوچەگوندییەکانی بە خێرایی بەئەنجام گەیاند و ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگەش کە مابوونەوە لە دەستپڕاگەیشتنی خواردەمەنی و زانیاری بێبەش کرد. تەنانەت پێش هاتنی وی خەڵکی گوندەکانیان لە زێدی خۆیان ڕاگواستبوو و لە شارۆچکەگەلێک بە ناوی «سەرکەوتن» کە لە قەراغ جادەڕێ و شارەکان دروسکرابوون و بە هاسانی کۆنترۆڵ دەکران، نیشتەجێ کرابوون. مەجید بە ڕووخاندنی خانوو و ئەو گوندانەی کە لە زۆر کۆنەوە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی کوردییان پێکهێنابوو ئەو ڕەوتەی خێراتر کرد. لە قۆناغی دواتر، هەزاران گوندنشینی کۆکردەوە، دەستبەسەری کردن و، ئەوانی ڕەوانەی کوشتارگاکان کرد. مەجید بۆ پاساودانی ڕووخاندنی گوند و دێهاتە کوردییەکان و پێکهێنانی ناوچەیەکی لەمپەر بە بارتەقای نیو ئینگلەند(New Ebgland)، لە یەکێک لەو ئەوارە بە غەنیمەتگیراوانەدا دەیگوت: «ئەگەر بەو شێوەیە عەمەل نەکەین عەمەلیاتی خەراپکاری هەرگیز، تا میلیۆن ساڵی دیکەش، دوایی پێنایە.» ...

... یەکێک لە لێکۆڵەرەوانی وردی کورد بە نێوی شۆڕش ڕەسووڵ، بە پێی گەلێک وتووێژ (لە کوردستان) و لێکدانەوەی وردی بەڵگە وەدەستکەوتووەکانی عێراقی لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹٤ لە بەراوردێک کە بە ئیحتیات لەو ڕەوتە، واتە ژمارەی ئەو کوردانەی لە ماوەی دەورانی بەڕێوەبەرایەتی مەجید لەناوچوون دەیکا، ژمارەی بەینی ٦۰,۰۰۰ و ۱۱۰,۰۰۰ی دەداتە دەست. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی وایدادەنێ کە (جگە لەو دەورەیە) لە ساڵانی ۱۹۸۰ لە کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق «سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی ئەو جۆرە ئیعدامە سەرپێییانە». یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: ستەم و دڕندەیی سەددام حوسێن بەرانبەر بە کوردان «وەها ڕژد» و بە ئەندازەیەک بەربڵاو بووە کە وێنەی وی لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەولاوە کەمتر لە شوێنێکی دیکە دەبیندرێ....

ڕووداوی حەڵەبجە بۆ ڕێبەرایەتی «پێشمەرگە» زبرێکی سامناک بوو. وە «بەرەی کوردستانی عێراق»کە هێشتا لە حاڵی شکڵگرتندا بوو بە تەواوی لە وزەی بێبەری کرد و لە ناو خەڵکی ئاساییدا نفوزی کەم کردەوە. یەکێتی لە گەڵ ئێران بۆ چەندەمین جار کارەساتی بەبارهێنابوو. ماوەیەک دوای ڕووداوی حەڵەبجە من لە دیمەشق بووم و لەگەڵ ڕێبەرانی پلەبەرزی کورد کە بە ڕێکەوت تووشیان هاتبووم، دیمانەیەکی دردناکم هەبوو. ...

ڕێبەرانی کورد سووربوون لە سەر ئەوە کە بەبێ هیچ فریو و تەفرەدانێک پاڵیان وە ئێران داوە و، تەنیا بەو دەلیلە کە دەلاقەی هومێدێکیان لە ڕۆژئاوا و بلۆکی کومۆنیستی یا دنیای عەرەب لە پێش ڕووی خۆیاندا نەبینیوە. دیسان هەر هەمان چیرۆکی گۆڕین... کە «دوژمنی دوژمنم دۆستی منە».

# به عەڕەبکردنی ناوچە کوردییەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی عێراق و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تیایاندا

جەنابی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
جەنابی کۆمیساری باڵای مافی مرۆڤ
جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان
ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان
جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئێمە بە پەرۆشەوە لە خوارەوەدا بۆچوونی گەلی کورد دەخەینە پێش چاوتان و داوا لە بەڕێزتان دەکەین کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١.

باسەکە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافە مرۆیی و سیاسی و شارستانییەکانی ئەو کوردانەیە کە لەو بەشەی کوردستاندا دەژین کە تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقدایە، بەتایبەتی لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری. لە رووکەشدا ڕەنگە وا دەربکەوێت ئەم ڕەفتارانەی ڕژێم بۆ عەرەبیکردنی شاری کەرکووک کارێکی ناوخۆی عێراق بێت، بەڵام لە ڕاستیدا حکوومەتی عێراق بە سووربوون لە سەر درێژەپێدانی داگیرکردن، دەیەوێ لە ڕێی ئەم کارانەوە نەژادی کورد لە ناوچەی کەرکووکی دەوڵەمەند بە کانگای نەوت، بسڕێتەوە و بتوێنێتەوە ولە ناو ببات.

لە ١٩٩٧دا ڕژێمی سەددام بە ناو «سەرژمێر»ێکی ڕێکخست و دەسکاریشی کرد بە ئامانجی ئەوەی وا پیشان بدا کە کەرکووک شارێکی عەرەبی یە. تاکوو ئێستاش بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە بۆ بە عەرەبکردنی ناوچەکە. لە مانگی سێپتەمبەری ئەم ساڵدا عیزەت ئیبراهیم جێگری سەرۆکی عێراق، لە وتارەکەیدا لە کەرکووک بە ڕوونی و ئاشکرا گوتی «ئێمە ڕێگە نادەین هاووڵاتی غەیری عەرەب لە کەرکووکدا بمێنێ».

لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، ڕژێمی عێراقی دەستی کردووە بە دەرکردن و ڕاگواستن تا دێ ئەم سیاسەتە فراوانتر دەبێ. تا ئێستا نزیکەی ١٠٨,٠٠٠کورد لە کەرکووک و دەوروبەری دەرکراون و، لە بری ئەوان ئەو عەرەبانەی جێگرکردووە کە خزمەتی ڕژێمی سەددام دەکەن. کوردە دەرکراوەکان ناچارکراون ڕوو بکەنە ناوچەی ئارام و تەنانەت ڕێگەیان پێ نەدراوە لەگەڵ خۆیاندا کەلوپەلەکانیشیان بەرن و ناسنامەکانیشیان لێ زەوتکراوە. لەوانەشە بە قەد ئەو ژمارەیەش دەرکرابن، کوردی تر ڕاگوێزرابن بۆ ناوچە بیابانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش ناچارکراون ناسنامەی نەژادی خۆیان بگۆڕن.

ڕژێم ٧٧٩ گوندی تەخت کردووە لە ناوچەی کەرکووک و تەنانەت قەبرستانەکانیشی تێکداوە بە ئامانجی سڕینەوەی هەموو جۆرە نیشانەیەکی کوردبوونی ناوچەکە.

هەمان ڕووداوی لەمەچوو لە یۆغسلافیای پێشوو لە تیمووری ڕۆژهەڵات بوونە هۆی هەنگاونانی پۆزەتیڤانە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بارودۆخی کوردستانیش دەکەوێتە نێو ئەو پێناسە یاساییەی کە UN کردوویەتی بۆ «پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ» و «جینۆساید» و «پاکتاوی نەژادی». کەواتە مافی ئێمەیە داوا لە UN بکەین دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ بۆ وەستان و بەرپەرچدانەوەی ڕەفتاری نایاسایی ڕژێمی عێراق.

پاش جەنگی کەنداو و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پێکهێنانی ناوچەی ئارام، کە سەرکەوتوو نەبوو لە دابینکردنی ئاسایش بۆ دانیشتوانی کوردی ئەم ناوچەیە، سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادیی ڕژێمی عێراق چڕوپڕتر بووە و هەڕەشەی سوپای عێراق تا ئێستا بەردەوامە بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەکە.

هەر لە مانگی نۆڤەمبەری ئەم ساڵدا سوپای عێراقی سێ گوندی تری داگیرکردووە کە دەکەونە باشووری هەولێرەوە. ڕای ئاشکرای ڕژێم ئەوەیە کە ئەم ڕەوشە لە ناوچەکەدا نائاسایی یە و، دەبێت بە زووترین کات بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

بە پێی بۆچوونی ڕژێم، «ئاسایی کردنەوە» ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ناوچەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە و ڕەفتارە دڕندەکانی ئەنفالکردنی ساڵی ١٩٨٨ کە پتر لە ١٨٠,٠٠٠ مرۆڤی کوردی مەدەنی تیا کوژرا و گوندەکانیان کاولکرا و خەڵکەکانیشیان کیمیاباران کران، دووبارەبکاتەوە.

لە هەمان کاتدا دەزگا ئەمنیەکانی عێراقی زۆر بەهێز و بزێون لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کوردەکاندا و لە چەندین کاری تیرۆریستی و نانەوەی بۆمب لە ناوچە قەرەباڵغە مەدەنییەکاندا بەرپرسە، کەواتە ئەوەی پێی دەگوترێ «ناوچەی ئارام» لە ڕاستیدا زۆر نائارامە و بەڵگەش زۆرن، لەوانە هەستانی سوپای عێراقی بە گرتنەوەی هەولێری پایتەختی ناوچەکە لە ناوەڕاستی ١٩٩٦دا، کە کوردێکی زۆر و چەندین لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تێیدا بە ناهەق لە ناو بران و هیچ کۆششێک نەکرا بۆ ڕاگرتن و بەرپەرچدانەوەی ئەو تاوانانەی کە سوپای عێراق ئەنجامی دان. جموجۆڵی ئەم دواییانەی چەندین وڵاتی جیاواز بۆ بەستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی سەددامدا ئەوە دەردەخات کە دوا ڕۆژی «ناوچەی ئارام» کەوتۆتە مەترسییەوە. ناوچەی «دژەفڕین» کە لە ساڵی ١٩٩١دا دامەزرا لە سەروو هێڵی تەریبی ٣٦وە، بۆ ئەوەبوو کە کورد بپارێزێت، بە

داخەوە ئەم هێڵە بەو شێوە تەریبییە ناگونجێ لەگەڵ پێکهاتنی جوگرافی ناوچەی کوردستان.

هەروەها «ناوچەی ئارام» بوو بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان عێراق و ئێران و تورکیا، لە نێوان ١٩٩٢ تا ١٩٩٥، (١٠١) کوردی پەناهەندەی کوردی ئێران کوژران لەم ناوچەیەدا بە دەستی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران. لە کۆتایی ١٩٩٥دا یەکەیەکی سوپای ئێرانی، بە قووڵایی ٨٠ کم هاتە ناوچەکە بۆ لە ناوبردنی پەناهەندەی کوردی ئێران کە لە خاکی کوردستانی عێراقدا لە کامپی تایبەتیدا دەژین.

حکومەتی تورکیا لەلایەن خۆیەوە، بە کراوەیی دەستی خستووەتە ناو کاروباری ناوچەکە و بەردەوام داوا دەکا کە ناوچەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیر بکرێتەوە. چەندەها جار دەیان سەربازی تورکی بە بەشداری تانک و فڕۆکە چوونەتە ناوچەکە کە بۆتە هۆی کوشتنی سەدان خەڵکی سیڤیل و تێکدانی هەزاران گوند. لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٠دا بۆمبارانی فڕۆکەکانی تورکیا بوونە مایەی کوشتنی ٤١ خەڵکی سیڤیل کە بەشی زۆریان بە خێزان و ئاژەڵەکانیانەوە لە ناوچوون. هەروەها مافی مرۆڤی ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچەی ئارامدا دەژین پێشێل کراوە. چەندین مرۆڤ بێ سەروشوێن کراون. چەندینی تر لە ماڵەکانیان دەرکراون و کەلوپەلیان لێ زەوتکراوە، دوای ئەوەی بە تاوانی بێ بەڵگە تاوانبارکراون. دانیشتووانی «ناوچەی ئارام» لە کەشێکی نە شەڕ نە ئاشتییدا دەژین و بەردەوام ڕووبەڕووی ترسی داگیرکردنەوەی ناوچەکە دەبنەوە لەلایەن سوپای عێراقەوە. ئەو گەنجانەی کە لە ناوچەکانی ژێردەستی عێراقەوە دەرکراون، بێ بەشن لە خوێندن و زۆربەیان بێکارن و هیچ هیوایەکیان نەماوە. زۆریان هەوڵدەدەن خۆ ڕزگار بکەن لەو بارە ناهەموارە و ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکەن و بەشی زۆریان لە کاتی کۆچکردندا ژیان لە دەست دەدەن.

پشتبەست بەم هەموو بەڵگانە، لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدانی لە کوردستانی عێراقدا، پێویستە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەوڵ بدات بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە دەرکراوانە بۆ جێگە و ماڵیان و ئاسایشیان بپارێزێ. بارودۆخەکە دەتوانرێت بەوە چارەسەر بکرێت کە ناوچەی ئارام بخرێتە ژێر پاراستنی UN دوە فراوان بکرێت تا ئەو بەشانەی تری کوردستانیش بگرێتەوە کە تا ئێستا لە ژێر دەستی ڕژێمی عێراقدا ماوەتەوە.

فەرامۆشکردنی ئەم کارە دەبێتە هۆی زێدە ناهەموارکردنی ڕەوشی ئەم بەشە گرینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵۆزکردنی هەر چارەسەرێک لە داوڕۆژدا، جگە لەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی بارێکی هەڵچوو لە چەشنی ئەو ناوچە نائارامانەی تری جیهان.

ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە:

١- بە پەلە «تیمێکی لێکۆڵینەوە» بنێرێ بۆ کوردستانی عێراق. کاری سەرەکی ئەم تیمە بریتی بێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە سەبارەت بە ڕەوشی ئەو دەیان هەزار خێزانە کورد و تورکمانانەی کە دەرکراون لە کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستان کە تا ئێستا لە ژێردەستی ڕژێمی عێراقی دایە. بڕیاری ٦٨٨ ئەم مافە دەدات بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٢- هەموو کوردستانی عێراق بەو ناوچەیەشەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە، بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی UNدوە وەک لە کۆسۆڤۆ و تیمووری ڕۆژهەڵات ئەنجام دراوە. ئەمە دەتوانێت دڵنیایی و گەرەنتی پاراستنی خەڵکی سیڤیل بکات و بە هۆی ئەمەوە کەشێکی ئارام بۆ دانیشتووانی کوردستان دابین دەکرێت کە بتوانن بڕیاری دواڕۆژی خۆیان بدەن.

بەم کارە ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا دەچەسپێ و بە پێچەوانەشەوە ناوچەکە زێدەتر دەشڵەقێ و پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

٢٠٠٠/١٢/٢٩

١- ترەستی کەرکووک بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسات ـ لەندەن، بریتانیا.
٢- مدام میتیران، سەرۆک، فرانس لیبرتی ـ پاریس، فەرەنسا.
٣- لۆرد ئێڤبری، جێگری سەرۆک، پەرلەمانتاری کۆمەڵی مافی مرۆڤ، خانەی لۆردەکان ـ لەندەن، بریتانیا.
٤- لۆرد ڕی، جێگری سەرۆک، پەرلەمانتاری کۆمەڵی مافی مرۆڤ، خانەی لۆردەکان ـ لەندەن، بریتانیا.
٥- لۆرد دۆلاکیا، پەرلەمانتاری کۆمەڵی مافی مرۆڤ، خانەی لۆردەکان ـ لەندەن، بریتانیا.
٦- بروس کنت، جێگری سەرۆک، پاکس کرستیان، سەرۆکی کۆمیتەی کەلتوور و ئاشتی، بریتانیا.
٧- د. ئی مێرفی، د. ڕەشیدیان، پرۆفیسۆر ئیحتیشامی، د. حوسنی، سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی، بریتانیا.
٨- گاریث پیرس، پارێزەر، بریتانیا.
٩- مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، لەندەن، بریتانیا.
١٠- گرووپی داکۆکی لە شاری کەرکووک، کۆپنهاگن، دانیمارک.
١١- سەنتەری ناوەدانی کوردستان، بەرلین، ئەڵمانیا.
١٢- سەنتەری پاراستنی ناسنامەی کەرکووک، بێنلۆکس، هۆڵەند.
١٣- کوردستان ـ فریزلاند فاوندەیشن، هۆڵەند.
١٤- خانەی کوردستان، هۆڵەند.
١٥- گۆڤاری کوردی «رفراندۆم»، بریتانیا.
١٦- مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، هۆڵەند.
١٧- کۆمەڵەی فەرهەنگی کوردی میدیا، هۆڵەند.
١٨- کۆمەڵەی کورد لە ئێنشدێ، هۆڵەند.
١٩- حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، کوردستان.
٢٠- سەنتەری دەرەوەی ئێزدییان، ئەڵمانیا.
٢١- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان.
٢٢- پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان.
٢٣- گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردستان، سەنتەری کەلتووری بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستان، ئوپسالا، سوید.
٢٤- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
٢٥- بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستان.
٢٦- پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان.

٢٧- پارتی پارێزگارانی کوردستان.
٢٨- کۆمیتەی باڵای خەڵکانی ئاوارەی عێراقی، سلێمانی، کوردستان.
٢٩- پارتی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو، کوردستان.
٣٠- سەنتەری دژایەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن، کوردستان.
٣١- ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی، کوردستان.
٣٢- پرۆفیسۆر کارۆت ا. ئۆلێری، زانکۆی ئەمریکا، سەنتەری ئاشتی جیهانی، واشنگتۆن، ئەمریکا.
٣٣- ڕێکخراوی هیوای کوردستان، سوید.
٣٤- ڕێکخراوی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ، کوردستان.
٣٥- بیرۆی مافی مرۆڤ، کوردستان.
٣٦- کۆمیتەی فەیلییە ئاوارەکانی کوردستان، کوردستان.
٣٧- منداڵە ئاوارەکانی کوردستان، کوردستان.
٣٨- یەکێتی ژنانی کوردستان.
٣٩- دستەی ژنانی کوردستانی عێراق، کوردستان.
٤٠- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کوردستان.
٤١- ژووری بازرگانی سلێمانی، کوردستان.
٤٢- مەڵبەندی ڕۆشنبیری فەیلییەکان، کوردستان.
٤٣- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان.
٤٤- سەندیکای پزیشکانی کوردستان، کوردستان.
٤٥- سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.
٤٦- سەنتەری فێربوونی شەهید ڕێباز، کوردستان.
٤٧- ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کەرکوک، کوردستان.
٤٨- سەنتەری کەلتووری هیوا، کوردستان.
٤٩- سەنتەری گەرمەسیر، کوردستان.
٥٠- یەکێتی پیاوانی ئایینی ئیسلامی، کوردستان.
٥١- ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بابەگوڕگوڕ، کوردستان.
٥٢- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کوردستان.
٥٣- یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کوردستان.
٥٤- یەکێتی کرێکارانی کوردستان، کوردستان.
٥٥- یەکێتی جووتیارانی کوردستان، کوردستان.
٥٦- یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان.
٥٧- کۆمەڵەی جیۆلۆژی کوردستان.
٥٨- ڕێکخراوی کەڕ و لاڵەکانی کوردستان.
٥٩- ڕێکخراوی پشتیوانی لە قوربانییەکانی ئەنفال، کوردستان.
٦٠- یەکێتی پێشڕەوانی کوردستان، کوردستان.
٦١- گروپی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، کوردستان.
٦٢- کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردستان.
٦٣- یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان، کوردستان.
٦٤- ڕێکخراوی خانەنشینی کوردستان.
٦٥- کۆمەڵەی منداڵە هونەرمەندەکان، کوردستان.
٦٦- ڕێکخراوی مافی منداڵان، کوردستان.
٦٧- یەکێتی وێنەگرەکان، کوردستان.
٦٨- ڕێکخراوی سەربەخۆی لاوان.
٦٩- ڕێکخراوی سۆسیۆلۆجی کوردستان.
٧٠- ڕێکخراوی دەستکورتانی کوردستان.
٧١- کۆمەڵەی سەوزی کوردستان.
٧٢- کۆمەڵەی خوێنبەخشەکانی کوردستان.
٧٣- کۆمەڵەی تۆڵەسیمای کوردستان.
٧٤- کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ کۆمەکی خەڵکانی دەستکورت، کوردستان.
٧٥- بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، لقی نۆرنبێرگ، ئەڵمانیا.
٧٦- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لقی نۆرنبێرگ، ئەڵمانیا.
٧٧- ڕێکخراوی هونەرمەندانی کورد، نۆرنبێرگ، ئەڵمانیا.
٧٨- گروپی دایکان و منداڵانی کورد، نۆرنبێرگ، ئەڵمانیا.
٧٩- جێل نیڤانس، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپی.
٨٠- فرانسواز بەرتی، ئەلیانسی مافی مرۆڤ لە فەرەنسا.
٨١- محمد کاظم مومن، کریم فارس، سعد خضر محمد، وهیبە علی محمد، جعفر ابراهیم یاسین، مهدی یاسین طاهر، رباب عبداللە، حیدر الاسمر، جاسم السیباوی، فخری کریم ـ نووسەر و ئاکادیمی و سیاسیی بەرهەڵستکاری ڕژێمی عێراق کە لە سوریا نیشتەجێنە، شام ـ سوریا.
٨٢- عبدالوهاب رشوانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی سوریا، ئەندامی پەرلەمانی سوریا، شام، سوریا.
٨٣- د. نبیل رشیدات، سیاسی ئوردەن.

Kirkuk Trust for research&Study, 14 Stannary street, London SE11 4AA
or PO Box 479 Sutton, Surrey SM2 6ZF, UK.
Fox. (0044)20 7582 8894
e-mail: kirkuktrust@ hotmail.com






□ نیوی کتێب: **هەمــوو ڕازی من ئاشکرایە و هەمــوو ئاشکرای تۆ ڕاز (شیعر)**،

□ نووسەر: **فەرهاد شاکەلی**

□ قەوارە: **٩٤ لاپەڕەی مامناوەندی**

□ چاپی: **ئاپێک، ستۆکهۆلم ٢٠٠١**

□ **زانیارییەکی گشتی دەربارەی دەستدرێژی جنسی (نامیلکە)**

Rädda barnen,10788 Stockhoöm-Sweden, Fax:08-6989010

□ **بێوار، مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتی یە، ژمارە ٥٦، مارسی٢٠٠١**

Postbus:3029,3003 AA Rotterdam-Holland

□ **هاوار، بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی گشتی یە، ژمارە ١٠، ٢٠٠١**

Hawar, postfach 143403, Essen 45264, Germany

□ **هەڵوەدا، گۆڤارێکی وەرزانەی گشتی یە، ژمارە ٢ زستانی ٢٠٠١**

Halwada, Pb. 158 Nordstrand, 1162 Oslo- Norway


□ **هەوار، گـۆڤـارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبیـری گشـتی یە، ژمـارە ١١ سـاڵی سێیەم فێبریوەری ٢٠٠١**

Hewar, P.O. B.489, Torrensville Plaza SA5031, Australia

□ **دۆستایەتی، گـۆڤـارێکی ڕۆشنبـیـریە، کـۆمـەڵەی کـوردی سـالا دەری دەکات، ژمارە١٣، ساڵی چوارەم٢٠٠١**

Box: 165, 73330 Sala




### نرخ و داواکردنی کتێب

ئەو دوو کـتێبەی سـەرەوە کـە یەکـەمـیان کـۆمـەڵە وتارە(٤٦٢ لاپەڕە) و دووهەمیان قەسیدە شیعرە (٨٢ لاپەڕە)، لە لایەن کاک «ئازاد حەمە»وە بلاوکراودتەوە و خراودتە بازاڕەوە. نرخی هەردوو کتێب بە پاردی پۆستەوە دەکـاتە ١٨٠ کـرۆنی سـوێدی کـە خـوازەران دەتوانن بە ئادرێسی نووسـەر داوایان بکەن:

Azad. A

Grimstag 100, 1tr 162 56 Vällingby

# GZING
Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 31 Spring 2001 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 31 Spring 2001**

**KITAB-I ARZAN**
**Helsingfors g 15**
**164 78 Kista - Sweden**
**Tel & fax. +46 (0)8 752 77 09**
**Mobil: +46 (0)70 492 69 24**
**Akalla: Helsingfors g 15** **ئادرێسی سەرلێدان (besök):**

**e- postadress**: kitab.i.arzan@jonkoping.mail.com